
وانە سەرەتاییەکانی
پەروەردەی دەروون
پێداچوونەوەی
مامۆستا کرێکار
ئامادەکردنی
لێژنەیەکی یەکگرتوو
پەروەردەی دەروون

بسم الله الرحمن الرحيم

# وانە سەرەتاییەکانی

# پەروەردەی دەروون

ئامادەیی ئامەدی ئیسلامی

# وانە سەرەتاییەکانی پەروەردەی دەروون

بۆ پۆلی:

یەکەمی ئامادەیی ئامەد

نوسینی

لێژنەیەکی یەکگرتووی ئیسلامی

مامۆستا کرێکار

پێیداچۆتەوەو

توێژینەوەی فەرمودەکانی کردووە

# وانەسەرەتاییەکانی
# پەروەردەی دەروون

نوسینی: لێژنەیەکی یەکگرتوو

پێداچوونەوە: مامۆستا کرێکار

بۆ پۆلی: یەکەمی ئامەد

نەخشەسازی: ئیسلامڕەو

ساڵی: ١٤٣٨ك-٢٠١٧ز

له بڵاوکراوەکانی

**زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)**

# پێشەکەشە

بەو موسوڵمانە جوامێرانەی

به پابەندبوونی خواوویستانەوە

بە هەموو لایەنەکانی ئیسلامەوە

بەرەو کامڵ بوون بەرز دەبنەوە..

**کرێکار**

بسم الله الرحمن الرحيم

انَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ ونَسْتَعِينُهُ ونَسْتَغْفِرُهُ، ونَعوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أنْفُسِنا ومِنْ سَيِّئاتِ أعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلِ فَلا هادِيَ لَهُ. وأشْهَدُ أنْ لا اله إلا اللهُ وأشهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ ورسُولُهُ.

يا أيُّها الذينَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ حَقَّ تُقاتِهِ ولا تَمُوتُنَّ إلاّ وأنْتُم مُسلِمونَ

يا أيُّها النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الذي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ واحِدةٍ وخَلَقَ مِنها زَوجَها وبَثَّ مِنهُما رِجالاً كَثيراً ونِساءً واتَّقُوا اللهَ الذي تَساءَلُونَ بِهِ والارْحامَ إنَّ اللهَ كانَ عليكُمْ رَقيباً

يا أيُّها الذينَ آمنوا اتقوا اللهَ وقُولوا قَولاً سَديداً، يُصْلِحْ لَكُمْ أعمالَكُمْ ويَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللهَ ورسولَهُ فَقَدْ فازَ فَوزاً عَظيماً

أمَّا بعدُ: فإنَّ أصْدَقَ الحَديثِ كِتابُ اللهِ، وخَيرَ الهَدِي هَدْيُ محمدٍ وشَرَّ الامُورِ مُحْدَثاتُها، وكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وكُلَّ ضَلالَةٍ في النَّارِ.

# پێناسەو ڕێڕەوی ئەم کتێبە

هیچ دین و فەلسەفەو بیروباوەڕێك نییە بایەخی بە پارسەنگی ڕەفتارو ڕەوشت -بە دیدی خۆی -نەدابێت. ڕەوشت لە ناو هەموو کۆڕو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ئاستی کاریگەریی ئەو قەناعەتە نیشان دەدات کە لە ناخی ئەو کەس و کۆمەڵگانەدا ڕواوە، کە بۆتە سەرچاوەی قیەم..

ئیسلام بایەخی وا بەپارسەنگی ڕەفتارو ڕەوشتی شوێنکەوتووەکانی داوە کە دیراسەی ئیسلامەکە دەکەیت وا دەزانیت ئیسلام هەر بۆ داڕشتنی ڕەوشتی پەسەن هاتووە.. هۆی ئەوە دیارە کە زۆر بایەخ پێدانی ئیسلامە بە ڕەوشتی تاك و کۆی کۆمەڵگە ئیمانداراەکەی. ئەوەش ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إنَّمَا بُعِثْتُ لأُتِمَّ مَكارِمَ الأخْلاقِ).[1] واتە بۆ ئەوە کراوم بە پێغەمبەری خوا تا ڕەوشتە بەرزەکان تەواو کەم.. یان کە لە مەتحی ڕەوشت بەرزییدا دەیفەرموو: (إنَّ الْمُؤْمِنَ لَيُدْرِكُ بِحُسْنِ خُلُقِهِ دَرَجَةَ الصَّائِمِ الْقَائِمِ).[2] واتە: موسوڵمان بە ڕەوشتی بەرزو چاکیی، خۆی دەگەیێنێتە پلەی ڕۆژووەوانی خاوەن شەونوێژی بەردەوام! ئەمانە پێناسەی (هەموو) ن بە دەرخستنی تایبەتی (بەش) واتە: (تَعريفُ الكُلِّ بِالجُزْءِ)..

---

[1] بوخاری لە (الأدب المفرد/ ژمارە ٢٧٣) هێناوێتیەوەو ئەلبانیش رحمه الله دوای توێژینەوەی لە (سلسلة الاحاديث الصحيحة ژمارە ٤٥) دا بە سەحیحی ناساندووە.

[2] ئەلبانی ڕەحمەتی لە سەحیحی سونەنی ئەبی داووددا صحيح سنن أبى داود (٤٧٩٨) بە سەحیحی ناساندووە.

ئەم رەفتارو رەوشتە پەسەندو بەرزەی موسوڵمان کە رەسەنێتی پێوە دیارەو لە ناو ئاپۆڕەی دیدو رێ و هەڵوێستی خەڵکیدا بێ ریکلام بۆ کردنی نمایش دەبێت، بەرهەمی کاریگەریی ناخە، دیارە دەبێت لە ناخدا داینەمۆیەك هەبێت کە بەردەوام ئەم رەفتارو رەوشتە رەسەنە شەحن دەکاتەوە.. ئەو داینەمۆیەش پەروەردەی دەروونە..

پەروەردەی دەرونیش خۆی لە خۆیدا سەربەخۆ نییە، چونکە ئەویش یەکێکە لە بەرهەمەکانی ئیمان ..

باوەڕ بوون بە خوا - وەکو ئیسلام داوای دەکات - قەناعەت کردنە بە پێناسەی ئیسلام بۆ حەقیقەتەکانی ژیان و مرۆڤ و گەردوون، بۆ زانین و ناسین و راست رەفتارکردن لەگەڵ پێکهاتەو ماهییەت و چارەنووسیان، ئەمەیان بۆ دواندن و قەناعەت پێکردن و ئاڕاستەکردنی ژیرییە، تا ئیسلام ببێتە سەرچاوەی مەعریفی تاك و کۆی موسوڵمان..

داواکاریەکی تری باوەڕهێنان - وەکو کە ئیسلام داوای دەکات - خواپەرستی و تەزکیەی نەفسە، تا خواناسیی وەکو خۆی بچەسپێت.. ئەمەش نەشونماو گەشەی رۆحە، ئەمەش لایەنێکی تری ئاڕاستەی پارسەنگێتی مرۆڤە، بۆ ئەوەی هەست و پەیوەندی (عابیدو مەعبوود)یتی لا ببێتە چاودێرێکی هەمیشەیی زات..

شەرعیش کە یاساو رێسای رێکخستنی ژیانی رۆژانەی تاك و کۆمەڵگەیە، کە دیاری کردنی سنوری ماف و ئەرك و دەسەڵاتی تاك و کۆی حاکم و مەحکوومە -

وەکو ئیسلام داوای دەکات - بریتیە لە هەستێکی تری بەرپرسێتی تاك و کۆ بۆ هۆشداریی نەبەزاندنی سنورەکانی یاساو دەستوری سیاسی دەوڵەت و دەسەڵات.. ئەمەش راهێنانی تاك و کۆی کۆمەڵگە موسوڵمانەکەیەو لایەنێکی تری پەروەردەی دەرەکییە.. دەرەکی بەو مانایەی کە کەسە موسوڵمانەکان و ئەوانەی لەگەڵیاندا دەژین هەست و هۆشیان بۆ نەبەزاندنی شەرع دەبێتە چاودێری زاتیی یاسایی خۆیان.. هەر یەکێك لەم لایەنانەی پەروەردەو ئاڕاستەی ئیسلام چەندین مەدرەسەی جیاوازی خۆیان هەیە.. ئەمەش هۆی ئەوەی کە دەبینی چەندین مەدرەسەی عەقائیدی هەیە، چەندین بۆچوونی سیاسی هەیە، چەندین مەدرەسەو پێشەوای شەرع هەیە.. چەندین مەدرەسەی تەزکییەی نەفس هەیە.. چەندین مەدرەسەی رەوشتی هەیە..

لە ئیسلامدا چەندین مەدرەسەو دیدو مەزهەبی پەروەردەی دەروون (تەزکیەی نەفس) هەیە، هەیە مەدرەسەی تەزکیەو ئەخلاقی فەلسەفییە، وەکو تیۆری ئیبنومسکەوەی و تیۆری ئیبنوڕوشدو تیۆری غەزالی و یان مەدرەسەی ئاڕاستەوانە رۆحیەکانی وەك شێخ حەسەنی بەسریی و شێخ عبدالقادری گەیلانی یان مەدرەسە ئوسوڵیەکەی ئیبنول قەییمی جەوزییەو چەندینی دیکە.. هەموویان تەرکیز دەکەنەوە سەر باوەڕی راست و دروست، ئینجا کارکردن بە باوەڕەکە بەو تەقواکارییەی خوای گەورە دەیەوێت، ئەمەش - بێ ئەوەی خاوەنەکەی مەبەستی بێت- دەبێتە دینداریتی سیمای دەرەکی و پیاوچاکیی..

پەروەردەی موسوڵمان هەرگیزاو هەرگیز بە بێ پەروەردەی دەروون نابێت، لەم سەردەمەی ئێمەشدا کە ماددییات و دنیاوویستی هۆشی قیامەتی لەبەر خەڵکی بڕیووە، موسوڵمانە باشەکانی جارانیش بە داخەوە کەوتوونەتە ناو مۆنجی ماددەپەرستیەکەی سەرمایەدارییەوە.. موسوڵمان زیاتر پێویستی بە بیرهێنانەوەی دینداریێتی و تەقواکاریی هەیە.. بە تایبەتی ئێمەی موسوڵمانانی کورد کە بە داخەوە لە سەرەتای رابوونەکەی خۆمانەوە بایەخمان بە فیکری سیاسی زیاتر لەسەر حسابی پەروەردەی دەروون دابوو، زرکە تاڵەکەیمان بینی لە لێچوونەوەی هەندێك کەس لە دینداریێتیەکە! یان سست بوونی هەندێکی تر، یان کشانەوەو گۆشەگیر بوونی زۆرینەیەك، یان قەناعەت کردنی هەڵەی زۆرینەیەکی زیاتر بەوەی کە دەشێت دینداریێتیەکەی بە تەنهاییش راگرێت!!

ئێمەش کە لە ئەوروپا خۆمان بینییەوە وەکو کۆمەڵە خەڵکێکمان لێ هاتبوو کە لە فڕۆکەیەك کەوتبنە خوارەوە بۆسەر دوورگەیەك، کە دەبێت پێش ئەوەی زانیاریەکانیان بیربچێتەوە بکەونە تۆمار کردنی ئەوەی هەیانەو ئینجا بکەونە رێکخستنی ژیانیان بە پێی ئەوەندە ئاڕاستە دینییەی دەیزانن، ئەمەش ئەوەی خواست کە خێرا بەرنامەیەکی فێربوونی زانستە سەرەتاییەکانی ئیسلام وخۆڕۆشنبیرکردن بخرێتە بەر دەست، بۆیە هەستاین بە چاپ و بڵاوکردنەوەی پازدە کتیب لەسەر عەقیدەو قورئانەوانی و سیرەو سوننەت و نوێژو رەفتارو رەوشت و فیکری سیاسی و.. هتد تا ببێتە ئاستی یەکەمی (تێگەیشتنی راست و دروستی ئیسلام).. پاشان ئەم کتێبەمان (پەروەردەی دەروون) بینی کە برایانی

یەکگرتوو بۆ ئاستی یەکەمی ڕێکخستنەکانی خۆیان نوسیبوویان، بە تەواوکاری بەرنامە ڕۆشنبیریەکەمان بینی بۆیە ئەویشمان خستە پاڵ ئەو پازدە کتێبەی بۆ ناساندنی ئیسلام و هاندانی دینداریّتی موسوڵمانانی ئەوروپا چاپ و بڵاومان دەکردەوە، تا ببنە شازدە کتێب..

ناوەڕۆکی کتێبەکە جوان بوو، وەکو پێناسەو باسی سەرەتایی تا رادەیەکی باش گشتگیر بوو، هەرچەندە لە جێی نوسەرەکەی نوسرابوو: (لیژنەیەکی پسپۆڕ)، بەڵام هەر زوو چەند تێبینییەکم دەربارەی لا دروست بوو، وەکو:

١- هەندێك لە زانیاریەکانی تێکەڵ و پێکەڵ بوون. تیۆریی پەروەردەیی دەروونی هیچ کام لە زانایانی ئیسلامی تێدا ڕۆشن نەبووا! بۆ نموونە تیۆری پەروەردەی دەروون لای ئیمامی غەزالی ڕەحمەتی لەسەر ڕێسایەك دامەزراوە کە بریتیە لە (التخلية قبل التحلية) واتە: بەتاڵ کردن پێش پڕکردنەوە.. بەتاڵ کردنەوەی دڵ لە شیرك و هەرچی پێوەیەتی و پڕ کردنەوەی بە تەوحید و هەرچی دەیخوازێت.. بەتاڵکردنەوەی دڵ لە حەزو ئارەزووە سەرکەشەکان و پڕکردنەوەی بە سۆزو خۆشەویستی خوای گەورە.. بەتاڵ کردنەوەی دڵ لەو پەیوەندیە ئاڵۆزە غەیرە زەروورییانەی ژیان کە هەست و هۆش بە خۆیانەوە خەریك دەکەن و پڕکردنەوەی دڵ بە یادو زیکری خواو چاوبڕینە خواناسیی یاوەران و تابعین و پیاوچاکانی ئەم ئوممەتە.. داشۆرینی دیمەن و ڕواڵەت لە سیفات و سیمای ئەهلی جاهیلییەت وخۆڕازاندنەوە بە سیفەت و سیمای خواناسان.

٢- هەندێك فەرمووودە بە مانا گێڕرابوونەوە، واتە هەر بە کوردی هێنرابوونەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وا دەفەرمویَ! دیارە ساغ کردنەوەی ئەمە قورسترە. سەنەدی زۆر لە فەرموودەکان ساغ نەکرابوونەوە کە راست کردنەوەیان فەرزن دەبێت بکرێن..

٣- ئایەتەکان زۆریان سەرو بۆریان بۆ نەکرابوو، یان ژمارەیان نەنوسرابوون..

٤- زۆرینەی ئایەتەکان تەفسیر نەکرابوون (زیاتر لە ٢٣٠ ئایەت) و فەرموودەکانیش (زیاتر لە ١٣٠ فەرموودە) لێك نەدرابوونەوە، کە دیارە تێگەیشتنی ئەوە بۆ خوێنەری نەوەی ئێستای کورد قورسە.

٥- کەسایەتیە ناوبراوەکان نەناسێنرابوون، کە باشتر بوو بکرێن.. کە تۆ دەنووسیت ئیبنولقەییم وای فەرموو، باشتر وایە بە دێڕێك یان زیاتر بیناسێنیت.. لەوەش بزرتر ئەوەیە کە نوسراوە: پیاوچاکێك دەفەرمویَ!! زۆر دەگەڕام بە دوای پیاوچاکەکەدا دوایی قەولەکەم پێ نەدەسەلەمێنرا کە هی ئەوە! دەبوو بێمەوەو لە سفرەوە تێهەڵچمەوە.. پێم سەیرە چۆن نوسەری ئیسلامی ئەمەی پێ رەوایە بینوسێت؟! تۆ کە نازانیت پیاوچاکەکە کێیەو لە چ زەمانێکدا ژیاوەو قەولەکەی لە کوێوە بە ئێمە گەیشتووە، بۆچی نەقڵی دەکەیت؟! قەولەکە بکە بە هی خۆت گەردنت ئازاد بێت!! ئەمەت باشترە وەك لەوەی لە سوچێکی مێژووەوە قەولی نەزانراوی پیاوچاکێکی ناو نەبراو بێنیتەوەو بیکەیت بە ماڵ بەسەر موسوڵمانەوە؟! خۆزگە هەموو نوسەرێکی ئیسلامی ئەمەی رەچاو دەکرد.

٦- شێوەی داڕشتنەکەی جۆراو جۆری کەسەکانی پێوە دیاربوو، وەکو هەندێك ووشەی هەڵەبجەیی و سلێمانی پێوە دیار بوو، بۆ نموونە بووەووەو بوویەوە.. یان زۆر بەکارهێنانی ووشەی (جا).. کە دیارە یەکێك لە نوسەرە بەڕێزەکان زیاتری بەکار هێنابوو.. ئەمەش هەندێك دەسکاری کردنی داڕشتنەوەی دەخواست.

٧- بابەتێکی تێدابوو لەسەر گرتنەوەی چاو لە تەماشای حەرام، لامبرد.. چونکە ئەم باسە دەبێت بکەوێتە ریزەباسی گوناحەکانەوە.. بۆچی بە تەنها یەك جۆر گوناح باس بکرێت؟! ئەدی ئەوانی دیکە چی؟! خۆ ئەمە لە شیرك و کوفرو سیحرو قەتڵ و زینا دژوارتر نیە ..

زۆرم ئومێد هەبوو - وەك خۆم بۆم ناکرێت - کەسێك بیتوانیایە ئەم تەزکیەی نەفسەی بە شێوەیەکی زانستیانەی فیقهی بنوسیایە.. چۆن لە نوسینی فیقهدا یەکەمجار باسی پیسی دەکرێت پاشان چۆنیەتی پاککردنەوەو بە چی، ئەم بابەتەش وا بنوسرایە، یەکەمجار گوناحەکان (تەنها ئەوانەی لە قورئاندا ئاماژەیان پێکراوە ١١١ گوناح و سەرپێچییە) ئینجا پاك بوونەوەو پابەند بوون، کە کتێبی (مدارج السالکین)ە کەی ئیمامی ئیبنولقەییم گەورەترین سەرچاوەیەتی، ئینجا پلەکانی هەڵکشانی دینداریتی.. بەڵام بە داخەوە تا ئێستا ئەو ئومێدەم نەهاتۆتە دی..

بە هەر حاڵ من پێداچوونەوەکەیم گرتە ئەستۆ، بەڵام لەبەر نەبوونی مافی دەسکاری کردنی، دەسکاری ناوەرۆکەکەیم زۆر نەکرد، جگە لە هەندێك

ئاڵوگۆڕی شوێنی باسەکان، بۆ نموونە: باسی (نەفس و بەشەکانی) لە کۆتایی کتێبەکەدا بوو، هێنامە سەرەتایەوە، بۆ ئەوەی وەکو رێڕەوێکی لێ بێت بەرەو باسەکانی پەروەردەی دەروون، یان ناچار بووم رستەیەك دارێژمەوە.. پێداچوونەوەو ئامادە کردنەوەی کتێبەکە هەرچی لێم خواستبێت، لە پەراوێزی خوارەوەدا روونم کردۆتەوە.. زۆرینەی پەراوێزەکانی داوێن هی منن، ئەوەی هی منیش نەبێت، کە کەمترن نوسیوومە (نوسەران) تا بزانرێت ئەوە روون کردنەوەی نوسەرە ئەسڵیەکانە..

ناوی کتێبەکە (پەروەردەی دەروون) بوو، هەستم دەکرد ناونیشانەکە زۆر گەورەیە بۆ ئەو ناوەرۆکە سەرەتاییە ناشێت - بۆ تیۆرێکی تەزکیەی نەفس شیاوترە - بۆیە ناوم نا: (وانە سەرەتاییەکانی پەروەردەی دەروون)..

ئەو کاتەی خەریکی پێداچوونەوەی کتێبەکە بووم، رەمەزانی (١٤٣١/٢٠١٠) هاتە پێشێ و منیش ناوەرۆکی کتێبەکەم کردە زنجیرە دەرسێکی سەر پاڵتۆك، کە هەر بە ناوی پەروەردەی دەروونەوە پێشکەشم کرد..

کاری من لەم کتێبەدا خوا بە ریابازییم لەسەر نەنوسێت وەکو توێژینەوەی دەستنووس بوو، زۆری ماندوو کردم.. دوو جار وازم لێهێنا، بەو ئومێدەی خۆم شتێکی تر بنووسم، بەڵام دیسان لەبەر زەروورەتی باسەکە تێهەڵدەچوومەوە ..

هیوادارم موسوڵمانان بە گشتی و ئەوانەی هەندەران بە تایبەتی و رەوتەوانانی ئێمە بە تایبەتی تر ئەم کتێبە بکەنە بەرنامەی فێربوون و مومارەسە کردنی

باشتری دینداریتیەکەیان و بەوەوە پابەند بن کە لێرەدا باس کراوەو بیکەنە فەرهەنگی دەرمانی دەروونیان.. و داواشم لە نوسەرانی ئیسلامی ئەوەیە رەچاوی ئەو تێبینیانەی منیش بکەن لە نوسینی بابەتی شەرعییدا.. خواش پشتیوانیان بێت.. ئامین

خوای گەورەش بە نووری خۆی رێنماییمان بکات ئامین..

کرێکار / ئۆسلۆ

جومادای دووەم ١٤٣٢ - مایسی ٢٠١١

# نەفس و بەشەکانی

## سەرەتا یەك:

مرۆڤ دروستکراوێکی سەرسوڕهێنەرەوە سروشتێکی ئاڵۆزو توانایەکی جۆراوجۆری هەیە، زۆر بە ئاسانی دەتوانێت چاکەو خراپە لە یەکدی جیا بکاتەوە، ئەو کاتەش دەتوانێت بەرەو چاکە یان خراپە بڕوات.. ئەم توانا و وزەیەش لە دەروونی مرۆڤدا هەیە و هەمووکات ئامادەیە.

مەبەست لە پەیامی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بزواندنی ئەو تواناو هەستانەیە نەك دروست کردنیان، چونکە لەبنەڕەتدا هەن.

لەگەڵ ئەوانەشدا لە دەروونی مرۆڤدا هێزێك هەیە، ئەو کەسەی ئەو هێزە بە پاك رابگرێت ئەوا سەربەرز دەبێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەو هێزە پۆخڵ بکرێت ئەوا خاوەنەکەی زەرەرمەند دەبێت. ئەو هێزەش نەفسە.

زانای بە ناوبانگ ئیبنولقەیم[١] دەفەرموێ: نەفس لە ژیانی ئیماندارردا دەورێکی سامناکی هەیە، ئیماندار دەزانێت کە هەموو نەخۆشییە دەروونییەکان بە هۆی نەفسی بەدکارەوە پەیدا دەبن، چونکە کاتێ ژەنگ دێنێت کار دەکاتە سەر هەموو ئەندامەکانی، لە پێش هەمووشیانەوە دڵ.

---

[١] بۆ ناسینی برۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

نەفس حەز بە لادان و سەرکەشی و دنیاپەرستی دەکات، خوای گەورەش بانگەواز دەکات بۆ بەهەشت و لێخۆشبوون و هەوڵدان بۆ زاڵ بوون بەسەر نەفسدا، دڵیش لەو نێوانەدایە: (فَأَمَّا مَن طَغَى * وَآثَرَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا * فَإِنَّ الْجَحِيمَ هِيَ الْمَأْوَى * وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى * فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى) النازعات/٣٧-٤١ واتە: ئەوەی سەرکەشی دەکات و مەبەستی تەنها ژیانی دنیایەو ئەوی زیاتر مەبەستە، ئەوە دۆزەخ جێگەو ڕێگەیەتی.. بەڵام ئەوەی کە لە وەستان و هەڵوێست و ڕوو بەڕوو بوونەوەی پەروەردگار دەترسێ و جڵەوی نەفسی لە لادان و یاخی بوون دەگرێتەوە، ئەوە بەهەشت جێگەو مەنزڵگایەتی..

پێغەمبەری خوایش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر جار ووتاری بەم دەقە پیرۆزە دەست پێ کردووە: (إنَّ الْحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَ نَعوذُ باللهِ مِنْ شُرُورِ أنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئاتِ أعْمَالِنَا)[1] واتە: بەڕاستی سوپاس و ستایش هەر شایستەی خوای گەورەیە، ئێمەش سوپاسی دەکەین و داوای کۆمەکیی لێ دەکەین و داوای لێ خۆشبوونی لێ دەکەین، لە شەڕو خراپەی نەفس و لە کردەوە خراپەکانمان پەنا دەگرین بە خوای گەورە.. لە شەوانیشدا ئەو دوعایەی فەرمووە: (اللَّهُمَّ آتِ نَفْسِي تَقْوَاهَا وَزَكِّهَا أَنْتَ خَيْرُ مَنْ زَكَّاهَا أَنْتَ وَلِيُّهَا وَمَوْلاَهَا)[2]

[1] ئەمە سەرەتای ووتاری پێداوویستی (خطبة الحاجة)ی پێ دەوترێت.. هەموو ووتارەکەش وا لە سەحیحی موسلیم (٥٩٣/٢) ژمارە (٨٦٨) ، ئەبوداوود (٢٣٩/٢-٢١١٨)، ترمزی (٦١/٤ - ١١٠٥)، نەسائی (٨٩/٦ -٣٢٧٨) ئەحمەد (٣٠٢/١-٣٩٣).

[2] موسلیم (٤٨٩٩).

واتە: ئەی پەروەردگار، تەقوا بە دڵ و دەروونم ببەخشەو خاوێنی بکەرەوە، چونکە تۆ چاکترینی کە بتوانی پاك و خاوێنی بکەیتەوە، هەر تۆ پشتیوان و یاریدەدەریی..

ئاشکرایە کە خوای گەورەو دانا هەر دوو جۆری ئامادەیی لە نەفسدا دابین کردووە: بۆیە دڵ دەتوانێت پاك و خاوێن بێت، دەشتوانێت پۆخڵ و تاریك و ژەنگاوی بێت.. بەڵام مژدە بەوانە دەدات کە نەفسیان پاك و پوخت رادەگرن کە سەرفرازو سەرکەوتوو دەبن، و سەرنجامی دەروونە بۆگەنەکانیش دەخاتە روو! کە پەشیمان ونائومێدو خەجاڵەتییە: (وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا * فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا * قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا* وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا)الشمس٧-١٠واتە: سوێند بە نەفس و ئەوەی بۆی رێکی خستووە، خوا رێی خراپەکاریی و تەقواکاریی نیشانی ئەو نەفسە داوە. حەتمەن ئەو کەسەی دڵ و دەروونی پاڵفتە دەکات و بە پاك و پوختی رایدەگرێت سەرفراز دەبێت، حەتمەن ئەو کەسەش کە دڵ و دەروونی پیس کردووە داماوو زیان لێکەوتووە..

نەفس ئەو جارانە ئاسودەیە کە بەدەم بانگەوازی خوای گەورەوە دەچێت، زۆر جاریش تەنگ و غەمبارە کە بەدەم بانگەوازی نەفس و شەیتانەوە دەچێت.

قورئان ئاماژە بۆ سێ جۆر نەفس دەکات:

١- **نەفسی ئەممارە:** واتە ئەو نەفسەی کە فەرمان بە خراپە و تاوان و گوناە دەکات، ئەم جۆرە نەفسە سواری سەری خاوەنەکەی بووەو ئارامی لێ

هەڵگرتووەو بەرچاوی تاریك كردووە، كەم ئامۆژگاری دەبیستێ، كەم گوێ بۆ حەق دەگرێت، ئەگەر بەزەیی خوای گەورە نەبێت كەم جار ئەم جۆرە كەسانە بەرەو ئیمان دێن، بەڵام هەندێ جار بە هۆی رووداوێكی دڵتەزێنەوە دادەچڵەكێت.. قورئان لە باسی ئەم جۆرە نەفسەدا لەسەر زمانی زوڵێخاوە دەفەرموێ: (وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي إِنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ) یوسف/٥٣ واتە: خۆم بێ تاوان ناناسێنم، بەڵام خۆ نەفسیش فەرمانڕەوای كردەوەی بەدە..

٢- **نەفسی لەووامە:** واتە نەفسی لۆمەكار.. قۆناغێكە لە قۆناغەكانی گۆڕان لە نەفسدا، كە زۆربەی ئیمانداران دەگرێتەوە! ئەویش بەوەی كە كاتێك گوناهێك دەكەن پەشیمان دەبنەوەو لۆمەی خۆیان دەكەن، یاخود بەردەوام پەشیمانن لە رابووردووی خۆیان.. خوای گەورە ئەو جۆرە نەفسەی لا پەسەندە و سوێندی پێ خواردووە..

هەتا ئێمە خاوەنی دڵ و دەروون و نەفسێكی وا بین ئەوە مانای وایە ئیمان و باوەڕمان سەلامەتە.

٣- **نەفسی هێمن و ئارام (موتمەئیننە:المطمئنة):** واتە: ئارام و دامەزراو، ئەو كەسانە دەبنە خاوەنی ئەم نەفسە كە بەردەوام لە زیكرو یادی خوای گەورە غافڵ نابن، ئەوانەی كە زۆر مەبەستیانە ڕەزامەندی خوای گەورە بەدەست بێنن.. ئەمانە جڵەوی نەفسی خۆیان گرتووەو نایەڵن سەركەشی بكات، ئەو بەختەوەرانە لە سەرەمەرگدا پێیان دەوترێت: (یَا أَیَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ * ارْجِعِي

إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً * فَادْخُلِي فِي عِبَادِي * وَادْخُلِي جَنَّتِي) الفجر٢٧-٣٠ واتە: ئەی خاوەن نەفسی هێمن، دڵ و دەروونی پڕ لە ئارامی، بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگارت، ئەو لە تۆ رازییەو تۆش لەو رازیت، بچۆرە ریزی پیاوچاکانمەوە، بچۆرە بەهەشتەکەمەوە.

خۆزگە لەسەرەمەرگ و کۆتایی ژیانماندا شایستەی ئەم مژدە قورئانییە دەبوین و روو بە هەمووانمان دەوترا.

## کاریگەریی گوناهوتاوان

گوناهو تاوان شوێنەواری خۆی بەسەر گوناهبارەوە لە دنیا و لە قیامەتدا جێ دێڵێت! ئەگەر تۆبەی راستەقینە نەکات وای لێ دێت کە :

١- کەڵك لەو زانیاری و زانستیانە وەرناگرێت کە بەهۆیەوە لە خوای گەورە نزیکی دەکاتەوە، چونکە ئەو جۆرە زانستیانە نوورن و بەو کەسانە نابەخشرێن کە لەسەر گوناهو تاوان سوورن.

٢- بێ بەرەکەتی لە رزق و رۆزی و تەمەندا.

٣- هەمیشە دڵتەنگ و غەمبارە، هەتا وای لێ دێت بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆی تۆزێ غەمی کەم کاتەوە پەلاماری گوناهی تر دەدات! وەکو شەراب خواردنەوەو بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان.

٤- نەحەوانەوەو هەست نەکردن بە نازو نیعمەتەکان.

٥- مرۆڤی ئیماندار کاتێ گوناهێك دەکات کارکردنی لەسەر ژن و منداڵ سامان و کەسابەتی دەبینێ! هەر وەك پیاوچاکێك دەفەرموێت: جاری وا هەبووە هەڵەیەك یا گوناهێکم لەدەست دەرچووە، زووبەزوو کارکردنیم لە هەڵس و کەوتی خێزانەکەم و ئەسپەکەمدا بینیووە.[1]

---

[1] زۆر گەڕام بزانم خاوەنی ئەم مەقوولەیە کێیە، بەڵام بەداخەوە نەمدۆزیەوە، لە هەندێك سەرچاوەدا دەگەیشتمە ئەوەی کە محمدی کوڕی سیرینە رەحمەتی خوای لێ بێت کە یەکێکە لە

٦- کارەکانی بەقورس و گران بە دەستەوە دێت، زۆرجار هەست دەکات کە هەموودەروازەکان لە روویاندا داخراون.

٧- ئەگەر زوو فریای خۆی نەکەوێت گوناه گوناهی تر دێنێت و دەبێتە هۆی رەشبوونەوەی دڵ.

٨- لاوازیی روودەکاتە دڵ و دەروونی و لەبەرانبەر گوناهەوە خۆی پێ ناگیرێت، ئیتر دڵی دەمرێت! ئەوکاتە گوێ بە حەرام نادات.

٩- وای لێ دێت کە گوناه بە ناشیرین نازانێت، لەوانەیە بەشانازییەوە لای هاوەڵەکانی باسی گوناهو تاوانەکانی خۆی بکات.

عبداللە کوڕی عەباس[١] خوا لێی رازی بێت فەرموویەتی: چاکەکاریی رووخسار رووناك دەکاتەوە، نوور دەخاتە دڵەوە، بەرەکەت دەخاتە رزقەوە، هێز بەلاشە دەبەخشێت و خۆشەویستی پێشکەش بە خەڵك دەکات.. گوناهیش رووزەردی و خەجاڵەتی لە دوایە، دڵ تاریك دەکات، لاشە لاواز دەکات، بەرەکەت لە رزق و رۆزیدا ناهێڵێت، خۆشەویستی خەڵکی لە ناو دەبات، رق و کینەیان دەبزوێنێت.. بەتایبەت ئەگەر گوناهەکە دەستدرێژی بێت بۆ سەر ماڵ یان ناموسی کەسانی تر.

---

حەوت پیاوچاکەکەی تابعین لە بەسرە.. سەرچاوەی گێڕانەوەی مەقوولەکە ئیمامی ئیبنولقەییمە لە کتێبی ( الجواب الكافي لمن سأل عن الدواء الشافي ب١ ل٢٨)..

[١] بۆ ناسینی برۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

هەر کەسێك لەسەر گوناهو تاوان بەردەوام بێت، بەرە بەرە حەیای لێ هەڵدەگیرێ و شەرم و شکۆی نامێنێت، هەتا وای لێ دێت شانازی پێوە دەکات و خۆی پێوە هەڵدەکێشێت! چونکە عەقڵ و ژیری خۆی لەدەست داداو دەیەوێت هاوڕێ بۆ خۆی زۆر بکات.. جا ئەوی شەرم لە خوای گەورە بکا، خوای گەورەش شەرمی لێ دەکات، ئەوی شەرمی لێ نەکات لە رۆژی قیامەتدا لەبەرچاوی هەموو ئەو خەڵکە حەیای دەبات.

ئەوەی لە دنیادا حساب بۆ گەورەیی خوای گەورە نەکات و بێ شەرمانە هەرچی نەفسی بەدکاری داوای لێ کرد بیکات، لە قیامەتدا خوای گەورە پشت گوێی دەخات و فەرامۆشی دەکات.

پیاوچاکێك[1] دەفەرموێ: کاتێك کە دەتەوێ گوناهێك بکەیت با بچوکیش بێت سەیری گوناهەکە مەکە، بەڵکو بزانە تۆ سەرپێچی کێ دەکەیت و لە کێ یاخی دەبیت ئەگەر ئیماندار بەو شێوەیە بیربکاتەوە گوناهو تاوان لە کۆمەڵگاکەماندا بنەبڕ دەبێت و متمانەو باوەڕ بەیەك و خۆشی و شادی و کامەرانی هەردوو دنیا بەدەست دێنین.

[1] وێڵ بووم بە دوای ئەم قەولەو خاوەنەکەیدا، تا دەستم لەوەندە گیر بوو کە قسەی بیلالی کوڕی سەعیدەوە ئیمامی ئەحمەد لێیەوە ریوایەتی کردووەو ئیمامی ئیبنولقەیمیش لە کتێبەکانیدا (وەکو بدائع الفوائد و مدارج السالکین) لێوەی نەقڵ کردووە..

## لە شێوەکانی بەربەرەکانی نەفس

هەر کەسێ دەیەوێت چارەسەری نەفس و دەروونی خۆی بکات با سەرەتا دەست بە لۆمەکردن و گلەیی کردن لە خۆی بکات، ئەوجا ئامۆژگاری، پاشان لێپرسینەوە، دوایی ترساندن لە سزای توندوتیژی خوای گەورەیی و خەجاڵەتباری رۆژی رەستاخێز (قیامەت).. هەروەها بۆ شتنەوەی چڵك و ژەنگی گوناهانی رابردووی با بەردەوام فرمێسکی پەشیمانی هەڵوەرێنێ و بزانێ بۆچی کەوتۆتە ناوی؟! ئەگەر هاوەڵە بێ دین و خوانەناسەکانێتی، با هەوڵ بدات ئەوان ئیسلاح بکات.. سەرەتا با هاوەڵی چاك بۆ خۆی پەیدابکات، با هەوڵ بدات سوود لە بەرنامە بەسوودەکانی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن وەرگرێت..[1] جار جارە بەرۆژوو بێ چونکە هەر وەك پێغەمبەری سەردار صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئامۆژگاری لاوانی کردووە و فەرموویەتی: (يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنْ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ)[2] واتە: ئەی کۆمەڵی لاوان ئەوەی دەتوانێت و بۆی دەلوێت هاوسەر بگرێت، با ژن بێنێت، ئەوەی ناتوانێت با بەڕۆژوو بێت، چونکە رۆژووگرتن قەڵغانە.. خۆ دوورخستنەوەیە لە گوناه.

---

[1] پێم وایە سەرەتا بە خواناسی و زانستی شەرعی و پەروەردەبوون دەست پێ بکرێت راستترە نەك بەرنامەی تەلەفزیۆنی!! کە تا شتێکی باشی لێوە دەبیسترێت یان دەبینرێت، دەیان شتی تری کات بە فیڕۆدانی لێوە دەبینرێت.. جاری واش هەیە گوناح!!

[2] بوخاری (٤٥٦/١)، موسلیم (٦٣٠/١) لە سەیدنا ئیبنو مەسعودەوە خوا لێی رازی بێت گێڕاویانەتەوە..

بەم شێوەیە دەتوانین نەفسمان بگرینەوەو لە سەر دوورەپەرێزیی لە زۆربەی گوناهەکان رای بێنین.. بەڵێ راستە، هەرچی بکەین نابینە فریشتە، بەڵام بە ئەنجامدانی ئەم کارانە بەلایەنی کەمەوە خۆمان لە گوناهە گەورەکان دوورە پەرێز دەگرین. ئەوسا ئیتر لە باتی غەفڵەت، بێداريی..  لە جیاتی هەڵەشەیی، هێمنيی.. لە جیاتی قسەی بێ تام و پێز، قسەی بەجێ، لە جیاتی تەماشای گوڤارو کتێبی بێ سوود، تەماشای بەسوود دەکەین، خۆمان بە دەورکردنەوەی قورئان و تێبینی کردنی واتاکانییەوە سەرگەرم دەکەین، قسەمان کەم دەبێ و بێ دەنگیمان زۆر دەبێت، بەمەش دڵمان بە نووری ئیمان رووناك دەبێتەوە.. نەك تەنها فەرزەکان بە رێکوپێکی جێبەجێ دەکەین، بەڵکو سوننەتەکانیش ئەنجام دەدەین، پێشبرکێ دەکەین بۆ ئەنجامدانی هەموو چاکەیەك.. وە هەموو رێیەك دەگرینەبەر بۆ دامرکاندنەوەی نەفسی بەدکارو جڵەو گرتنی هەڵپەو تەماعە نارەواکانی.. ئەو کاتە ئاوا دەتوانین لە سنووری شەرعدا سوود لە دڵ و دەروون وەرگرین، کە ئاوا بیخەینە ژێربارو رایگرین، ئەو کاتە لەشەرو زیانەکانی دنیاو قیامەت بەدوور دەبین.

پێغەمبەر یوسف عَلَیْهِ السَّلَام نموونەی لاوێکی تا بڵێی قۆزو پێکەوتوو بوو، قورئان ئاماژە بۆ ئەو رواڵەتە قەشەنگەی دەکات کە پەروەردگار پێی بەخشیبوو، کاتێك لە کۆشکی پاشای میسر دەبێت، زوڵەیخای ژنی دەسەڵاتداری میسر شەیدای دەبێت.. بەڵام ئەم هەر خۆی دەگرێت.. تا رۆژێك بە فێڵ بانگی دەکات و هەموو دەرگاکان دادەخات و دەیەوێ پێغەمبەر یوسف عَلَیْهِ السَّلَام تووشی

گوناهو تاوان بکات، ئەویش سەرەتا زۆر ئامۆژگاری دەکات.. بەڵام بێ سوود دەبێت، سەرەنجام پێغەمبەر یوسف عَلَيْهِ السَّلَام بەرەو دەرگا را دەکات و دەیکاتەوە، ئا لەو کاتەدا رووبەڕووی مێردەکەی زولەیخا و یەکێ لە خزمانی دەبێتەوە.. زولەیخا بۆ ئەوەی پاکانە بۆ خۆی بکات دەستی تۆمەت بۆ پێغەمبەر یوسف عَلَيْهِ السَّلَام را دەکێشێت کە گوایە ئەو هاتۆتە سەری، بۆیە دەبێت بەند بکرێت، یان سزا بدرێت.. پێغەمبەر یوسفیش عَلَيْهِ السَّلَام دەفەرموێ: نە بە خوای گەورە، وا نییە، ئەو ویستی من لە خشتەبەرێ و عەیبدارم بکات، ئەو ویستی شەرمەزاری لای گەورەم بکات، کراسەکەشمی دڕاندووە.. ئەوسا خزمەکەی هەڵی دایەو وتی من دەڵێم ئەگەر کراسەکەی لەپێشەوە دڕابوو ئەوە زولەیخا راست دەکات وە ئەگەر لە پشتەوە دڕابوو یوسف راست دەکات.[1]

---

[1] شاهیدەکەی سەیدنا یوسف کێشەیەکی ناوکۆییە کە ئایا منداڵ بووە، یان گەورە؟! دوو فەرموودە لەسەر ئەوە هەن کە منداڵ بووبێت، هەردووکیان لای حاکمن (المستدرك ٣٨٣/٤) ئیمامی زەهەبیش بە سەحیحی داناون و فەرموویەتی: (لەسەر مەرجەکانی بوخاری و موسلیمن)، سوهەیلییش بە سەحیحی داناوەو ئیمامی قورتوبی(١٧٨/٩) و ئیمامی تەبەری (١١٥/١٢) و ئیبنوکەسیر (٤٣٣/٢)یش لێیانەوە وەرگرتووەو تا رادەیەك لایەنگیری سەحیحێتی بوون، بەڵام شێخی ئەلبانی لە (سلسلة الاحاديث الضعيفة٢٧١/٢ . ٦٤٠٠) دا هێناونێتیەوەو سەرسامی خۆی لە پشتیوانی لێکردنی ئیمامی زەهەبی دەربڕیووەو فەرموویەتی هەردووکیان لای من لاوازن و بە تەفسیل توێژینەوەی خۆی لەسەر کردوون، پاشان دەفەرموێ: ریوایەتی سەحیح لە سەیدنا ئیبنوعەبباسەوە هەیە کە شاهیدەکە گەورە بووەو ریشی هەبووە.

کاتێك سەرنجیاندا، کراسی یوسف لە پشتەوە دڕاو بوو، مێردەکەی ووتی: ئەمە پەن وپیلانی ئێوەی ژنانە.. یوسف تۆ ئەم ڕووداوە باس مەکەو زوڵەیخا تۆش داوای لێخۆشبوون بکە، چونکە بەڕاستی ئەوە هەڵەی تۆیە..

# وانەی یەکەم

## باوەڕ بناغەیە

ڕەنگە زۆرمان بیستبێ کە دەڵێن باوەڕ (ئیمان) چارەسەری کێشەکانی ژیان دەکات، موسوڵمان بنیات دەنێتەوەو خێزان و کۆمەڵگەکان بەرەو بەختەوەری دەبات، ستەم و زۆرلێکردن دەسڕێتەوەو دادپەروەری و خۆشەویستی لەناو خەڵکیدا بڵاو دەکاتەوە.. ئاخۆ مەبەست لەو باوەڕە چی بێت؟ لە دەروون و ناخی موسوڵماندا چی بەرهەم بهێنێت؟

بۆ ڕوون بوونەوەی ئەم باسە پێویستە پێناسەیەکی تەواوی ئەم باوەڕە بکرێت و وێنە تەواوەکەی نیشان بدرێت..

باوەڕ تەنها بەوە تەواو نابێت بە دەم بڵێین موسوڵمانین: چونکە زۆر کەس دەتوانن بە زمان بڵێن موسوڵمانین و بەڵام دڵیان باوەڕی تێدا نەبێت وەك خوای گەورە لە باسی دووڕوو (مونافیق)ەکاندا دەفەرموێ: (وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَمَا هُمْ بِمُؤْمِنِينَ * يُخَادِعُونَ اللَّهَ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَمَا يَخْدَعُونَ إِلَّا أَنْفُسَهُمْ وَمَا يَشْعُرُونَ) البقرة/٨-٩ واتە: هەندێ کەس هەن دەڵێن باوەڕمان بە خوای گەورەو ڕۆژی دوایی هێناوە بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانە موسوڵمان نین. وا دەزانن خوای گەورە و موسوڵمانان هەڵدەخەتێنن! لەڕاستیدا خۆیان هەڵدەخەڵەتێنن بەڵام هەستی پێ ناکەن.

باوەڕ تەنها کۆمەڵە کردارێك و چەند دروشمێك نییە خەڵك ڕاهاتبن لەسەری و وەك خوونەریتی ڕۆژانە ئەنجامی بدەن.. زۆر هەن دەتوانن لە ڕووکاری دەرەوەیاندا بەباش و جوان دەرکەون و کرداری چاك ئەنجام بدەن و دروشمەکانی پەرستن بەجێ بهێنن و لە ناخیشدا دڵ وێران بن و دەروونیان لە چاکەو دڵسۆزی بۆ خوای گەورە خاڵی بێت: (إِنَّ الْمُنَافِقِينَ يُخَادِعُونَ اللّهَ وَهُوَ خَادِعُهُمْ وَإِذَا قَامُواْ إِلَى الصَّلاَةِ قَامُواْ كُسَالَى يُرَاؤُونَ النَّاسَ وَلاَ يَذْكُرُونَ اللّهَ إِلاَّ قَلِيلاً) النساء/١٤٢ واتە: دوڕووەکان بە خەیاڵی خۆیان خوای گەورە هەڵدەخەڵەتێنن بەڵام خۆیان دەخەڵەتێنن.. کە بۆ نوێژ هەڵدەستن بە تەمەڵی بۆی هەڵدەستن، ڕووپامایی بۆ خەڵك دەکەن، یادی خوا زۆر بە کەمی دەکەن ..

باوەڕ بریتی نییە لە زانستیەکی تاك و تەرای عەقڵی، نا.. زۆر کەس هەن ڕاستییەکانی باوەڕ دەزانن، کەچی باوەڕیشیان نییە (وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ) النمل/١٤ واتە: هەرچەندە لە ناخیاندا لە ڕاستی (نیشانەو بەڵگەکانی ئێمە) دڵنیا بوون! کەچی بەهۆی ستەم و خۆبەزلزانینیانەوە، نکوڵیان لێ دەکرد، دە بڕوانە چارەنووسی خراپەکارو گەندەڵان.

خۆبەزلزانین و خۆشەویستی دنیا و ئێرەیی (حەسوودیی) وای لێ کردن کە باوەڕ نەهێنن (وَإِنَّ فَرِيقًا مِّنْهُمْ لَيَكْتُمُونَ الْحَقَّ وَهُمْ يَعْلَمُونَ) البقرة/١٤٦ کۆمەڵێکیان هەیە ڕاستییەکان دەزانن بەڵام دەیشارنەوە.

کەواتە باوەڕ تەنها کاری زمان یا لاشە یا بیرو هۆش نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا کارێکی دڵ و دەروونییەو بە ناخی موسوڵماندا دەچێتە خوارەوە، هەموو قەوارەی موسوڵمان دەگرێتەوەو وویست و تواناو لێهاتنەکانی ئاڕاستە دەکات..

پێویستە لە ژیاندا ڕاستییەکانی بوونەوەر وەکو خۆیان کە لە واقیعدا هەن بناسرێن. ئەم ناسینەش لە ڕێگەی سروشتی خوای گەورەوە نەبێت بەجێ نایەت. کاتێك ئەم ناسینە دەبێتە باوەڕ کە دەگاتە ئاستی دڵنیایی و یەقینی تەواوو هیچ گومان و دوو دڵییەکی بەرامبەر دروست نابێت، کە دەبێتە قەناعەتێکی ڕیشەدار بەستووی ناخ. ئەوەیە کە خوای گەورە دەرهەقی دەفەرموێ: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُوْلَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ) الحجرات/١٥ واتە: موسوڵمانان ئەوانەن کە باوەڕیان بە خوای گەورەو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوەو گومانیان لا نەماوە، ئەوانەی دواتر بە سەروەت و سامان و گیانیانەوە جیهادیان لە پێناوی خوای گەورەدا دەکرد.. ئا ئەوانەن ڕاستگۆو سەرڕاست..

بۆ ئەوەی باوەڕ ببێتە مایەی ئارامی دڵ و مل کەچ بوون و گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری و ڕازیبوون و خۆبەدەستەوەدان بۆ خوای گەورە پێویستە زانست و تێگەیشتنی بۆ بکرێتە زەمینە:

- (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا) النساء/٦٥ واتە: سوێند بێت بە پەروەردگارت باوەڕەکەیان تەواو نابێت تا لە ناکۆکییەکانی نێوانیاندا نەتکەن بە دادگەر،

پاشان نابێت بەرامبەر بڕیارو فەرمانەکانت هیچ گرێ و گۆلێك لە دڵ و دەروونیاندا دروست ببێت و حەتمەن دەبێت بە تەواوی تەسلیمی بڕیارەکانت بن.

- (إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ) النور/٥١ واتە: هەڵوێستی موسوڵمانان وایە ئەگەر بۆ فەرمانەکانی خوای گەورەو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بانگ کرێن تا دادگەریان بکات، دەڵێن بەڵێ، بەسەرچاو. بیستمان و گوێڕایەڵیش دەبین، ئەوانەی کە لەسزای دنیاو قیامەت قوتار دەبن و سەرفراز دەبن، ئا ئەوانەن.

- (وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالا مُّبِينًا) الاحزاب/٣٦ واتە: هیچ موسوڵمانێکی پیاو یا ژن بۆی نییە ئەگەر خوای گەورەو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانێکیان داو بڕاندیانەوە ئەو ڕای خۆی بەسەر بڕیاری ئەواندا بدات.

دوای ئەوەی باوەڕ دامەزراو بە زانست و تێگەیشتن لێی پتەو بوو، ئینجا پێویستە دڵ گەرمی و ملکەچییەکی وا لە وویست و ئیرادەدا دروست ببێت، کە ببێتە پاڵنەری کارکردن، بە پێی بنەماکانی و پەیوەست بوون بە داب و نەریت و ئاکارو ڕەوشتەکانییەوە.. ئاوا دەبێتە باوەڕی تەواو. هەر بۆیە دەبینین قورئانی پیرۆز بەم شێوەیە وەسفی موسوڵمانان دەکات (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ * الَّذِينَ

يُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ * أُوْلَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَّهُمْ دَرَجَاتٌ عِندَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ) الأنفال/٢-٤ واتە: موسوڵمانان ئەوانەن کە کاتێك باسی خوای گەورەیان لا دەکرێت، دڵیان دادەخورپێت و رادەچەنن، کە ئایەتەکانیان بەسەردا دەخوێندرێتەوە باوەڕیان زیاد دەکات و پشت بە پەروەردگاری خۆیان دەبەستن.. ئەوانە ئەوانەن کە نوێژ دەکەن و لەو ڕۆزییەی پێمان داون دەبەخشن.. موسوڵمانی ڕاستەقینە ئەوانەن.

لە قورئانی پیرۆزدا باوەڕ هەمیشە لە قاڵبی کاری جوان و ڕەوشتی بەرزدا نیشان دەدرێت. هەر بەوەش موسوڵمانان لە دووڕووەکان جودا دەکرێنەوە: (قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ * الَّذِينَ هُمْ فِي صَلاتِهِمْ خَاشِعُونَ * وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ * وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ * وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ)

المؤمنون/١-٥ واتە: بەڕاستی موسوڵمانان سەرفرازن.. ئەوانەی لە نوێژەکانیاندا ملکەچن و خۆیان لە قسەی بێ جێ دەپارێزن. ئەوانەی زەکات دەدەن و داوێنی خۆیان پاك ڕادەگرن.

خوای گەورە لە وەسفی موسوڵمانە ڕاستەقینەکاندا دەفەرموێ: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أُوْلَئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ) الحجرات/١٥ واتە: موسوڵمانان ئەوانەن کە باوەڕیان بە خوای گەورەو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوەو گومانیان لا نەماوە،

ئەوانەی دواتر بە سەروەت و سامان و گیانیانەوە جیهادیان لە پێناوی خوای گەورەدا دەكرد.. ئا ئەوانە راستگۆو سەر ڕاستن..

شەهید سەید قطب لە (في ظلال القران)دا، لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمویٚ: باوەڕ دڵنیابوونی ڕاستەقینەیە بەرامبەر بە خوای گەورەو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، دڵنیابوونێك جێگیرو پتەو بێت، ڕاڕایی و دوودڵیی و پەشیمانی و خاوبوونەوە ڕووی تێ نەكات و هەست و هۆش و دڵ لێی بێزار نەبن.. ئەو دڵنیابوونەیە كە تێكۆشانی سەرو ماڵیی بۆ خوای گەورە لای خاوەنەكانی دروست دەكات.. ئەگەر دڵ چێژی باوەڕی چەشت و لە ئاستیدا ئارام بوو، دەبێتە پاڵنەرێك بۆی و لە جیهانی واقیعی دەوروبەریدا دەچەسپێت.

موسوڵمانی خاوەن باوەڕ دەیەوێت جیهانی دەوروبەری و ژیانی خەڵكی وەك ئەو هەست و هۆشە ناوەكییەی خۆی لێبكات، چونكە جیاوازی لە نێوانیاندا لە هەموو ساتێكدا ئازاری دەدەن و دەیخەنە ژێر پرسیارەوە.. لێرەوەیە كە بانگەوازی جیهاد بە سەر و ماڵ لە پێناوی خوای گەورەدا لە ناخی موسوڵمانەوە هەڵدەقوڵێت، بێ ئەوەی هیچ زۆر لەخۆكردنێكی پێوە دیار بێت.. موسوڵمان دەیەوێت ئەو ماناو شێوە پرشنگدارانەی لە دڵیدا هەستیان پێدەكات بێنە ژیانەوەو ڕۆڵی خۆیان ببینن..

ململانێ و بەربەرەكانێ لە نێوان باوەڕو باوو نەریتە نەفامییەكاندا لەوێوە سەر هەڵدەدات كە موسوڵمان ناتوانێت دوو ڕوو بێت، ناخی شتێك بێت و سیماو

رەفتاری دەرەوەشی شتێکی تر، بۆیە نایەوێت باوەڕێکی پڕ نووری خواناسی لە ناخیدا گەشە بکات و لە دەوروبەریشی باسێکی تر پیادە بکرێت.. ناتوانێت لە تێگەیشتنە موسوڵمانییە باڵاکانی بێتە خوارەوەو بۆ واقیعێکی لارو چەوت وازیان لێ بهێنێت.. بۆیە بەرهەڵستکاری لە نێوان نەفامی و مانا موسوڵمانییەکانیدا دروست دەبێت.

ئەو توخمانەی لە پێشەوە باسمان کردن ( قەناعەتی ناخ و زانست و کردەوە) باوەڕی ڕاستەقینە پێکدەهێنن بە وونبوون یا دیار نەمانی هەر یەکێکیان ئەو باوەڕە ئەوەندە کەم و کورتی دەهێنێت و لە باوەڕی ڕاست دوور دەکەوێتەوە.. ڕەنگە هەموو ناوەکانی (بیر: فکرە) (بیردۆز: نظرية) (ڕا: رأى) لێبنرێت بەڵام هەرگیز ناونیشانی باوەڕی ڕاستەقینەی بەسەردا ناچەسپێت.

باوەڕی ڕاستەقینە دەبێتە نوورو ڕووناکی و ناخی دڵ و دەروون ڕۆشن دەکاتەوە، گوڕو تینی پێدەبەخشێت و دەگاتە قەناعەت و ژیری و ئارامی دەداتێ، دەگاتە دڵ دەیخروشێنێت، دەگاتە ویست و توانا دەیانبزوێنێت، ئەگەر ژیریی قەناعەتی کردو دڵ خرۆشا و ویست و تواناش بزوان ئەندامەکانی لەش بە دەمیانەوە دێن و کردەوە چاکەکان سروشتی لە دایك دەبن.

مامۆستا ئەحمەد ئەمین[1] لە کتێبی (فيض الخاطر/بەرگی یەک) دا چەند جوانە کە دەفەرموێ: (ئەگەر تۆ تەنها وەك بۆچوونێك لە باسێك تێبگەیت،

---

[1] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

بۆچوونەکەت دەچێتە خانەی زانست و مەعریفەتەوە، بەڵام ئەگەر باوەڕت پێ هێنا تێکەڵی خوێنت دەبێت و بە ئێسك و مۆخدا دەچێتە خوارەوە و قووڵایی دڵ دەپێکێت).

ڕەنگە ڕاوبۆچوونی فەیلەسوفێك ئەمڕۆ ڕاست بن و بەڵگەیان لەسەر هەبێت، بەڵام دوور نییە سبەینێ هەڵوەشێتەوەو ناڕاستیی بەڵگەکانیش دەرکەون.. کەواتە قەناعەت و تێگەیشتنەکان مایەی گۆڕانی بەردەوامن، بەڵام باوەڕ لە پاش چەسپاندنی بەو جۆرە نامێنێت، دەچێتە خانەی نەگۆڕەوە.. ئەمڕۆو سبەی و لە پاشەڕۆژی دووریشدا هەر ڕاست دەبێت و هەرگیز هەڵە قبوڵ ناکات، لەوە بەرزتر دەبێت کە گومان و دوودڵی دەرەقەتی بێن، ئاوا باوەڕ دەچێتە ڕیزی بەڵگە نەویستەکانەوە.

ئەگەر خاوەن ڕا ڕاکەی وەرگیراو جێبەجێکرا ڕەزامەندیی دەردەبڕێت و دڵخۆش دەبێت، بەڵام ئەگەر وەرنەگیراو ڕەت کرایەوە سەرەڕای دڵگرانی، ڕەنگە گومانی بەرامبەریان دروست ببێت و ئەو تاقەت و حەزەی جارانی بۆ گەیاندنی نەمێنێت.. چونکە وەك موسوڵمانێك دەگونجێت هەڵە ڕووی تێبکات و ڕاستییەکانی لێ تێکبچن. بەڵام موسوڵمان هەمیشە گەرم و بەتینە و تا چەسپاندنی باوەڕەکەی نەبینێت ئارام نابێت.

خاوەنی ڕاو تێگەیشتنی دیاریکراو ڕەنگە لابدات یان ڕا بگۆڕێت. بەتایبەتی ئەگەر بەڵگەکان خرانە بەردەستی، یا ئەگەر بەرژەوەندییەك هاتە پێشەوە، بەڵام

موسوڵمانی ڕاستەقینە هەڵوێستی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگرێتە بەر کە فەرمووی: ئەگەر ڕۆژ بخەنە لای ڕاستم و مانگ بخەنە لای چەپم بۆ ئەوەی واز لەم کارە بهێنم وازی لێ ناهێنم.[1]

بیروباوەڕو تێگەیشتن ئەگەر باوەڕ بە ناویدا نەچێتە خوارەوە لاشەیەکی بێ گیانی لێ دەمێنێتەوە، ئەشکەوتێکی تاریکەو چاوەڕێی ڕووناکیی باوەڕ دەکات. بیروڕا بە تەنها دڵە راوکەیە، دیدی وێڵ و گۆمی لێڵە.. بەڵام باوەڕ دەریایەکی بەرفراوانەو گومان لێڵی ناکات.

بیروباوەڕی بێ کردەوە تەنگ و چەڵەمە دروست دەکات، بەربەست دەخاتە بەردەست خۆتەسلیم کردن و ملکەچی دەربڕین بۆ خوای گەورەو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، داواکارییەکانی جەستە خاوەنەکەیان بەرەو ئینحیراف دەبەن و گومانی بۆ دێننە پێش.. ئەگەر لە سنووری خۆیاندا نەوەستێنرێن . خوا لاماندا. بەرو پاشگەزبوونەوەی دەبەن.. بەڵام باوەڕ هەموو سنوورەکانی مەترسیی دەبڕێت و گۆڕان لە سەردەمەکاندا دەهێنێتە کایەوە و ڕەوڕەوەی مێژوو

[1] ئەم ریوایەتە هەرچەندە بەناوبانگەو بۆ پتەوی هەڵوێستی پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەهێنرێتەوە، بەڵام شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە (سلسةالاحاديث الضعيفة ٩٠٩) دا دەفەرمویٚ زەعیفە.. بەڵام خۆ هەڵوێستی تری پێشەوامان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆرن کە وویستی بەهێزەی دەگێڕنەوە. وەك: (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ لا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ* وَلا أَنتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ * وَلا أَنَا عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ) کە لە سەردەمانێکدا ڕووەو ڕووی قورەیش فەرمووی کە خۆی و یاوەرانی لەو پەڕی موستەزعەفیی و بێهێزییدا بوون. داوای ئەو هەڵوێستی وەلاء و بەرائیان لێ دەکات کە وەکو ئەو خواپەرستیانە عیبادەتن بە تایبەت بۆ خوا دەکرێن..

هەڵدەگێڕێتەوە و گومان و دوودڵی دەڕەوێنێتەوە و بەدەم داواکارییەکانی دەروون و جەستەو گیانیشەوە پارسەنگانە دەچێت.

# وانەی دووەم
# لە خۆپرسینەوە

خوای گەورە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ) الحشر/١٨ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە پارێزکاری سنوورەکانی خودا بکەن و با هەر یەکێکتان سەیر بکات چی بۆ سبەینێ داناوە، پارێزگاری سنوورەکانی خودا بکەن، بێگومان خودا بەو کردەوانەی ئەنجامی دەدەن، ئاگادارە.

بۆ ئەوەی یەکێك بگاتە پلەی پارێزکاریی (تەقوا) پێویستە زوو زوو بە خۆیدا بچێتەوەو لە خۆی بپرسێتەوە، سەرژمێری کردەوەکانی ڕۆژانەی بکات و هەڵوێستەی لە ئاستیاندا هەبێت، تا لێیانەوە بڕوانێتە خۆی.. هەر بۆیە خوای گەورە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خەڵکی لە خۆیان بپرسنەوەو بە خۆیاندا بچنەوە پێش ئەوەی لە قیامەتدا خوای گەورە لێیان بپرسێتەوە.. چونکە لەو ڕۆژەدا هیچ وون نابێت و هەموو ووردەکاریی و نهێنیەکان و ئاشکرا دەبن.. بەڵام ئایا:

- لە خۆپرسینەوە چییە؟

- بۆچی کەسێك لە خۆی بپرسێتەوە؟

- لە چیدا لە خۆی بپرسێتەوە؟

**یەکەم: لە خۆپرسینەوە:** ئەوەیە کە کەسێك بە کردارو گوفتارو بارودۆخی ڕۆژانەی یا مانگانەی یا ساڵانەی یا هەموو تەمەنی خۆیدا بچێتەوەو چاویان پێدا بخشێنێەوە، ئەگەر کرداری چاکی بینی ئەوە سوپاسی خودای لەسەر بکات، ئەگەر خراپەشی بینی لێی پەشیمان ببێتەوەو تۆبە بکات.

نابێت موسوڵمان پاش تۆبەکردن بچێتەوە بە لای ئەو کردارە خراپانەدا کە وازی لێ هێناون. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُواْ أَنفُسَهُمْ ذَكَرُواْ اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُواْ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّواْ عَلَى مَا فَعَلُواْ وَهُمْ يَعْلَمُونَ) ال عمران/ ١٣٥ واتە: هەروەها ئەوانەی کاتێك کردەوەی بەد ئەنجام دەدەن یان ستەمێك لە نەفسی خۆیان دەکەن، خێرا خوای گەورەیان دەکەوێتەوە یادو پەشیمان دەبنەوەو داوای لیخۆشبوونی گوناهان لە خوای گەورە دەکەن. ئێ کێش هەیە غەیری خوای گەورە لە گوناهو تاوانان خۆش بێت؟! ئیدی ئەو تۆبەکارانە بە پەی پێبردنی تەواوەوە لەوەودوا بەلای ئەو گوناهانەدا ناچنەوەو سوور دەبن لەسەر دوورەپەرێزیی لێیان..

ئەو کەسەی تۆبە لە تاوانێك دەکات و بەردەوام دەبێت لەسەری وەك ئەوە وایە پەنا بە خوای گەورە گاڵتە بە پەروەردگاری خۆی بکات.

موسوڵمانی ژیرو وریا ئەوەیە کە هەمیشە لە خۆی بپرسێتەوەو خۆی سەرزەنشت بکات و کار بۆ پاش مردنی بکات، ئەو کەسەش کە ملکەچی ئارەزووەکانی خۆیەتی و هەر لەسەر خۆزگەو ئاوات دەژی، گەلۆرەو پەی بە

چارەنووسی تاوان و سەختی سزا نابات یان گوێی ناداتێ! ڕۆژێك دێت کە پەشیمان دەبێتەوە بەڵام پەشیمانبوونەوەکەی دادی نادات..[1]

موسوڵمان حاڵەتی لاوازو بێ ئاگایی بەسەردا دێت و لەو کاتەنەدا دەکەوێت هەڵەو تاوانەوە بۆیە تۆبەکردن پێویستە، وەکو لە فەرموودەدا هاتووە: (كُلُّ بَنِي آدَمَ خَطَّاءُ، وَخَيرُ الْخَطَّائِينَ التَّوَّابُونَ)[2] واتە: هەموو مرۆڤ هەڵەوانن، تاوان و سەرپێچی دەکەن، بەڵام باشترینیان ئەو کەسانەن کە تۆبە دەکەن..

خوای گەورە تۆبەی بەندەکانی خۆی لا خۆشەو هەرگیز دەست نانێت بەڕوویانەوە، بەخشندەو لێخۆشبوو میهرەبانەو تۆبەکاران بێ ئومێد ناکات، وەك ئەم فەرموودەیە ڕوونی دەکاتەوە: (إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يَبْسُطُ يَدَهُ بِاللَّيلِ لِيَتُوبَ

---

[1] ئەمەی نوسەرانی بەڕێز ڕەنگە ئاماژەیەك بێت بەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێ: (الْكَيِّسُ مَنْ دَانَ نَفْسَهُ وَعَمِلَ لِمَا بَعْدَ الْمَوْتِ، وَالْعَاجِزُ مَنْ أَتْبَعَ نَفْسَهُ هَوَاهَا وَتَمَنَّى عَلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ) واتە: کەسی ژیر ئەو کەسەیە کە حەزو ئارەزووەکانی خۆی دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو کۆنترۆڵی دەکات و کار بۆ دوای مردنی دەکات، دەسەوسانی گەلۆریش ئەو کەسەیە کە بە شوێن حەزو ئارەزووەکانیەوەیەو بێ ڕەنجدان داوا لە خوای گەورە دەکات کە خۆزگەکانی بۆ بهێنێتە دی!! بەڵام فەرموودەکە هەرچەندە ئیمامی حاکم ڕیوایەتی کردووەو فەرموویەتی بە پێی مەرجەکانی بوخاری سەحیحە، بەڵام شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی دوای توێژینەوەی لە (سلسلة الاحاديث الصحيحة ٥٣١٩/١١) دا دەفەرموێ: زەعیفە.

[2] ترمزی ژمارە (٢٤٩٩)یەو لای ئیبنوماجە (٤٢٥١)ە و لای ئیمامی ئەحمەد (١٩٨/٣).. لەفزەکەشی ئەمەیە :(كُلُّ بَنِي آدَمَ خَطَّاءُ، وَخَيرُ الْخَطَّائِينَ التَّوَّابُونَ) و شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی لە (صحيح الجامع ٤٥١٥) دا دەفەرموێ: سەحیحە. لەفزەکەش دەفەرموێ: هەموو مرۆڤەکان نەك هەموو موسوڵمانەکان..

مُسِيءُ النَّهَارِ، وَيَبْسُطُ يَدَهُ بِالنَّهَارِ لِيَتُوبَ مُسِيءُ اللَّيلِ، حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا) موسلیم گێڕاویەتیەوە[١] واتە: خوای گەورە بەشەو دەرگای لێخۆشبوون بۆعەبدەکانی والا دەکات تا لە تاوانبارانی شەو خۆش ببێت، هەروەها بە رۆژ والای دەکات تا لە تاوانبارانی شەو خۆش ببێت، ئەمەش تا رۆژی قیامەت بەردەوامە.

**دووەم: بۆچی کەسێك لە خۆی بپرسێتەوە؟!**

١- تا لێپرسینەوەی قیامەتی ئاسان بێت: شێخ حەسەنی بەسری[٢] رەحمەتی خوای لێی بێت دەفەرموێ: (موسوڵمانی خاوەن باوەڕ بەسەر خۆیدا زاڵەو لە خۆی دەپرسێتەوە.. لێپرسینەوەی قیامەت لەسەر ئەو کەسانە ئاسان دەبێت کە لە دنیادا لە خۆیان دەپرسنەوە، لەسەر ئەو کەسانەش گران دەبێت کە لە خۆیان ناپرسنەوە..) پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: هەر کەسێك لە قیامەتدا لێپرسینەوە لەگەڵدا بکریت سزا دەدرێت جارێك عائیشەخان خوای گەورە لێی رازی بێت فەرمووی: ئەدی خوای گەورە نافەرموێت (فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ * فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا) الانشقاق/٧-٨ پێغەمبەری خواش

---

[١] موسلیم (٢٧٥٩).

[٢] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی ئەوە لێپرسینەوە نییە، بەڵکو تەنها پیشاندانە ئەوەی لێی بپرسرێتەوە سزا دەدرێت) متفق علیه.[1]

لەمەوە دەردەکەوێت کە ئەمجۆرە پرسینەوەیە بە هۆی میهرەبانی و بەخشندەیی خوای گەورەوە باسی ووردەکاریان ناکرێت..

لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّهَ يُدْنِي الْمُؤْمِنَ فَيَضَعُ عَلَيْهِ كَنَفَهُ وَيَسْتُرُهُ فَيَقُولُ: أَتَعْرِفُ ذَنْبَ كَذَا؟ أَتَعْرِفُ ذَنْبَ كَذَا؟ فَيَقُولُ: نَعَمْ،أَيْ رَبِّ. حَتَّى إِذَا قَرَّرَهُ بِذُنُوبِهِ وَرَأَى فِي نَفْسِهِ أَنَّهُ هَلَكَ قَالَ: سَتَرْتُهَا عَلَيْكَ فِي الدُّنْيَا، وَأَنَا أَغْفِرُهَا لَكَ الْيَوْمَ، فَيُعْطَى كِتَابَ حَسَنَاتِهِ [زاد ابن ماجة: بِيَمِينِهِ] وَأَمَّا الْكُفَّارُ وَالْمُنَافِقُونَ فَيُنَادَى بِهِمْ عَلَى رُءُوسِ الْخَلائِقِ: هَؤُلاءِ الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللَّهِ) متفق علیه[2] واتە:خوای گەورە لە رۆژی قیامەتدا لە خاوەن باوەڕێك نزیك دەبێتەوەو ناهێڵێت خەڵك ببینن و لە گوناهو تاوانەکانی دەپرسێتەوەو ئەویش دانی پێدا

---

[1] نوسەرانی بەرێز بە مانا گێڕاویانەتەوەو نووسیویانە: متفق علیه واتە: بوخاری و موسلیم بە یەك لەفزی هاوبەش گێڕاویانەتەوە، بەڵام ئەم فەرموودەیەم لای هیچیان نەدۆزیەوەو بینیم ترمزی و ئیبنوماجەو ئیمامی ئەحمەدو فەرموودەوانانی تر ریوایەتیان کردووەو شێخی ئەلبانی لە (صحيح سنن الترمذي٣/٢٨٧)دا بە سەحیح هێناویتیەوە.. لە (سنن الترمذي دا ژمارە ٣١٧٥)و ئەمەش لەفزی فەرموودەکەیە: (عَنْ عَائِشَةَ أَنَّهَا قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ(وَالَّذِينَ يُؤْتُونَ مَا آتَوْا وَقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ) هُوَ الَّذِي يَسْرِقُ وَيَزْنِي وَيَشْرَبُ الْخَمْرَ، وَهُوَ يَخَافُ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ؟ قَالَ: لَا يَا بِنْتَ أَبِي بَكْرٍ، يَا بِنْتَ الصِّدِّيقِ، وَلَكِنَّهُ الَّذِي يُصَلِّي وَيَصُومُ وَيَتَصَدَّقُ، وَهُوَ يَخَافُ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ).

[2] وەکو نوسەران نوسیویانە (متفق علیه)، راستە.. لە بوخاری (٢٤٤١) یەو لای موسلیم (٢٧٦٨) یەو لای ئیبنوماجة(١٨٣) یە..

دەنێت.. ئایا دەزانیت لە فلانە ڕۆژدا فلانە تاوانت ئەنجامدا؟ ئەویش دەفەرموێ: بەڵێ وایە. جا کە دڵنیا دەبێت دەرناچێت و بە فەتارەت دەچێت، خوای گەورە پێی دەفەرموێ: لە دنیادا بۆم پۆشیت وا لێرەش بۆت دەپۆشم و لێت خۆش دەبم. ئەوجا کارنامەی (نامەی ئەعمال)ی دەدرێتە دەست. بەڵام بێباوەڕو دووڕووەکان بە بەرچاوی هەموو خەڵکییەوە بانگ دەکرێن و دەناسرێن: ئا ئەمانە بوون لەگەڵ خودای خۆیاندا درۆیان کرد.. نەفرەتی خودا لەستەمکاران.

٢- موسوڵمانی بەئاگا زۆر لە خۆی دەپرسێتەوەو لەسەر گوناهو تاوانی سەرزەنشتی خۆی دەکات، چونکە دڵنیایە کە شایەتەکانی قیامەت زۆرن و ناتوانرێت بە هەڵەدا ببرێن یان سەریان لێ تێکبدرێت، بەرتیل و ناسیاوی و واسیتەکاریی لەو نێوانەدا نییە، بیرچوونەوەو گوێنەدان و فەرامۆش کردن نییە..

* **یەکەمین شایەت خوای گەورە خۆیەتی:** وەك دەفەرموێ: (مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَى ثَلاثَةٍ إِلاَّ هُوَ رَابِعُهُمْ وَلا خَمْسَةٍ إِلاَّ هُوَ سَادِسُهُمْ) المجادلة/٧ واتە: هەر سێ کەسێك لە ناو خۆیاندا بکەونە چرپەو سرتەسرت خوای گەورە چوارەمیانە، ئەگەر پێنج بوون خوای گەورە شەشەمیانە، لەوە کەمترو زیاتر بن هەر خوای پەروەردگاریان لە تەکدایەو ئاگای لە هەموو هەست و نەستێکیانە..

* **دووەمین شایەت: پێغەمبەرانی خوان سەلامی خوایان لێ بێت:**

خوای پەروەرگار لە ڕۆژی دواییدا هەردوو لایەن، هەم نێرراوەکانی سەلامی خوایان لێ بێت، هەم گەلان و میللەتەکان دێنێتەوە ژێر باری پرسیارو پرسینەوە..

وەکو بۆ پێغەمبەرانی سەلامی خوایان لێ بێ دەفەرموێ: (يَوْمَ يَجْمَعُ اللَّهُ الرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَا أُجِبْتُمْ) المائدة/١٠٨ واتە: ئەوێ رۆژێ کە خوای پەروەردگار نێرراوەکان کۆدەکاتەوەو لێیان دەپرسێت کە چۆن و چیتان وەڵام درایەوە؟!

بۆ خەڵکی مرۆڤایەتی و نەوەکانیشیان دەفەرموێ: (وَيَوْمَ يُنَادِيهِمْ فَيَقُولُ مَاذَا أَجَبْتُمُ الْمُرْسَلِينَ) القصص/٦٥ واتە: رۆژێك دێت کە هەموویان بانگ دەکرێن و لێییان دەپرسرێتەوەکە چۆن و چیتان وەڵامی نێرراوانی خوا دایەوە؟!

( ئاوا نێرراوانی خوای مەزن دەبنە شایەت لەسەر گەلان و گەل و میللەتانیش دان بەوەدا دەنێن کە بەڵێ ئەم نێرراوە بەرێزانەمان بۆ هات بەڵام ئێمە ئەقڵمان بە پەیامەکەیان نەشکاو شوێنیان نەکەوتین. وەکو خوای گەورە دەربارەی پەشیمان بوونەوەی ئەوانە دەفەرموێ: (كُلَّمَا أُلْقِيَ فِيهَا فَوْجٌ سَأَلَهُمْ خَزَنَتُهَا أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَذِيرٌ * قَالُوا بَلَى قَدْ جَاءَنَا نَذِيرٌ فَكَذَّبْنَا وَقُلْنَا مَا نَزَّلَ اللَّهُ مِن شَيْءٍ إِنْ أَنتُمْ إِلاَّ فِي ضَلالٍ كَبِيرٍ * وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ * فَاعْتَرَفُوا بِذَنبِهِمْ فَسُحْقًا لِّأَصْحَابِ السَّعِيرِ) الملك/٨-١١ واتە: هەر کاتێك کە کۆمەڵێك لە بێباوەڕان فڕێ دەدرێنە دۆزەخەوە، بەرپرسی ئاگرەکە لێیان دەپرسێت: مەگەر هۆشدەری خواییتان بۆ نەهات؟! دەڵێن: بەدی، بە تەئکید هۆشدەری خواییمان بۆ هات بەڵام ئێمە بەدرۆمان خستنەوەو باوەڕمان پێ نەهێنان و هەر دەمانووت: راست نیە خوا هیچی نەناردۆتە خوارەوە، ئێوەش کە خۆتان بە نێرراوانی خوا دەزانن وێڵ و گومراِن. ئینجا دەڵێن: ئەگەر گوێمان

بگرتایەو ئەقڵمان پێ بشکایە حەتمەن ئاوا نەدەبووینە ئەهلی دۆزەخ! ئاوا دانیان نا بە تاوان و سەرپێچیەکانیاندا.. برۆن، لەوەلا تر چن..)[1]

* **سێیەمین شایەت: فریشتەکانن:** وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (إِذْ يَتَلَقَّى الْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ الْيَمِينِ وَعَنِ الشِّمَالِ قَعِيدٌ * مَا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلاَّ لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ) ق/١٧-١٨ واتە: دوو فریشتەکەی سەرشانی کە لای راست و چەپیەوە دانیشتوون، رەفتارەکانی وەردەگرن و تۆماری دەکەن.. یەك لەفزێکی لەدەم ناکەوێتەوە ئیللا دەینوسن..

* **چوارەمین شایەت: ئەندامەکانی لەشن!:** کە هەموویان دەبنە شایەت، وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (الْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَى أَفْوَاهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَا أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ) یس/٦٥ واتە: ئەمرۆ دەمیان دادەخەین و مۆری لێ دەدەین، دەست و قاچیان دێنینە قسە تا شایەتیان لەسەر بدەن کە چییان پێکردوون..

لەو رۆژەدا تەنانەت پێستی لەشیش دێتە گۆو شایەتی خۆی دەدات! وەك خوای گەورەی دەرهەق ئەویش دەفەرموێ: (وَقَالُوا لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا قَالُوا أَنطَقَنَا اللَّهُ الَّذِي أَنطَقَ كُلَّ شَيْءٍ) فصلت/٢١ بە پێستی خۆیان دەڵێن: ئەرێ بۆچی

---

[1] ئەم روون کردنەوەی نێوان ئەم دوو کەوانەیە نووسینی منن، نەدەکرا بیکەمە پەراوێزو نەشدەکرا قسەی خۆم تێکهەڵکێشی نووسینی بەڕێزان بکەم، بۆیە پێم باش بوو لە شوێنی خۆشی دوور نەکەوێتەوە، بەڵام بە دوو کەوانەی تایبەت جیای کەمەوە.. (ك).

شایەتیتان لەسەر داین؟! دەڵێن: ئەو خوای گەورەیە هێنایتییە قسە کە هەموو شتێکی هێناوەتە گۆ..

* **پێنجەمین شایەت: زەوییە:** سەرەڕای ئەم هەموو شایەتە راستگۆیانە، پارچە پارچەی ئەو خاکەی زەویش کە چاکە یان گوناهو تاوانیان لەسەر کراوە دەبنە شایەتی ئیزافی.. خوای گەورە دەفەرموێ: (يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبَارَهَا) الزلزلة/٤ واتە: لەوێ رۆژێ (رۆژی دوایی) زەویش باس لە هەواڵەکانی لای خۆی دەکات ..

عەرزی پێغەمبەری خوایان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد (پێیان ووت): هەواڵی زەوی چییە؟ ئەویش فەرمووی: شایەتی دەدات بەسەر خەڵك و گەلانەوە کە چییان لە سەر ئەنجام داوە.. دەفەرموێ: فلانە رۆژ و کات فلانە کاریان کردووە .[1]

٣- دەروون و ئارەزووەکانی موسوڵمان ئەگەر سنوریان بۆ دانەنرێت و کۆنترۆڵ نەکرێن هەڵەو تاوانی گەورە ئەنجام دەدەن و مافی خەڵکانی تر دەفەوتێنن، بۆیە لێپرسینەوەو پێداچوونەوەی بەردەوام لەسەریان پێویستە. ئەوەتا خوای گەورە

---

[1] نوسەرانی بەرێز هەر وا بێ باسکردنی سەنەد ئەم فەرموودەیان هێناوەتەوە.. فەرموودەکە ئەمەیە: (أَتَدْرُونَ مَا أَخْبَارُهَا؟ قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ فَقَالَ: إِنَّ أَخْبَارَهَا أَنْ تَشْهَدَ عَلَى كُلِّ عَبْدٍ أَوْ أَمَةٍ بِمَا عَمِلَ عَلَى ظَهْرِهَا، تَقُولُ: عَمِلَ كَذَا يَوْمَ كَذَا وَكَذَا، قَالَ : فَهَذِهِ أَخْبَارُهَا) لای ترمذي ( ٣٣٥٠)یە، ترمذي خۆی دەفەرموێ: (حسن صحيح غريب)، لای ئیمامی ئەحمەدیش (٨٨٥٤ لە بەرگی ٢ لاپەرە ٣٧٤)یەو شێخ شوعەیبی ئەرنائووت کە توێژینەوەی کردووە، دەفەرموێ: (إسناده ضعيف)، لای حاکم لە (المستدرك ٥٣٢/٢)ە و دەفەرموێ سەحیحە، بەلام بوخاری و موسلیم ریوایەتیان نەکردووە، ئیمامی زەهەبیش لایەنگیری کردووە، بەلام شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە کتێبی (ضعيف سنن الترمذي ژمارە ٦٦٤) دا دەفەرموێ: زەعیفە..

دەفەرموێ: (إِنَّ النَّفسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ) یوسف/٥٣ واتە: بە راستی نەفس سەرکەشەو پیشەی فەرمان کردنە بە خراپە ..

هەروەها پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: بەهەشت بە ناخۆشی دەورە دراوەو دۆزخیش بە ئارەزووەکان.. سەحیحی ئەلبانی ژمارەی فەرموودە ٣١٤٧.[١]

جا ئەگەر ئارەزووەکان بەریان بۆ شل بکرێت و مروڤ ملکەچیان ببێت و بەدەم هەموو داواکاریەکانیانەوە بچێت، ئەوا دوور نییە بەرەو دۆزەخی بەرن و رێگەی بەهەشتی لێ تێکبدەن.. کەواتە پێویستە نەفس و دەروون بە تەواوی بناسرێن و ئینجا جڵەویان بگیرێت و لەسەر خۆپاراستن لە سەرپێچی خوای گەورە راهێنرێن و بەردەوامیش لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و سەرزەنشت بکرێن.

[١] نوسەرانی بەڕێز نوسیوویانە: سەحیحی ئەلبانی ژمارەی فەرموودە (٣١٤٧) بەڵام فەرموودەی ژمارە (٣١٤٧) لە (سلسلة الاحاديث الصحيحة)دا باسی تەفسیری خەونە نەك ئەم بابەتەی بەردەست.. بە هەر حاڵ فەرموودەکە بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە، فەرموودەیەك کە ئەو دوو پێشەوا بەرێزە گێڕابێتیانەوە کەس توێژینەوەی ناکاتەوە، چونکە لێی دڵنیان کە سەحیحە.. ئەو پێناسەی نوسەرانی بەڕێزم پێ سەیربوو چونکە شێخی ئەلبانی توێژینەوەی ئەو فەرموودە بە ناوبانگەی بوخاری و موسلیم ناکات. بە هەر حاڵ لەفزی فەرموودەکە لای بوخاری کە ژمارە (٦٤٨٧)ە ئەمەیە (حُجِبَتِ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ وَ حُجِبَتِ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ) وە لای موسلیم کە ژمارە (٢٨٢٢)یە ئەمەیە (حُفَّتِ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ وَ حُفَّتِ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ).

موسوڵمان ئەگەر لە حاڵەتی لاوازیی و لە یادچووندا تووشی تاوانێك ببێت، دەتوانێت پاش تۆبەکردنی تەواو لەبەرامبەریدا بە خواپەرستی زیاتر وەکو بە ڕۆژووبوون یان بەبەخشینی شتێك، قەرەبووی ئەو تاوانەی بکاتەوە.. هەندێك پیاوچاك هەبووە کە خەریك بووە تووشی تاوان ببێت پەنجەی لە ئاگرێك نزیك خستۆتەوەو بە خۆی ووتووە: ئەگەر بەرگەی ئاگری دنیا ناگریت ئەی بۆ ئاگری دۆزەخ چی دەڵێیت؟[1] بەم جۆرە موسوڵمان دەتوانێت ئازەووی هەڵچووی خۆی بۆ تاوانکردن دامرکێنێتەوەو خۆیشی بپارێزێت.

## سێیەم: لە چیدا موسوڵمان لە خۆی بپرسێتەوە:

١- لە کاتدا: کات گرنگە چونکە کردارو مامەڵەی ڕۆژانەی موسوڵمانی تێدا ڕوودەدات. خوای گەورە ئەوەندە کاتی بەلاوە گرنگە گەیاندویەتیە ئاستی سوێند

[1] لەوانەی ئەمەی نوسەرانی بەڕێز لێرەدا هێناویانەتەوەو هیچ ئاماژەیەکیان بەو پیاوچاکەو زەمانی نەکردووە، مەبەست لە هەڵوێستە بەناوبانگەکەی عبداللّٰهی کوڕی مەرزووق بێت کە پێشتر هاوخوانی خەلیفە مەهدی بوو، جارێکیان لەبەر شەراب و گاڵتەو گەپی مەجلیسەکە، هۆشی لە نوێژی عەسری نەماو چوو، جاریەیەکی مەهدی بیری خستەوە، بەڵام هەڵنەستا بۆ نوێژەکەی، هەروەها نوێژی مەغریبیشی چوو، درەنگانێکی شەو کە خەریکبوو خەو دەیبردەوە، جاریەکە مقەڵییەك پشکۆی هێنایە لای قاچیەوەو پشکۆیەکی هەڵدایە کۆشییەوە، ئەویش هاواری لێ هەستاو ڕاپەڕی! بەسەرسامییەوە لێی پرسی بۆچی وای کرد؟ ووتی: ئەگەر لەسەر پشکۆیەکی ئاگری دنیا سەبر ناگریت، ئەدی لەسەر ئاگری دۆزەخ چۆن سەبر دەگریت؟! ئەم ڕوداوە بووە هۆی ئازاد کردنی جاریەکەو تۆبەکردنی عبداللّٰهی کوڕی مەرزووق کە جارێکی تر نەچووەوە مەجلیسی مەهدی و گۆڕییەوە بە مەجلیسی فوزەیلی کوڕی عیازو سوفیانی کوڕی عویەینە..

پێ خواردن، وەك دەفەرموێ: (وَالْعَصْرِ * إِنَّ الإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ * إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ) العصر/١-٣ واتە: سوێند بە کات.. هەر هەموو مرۆڤ زیان لێکەوتوون مەگەر ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو کاروکردەوەی چاکەیان ئەنجامداوە..

فوزەیلی کوڕی عیاز[١] دەفەرموێ: هۆ مرۆڤ، ژیانی تۆ ژمارەیەك ڕۆژە، هەر ڕۆژێك بەشێکە لە خۆت و لێت کەم دەبێتەوە..

تۆبەی کوڕی سیممە[٢] جارێك لە تەمەنی شەست ساڵیدا دانیشت لە خۆی پرسێتەوە کە ڕۆژەکانی تەمەنی خۆی لێك دایەوە بینی بیست و یەك هەزارو شەش سەد ڕۆژ بوو! دەستی بە گریان کردو فەرمووی: باشە ئەگەر هەر ڕۆژەی تەنیا یەك گوناهم کردبێت چۆن ڕووم بێت بە کارنامەیەوە لە بەردەست خوای گەورەدا ڕاوەستم کە بیست و یەك هەزارو شەش سەد گوناهی تێدابێت؟! ئەوەندەی ووتەوە تا لەهۆش خۆی چوو کە هۆشی هاتەوە فەرمووی: هاوار بۆ تۆ خوای گەورە ئەی ئەگەر ڕۆژی دوو یان سێ یا دە گوناهم کردبێت چی بکەم؟!

٢- <u>لە سەروەت و سامانی دنیا</u>: ئەمەش چڵ و لقی هەیە:

- لە چۆنییەتیی پەیداکردن وخەرج کردنیدا: پێکەوەنان و دەستکەوتنی پارەو سامانی دنیا یەکێکە لە حەزەکانی مرۆڤ و زۆرجار بەهۆیەوە مەترسی تاوانی

---

[١] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.
[٢] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

ڕاووڕووت و دزی و حەرام خواردن کۆمەڵگە دەتۆقێنێت.. بۆیە لێپرسینەوەی تاکەکان لە خۆیان کارێکی باشەو ئەگەر ترسی خوای گەورەی لەگەڵدا بێت دەبێتە مایەی پارسەنگی و هێمنی..

لە چۆنییەتی دەستکەوتن و چۆنییەتی خەرجکردنی ماڵ و ساماندا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (مَنْ لَمْ يُبَالْ مِنْ أيْنَ يَكْتَسِبُ مَالَهُ لا يُبَالِ اللهُ مِنْ أيِّ بَابٍ يُدْخِلْهُ النَّارَ)[1] واتە: ئەوەی بەلایەوە گرنگ نەبێت چۆن پارەو سەروەت و سامانی دەست دەکەوێت خوای گەورەش بەلایەوە گرنگ نابێت لە کام دەرگای دۆزەخەوە فڕێی داتە ناوەوە.

موسوڵمانی ڕاستەقینە سەرچاوەی پارە دەستکەوتن و دەوڵەمەندبوونی خۆی زۆر لا گرنگە چونکە هەم دەبێتە هۆکاری تاوان، هەم دەبێتە هۆکاری پووچەڵبوونەوەی کرداری چاکە.

---

[1] نوسەرانی بەڕێز ئەم فەرمووەدیان گێڕاوەتەوەو هیچ ئاماژەیەکیان بۆ سەنەدەکەی نەکردووە، لەفزەکەی ڕاستە وایە، فەرموودەکەش وا لە کنز العمال دا ژمارە (٩٢٧١). حافزی عێراقی لە تەخریجی فەرموودەکانی (احياء علوم الدين ب٢ ل ٩٤)دا دەفەرموێ: دەیلەمی لە (مسند الفردوس)دا لە سەیدنا ئیبنوعومەرەوە گێڕاویتیەوە خوا لێی ڕازی بێت.. زۆر گەڕام بە دوای حوکمیدا لە توێژینەوەکانی شێخی ئەلبانی ڕەحمەتییدا نەمدۆزییەوە.. گومانێکم لە سەحیحێتی فەرموودەکە هەیە، بۆیە لە جیاتی ئەم فەرموودە دوورو نەزانراوە، دەچینە خزمەت ئەم فەرموودە سەحیحەی بوخاری کە هەر لەو بابەتەدایە: (يَأْتِي عَلَى النَّاسِ زَمَانٌ لَا يُبَالِي الْمَرْءُ مَا أَخَذَ مِنْهُ أَمِنَ الْحَلَالِ أَمْ مِنَ الْحَرَامِ) واتە: زەمانێك دێت کابرا گوێ بەوە نادات کە سامانەکەی لە حەڵاڵدا پەیدا کردووە یان لە حەرامدا!! فتح البارى ب٦ ل ٥٤٨.

- لە لایەکی ترەوە لێپرسینەوە لەوەدا پێویستە کە ئەو پارەو سامانە لە چیدا خەرج کراوەو چۆن سەرف بووە؟ چونکە خاوەن ماڵی راستەقینە هەر خودایەو موسوڵمان جێگەدارە تیایدا، خوای گەورە دەفەرموێ: (وَأَنفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ) الحديد/٧ لەو سەروەت و سامانە ببەخشن کە خوای گەورە جێگەداری کردوون تێیدا.. لەبەر ئەمەیە کە داخستنی دەرگای خێرو چاکەخوازیی و نەبەخشینی پارەو ماڵ تاوانە.

<u>٣- گەردن ئازادکردنی خەڵکی موسوڵمان لەو مافەی ئەم بەسەریانەوە هەیەتی:</u>

چونکە هەر مافێك لە دنیادا نەدرایەوە لە رۆژی دواییدا لە چاکەی کابرای سەرپێچ هەڵدەگیرێتەوەو دەدرێتەوە بە خاوەن مافەکە.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (مَنْ كَانَتْ عِنْدَ أَخِيهِ مَظْلَمَة فَلْيَتَحَلَّلْهُ مِنها الْيَوْمَ قَبْلَ أَنْ يَأتِي يَوْمَ لَا يَنفَع فيه دِرْهَمٌ وَلَا دِينَارٌ)[1]

---

[1] نوسەرانی بەڕێز هەر ئاوا فەرموودەکەیان بێ ناساندنی سەنەدو سەرچاوەو بێ ماناکردنی هێناوەتەوە! فەرموودەکە لە فتح الباريدا ژمارە (٢٣١٧) یەو بەم لەفزەیە: (مَنْ كَانَتْ لَهُ مَظْلَمَةٌ لِأَخِيهِ مِنْ عِرْضِهِ أَوْ شَيْءٍ فَلْيَتَحَلَّلْهُ مِنْهُ الْيَوْمَ قَبْلَ أَنْ لَا يَكُونَ دِينَارٌ وَلَا دِرْهَمٌ إِنْ كَانَ لَهُ عَمَلٌ صَالِحٌ أُخِذَ مِنْهُ بِقَدْرِ مَظْلَمَتِهِ وَإِنْ لَمْ تَكُنْ لَهُ حَسَنَاتٌ أُخِذَ مِنْ سَيِّئَاتِ صَاحِبِهِ فَحُمِلَ عَلَيْهِ) واتە: هەر کەس مافی برایەکی خۆی لەسەر کەسایەتی هەبوو یا ئێستا بیداتەوە یان گەردنی خۆی پێ ئازاد بکات پێش ئەوەی رۆژێك بێت کە نە درهەم دادی دەدات و نە دینار.. ئاخر دوایی ئەگەر کردەوەی چاکی هەبوو لەو هەڵدەگرن و دەیدەنەوە بە خاوەن مافەکە، ئەگەر چاکەشی نەبوو، ئەوە خراپەی کابرای خاوەن ماف دێننە سەر شانی ئەم!! بۆ

تەنانەت شەهیدی ڕێگەی خودا هەموو گوناهو تاوانەکانی هەڵدەوەرن و هیچی پێوە نامێنێت جگە لە قەرزەکانی کە هەر بەسەریەوە دەمێنن! چونکە مافی خەڵکی ترە..[١]

لەبەر ئەمە بوو کە ئەگەر جەنازەی پیاوێکیان بهێنایە بۆ مزگەوت تا نوێژی لەسەر بکەن، پێغەمبەری ئازیز صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: قەرزار نییە؟ ئەگەر قەرزەکەی بۆ نەدرابایەوە نوێژی لەسەر نەدەکردو دەیفەرموو: ئێوە نوێژی لەسەر بکەن..[٢]

---

سەنەدەکەشی: شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە (صحيح الترغيب والترهيب ژمارە ٢٢٢٢) دا دەفەرمویٚ: سەحیحە..

[١] ئاماژەیە بۆ فەرموودەی: (وَيُغْفَرُ لِلشَّهِيدِ كُلَّ ذَنْبٍ إلا الدَّينَ) موسلیم (١٨٨٦).

[٢] نوسەرانی بەڕێز هیچیان لەسەر سەنەدو سەرچاوەی فەرموودەکە نەنووسیووە.. رەنگە ئاماژە بێت بۆ ئەو ریوایەتەی بوخاری کە لە سەیدنا سەلەمەی کوڕی ئەکوەعەوە خوا لێی رازی بێت ریوایەتی کردووە کە فەرموویەتی: (أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عليه وَآلِهِ وَسَلَّمَ أُتِيَ بِجِنَازَةٍ، فَقَالُوا: صَلِّ عَلَيْهِ، قَالَ: هَلْ تَرَكَ شَيْئًا؟ قَالُوا لاَ، قَالَ: هَلْ عَلَيْهِ دَيْنٌ؟ قَالُوا: ثَلاَثَةُ دَنَانِيرَ، قَالَ: صَلُّوا عَلَى صَاحِبِكُمْ، قَالَ رَجُلٌ مِن الأَنْصَارِ يُقَالُ لَهُ أَبُو قَتَادَةَ: صَلِّ عَلَيْهِ يَا رَسُولَ اللهِ وَعَلَيَّ دَيْنُهُ) بوخاری ٢١٦٨ واتە: جەنازەیەکیان هێنایە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تا نوێژی مردووی لەسەر بکات، فەرمووی: هیچی لە میرات جێهێشتووە؟! ووتیان: نەخێر قوربان. فەرمووی: قەرزی لەسەرە؟! ووتیان: بەڵێ قوربان سێ دیناری قەرز لەسەرە.. فەرمووی: دەی کەوایە خۆتان نوێژەکەی لەسەر بکەن، کابرایەکی ئەنساری فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا من قەرزەکەی بۆ دەدەمەوە، بەڵام جەنابت نوێژەکەی لەسەر بکە..

لە کۆتا ڕۆژەکانی تەمەنی پیرۆزیدا دەچێتە سەر دوانگەو دەفەرموێ: قامچیەکم لە کێ داوە ئەوە پشتم با لێم داتەوە، مەشلێن تاوانەکانی خۆی ئاشکرا دەکات! ئەوەی لە دنیادا ئاشکرابێت باشترە لەوەی خودا لە قیامەتدا ئاشکرای بکات.[1]

٤- <u>گوفتار:</u> موسوڵمان پێویستە لە ووتارو قسەکردندا ئاگای لە خۆی بێت و زوو زوو بەخۆیدا بچێتەوە، چونکە قسە زۆر کاریگەرەو هەست بریندار دەکات و دوور نییە دۆستێکی دەیەها ساڵە بەقسەیەك بڕەنجێت.

جارێك مەعازی کوڕی جەبەل[1] فەرمووی: ئایا ئێمە لەسەر قسەکانمان هیچمان لێ دەکرێت؟ پێغەمبەری خوایش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی (يَا مُعَاذ

---

[1] نوسەرانی بەڕێز ئەم فەرموودەیان هەروا بێ ناساندنی سەنەدو پلەی هێناوەتەوە، دیارە ئاماژەیە بۆ چیرۆکێك کە دەڵێت: سەحابەیەك کە ناوی عوکاشەبوو خوا لێی رازی بێت، گوایە قامچیەکی پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ناغافڵ بەرکەوتووە، کاتێك کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە کۆتایی ژیانیدا فەرموویەتی هەر کەس هەست دەکات شتێکم بەرامبەری کردووە با هەستێ و داوای کاتەوە تا بیدەمەوە، عوکاشەش خوا لێی رازی بێت هەدەڵدەستێ و ریوایەتی قامچیەکەی دەگێڕێتەوەو پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: قامچیەکەم لێدەرەوە یان گەردنم ئازاد کە، دەفەرموێ قامچیەکەت لێ دەدەمەوە، کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سکی رووت دەکات عوکاشە ماچی دەکات.. ئەمە ریوایەتێکە لای تەبەرانی لە (الکبیر٣/٥٨-٦٤) لای ئەبونوعەیم لە (الحلیة (٧٣/٤)دا هەیە، بەڵام فەرموودەوانان فەرموویانە زەعیفە. ئیبنولجەوزی دەفەرموێ مەوزوعە بۆیە لە کتێبی (الموضوعات١/٢١٩) دا هێناویتیەوەو سیوتیش رەحمەتی لێ بێت لە (اللآلی المصنوعة في الاحادیث الموضوعة)دا فەرموویەتی راست دەفەرموێ مەوزوعە..بڕۆ بۆ پاشکۆی ئەم بابەتە لە دوای دوو لاپەڕەی تر..

ثَكِلَتْكَ أُمُّكَ وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ عَلَى مَنَاخِرِهِمْ فِي جَهَنَّم إِلاَّ مَا نَطَقَتْ بِهِ أَلْسِنَتِهِمْ)[٢] (اخرجه الحاكم وقال صحيح على شرط الشيخين وصححه الالباني رقم الحديث ٤١٢).. واتە: معاذ ئەی لەبار دایكت بچوویتایە! چما هەر قسە نییە وا دەكات خەڵكی دەمەوڕوو بەرەو دۆزەخ راكێشرێن؟!

غەیبەت كردن و گەڕان بەشوێن كەموكوڕی و تاوانی خەڵكدا لەو سەرپێچیانەیە كە خوای گەورە پێی رازی نییە. چونكە هەر كەسێك بە شوێن عەیبی خەڵكیدا بگەڕێت و بیەوێت ئاشكرای بكات و بیەوێ ئەو كەسەی پێ سووك بكات، ئەوە خوای گەورە عەیبی ئەو كەسەش ئاشكرا دەكات و لە ناو خەڵكیدا سووكی دەكاتەوە.

---

[١] بۆ ناسینی برۆ بۆ پاشكۆی پێناسەی كەسایەتیەكان.

[٢] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (اخرجه الحاكم وقال صحيح على شرط الشيخين وصححه الألباني رقم الحديث ٤١٢).. راستە.. ئەم فەرموودەیە یەكێكە لەوانەی شێخی ئەلبانی رەحمەتی پێشتر بە زەعیفی ناساندبوو، پاشان لە توێژینەوەی نوێیدا بۆی روون بۆوە كە سەحیحە، وەكو لە( سلسلة الاحاديث الصحيحة ژمارە ٣٢٨٤ لە ب٧ ل٨٤٥-٨٤٦) و (صحيح الترغيب والترهيب ژمارە ٢٨٦٦)) دا ئاماژەی پێ كردووە رحمە اللە.. لەفزی فەرموودەكەش بە تەواوی ئەمەیە كە سەیدنا مەعاز فەرموویەتی: (قُلْت يَا نَبِيَّ اللَّهِ وَإِنَّا لَمُؤَاخَذُونَ بِمَا نَتَكَلَّمُ بِهِ؟ فَقَالَ ثَكِلَتْك أُمُّك، وَهَلْ يَكُبُّ النَّاسَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ أَوْ عَلَى مَنَاخِرِهِمْ إِلَّا مَا نَطَقَتْ بِهِ أَلْسِنَتِهِمْ)..

# پاشکۆیەکی کورت

لەسەر پەراوێزی ژمارە (٣٠)

ئاگاداریی: ئەم ریوایەتە کە زەعیفە یان مەوزوعە رێ لە سەحیحی ئەو ریوایەتە لێکچووەی ئەم ناگرێت، کە لە سیرەی ئیبنوهیشام (٢٦٦/٢) و (معرفة الصحابة ٣٠٣/١)ی ئەبونوعەیم و ( أسد الغابة في معرفة الصحابة ٣٣٢/٢) ی ئیبنوحەجەردا هاتووە کە دەفەرموێ: لە غەزای بەدردا سەحابەکان راوەستابوون و پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ریزی دەکردن، یاوەرێك کە ناوی سەوادی کوڕی غەزیەی ئەنساری بوو، وورگی زیاتر لەوانی تر هێنابووە پێشەوە، پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شوڵکێکی بەدەستەوە بوو، شوڵکەکەی بە وورگی سەواد کێشاو فەرمووی تۆزێك بیبەرەوە دواوە! سەواد فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا وەڵێ ئێشت پێ گەیاندم، ئەمە نە حەق بوو نە دادپەروەریی! پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: یان شوڵکەکەم لێدەرەوە یان لێم ببورە، سەواد فەرمووی: شوڵکەکەت لێ دەدەمەوە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سکی بۆ رووت کرد تا لێی داتەوە! ئیتر سەواد باوەشی پێدا کردو کەوتە ماچ کردنی سکی پیرۆزی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.. کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لێی پرسی بۆچی ئەمەت کرد؟ فەرمووی: ئەوە بەرەی جەنگەو دەیبینیت، وویستم ئاخر ساتی ژیانم ماچ کردنی پێستی پیرۆزی جەنابت بێت.. فەرمووی: دەی باشە دە لێم ببورە، فەرمووی باشە جەنابیشت دوعام بۆ بکە خوا لێم ببورێت.. شێخی ئەلبانی رەحمەتی خوای لێ

بێت لە زنجیرە کتێبی (سلسلة الاحادیث الصحیحة ٨٠٨/٦) بە کورتی ئەم ڕیوایەتەی هێناوەتەوەو فەرموویەتی: سەحیحە.

# وانەی سێیەم

## تۆبەکردن

خوای گەورە دەفەرموێ: (وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ) النور/٣١ واتە: موسوڵمانان! تێکڕا بۆ لای پەروەردگار بگەڕێنەوە تاکو سەرفراز بن.. لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا) التحريم/٨ واتە: ئەی موسوڵمانان! بۆ لای پەروەردگارتان بگەڕێنەوەو تۆبەی (نەسووح) بکەن.

ابن کثير لە پێناسەی نەسوحدا دەفەرموێ: ئەوەیە کە موسوڵمان بە جۆرێك تۆبە بکات کە تاوان و گوناهی لە لا بێزار ببێت و هەر کاتێکیش گوناهو تاوانەکانی هاتەوە یاد داوای لێخۆشبوون بکات.

## پێناسەی تۆبە

تۆبە لە زمانەوانیدا: گەڕانەوەو پاشگەزبوونەوەیە لە شتێك..

لە شەرعیشدا: وازهێنانە لە گوناهو تاوان و پەشیمان بوونەوە دەربڕین و بڕیاردانە لەسەر ئەوەی کە جارێکی تر ئەو گوناهە دووبارە نەکاتەوەو ویستی وا بێت کە هەرگیز نەگەڕێتەوە سەری.

خوای گەورە مرۆڤی بۆ تاقی کردنەوە بەدیهێناوە، توانای کردنی چاکەو خراپەی پێ بەخشیوەو کردن و نەکردنی هەر کامێکیشیانی داوەتە دەست مرۆڤەکە

خۆی، وەك دەفەرموێ: (وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا * فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا) الشمس/٧-٨ واتە: سوێند بە دڵ و دەروون و بەوەی ڕێکوپێکی دەکات. هەر خوایە کە ڕێی بەدکاری و چاکسازیی نیشان ئەو نەفسە داوە.. لە هەمان کاتیشدا فەرمانمان پێ دەکات بەوەی کە دەروونمان پاك بکەینەوە و چاکەکاری تێدا گەشە بکەین و ئاکامی هەردووکیشیان دیاری کراوە، بۆیە دەفەرموێ: (قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا * وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا) الشمس/٩-١٠ واتە: بە تەئکید سەرفراز ئەو کەسەیە کە دڵ و دەروونی پاڵفتە دەکات. بە تەئکید داماوو لێقەوماویش ئەو کەسەیە کە نەفسی بەرەو بەدکاریی دەبات.. تاوانکردن شتێکی سروشتییە هەر وەك چۆن پێغەمبەری خۆشەویستمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: هەموو موسوڵمانەکان هەڵەکارو تاوانکارن، چاکترین تاوانکارانیش تۆبە کارەکانیانن..[١]

[١] نوسەرانی بەڕێز ئەم فەرموودەیان هەر بەو مانایەوە هێناوەتەوەو فەرموویانە (ترمزی گێڕاوێتیەوە)، لای ترمزی ژمارە (٢٤٩٩)یەو لای ئیبنوماجە (٤٢٥١)ە و لای ئیمامی ئەحمەد (١٩٨/٣).. لەفزەکەشی ئەمەیە : (كُلُّ بَنِي آدَمَ خَطَّاءُ، وَخَيرُ الْخَطَّائِينَ التَّوَّابُونَ) و شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی لە (صحيح الجامع/٤٥١٥) دا دەفەرموێ: سەحیحە. لەفزەکەش دەفەرموێ: هەموو مرۆڤەکان نەك هەموو موسوڵمانەکان..

# تۆبەکردن یان لە بێ باوەڕییە یان لە گوناهو تاوانە؟

تۆبەکردن لە بێ باوەڕی راستکردنەوەی بەهەڵە پێناسەکردنی باوەڕو چۆنیەتی باوەڕهێنانەکەیە ..

تۆبەکردنیش لە گوناهوتاوان: پەیماندانێکی سەر ڕاستانەیە کە ئیتر ناگەڕێتەوە سەر ئەو گوناهانەو دووبارەیان ناکاتەوە.

تۆبەش پەشیمان بوونەوەیە لە سنوور بەزاندنی مافی خوا (حق الله)، واتە: پێشێل کردنی مافێك لە مافەکانی خوای پەروەردگار. یان سنوور بەزاندنی مافی خەڵکە (حق الناس).. تۆبەکردن لە یەکەمیان بەوە دێتە دی کە ئەو موسوڵمانە پەشیمان بوونەوەی تەواو راگەیێنێت و بڕیاری یەکجارەکی دەرببڕێت. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانرێت کە هەندێك تاوان هەیە، تەنها بە وازهێنانی لە کۆڵ نابێتەوە، بەڵکو دەبێت ئەو ئەرکەی سەرشانی بە (قضاء) بە جێ بهێنێت و پاشان (کەفارەت) ی بدات. وەك دواخستن و وازهێنان لە نوێژو رۆژوو، بەبێ بیانووی شەرعی.

تۆبە کردن لە دووەمیان کە پێشێل کردنی مافی خەڵکە، دەبێت مافەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ خاوەنەکەی و زەوتکار گەردنی خۆی بە ماف زەوتکراوەکە ئازاد بکات.

# چۆن تۆبە بکەین و مەرجەکانی تۆبە چین؟:

پێویستە هەموو موسوڵمانێك لەو کەمتەرخەمی و سنوور بەزاندنەی شەرع کە کردوویەتی پەشیمان ببێتەوە، کە لە بنەڕەتدا دەبوایە سوپاسی پەروەردگاری بکردایە، نەك بەتاوان و گوناهکردن و سەرپێچی خوای گەورەوە موسوڵمانێتی خۆی ڕاگەیاندایە!

عبداللەی کوڕی موبارەك[1] ڕەحمەتی خوای لێ بێت هەندێك مەرجی بۆ تۆبەکردن داناوە، کە ئەمانەن:

١- پەشیمانی دەربڕین لە گوناح کردنەکە.

٢- بڕیاردان کە جارێکی تر نە ئەو کارە بکاتەوەو نە توخنیشی بکەوێتەوە.

٣- گێڕانەوەی ئەو مافانەی خەڵکی کە خواردوونی.

٤- گێڕانەوە (قضاء: قەزاکردنەوە)ی فەرزە لە کیس چووەکان.

٥- خەم و پەژارە بۆ ئەوە بخوات کە چۆن ئەو کاتانەی لە تاوانکردندا بردە سەر.

٦- هەوڵدان بۆ چێژتنی تامی ڕاستەقینەی خواپەرستی.

٧- دوورکەوتنەوە لەو جێگەو شوێنانەی کە تاوانی تێدا ئەنجام داون.

---

[1] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

٨- زوو تۆبە کردن و دوا نەخستنی، چونکە نازانێت کەی دەمرێت.

## خوای گەورە تۆبەکردنی بەندەی خۆی پێ خۆشە:

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (خوای گەورە بە تۆبەی بەندەکەی خۆی لەو کەسە زیاتر دڵخۆش دەبێت کە وڵاخەکەی بەتفاقەوە لە بیابانێکدا وون دەکات و زۆر بەدوایدا دەگەڕێت تا شەکەت و ماندوو دەبێت و لە برسان و لە تینواندا خەو دەیباتەوە، بەڵام کاتێك بە ئاگا دێتەوە دەبینێت وڵاخەکەی بەبارەوە لەپشت سەریەوە وەستاوە! ئیتر لە خۆشیاندا دەست بەرزدەکاتەوە بەرەو پەروەردگارو لە عەزرەتا لێی تێکدەچێت ودەڵێ: خوایە! تۆ بەندەی منیت و من خوای تۆم!) [١]

دەرگای ئاسمانەکان بۆ تۆبەکاران هەمیشە لەسەرپشتە.. وەك پێغەمبەری خۆشەویستمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: خوای گەورە دەستی میهرەبانی خۆی بەشەودا درێژ دەکات تاکو گوناهبارانی رۆژ تۆبە بکەن و پەشیمان ببنەوە.

---

[١] نوسەرانی بەڕێز بە مانا گێڕاویانەتەوەو نووسیویانە: (مسلم گێڕاویەتیەوە)، دیارە موسلیم و بوخاری لە سەیدنا ئەنەسەوە خوا لێی رازی بێت گێڕاویانەتەوە، لەفزەکەی بوخاری بەم شێوەیە: (لَلَّهُ أَفْرَحُ بِتَوْبَةِ عَبْدِهِ مِنْ أَحَدِكُمْ سَقَطَ عَلَى بَعِيرِهِ وَقَدْ أَضَلَّهُ بِأَرْضِ فَلَاةٍ.( لە ریوایەتی موسلیمدا دەفەرموێ): لَلَّهُ أَشَدُّ فَرَحًا بِتَوْبَةِ عَبْدِهِ حِينَ يَتُوبُ إِلَيْهِ مِنْ أَحَدِكُمْ كَانَ عَلَى رَاحِلَتِهِ بِأَرْضِ فَلَاةٍ فَانْفَلَتَتْ عَنْهُ وَعَلَيْهَا طَعَامُهُ وَشَرَابُهُ فَأَيِسَ مِنْهَا فَأَتَى ، شَجَرَةً فَاضْطَجَعَ فِي ظِلِّهَا قَدْ أَيِسَ مِنْ رَاحِلَتِهِ. فَبَيْنَمَا هُوَ كَذَلِكَ إِذْ هُوَ بِهَا قَائِمَةً عِنْدَهُ فَأَخَذَ بِخِطَامِهَا ثُمَّ قَالَ مِنْ شِدَّةِ الْفَرَحِ اللَّهُمَّ أَنْتَ عَبْدِي وَأَنَا رَبُّكَ، أَخْطَأَ مِنْ شِدَّةِ الْفَرَحِ).

هەروەها دەستی میهرەبانی خۆی بە ڕۆژدا درێژ دەکات تاکو تاوانبارو گوناهکارانی شەو تۆبە بکەن و پەشیمان ببنەوە.. ئەمەش هەتا خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێت بەردەوامە، واتە تا ڕۆژی قیامەت..[1]

هەروەها لە فەرمایشتێکدا دەفەرمویّ: خوای گەورە لە (حەدیسی قودسی)[2] دا دەفەرمویت: من لە چاك گومانی بەندەی خۆمدام لای ئەوم لە هەر شوێنێك بێت و یادم بکات، هەر کەسێك یەك بست لێم نزیك ببێتەوە من یەك باڵ لێی نزیك دەبمەوە، ئەوی باڵێك لێم نزیك بێتەوە من چوار باڵ لێی نزیك دەبمەوە، ئەگەر بە پیادە بەرەو من بێت من بە ڕاکردن بەرەو ئەو دەچم.[3]

---

[1] نوسەرانی بەڕێز بە مانا گێڕاویانەتەوەو نووسیویانە: (مسلم گێڕاویەتیەوە)، دیارە لە سەحیحی موسلیمدایەو ژمارەکەی (٢٧٥٩)یە. ئەمەش لەفزەکەیەتی (إِنَّ اللهَ عَزَّ وَجَلَّ يَبْسُطُ يَدَهُ بِاللَّيلِ لِيَتُوبَ مُسِيءُ النَّهَارِ، وَيَبْسُطُ يَدَهُ بِالنَّهَارِ لِيَتُوبَ مُسِيءُ اللَّيلِ، حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا).

[2] حەدیسی قودسی ئەو فەرموودانەی پێغەمبەری خوان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە ماناکەی لە خوای گەورەوەیەو لەفزەکەی لەفزی پێغەمبەری خوایە.. تێیدا دەفەرموێ: خوای گەورە فەرموویەتی.. بڕوانە:(محمود الطحان: تیسیر مصطلح الحدیث ل١٢٧).

[3] نوسەرانی بەڕێز بە مانا گێڕاویانەتەوەو نووسیویانە: (بوخاری موسلیم گێڕاویانەتەوە)، ڕاستە بوخاری (٧٤٠٥) و موسلیم (٢٦٧٥) لە سەیدنا ئەبو هورەیرەوە خوا لێی رازی بێت گێڕاویانەتەوە، لەفزەکەشی بەم شێوەیە: (قَالَ النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: ( يَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى : أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي بِي وَأَنَا مَعَهُ إِذَا ذَكَرَنِي فَإِنْ ذَكَرَنِي فِي نَفْسِهِ ذَكَرْتُهُ فِي نَفْسِي وَإِنْ ذَكَرَنِي فِي مَلَإٍ ذَكَرْتُهُ فِي مَلَإٍ خَيْرٍ مِنْهُمْ وَإِنْ تَقَرَّبَ إِلَيَّ بِشِبْرٍ تَقَرَّبْتُ إِلَيْهِ ذِرَاعًا وَإِنْ تَقَرَّبَ إِلَيَّ ذِرَاعًا تَقَرَّبْتُ إِلَيْهِ بَاعًا وَإِنْ أَتَانِي يَمْشِي أَتَيْتُهُ هَرْوَلَةً). سەرنج بدە چوار باڵی تێدا نیە، نازانم بەڕێزان بۆچی

بێگومان ئەم خۆشییەی پەروەردگار لە بەرامبەری بەندەکانی، هەر دەربڕینی میهرەبانی و هاندانە بۆ بەندەکانی، چونکە خوای گەورە هیچ پێویستییەکی بەوان نییە، بۆیە پێویستە موسوڵمان ڕێزی ئەو میهرەبانییە بگرێت و زوو تۆبەو پەشیمانی لە گوناهو تاوانەکان دەربڕێت و لە لێبوردەیی و بەزەیی خوای گەورە بێ هیوا نەبێت، با لەوەو پێش تاوان و سەر پێچی زۆریشی ئەنجام دابێت.

ئەو کەسانەی لە ئەنجامی گوناهکردنەوە نائومێدیی ڕووی تێکردوون پەروەردگار بە ووشەی (عباد) و لە ڕێگەی پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات و پێیان دەفەرموێ:( قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ) الزمر/٥٣ واتە: بڵێ ئەی ئەو بەندانەم کە زێدەڕۆییان لە نەفسی خۆیاندا (بە خراپەکاریی)کردووە، لە ڕەحمەتی خوای گەورە بێئومێد (مەئیووس) مەبن.. خوای گەورە لە هەموو گوناهو تاوانێك خۆش دەبێت، خوای گەورەیە لێبوردەو بەبەزەییە..

---

چوار باڵییان نوسیووە؟! ئەگەر مەبەست لە (باع) بێت ئەوە فەیروزئابادی لە (القاموس المحيط) دا دەفەرموێ: بە قەدەر هەردوو باڵەکەی بە کراوەیی.

ذِرَاع: ٣٢ پەنجەیە کە دەکاتە ٦٤ سانتیمەتری ئەم سەردەمە.

پیاوێك هاتە خزمەت ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم[1] ووتی: نەفسم دەڵێ تاوان بکەم، چی بکەم؟ فەرمووی: کە ویستت تاوان بکەیت لە رزق و رۆزی خوای گەورە مەخۆ، لەسەر زەوی ئەو مەخەوە، لە بەرچاوی ئەو تاوان مەکە! کابرا ووتی: چۆن شتی وا دەتوانم؟! هەرچی دەیخۆم هی خوای گەورەیە! ئیبراهیم فەرمووی: ئەدی شەرم ناتگرێت کە لە رۆزی خوا دەخۆیت و لەسەر زەوی ئەو دەخەویت و بەبەرچاوی ئەویشەوە تاوان دەکەیت؟! ئاوا کابرا هۆشی دایەوە بەر خۆی و پەشیمان بویەوە!

## بەچی تاوان گەورەتر دەبێت؟!

مرۆڤ لە بنەڕەتدا سروشتێکی پاك و بێگەردی هەیە و لە گوناهو تاوان دوورە، لە بەرئەوە هەموو موسوڵمانێکی دیندارو هەست پاك گوناهو تاوانی پێ ناخۆشە. ئەگەر تاوانیش بکات زوو پەشیمان دەبێەوەو هەست بە ئازاری دەروونی دەکات.

پێویستە موسوڵمان لەبەر شەرمنی خۆی ئەگەر تاوان و گوناهیشی کرد ئاشکرای نەکات.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: خوای گەورە لە هەموو ئوممەتی من خۆش دەبێت جگە لەوانەی کە بە ئاشکرا گوناهو تاوان دەکەن، بەڕاستی ئەو ئاشکرا کردنە کارێکی خراپە چونکە کاتێك موسوڵمانێك

[1] بۆ ناسینی برِۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

بەشەو کارێك بکات و خوای گەورە دایپۆشێت، بەڵام خۆی جارِی بۆ بدات و بڵێت: دوێنێ شەو ئەو کارەم کرد![1]

بێگومان ئەو لێخۆشبوونە ئەوانە ناگرێتەوە کە کۆدەبنەوەو بە شانازیەوە باسی تاوان و گوناه دەگێڕنەوە، لە کاتێکدا کە کەس پێی نەیزانیون، بەووەش تاوانەکە لای خوای پەروەردگار گەورەتر دەبێت.

[1] نوسەرانی بەڕێز بە مانا گێڕاویانەتەوەو نووسیویانە: (موسلیم گێڕاویانەتەوە)، ڕاستە، بوخاری و موسلیمە.. لای بوخاری (٥٧٢١) لەفزەکەی بەم شێوەیە: (كُلُّ أُمَّتِي مُعَافًى إِلَّا الْمُجَاهِرِينَ وَإِنَّ مِنْ الْمُجَاهَرَةِ أَنْ يَعْمَلَ الرَّجُلُ بِاللَّيْلِ عَمَلًا ثُمَّ يُصْبِحَ وَقَدْ سَتَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ فَيَقُولَ يَا فُلَانُ عَمِلْتُ الْبَارِحَةَ كَذَا وَكَذَا وَقَدْ بَاتَ يَسْتُرُهُ رَبُّهُ وَيُصْبِحُ يَكْشِفُ سِتْرَ اللَّهِ عَنْهُ)..لای موسلیمیش (٢٩٩٠) بەم شێوەیە: (كُلُّ أُمَّتِي مُعَافًى إِلَّا الْمُجَاهِرُونَ، وَإِنَّ مِنَ الْإِجْهَارِ أَنْ يَسْتُرَ اللَّهُ عَلَى الْعَبْدِ ثُمَّ يُصْبِحُ يَفْضَحُ نَفْسَهُ وَيَقُولُ : يَا فُلَانُ عَمِلْتُ يَوْمَ كَذَا كَذَا وَكَذَا وَكَذَا ، فَهَتَكَ نَفْسَهُ ، وَقَدْ بَاتَ يَسْتُرُهُ رَبُّهُ).

**تۆبەی بۆنەکان:** وەك ئەوانەی لە رەمەزاندا دەکەونە نوێژو رۆژوو!

یەکێك لەو شتە سەیرو سەمەرانەی هاتووەتە ناو پەیام و بەرنامەی ئیسلامەوە تۆبەی بۆنەکانە! کە بەڕاستی ئەمجۆرە تۆبەکردنە هەرگیز لە ئاییندا نییە ئەمە لە گاڵتەپێکردنەوە نزیکە، چونکە پەیوەندی نێوان موسوڵمان و خوای خاوەن و کردگارو پەروەردگار پەیوەندییەکی هەمیشەیی و بەردەوامە نەك شتێکی کورت و کەم و کاتیی.. هەندێك کەس هەیە تەنها لە بۆنەو جەژنەکاندا تۆبە دەکەن! یان لە مانگی رەمەزان و رۆژانی هەینیدا روو دەکەنە خوای گەورە!!

خوای گەورە دەفەرموێ:( وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ) النور/٣١ واتە: هۆ هەموو موسوڵمانان! بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورەو تۆبە بکەن. تۆبەکە نابەستێتەوە بە کات و شوێنەوە، بەڵکو دەرگای لێبوردنی خوای گەورە هەمیشە والآیە ..

تۆبەیەك وەردەگیرێت کە هەمیشەیی و بەردەوام بێت، نابێت هەرگیز لە نیازو مەبەستی دڵماندا وا خەیاڵ کەین کە جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر تاوان کردنەکە.. نەبادا ئێمەش وەك هەندێك لەو کەسانە بین کە لە مانگی رەمەزاندا تۆبە دەکەن و بەرۆژوو دەبن، بەڵام هەر لە بنەڕەتدا نیازیان وایە کە تەنها لە رەمەزاندا تۆبەکار بن! بۆیە هەر لە یەکەم رۆژی جەژنەوە دەچنەوە سەر باری پێش رەمەزانیان! خوای گەورە پەنامان بدات لەم جۆرە تەوبانە!

# ئەو شتانەی هانی موسوڵمان دەدەن لەسەر بەردەوامی تۆبە:

گرنگترین هۆکار کە هانی کەسێك دەدات بۆ تاوان و سەرپێچی ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتیەیە کە تیایدا دەژی، هەر وەکو پێغەمبەری خۆشەویستمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چیرۆکی پیاوێکی جولەکەمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەفەرموێ کە ئەم پیاوە نەوەدو نۆ کەسی کوشتبوو کاتێك ویستی تۆبە بکات پیاوچاکێك ئامۆژگاری و ڕێنمونیی کرد بەوەی کە پێویستە ئەو شوێنە بەجێ بهێڵێت کە تیایدا نیشتەجێیەو پێویستە ڕووبکاتە گوندێکی تر، کە زۆربەیان پیاوچاك و ڕەوشت بەرزن، تاکو لەوانەوە خووی باش و پەسەند وەربگرێت.. ئەوە بوو پیاوەکە ڕۆیشت و لە ڕێگا مەرگ یەخەی پێگرت. فریشتەی بەزەیی و سزا هاتنەسەری، هەر یەکەیان دەیویست بەرەو تەرەفی خۆی بیبات.. لە ئاکامدا لە لایەن خوای گەورەوە فەرمان هات و کێشەکەی بۆ چارەسەرکردن.. لەبەر ئەوەی کابرا زیاتر بەرەو شوێنی چاکەخوازەکەوە نزیك بوو خوای گەورە بڕیاری لێخۆشبوونیدا..[1]

---

[1] نوسەرانی بەڕێز بە مانا گێڕاویانەتەوەو نووسیویانە: (بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە)، ڕاستە، لای بوخاری (٥٣٧٨ و ٥٤٢٠) لای موسلیم (٢٢٨) یەو لەفزەکەی لای بوخاری بەم شێوەیە(كَانَ فِيمَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ رَجُلٌ قَتَلَ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ نَفْسًا فَسَأَلَ عَنْ أَعْلَمِ أَهْلِ الأَرْضِ فَدُلَّ عَلَى رَاهِبٍ فَأَتَاهُ فَقَالَ إِنَّهُ قَتَلَ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ نَفْسًا فَهَلْ لَهُ مِنْ تَوْبَةٍ فَقَالَ لاَ. فَقَتَلَهُ فَكَمَّلَ بِهِ مِائَةً ثُمَّ سَأَلَ عَنْ أَعْلَمِ أَهْلِ الأَرْضِ فَدُلَّ عَلَى رَجُلٍ عَالِمٍ فَقَالَ إِنَّهُ قَتَلَ مِائَةَ نَفْسٍ فَهَلْ لَهُ مِنْ تَوْبَةٍ فَقَالَ نَعَمْ وَمَنْ يَحُولُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ التَّوْبَةِ انْطَلِقْ إِلَى أَرْضِ كَذَا وَكَذَا فَإِنَّ بِهَا أُنَاسًا يَعْبُدُونَ اللَّهَ فَاعْبُدِ اللَّهَ مَعَهُمْ وَلاَ تَرْجِعْ إِلَى أَرْضِكَ فَإِنَّهَا أَرْضُ سَوْءٍ. فَانْطَلَقَ حَتَّى إِذَا

کەواتە جۆرو شێوازی پەروەردەو ناوەندی خێزانی و کۆمەڵ و کۆمەڵگە دەورێکی گرنگیان هەیە لە گۆڕانی مرۆڤدا، یەکێك لەو هۆکارە سەرەکییانە کە خوای گەورە زۆر گەل و نەتەوەی بە پاك و پیسیەوە لەناوبردووەو قین و خەشمی لێ گرتوون، ئەوەیە کە موسوڵمانە چاکەکان بە ئەرکی خۆیان لە گۆڕانی کۆمەڵگەکە هەڵنەساون و دوورە پەرێز ژیاون..

لەکۆتاییدا دەڵێین: تەمەن بریتییە لە چەند کاتێك لە هەر کەس رۆیشت ناگەڕێتەوە، بۆیە پێویستە کاتەکانمان بە هەل بزانین و لە تاوان و سەرپێچی کردن پەشیمان ببینەوە، هەتا خوای گەورە دەرگای سۆزو میهرەبانی خۆیمان لەسەر والآ بکات.. لە پەروەردگار بپارێینەوە کە لێمان خۆش ببێت و سەرفرازی هەر دوو دنیامان بکات. ئامین

---

نَصفَ الطَّرِيقَ أَتَاهُ الْمَوْتُ فَاخْتَصَمَتْ فِيهِ مَلاَئِكَةُ الرَّحْمَةِ وَمَلاَئِكَةُ الْعَذَابِ فَقَالَتْ مَلاَئِكَةُ الرَّحْمَةِ جَاءَ تَائِبًا مُقْبِلاً بِقَلْبِهِ إِلَى اللهِ. وَقَالَتْ مَلاَئِكَةُ الْعَذَابِ إِنَّهُ لَمْ يَعْمَلْ خَيْرًا قَطُّ. فَأَتَاهُمْ مَلَكٌ فِي صُورَةِ آدَمِيٍّ فَجَعَلُوهُ بَيْنَهُمْ فَقَالَ قِيسُوا مَا بَيْنَ الأَرْضَيْنِ فَإِلَى أَيَّتِهِمَا كَانَ أَدْنَى فَهُوَ لَهُ. فَقَاسُوهُ فَوَجَدُوهُ أَدْنَى إِلَى الأَرْضِ التي أَرَادَ فَقَبَضَتْهُ مَلاَئِكَةُ الرَّحْمَةِ.قَالَ قَتَادَةُ فَقَالَ الْحَسَنُ ذُكِرَ لَنَا أَنَّهُ لَمَّا أَتَاهُ الْمَوْتُ نَأَى بِصَدْرِهِ).

# وانەی چوارەم
## دڵسۆزی (الإخلاص)
## (خواوویستی) [1]

پێشەکی:

پێویستە موسوڵمان لە هەموو هەڵس و کەوت و گوفتارو رەفتارێکیدا رەچاوی دوو مەرجی قبووڵ بوون بکات تا خوای گەورە سەرجەم هەوڵ و تێکۆشانەکانی بە عیبادەت بۆ بنوسێت و قبوڵیان بکات:

یەکەم: بە دڵسۆزیی و لەبەر رەزامەندی پەروەردگار بێت.

دووەم: بە پێی بەرنامەو شەریعەتی ئیسلام بێت.

---

[1] عادەتەن من ووشەی خواوویستی لە بەرامبەر (الإخلاص) ی عەرەبیدا بەکار دەهێنم، هەرچەندە زۆر نوسەری ئیسلامی ووشەی (دڵسۆزی) بۆ دەکەنە زاراوە.. من پێم وایە دڵسۆزی ئەوەیە سەررِاستانە بە خەمی کەسێکەوە بیت، بۆیە لە کوردەواریدا دەڵێن: خالیس و موخلیس بۆ ئەوە.. واتە تەنها بۆ ئەوە تەرخان بکرێت و سەررِاستانەش پێشکەشی بکرێت.. بەڵام خواوویست: هەم ئەو شێوەیە کە خواوویستوێتی، هەم ئەوەشە کە تەنها لەبەر خاتری خوا کرابێت.. ئەمەش لە کوردیدا دەشێت دژە ووشە ( کلمات الاضداد) بێت وەکو ووشەی (المولى)ی عەرەبی کە بە مانای (السيد:گەورە) و بە مانای دژەکەی دێت کە (العبد: کۆیلە)یە.. والله اعلم . بەڵام لەبەر ئەوەی نوسەرانی بەرێزی ئەم کتێبە دڵسۆزیەکەیان لە جێی ئیخلاسی عەرەبی بەکار هێناوە، منیش لێرەدا وەکو خۆی هێشتوومەتەوە..

لە زۆر جێگای قورئاندا خوای گەورە ئەم دوو مەرجە وەبیر موسوڵمانان دەخاتەوەو هەڕەشەی فەرامۆشکردنیان لێ دەکات، وەك دەفەرموێ:

- (فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاء رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلا صَالِحًا وَلا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا) الكهف/١١٠ واتە: هەر کەسێك ئومێدی بە دیداری خوای پەروەردگاری هەیە با کردەوەی باش بکات و هیچ شەریکێك بۆ خوای گەورە بڕیار نەدات.[١]

- (الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلا) الملك/٢ واتە: خوای پەروەردگارە کە مردن و ژیانی دروست کردووە، تا تاقیتان بکاتەوە داخۆ کامتان کردەوەی باشترتان کردووە.

---

[١] شیرك واتە هاوەڵ بۆ خوا پەیدا کردن، ئەمەش لە سێ بواردایە:
- یەکەمیان لە ناسینی خوای گەورەدایە: بەوەی باوەڕی وا بێت کە یەکێکی تریش هەیە کە ئەو سیفەتانەی خوای گەورەی هەبێت، وەکو کردگارێتی، خاوەنێتی، ڕۆزیدان، زیان و سوود گەیاندن و ژیاندن و مراندن و ..هتد..
- دووەمیان لە خواپەرستیدایە: کە وا باوەڕ بهێنێت کە شتێکی تر یان کەسێك لە ژیان و گەردووندا هەیە وەکو خوای گەورە شایانی پەرستن بێت.. جا پەرستنەکە لە دڵەوە بۆی دەربېڕرێت وەکو خواوویستی و ئومێدو پشت پێ بەستن، یان بە زمان دەربېڕرێت وەکو هاناو هاوار بۆ بردن و لێ پاڕانەوەی، یان بە کردەوە ئەنجام بدرێت وەکو سوجدە بۆ بردن و قوربانی بۆ کردن.
- سێیەمیان: لە بواری یاساو ڕێسا داناندایە: وەك ئەوەی باوەڕی وا بێت کە کەسانێکی تر (لە پەرلەمان یان لە دیوەخان) مافی ئەوەیان هەیە یاساو ڕێسای پێچەوانە بە شەریعەتی خوا دابنێن.. ئەمە شیرکەو یاساداڕێژو جێبەجێکارو داوەرەکانیشی تاغووتن.. هەم خۆیان کافر دەبن، هەم شوێنکەوتووانیان، هەم ئەو قازی و دادوەرانەش کە ئەو یاسا پێچەوانانەی شەرع دەچەسپێنن..

- (وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ)البينة/٥ واته: هەر فەرمانێکیان پێکرا بێت ئەوەی تێدا بووە کە تەنها خوای گەورە بناسن و سەرڕاستانەو بە پێی بەرنامەی خۆی بیپەرستن.

- (إِنَّا أَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ * أَلا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ)الزمر/٢-٣ واته: ئێمە ئەو کتێبەمان بە پێی حەق بۆ ناردویتە خوارەوە، دەی سا تۆش خوای پەروەردگار بپەرستەو سەر ڕاستانەو دڵسۆزانە بەرنامەکەی وەرگرەو بۆی بسوڵێ، دین و دینداریی ڕاست هەر دەبێت بۆ خوای گەورەی تاك و پاك بێت..

لە ڕووی زمانەوانییەوە (دڵسۆزیی: الإخلاص) بەشتێك دەگوترێت کە لە خڵتە پاك کرابێتەوە.. قورئان سەبارەت بە شیری گیانداران دەفەرموێ: (مِن بَيْنِ فَرْثٍ وَدَمٍ لَّبَنًا خَالِصًا سَائِغًا لِلشَّارِبِينَ) النحل/٦٦ واته: لە نێوان ناواخنی ناو سك و خوێندا شیرێکی پاك و پوختتان دەرخوارد دەدەین کە ئاسانە بۆ نۆشەرانی قووتی بدەن ..

پاکژو پوخت (خلوص)ی شیر ئەوەیە کە خڵتەی ژەك و خوێنی پێوە نەبێت.

لە ڕووی زاراوەییشەوە (إخلاص) چەند واتایەکی هەیە کە سەرەنجامەکەی ئەوەیە کە: موسوڵمان دەبێ هەموو کارو کردارو هەڵس و کەوت و تێکۆشان و کۆششێکی لە پێناوی خوای گەورەو بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوای گەورەدا بێت و هیچ نیازو مەبەستێکی دنیایی چاو لێنەبێت، وەك: پلەو پایەو دارایی و ناو

بانگ و چوونە پێش.. هتد. خوای گەورە دەفەرموێ: (قُلْ إِنَّ صَلاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ)الانعام/١٦٢ واتە: بڵێ نوێژم، خواپەرستیم، ژیانم، مردنم هەمووی بۆ خوای گەورەی پەروەردگاری جیهانیانە..

دڵسوزیی نهێنییەکە وا لە نێوان خوای گەورەو بەندەکەیداو هیچ کەسێکی تر پێی نازانێت! تەنانەت پێغەمبەری خواو فریشتە گەورەکانیش پەی پێ نابەن..

فوزەیلی کوڕی عیاز دەفەرموێ: وازهێنان لە کردەوە لەبەر خەڵکی رووپامایی (ریا)یەو کارکردن لەبەر خەڵکی شیرکە. تەنها خواوویستی و دڵسۆزیی (إخلاص) لە هەردوو دەردەکە بە ئیزنی خوای گەورە دەتپارێزن.[١]

زانایان دەربارەی ئەو کردەوانەی کە ڕوپامایی و ریابازیی تێکەڵاو بووە دەفەرموون: چەندین شێوەی هەیە:

أ- ئەو کەسەی ریابازییەکەی لە دڵسۆزییەکەی زیاتر بێت ئەوە کردەوەکانی دەبنە مایەی قین و خەشمی پەروەردگار (پەنا بە خوای گەورە).. نموونەی ئەمەش (قزمان)ە، کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: ئەو لە دۆزەخدایە، لە کاتێکدا ئەم پیاوە لە جەنگی ئوحوددا زۆر ئازاو چاونەترس بوو کوشتارێکی زۆری لە بێباوەڕان کردو نزیکەی هەشت کەسی لێ کوشتن! تەنانەت موسوڵمانان پێیان دەگوت: بەخوای گەورە ئەمڕۆ قزمان دەست ناپارێزێت و دوژمنانی تەفروتونا کردووە.. مژدەت لێ بێت.. بەڵام نیازی دڵی دەرکەوت کاتێك

---

[١] ئیمامی زەهەبی: سِيَر اعلام النبلاء ب ٤٢٧/٨ .

ووتی: بەخوای گەورە لەبەر خاتری ناو دەرکردنی هۆزەکەم نەبوایە ئەوەم نەدەکرد !! کاتێك زامەکانی پەرێشانی کرد خۆی کوشت.![1]

ب- ئەگەر خاوەن کارەکە دڵسۆزیی و ریابازییەکەی یەکسان بوو ئەوا نە پاداشتی هەیە لای خوای گەورە و نە سزا.. پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد پلەی کەسێك چۆنە کە لە پێناو خوای گەورەدا دەجەنگێت پاداشتی لای خوای گەورە هەیە و بیەوێت خەڵکیش باسی بکەن؟ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: هیچ پاداشتێکی نییە. خوای گەورە هیچ شتێك وەرناگرێت جگە لەوەی کە تەنها لەبەر رەزامەندی ئەو کراوە..[2]

---

[1] نوسەرانی بەڕێز وەکو سەنەدو سەرچاوە نوسیویانە: (تهذيب السيرة ب٢ ل٨٨). بەڵام بزانە کە فەرموودەکە هەردوو ئیمامانی بەڕێز بوخاری (٢٧٤٢) و موسلیم (١١٢) ریوایەتیان کردووەو ئیمامی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی لە (فتح البارى ٥٤٢/٧)دا بە تەفسیل راڤەی کردووە..

[2] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە (رواه النسائى باسناد حسن)، بەڵام شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە (صحيح سنن النسائى٢٩٤٣) دا دەفەرموێ: سەحیحە. دەقی فەرموودەکەش ئاوایە: (جَاءَ رَجل فَقَالَ: يَا رَسُولَ الله، أَرَأَيْتَ رَجُلا غَزَا يَلْتَمِسُ الأَجْرَ وَالذِّكْرَ مَالَهُ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لا شَيْءَ لَهُ فَأَعَادَهَا ثَلاثَ مَرَّاتٍ يَقُولُ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لا شَيْءَ لَهُ ثُمَّ قَالَ إِنَّ اللَّهَ لا يَقْبَلُ مِنَ الْعَمَلِ إِلا مَا كَانَ لَهُ خَالِصًا وَابْتُغِيَ بِهِ وَجْهُهُ)..

هەروەها ئەبوداوود لە سەیدنا ئەبو ئومامەوە خوا لێی رازی بێت ریوایەتی کردووە.. شێخی ئەلبانی لە ناساندنی ئەمیشدا لە (صحيح سنن أبي داود ٢١٩٦) دا دەفەرموێ: سەحیحە.. دەقی ئەمیش بەم لەفزەیە: (وسألە صَلَّى اللَّهُ عليهِ وسَلَّمَ رجلٌ، فقالَ: يا رسولَ اللهِ، الرجلُ يُريدُ الجهادَ في سبيلِ اللهِ، وهو يبتغي عَرَضاً من أعراضِ الدُّنيا، فقالَ: لا أجرَ له. فأعظم ذلك

ج- ئەگەر خاوەن کارەکە دڵسۆزییەکەی زیاتر بوو لە ریابازییەکەی ئەوا پاداشتی دەدرێتەوە بەپێی ئەو برە دڵسوزییەی کە لە ریاییەکەی زیاترە. خوای گەورە دەفەرموێ: (فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ * وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ) الزلزلة/ ٧-٨ واتە: هەر کەسێك یەك مسقاڵە زەرە خێر بکات دەیبینێتەوەو هەر کەسێك یەك مسقاڵە زەرە خراپە بکات دەیبینێتەوە .

## بۆچی دڵسۆزیی؟

یەکەم: پێویستە هەموو کارەکانمان بە دڵسۆزییەوە ئەنجام بدرێن و لەبەر خاتری رەزامەندی خوای گەورە بێت چونکە دڵسۆزیی لە کاردا وەك رۆحە لە لەشدا، زاناکان لەم بارەیەوە دەفەرموون:

کەسێك کە لەگەڵ خێزان و خۆشەویست و هاورێ و هاودەمەکەیدایەو ماوەیەکی زۆر کە پێکەوە دەژین، جا ئەگەر لە ناکاو گیانی دەربچێت ئایا دەتوانێت وەك جاری جاران هاودەمی بێت و لەگەڵیاندا بژی؟ لە کاتێکدا شێوەو روخسارو دیمەنی نەگۆڕاوە؟! خۆ هەر گیانی تێدا نەماوە.. بێگومان ناتوانرێت هاودەمیی بکرێت.. ناتوانرێت تێکەڵاویی بکرێت.. بە پێچەوانەشەوە هەموو کەسێکی خۆشی هەتا دەتوانێت لێی دوور دەکەوێتەوە، چونکە لێی دەترسێت! ئەمە هەر

---

الناسُ، وقالُوا للرجل: عُدْ لرسولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عليهِ وسَلَّمَ ؛ فإنَّك لم تفهمْهُ، فقالَ: يا رسولَ اللهِ، رجلٌ يُريدُ الجهادَ في سبيلِ اللهِ، وهو يبتغي عَرَضاً من عَرَضِ الدُّنيا، فقالَ: لا أجرَ لَهُ ، فقالُوا للرجلِ: عُد لرسولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عليهِ وسَلَّمَ، فقالَ له الثالثةَ، فقالَ: لا أجرَ لَهُ).

خۆشەویستەکەی پێش ماوەیەك لەمەو پێشە بەڵام ئێستا کەس حەز لە چارەی ناکات! ئەمە هەر ئەو کەسەیە کە دەچوون بۆ دیدەنی، کەچی ئێستا پەلەیانە زوو ژێر گڵی نێن! کارو کردەوەش هەر وایە.. با بەڕواڵەت جوان و گەورە بێت کە دڵسۆزیی تێدا نەبێت، کە بۆ خوای گەورە ئەنجام نەدرا بێت، پیس و چارەگران و ناشیرینەو وەرناگیرێت.. لە قیامەتدا دەدرێتەوە بەڕووی خاوەنەکەیداو پێی دەوترێت: پاداشتت لای ئەو کەسەیە کە کارەکەت بۆ کردووە.

دووەم: پێویستە لە کارو کردەوەکانماندا دڵسۆز بین، تا ڕەنجەڕۆی ڕۆژی دوایی نەبین، وەك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ:

یەکەمین کەسێك کە ڕۆژی دوایی دادگایی دەکرێت ئەو کەسەیە کە شەهید بووە، خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی دەهێنێتەوە یادی و پێی دەفەرموێ: چیت بەو نیعمەتانە کرد؟ ئەویش دەڵێ: لە پێناوی تۆدا جەنگیم تا شەهید کرام. خوای گەورە پێی دەفەرموێ: درۆت کرد! بەڵکو لە پێناو ئەوەدا بوو کە پێت بڵێن ئازاو چاونەترسە.. ئەوا ووترا.. پاشان فەرمان دەدرێت لەسەر ڕوو رادەکێشرێت و فڕێ دەدرێتە دۆزەخەوە.

دووەمین ئەو کەسەیە کە قورئان فێربووەو خەڵکیشی فێرکردووە، خوای گەورە نیعمەتەکانی خۆی دەهێنێتەوە یادی و پێی دەفەرموێ: چیت بەو نیعمەتانە کرد؟ ئەویش دەڵێ: فێری زانیاری بووم و خەڵکم فێر کردووەو لەبەر خاتری تۆ قورئانم خوێندووە؟ خوای گەورە پێ ی دەفەرموێ: درۆت کرد! بۆ ئەوە دەتخوێند تاکو

پێت بڵێن زاناو قورئان خوێنە، ئەوا ووترا.. پاشان فەرمان دەدرێت لەسەر روو رادەکێشرێت و فڕێ دەدرێتە دۆزەخەوە.

سێیەمین ئەو کەسەیە کە خوای گەورە ماڵ و دارایی پێداوە، لەو رۆژەدا دێتەوە خزمەت خوای گەورە، ئەویش نیعمەتەکانی خۆی دەهێنێتەوە یادی و پێی دەفەرموێ: چیت بەو نیعمەتانە کرد؟ دەڵێ: هیچ شتێك نەبوو کە هاتبێتە رێگەم و پێویستی بە هاوکاری من بووبێت و فەرامۆشم کردبێت مەگەر هەر بەشداریم تێداکردووە لەبەر خاتری تۆ. خوای گەورە پێی دەفەرموێ: درۆت کرد بەڵکو مەبەستت ئەوەبوو کە پێت بڵێن بەخشندەو دڵ فراوانە، ئەوا ووترا! پاشان فەرمان دەدرێت لەسەر روو رادەکێشرێت وفڕێ دەدرێتە دۆزەخەوە.[1]

ئایا کاریگەریی و تینی دڵسۆزیی لە بەندەدا چۆنە کاتێك تێیدا رەنگ دەداتەوە؟!

[1] نوسەرانی بەڕێز فەرموودەکەیان بە مانا گێڕاوەتەوەو لە کۆتاییدا نوسیویانە: (موسلیم) دیارە کە ئیمامی موسلیم (ژمارە١٩٠٥) گێڕاویتیەوە.. ئەمەش لەفزەکەیەتی: (أَوَّلُ النَّاسِ يُقْضَى لَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثَلَاثَةٌ: رَجُلٌ اسْتُشْهِدَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا قَالَ قَاتَلْتُ فِيكَ حَتَّى اسْتُشْهِدْتُ قَالَ كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ قَاتَلْتَ لِيُقَالَ فُلَانٌ جَرِيءٌ فَقَدْ قِيلَ ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ .. وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَعَلَّمَهُ وَقَرَأَ الْقُرْآنَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا قَالَ تَعَلَّمْتُ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرْآنَ قَالَ كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ تَعَلَّمْتَ الْعِلْمَ لِيُقَالَ عَالِمٌ وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ قَارِئٌ فَقَدْ قِيلَ ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ.. وَرَجُلٌ وَسَّعَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَعْطَاهُ مِنْ أَصْنَافِ الْمَالِ كُلِّهِ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا فَقَالَ مَا عَمِلْتَ فِيهَا قَالَ مَا تَرَكْتُ مِنْ سَبِيلٍ تُحِبُّ إِلَّا أَنْفَقْتُ فِيهَا لَكَ قَالَ كَذَبْتَ وَلَكِنْ لِيُقَالَ إِنَّهُ جَوَادٌ فَقَدْ قِيلَ ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ فَأُلْقِيَ فِي النَّارِ).

دڵسۆزیی کە بۆ خواساغبوونەوەو پیاوچاکبوونە، ئەوەندە کاریگەریی لەسەر خاوەنەکەی دروست دەکات، تا پلە بەپلە دەیگەیێنێتە ئاستی ئەو خواناسانەی کە پشکی نەفسی خۆیان پێوە نامێنێت! لە نیشانەی بەرزبوونەوەی پلەو ئاستی موسوڵمانی دڵسۆز:

**یەکەم:** خۆ لە بیرچوونەوە: موسوڵمانی دڵسۆز هەموو مەبەستێکی ڕەزامەندی پەروەردگارەو هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن ئەو کارە بکات کە لێی وەردەگیرێت و لە ڕۆژی قیامەتدا نادرێتەوە بەسەریدا.

زانایان سەرنجی ئەوەیان زۆر داوە، کە کاتێك سەبارەت بە ژمارەی پێغەمبەران پرسیار لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرا، فەرمووی سەدو بیست و چوار هەزارن.. سەدو پازدە لەوانە (رسول)ن.[1]

---

[1] نوسەرانی بەڕێز فەرموودەکەیان بە مانا گێڕاوەتەوەو بۆ ناساندنی سەنەدو سەرچاوەی نوسیویانە: (احمد ریوایەتی کردووە)، لەفزی فەرموودەکە زیاد لە یەك شێوەیە، ئەمە یەکێکیانە: (قَالَ أبو ذَر قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ كَمْ وَفَّى عِدَّةُ الأَنْبِيَاءِ؟ (مِائَةُ أَلْفٍ وَأَرْبَعَةٌ وَعِشْرُونَ أَلْفًا، الرُّسُلُ مِنْ ذَلِكَ ثَلاثُمِائَةٍ وَخَمْسَةَ عَشَرَ جَمًّا غَفِيراً) واتە: سەیدنا ئەبوزەڕی غەفاری دەفەرموێ: لە پێغەمبەری خوام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسیار کرد: ئایا ژمارەی نێرراوانی خوا چەندە؟! فەرمووی: سەدو بیستوچوار هەزارن، ئەوانەی پێغەمبەرن (واتە پەیامی سەربەخۆی خۆیان هەبووە) سێسەدو پازدەن، کۆمەڵێکی زۆرن.. ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدی خۆی ( ژمارە ٢١٥٤٦)ە، هێناویتیەوە. شێخی ئەلبانی لە (سلسلة الاحاديث الصحيحة ٢٦٦٨) و تەخریجی فەرموودەکانی (مشكاة المصابيح ژمارە ١٥٩٩/٣) دا بە سەحیحی ناساندووە.

کەچی لە قورئاندا تەنها ناوی بیستوپێنج پێغەمبەری خوا بە (نبی و رسول) هاتووە! ئەی ئەوانەی تر بۆچی ناویان نەبراوە؟

خوای گەورە دەفەرموێ:( مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ) غافر/ ٧٨ واتە: هەیانە بەسەرهاتیمان بۆت گێڕاوەتەوەو هەشیانە بەسەرهاتیمان بۆت نەگێڕاوەتەوە ..

تەنانەت لە هەندێ شوێندا خوای گەورە بێ ئەوەی ناویان ببات باسی پێغەمبەران یان بانگخوازانی تری کردووە بێ ئەوەی ناویان بهێنێت، لەوانە، یاوەرانی ئەشکەوت، کە دەربارەیان دەفەرموێ: (إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ آمَنُوا بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَاهُمْ هُدًى) الكهف/١٣ واتە: ئەوانە کۆمەڵە گەنجێك بوون باوەڕیان هێنابوو، ئێمەش باوەڕەکەیانمان پتەوتر کردو ڕێنماییمان کردن ..

ئەوانە کێن؟ ناویان چییە؟ نازانین.

هەروەها لە نموونەیەکی تردا خوای گەورە لە باسی کۆمەڵێکی خواناسدا دەفەرموێ: (وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلاً أَصْحَابَ الْقَرْيَةِ إِذْ جَاءَهَا الْمُرْسَلُونَ) يس/١٣ واتە: نموونەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیان بۆ بهێنەرەوە کە نێرراوەکانی ئێمەیان بۆچوو ..

ئەوانە کێن؟ ناویان چییە؟ ئەو ناوچەیە کوێیە؟ نازانین.. بەڵام دیارە دەرسێکی ئەمە ئەوەیە کە خوای گەورە دەیەوێت فێرمان بکات کە:

١- بۆ ئەوەی خۆنەویست بین وهەمیشە مەبەستمان ڕەزامەندیی خوای گەورە بێت و ناوو ناوبانگمان لا گرنگ نەبێت.

٢- بزانین کە کارو کردەوە بنەڕەت و بناغەیە، نەك ناوی کەس وشوێنەکان، گرنگیدان بە کاروکردەوە نەك بەدواداچوون و قووڵ بوونەوە لەناوو جێگاو ژمارەکاندا.

٣- ناو نەبردنیان دڵدانەوەو سەرخۆشیە بۆ هەموو سەربازێکی نەناسراو، کە دەشێت تۆی بەڕێزیش یەکێك بیت لەوانە..

با نمونەیەکی ڕۆشن لەسەر ئەو پەروەردەکردنە بهێنینەوە.

مەسلەمەی کوڕی عبدالملك[1] یەکێك بوو لەو سەربازانەی کە گەمارۆی قەڵایەکی سەختی ڕۆمەکانیان دابوو، چوونە ناو قەڵاکە زۆر زەحمەت بوو، دەبوو کون بکرێت، ئینجا ئەو بەردە لاببرێت کە پێشی زێرابی قەڵاکەی گرتبوو.. مەسلەمە لەبەردەست سوپاکەدا وەستاو ووتی: کێ دەچێتە ئەو کونەوەو ئەو بەردە گەورەیە لادات تا ڕێگەی چوونە ژوورەوە بکاتەوە؟ یەکێك لە سەربازەکان کە ڕووی خۆی بە پۆشاکەکەی داپۆشیبوو هاتە پێشەوەو ووتی:

---

[1] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

- من دەچم.. بە پەنهانی چووە بن دیوارەکەو کەوتە کون کردنی، تا چووە ناوەوەو بەردەکەی لاداو ڕێگەی کردەوەو سەربازەکانی تریش چوونە ژوورەوەو قەڵاکەیان گرت ..

- پاشان مەسلەمە بانگی سەربازەکانی کردو ووتی:

- ئەو سەربازە کێ بوو کە کونی کردە دیواری قەڵاکە؟

- کەس وەڵامی نەدایەوە!!

- سێ جار ئاوا هاواری کرد، هەر وەڵام نەبوو، ئینجا ووتی:

- تکایە هەرکەسێکە با ئەمشەو بێتە لام.. گرنگ نییە لە هەر کاتێکی شەودا بێت.. کە شەو داهات، لە دەرگای ژووری مەسلەمە درا، چوو بیکاتەوەو پرسی: کێیە؟

- ووتی: پێت ناڵێم من کێم هەتا سێ مەرجم بۆ نەهێنیتە دی.

- مەسلەمە ووتی: فەرموو.

- کابراکەش ووتی: من ئەو کەسەم کە کونەکەم کردە قەڵاکەو مەرجەکانیشم ئەمانەن:

١- ناوم لای کەس نەبەیت و ئەم هەواڵە نەگەیەنیتەوە بە خەلیفەی موسوڵمانان.

٢- هیچ جۆرە خەڵاتێکم پێ نەبەخشیت.

٣- بەچاوێکی جیاوازو تایبەتی لە ناو سەربازەکانی تردا سەیرم نەکەیت.

دیارە کە ئەم سەربازە لەبەر خاتری خوای گەورە کارەکەی ئەنجام داوەو نایەوێت کەس بزانێت، مەبەستیشی ئەوە نییە کە لەکاتی کردنی هەموو چاکەیەکدا دەمامك ببەستین بەڵکو با نیازو مەبەستی دڵمان تەنها ڕەزامەندی خوای گەورە بێت و دوور بێت لە ریابازیی.. ئیتر مەسلەمە لە دوعاکانیدا هەمیشە دەپاڕایەوە لە خوای گەورەو دەیفەرموو (اللهم احشرنی مع صاحب النقاب) واتە: خوای گەورە لەگەڵ ئەو سەربازە دەموچاو داپۆشراوە حەشرم بکەیت.[١]

**دووەم:** کاتێك دڵسۆزیی دەبێت بە هەوێنی تێکڕای کارەکانمان ئیتر چاوەڕوانی ستایش کردن و پیاهەڵدان و ڕەزامەندیی خەڵکی ناکەین، ئەمانە بایەخ و بەهایەکی ئەوتۆیان نابێت!

**سێیەم:** ئەگەر بەتەواوەتی (إخلاص) پیادە بکرێت ئەوا جیاوازی لە نێوان موسوڵماناندا ڕوونادات لە کاتێکدا کارو مەبەستی هەموو لایەك ڕەزامەندی خوای گەورەیەو یەك ئامانج و مەبەستمان هەیە و یەك دوژمنمان هەیە.. ئیتر بەڵگەهێنانەوە هەمە جۆرو بەهانەی شەرعی بۆ پاکانەی هەڵوێست و دوور لە

---

[١] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (قبسات من حیاة الرسول/ احمد عساف ص٨١) بۆ سەرچاوەی ئەسڵی ئەم پاڵەوانێتیە زیاتر لە سەد شوێنم سەیرم کرد بەداخەوە هەر ئاوا بێ ئاماژە بە سەرچاوە ئەسڵیەکەی دەمدۆزیەوە. تا گەیشتمە سەرچاوە ئەسڵیەکانی وەکو: (تاریخ الطبری، ج٦ ص٤٢٦) (والنهایة : ج٩ ص ٢٥٩) و (العقد الفرید ج٣ ص١٨٣)و (عیون الأخبار ١/١٧٢).

سەرچاوەی قورئان و سوننەت هەڵەیەو فەتوای سەربەخۆ بە بێ بنچینەی زانست و قورئان و سوننەت ئاژاوەو پشێوی لە دوایە.. لێرەدا مەبەستمان جیاوازیی شێوازی بانگخوازیی نییە.. ئەوەیان شتێکی ترە.

**چوارەم:** کاتێك دڵسۆزیی و بۆ خوا ژیان لە دڵدا دەچەسپێت، ئیتر بە ئارەزووی خۆی هەنگاو نانێت و بازرگانی بە ئایینی خوای گەورەوە ناکات و هەموو شێوازەکانی زێڕو زۆر (ترغيب وترهيب) کە لەلایەن نەیارانییەوە دژی بەکار دەهێنرێت نایترسێنێت و لە کاروان دوای ناخات و لە ڕاستەڕێی نایتەرێنی.. چونکە بە ئومێدی پاداشتی قیامەتەوە هەر ناڕەحەتی و ئازارێك کە لە پێناو گەیاندنی پەیامەکەی خوای گەورەدا دێتە ڕێی، ساردی ناکاتەوە، چونکە دەزانێت ئەمە سوننەتێکی خوای گەورەیەو دەبێت خۆی لە بەرامبەر ئەو ناڕەحەتیانەدا ڕاگرێت.

زۆر بانگخواز هەبوون کە لەم جۆرە تاقیکردنەوانە دەرنەچوون و دوارۆژی خۆیان دۆڕاند، ئەمەش شتێکی دوورو نامۆ نییە، خوای گەورە دەفەرموێ: (وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ الَّذِي آتَيْنَاهُ آيَاتِنَا فَانسَلَخَ مِنْهَا فَأَتْبَعَهُ الشَّيْطَانُ فَكَانَ مِنَ الْغَاوِينَ) الأعراف/١٧٥ واتە:هەواڵی ئەو کەسەیان پێ بگەیێنە کە نیشانەو بەڵگەکانی خۆمان پێ بەخشیبوو، بەڵام ئەو لەبەر خۆی داماڵین! ئیتر شەیتان کەوتە دوای و سەرگەردان بوو.

مالیکی کوڕی دینار[1] دەفەرموێ: زانایەکی بەنی ئیسرائیل هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازی خواناسیی دەیان ناردە شوێنان، سەیدنا موسای پێغەمبەری خوا عَلَيْهِ السَّلَام فەرمانی کرد بچێت بۆ لای پادشای مەدیەن تاکو بانگی بکات بۆ ڕێگەی خواناسی، بەڵام لەوێ هەڵوێستی پێچەوانەی نواندو هەڵگەڕایەوەو پشتی لە ئاینەکەی خۆی کرد..[2]

## کاتێک موسوڵمان دڵسۆزی خواناسیی نابێت چی بەسەردێت؟

١- موسوڵمانێك کە بۆ خوا نەسوڵحێت و دڵسۆز نەبێت، دیارە لەدوو حاڵەتدا خۆی دەبینێتەوە: حاڵەتێکیان پەیوەندی خۆی و خەڵکیە، کە تیایدا هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە چاکەکانی خۆی دەربخات و خراپەکانی بشارێتەوە.. حاڵەتی دووەمی: پەیوەندی نێوان خۆی و خوای گەورەیە، کە تیایدا لایەنە خراپەکاریەکەی بەکاردەهێنی و حەقیقەتی دڵ و دەروونی دەردەکەوێت.

٢- کاتێك دڵسۆزیی نامێنێت تەنها شێوەو دیمەن و ڕواڵەت دەور دەبینن و ناوەڕۆکە ڕۆحییە پاکەکە نامێنێت.

---

[1] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

[2] مختصر ابن کثیر ب٢ ل ٦٥.

## ڕێگەکانی گەیشتن بە دڵسۆزی ئەمانەن:

١- **لە خۆپرسینەوە:** پێش ئەوەی کارێك ئەنجام بدەین دەبێت نیازو نیەتی دڵمان بە تەواوەتی بۆ خوای گەورە یەکلایی بکەینەوە. بۆ نموونە: کاتێك پیاوچاکانی پێش خۆمان بانگ دەکران بۆ بەڕێخستنی تەرمی موسوڵمانێك دەیووت کەمێك بوەستە با دڵم یەکلایی بکەمەوەو رووی پێ بکەمە پەروەردگار.

٢- **خۆپەروەردەکردن:** یەکێك لە پێشەوایان دەفەرموێ: پێویستە نهێنییەك لە نێوان پەروەردگارو بەندەدا هەبێت، ئەگەر توانی با زیاتری بکات تا دەبێتە نهێنییەکی تر، ئەگەر توانی با زیاتری بکات.. هتد تاکو چەندەها نهێنی لە نێوان خوای گەورەو ئەودا هەبێت، تاکو ئەگەر کەوتە سەختڵەتیەوە بەو نهێنیانە لە خوای گەورە بپاڕێتەوە رزگاربوونی زۆر نزیکە.. نموونەی ئەمەش ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رووداوی ئەو سێ کەسەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە ئەشکەوتەکە گیر دەخۆن و بەردێکی گەورە دەرگای ئەشکەوتەکەیان لێ دەگرێت و پاشان بەو کارە نهێنییە چاکانە رزگاریان دەبێت کە پێشتر لە بەر رەزامەندی خوای گەورە ئەنجامیان دابوو.[1]

---

[1] ئاماژەیە بەم فەرموودەیە: (عَنْ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا عَنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ بَيْنَمَا ثَلَاثَةُ نَفَرٍ يَتَمَاشَوْنَ أَخَذَهُمْ الْمَطَرُ فَمَالُوا إِلَى غَارٍ فِي الْجَبَلِ فَانْحَطَّتْ عَلَى فَمِ غَارِهِمْ صَخْرَةٌ مِنْ الْجَبَلِ فَأَطْبَقَتْ عَلَيْهِمْ فَقَالَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ انْظُرُوا أَعْمَالًا عَمِلْتُمُوهَا لِلَّهِ صَالِحَةً فَادْعُوا اللَّهَ بِهَا لَعَلَّهُ يَفْرُجُهَا فَقَالَ أَحَدُهُمْ اللَّهُمَّ إِنَّهُ كَانَ لِي وَالِدَانِ شَيْخَانِ كَبِيرَانِ وَلِي صِبْيَةٌ صِغَارٌ كُنْتُ أَرْعَى عَلَيْهِمْ فَإِذَا رُحْتُ عَلَيْهِمْ فَحَلَبْتُ بَدَأْتُ بِوَالِدَيَّ أَسْقِيهِمَا قَبْلَ وَلَدِي وَإِنَّهُ

کاتێك فوزەیلی کوڕی عیاز کۆچی دوایی کرد خەونیان پێوە بینی و لێیان پرسی خوای گەورە چی لێکردیت؟

فەرمووی: لە تاوانەکانم خۆش بوو! ووتیان بەهۆی چییەوە؟ فەرمووی: سوێند بە خوای گەورە هیچ کردەوەیەکمان کەڵکی نەبوو تەنها ئەو چەند ڕکاتە شەونوێژە نەبێت کە بەدڵسۆزانە ئەنجامان دەدا.

---

نَاءَ بِيَ الشَّجَرُ فَمَا أَتَيْتُ حَتَّى أَمْسَيْتُ فَوَجَدْتُهُمَا قَدْ نَامَا فَحَلَبْتُ كَمَا كُنْتُ أَحْلُبُ فَجِئْتُ بِالْحِلَابِ فَقُمْتُ عِنْدَ رُءُوسِهِمَا أَكْرَهُ أَنْ أُوقِظَهُمَا مِنْ نَوْمِهِمَا وَأَكْرَهُ أَنْ أَبْدَأَ بِالصِّبْيَةِ قَبْلَهُمَا وَالصِّبْيَةُ يَتَضَاغَوْنَ عِنْدَ قَدَمَيَّ فَلَمْ يَزَلْ ذَلِكَ دَأْبِي وَدَأْبَهُمْ حَتَّى طَلَعَ الْفَجْرُ فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي فَعَلْتُ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ فَافْرُجْ لَنَا فُرْجَةً نَرَى مِنْهَا السَّمَاءَ فَفَرَجَ اللَّهُ لَهُمْ فُرْجَةً حَتَّى يَرَوْنَ مِنْهَا السَّمَاءَ وَقَالَ الثَّانِي اللَّهُمَّ إِنَّهُ كَانَتْ لِي ابْنَةُ عَمٍّ أُحِبُّهَا كَأَشَدِّ مَا يُحِبُّ الرِّجَالُ النِّسَاءَ فَطَلَبْتُ إِلَيْهَا نَفْسَهَا فَأَبَتْ حَتَّى آتِيَهَا بِمِائَةِ دِينَارٍ فَسَعَيْتُ حَتَّى جَمَعْتُ مِائَةَ دِينَارٍ فَلَقِيتُهَا بِهَا فَلَمَّا قَعَدْتُ بَيْنَ رِجْلَيْهَا قَالَتْ يَا عَبْدَ اللَّهِ اتَّقِ اللَّهَ وَلَا تَفْتَحْ الْخَاتَمَ فَقُمْتُ عَنْهَا اللَّهُمَّ فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي قَدْ فَعَلْتُ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ فَافْرُجْ لَنَا مِنْهَا فَفَرَجَ لَهُمْ فُرْجَةً وَقَالَ الْآخَرُ اللَّهُمَّ إِنِّي كُنْتُ اسْتَأْجَرْتُ أَجِيرًا بِفَرَقِ أَرُزٍّ فَلَمَّا قَضَى عَمَلَهُ قَالَ أَعْطِنِي حَقِّي فَعَرَضْتُ عَلَيْهِ حَقَّهُ فَتَرَكَهُ وَرَغِبَ عَنْهُ فَلَمْ أَزَلْ أَزْرَعُهُ حَتَّى جَمَعْتُ مِنْهُ بَقَرًا وَرَاعِيَهَا فَجَاءَنِي فَقَالَ اتَّقِ اللَّهَ وَلَا تَظْلِمْنِي وَأَعْطِنِي حَقِّي فَقُلْتُ اذْهَبْ إِلَى ذَلِكَ الْبَقَرِ وَرَاعِيهَا فَقَالَ اتَّقِ اللَّهَ وَلَا تَهْزَأْ بِي فَقُلْتُ إِنِّي لَا أَهْزَأُ بِكَ فَخُذْ ذَلِكَ الْبَقَرَ وَرَاعِيَهَا فَأَخَذَهُ فَانْطَلَقَ بِهَا فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي فَعَلْتُ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ فَافْرُجْ مَا بَقِيَ فَفَرَجَ اللَّهُ عَنْهُمْ) کە لە بوخاری (ژمارە ٢٣٣٣)ە و لە موسلیم (ژمارە ٢٧٤٣)یە.

# وانەی پێنجەم

## شەرمکردن (الحياء)

شەرم لە زمانی عەرەبیدا کە (الحياء)ە لە ووشەی (الحياة) ەوە وەرگیراوە، واتە: ژیان، کەواتە شەرم بەشێکە لە ژیان و لێی جیا ناکرێتەوە و ژیان بێ شەرم کردن سروشت و رەفتاری گوزەران و پێکەوە ژیان دەشێوێنێت.

لە زاراوەشدا: زانایان دەفەرموون: شەرمکردن بریتییە لە سەغڵەتی دڵ و دەروون و سڵەمینەوە لە شتی نابەجێ و سڵکردنەوە لە رەفتاری ناشیرین ..

هەندێکیان دەفەرموون: شەرم ئەوەیە کە نەهێڵێت خوای گەورە لە سەرپێچی فەرمانەکانیدا یان کەمتەرخەمانە لە بەجێهێنانی ئەرکەکانتدا بتبینێت..

شێخ جونەیدی بەغدادی[1] ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ: ئەو حاڵەتەی کە بۆ موسوڵمان دروست دەبێت لە نێوان بینینی نیعمەتەکانی خوای گەورەو کەمتەرخەمی نواندن لە دەربڕینی سوپاس و ستایش لەسەر ئەو نازو نیعمەتانە پێی دەوترێت شەرم.

موسوڵمان شەرم لە خوای گەورە دەکات و لە خەڵکیش، هەر کەسێك شەرمی لە خوای گەورەو لە خەڵکی نەکرد ئەوە لە ڕیزی مرۆڤ دەچێتە دەرەوە..

---

[1] بۆ ناسینی برۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

دکتۆر مستەفا سیباعی[1] لە کتێبی (هكذا علمتنی الحیاة) دا دەفەرموێ: ئەگەر دڵت خواستی تاوانێکت پێ ئەنجام بدات بیگێڕەرەوە، ئەگەر هەر نەگەڕایەوە ئەوە بزانە کە زۆر لە مرۆڤ کەمتریت.

جۆرەکانی شەرم:

ئیبنورەجەبی حەنبەلی[2] ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە کتێبی (جامع العلوم والحکم) لاپەڕە ١٩٠ دەفەرموێ: شەرم دوو جۆرە:

**جۆری یەکەم:** ئەو شەرمەیە کە هەر لەسەرەتاوە خوای گەورە وەکو بەخششێك لەناخی کەسێکدا چاندوویەتی و کردوویەتی بە ڕەوشتێکی هەمیشەیی و چەسپاوی، کە وا دەکات هەموو قسەو ڕەفتارەکانی ئەو کەسە پڕ بەرەکەت بێ و لە هەموو کەس باشتر بتوانێت خۆی لەگوناهو تاوان بپارێزێت.. پێغەمبەری خۆشەویستمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەم بارەیەوە دەفەرموێ: (الْحَيَاءُ لاَ يَأْتِي إِلاَّ بِخَيْرٍ) متفق علیه[3]. واتە: شەرم هەمیشە خێر لەگەڵ خۆی دێنێت.

**جۆری دووەم:** ئەو شەرمەیە کە موسوڵمان هەوڵ دەدات بەدەستی بهێنێت و لە خۆیدا بیهێنێتە دی و گەشەی پێ بدات. ئەمەش لە ڕێگای بەگەورە زانینی پەروەردگارو دڵنیابوون لەوەی کە بە هەموو کارو کردەوەکانی ئاگادارە.. کە ئەم

---

[1] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

[2] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

[3] وایە.. بوخاری (٦١١٧) و موسلیم (٣٧/٦٠) .

هەستەی بۆ دروست دەبێت، هەوڵێکی زیاتری تێگەیشتنی مانای ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان دەدات، ئەوانیش بە رۆڵی خۆیان ئاستی ئیمانی بەرزتر دەکەنەوەو دەیگەیێننە پلەی (احسان) کە باڵاترین پلەی باوەڕە:

- (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى..) العلق/١٤ واتە: مەگەر نازانێت کە خوای گەورە دەیبینێت؟

- (إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا..) النساء/١ واتە: خوای گەورە چاودێرە بە سەرتانەوە ..

- (يَعْلَمُ خَائِنَةَ الأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ..)غافر/١٩ واتە: خوای گەورە ئاگای لە رەفتاری چاوە خائینەکان و حەشاردانی سینەکانە ..

- (مَا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلاَّ لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ..) ق/١٨ واتە: هەر ووشەیەك، هەر لەفزێك، لە دەمی ئەم مرۆڤە بکەوێتە خوارەوە ئەو چاودێرە هەمیشەییەی وا لەگەڵیدا، یەکسەر دەینوسێت.

سەیدنا عبداللەی کوڕی مەسعوود[1] خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە یاوەرانی فەرموو: (اسْتَحْيُوا مِنْ اللَّهِ حَقَّ الْحَيَاءِ. قَالُوا: إِنَّا نَسْتَحْيِي يَا نَبِيَّ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ، قَالَ: لَيْسَ كَذَلِكَ، وَلَكِنْ مَنْ اسْتَحْيَا مِنْ اللَّهِ حَقَّ الْحَيَاءِ، فَلْيَحْفَظْ الرَّأْسَ وَمَا وَعَى، وَلْيَحْفَظْ الْبَطْنَ وَمَا حَوَى، وَلْيَذْكُرْ الْمَوْتَ وَالْبِلَى، وَمَنْ أَرَادَ الْآخِرَةَ تَرَكَ زِينَةَ الدُّنْيَا، وَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ فَقَدْ اسْتَحْيَا مِنْ

[1] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

اللَّهِ حَقَّ الْحَيَاءِ)[1] واتە: بەڕاستی شەرم لە خوای گەورە بکەن، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە سوپاس بۆ خوای گەورە شەرمی لێ دەکەین، فەرمووی: ئەوەم مەبەست نییە.. ئەو کەسەی بە راستی شەرم لە خوای گەورە دەکات با سەری و ئەوەی هۆشی لێیەتی بپارێزێت، با گەدەی و ئەوەی تێیدایە بپارێزێت، با هۆشی لای مردن و رزینی ئێسك و پرووسکی بێت، ئەو کەسەی رۆژی دوایی مەبەستە واز لە رازاوەیی دنیا دێنێت.. ئەوەی ئەمانەی کرد ئەوە بەڕاستی شەرمی لە خوای گەورە کردووە..

شەرمکردن لە خوای گەورە ئەوەیە کە بیرو هۆش و ئارەزووەکانی لە گوناهو خراپەکاری بپارێزێت و بیری لە مردن بێت.. هەرکەسێك پاداشتی ڕۆژی دوایی دەوێت با ئەوەندە دڵ و هەستی بە بریق و باقی ئەم دنیایەوە نەبەستێتەوە..

[1] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە (رواه الترمذی والحاكم بسند حسن وصححه الألباني رقم الحديث ٩٣٥) پلەو ژمارەی راستەو وا لە (سلسلة الصحيحة)دا بەڕێزان نەیاننوسیوە کە شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە چ کتێبێکیدا وای فەرمووە.. رەنگە لەبەر ئەوەیان بوو بێت کە یەکسەر هۆش دەچێت بۆ زنجیرەی سەحیحەکان.

# پەیوەندی نێوان شەرم و باوەڕ

کۆمەڵێك فەرموودە هەن ئەوە دەسەلمێنن کە شەرمکردن لە پەیامی سەرجەمی پێغەمبەری خوان و نێرراوانی خوای گەورەدا سەلامی خوای گەورەیان لێ بێت رەفتارێکی گرنگ و کاریگەر بووە :

١- (الْحَيَاءُ مِنَ الإِيمَانِ وَالإِيمَانُ فِي الْجَنَّةِ) واتە: شەرم لە ئیمانە و ئیمانیش لەبەهەشتدایە.[1]

٢- (الْإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ شُعْبَةً وَالْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الإِيمَانِ)[2] واتە: باوەڕ شەست و قسوور بەشەو شەرم لقێکە لە باوەڕ.

٣- (إِنَّ مِمَّا أَدْرَكَ النَّاسُ مِنْ كَلَامِ النُّبُوَّةِ الْأُولَى إِذَا لَمْ تَسْتَحْيِ فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ)[1] الحديث صحيح واتە: ئەوەی کە خەڵکی لە پێغەمبەرێتی پێشینەکانەوە درکیان پێکردووە ئەوەیە کە ئەگەر شەرمت نەکرد چی دەکەیت بیکە.

---

[1] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە (رواه الترمذي والحاكم وصححه الألباني رقم الحديث ٣١٩٩) منیش لە هەمان شوێندا دۆزیمەوە، بەڵام بە ژمارە (٢٠٠٩) ئەمەش هەموو لەفزەکەیەتی: (الحَياءُ مِن الإيمانِ، والإيمانُ في الجنَّةِ، والْبَذاءُ مِن الْجَفاءِ، والْجَفاءُ في النَّارِ).

[2] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە (صحححه الألباني رقم الحديث ٢٨٠١) بەڵام فەرموودەی ژمارە ٢٨٠١ لەو کتێبەدا پەیوەندی بەم باسەوە نیەو دەفەرموێ: (لا يَقُولَنَّ أَحَدُكُم: زَرَعْتُ، ولكِنْ لِيَقُلْ: حَرَثْتُ) ئەو فەرموودەی سەرەوە بوخاری و موسلیمەو شێخی ئەلبانی توێژینەوەی لەسەر نەکردووە.. فەرموودەکە لای بوخاری (٩) ، لای موسلیم (٣٥)ە.

شەرم بەرهەمێکی باوەڕە. ئەگەر کەسێك دوور لە دین بینرا شەرمن بوو، ئەوە یان هەر لە بنەڕەتەوە خوای گەورە ئەو خەسڵەتەی پێداوەو شەرمەکە کارتێکردنی خۆی هەیە لەسەر ژیانی ئەو کەسە، یاخود ئەو شەرمە مەبەستدارەو بە پێی کات و شوێن ڕەفتار و هەڵویستەکان، گۆڕانی بەسەردا دێت، وەك ئەوەی بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بەکاری بێنی.. کەواتە ئەگەر شەرم ئیمان و باوەڕی ڕاستەقینە دروستی نەکات ئەوا ئەو ڕەوشتە دامەزارو نییەو گەشە ناکات.. بۆ نموونە:

جارێکیان پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەلای پیاوێکی ئەنساریدا تێپەری کە ئامۆژگاری براکەی خۆی دەکرد، دەیوویست وای لێ بکات شەرم بکات، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی وازی لێ بێنە! چونکە شەرم لە ئیمانەوەیە[٢].. موسلیم گێڕاویەتییەوە.

---

[١] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە (الحديث صحيح)! دیارە ئەمە نابێت وا جێ بهێڵرێت، چونکە دەبێ بزانرێت ئەو کەسە کێیە کە دەفەرموێ: (الحديث صحيح) تا بزانرێت چۆن ئەو حوکمەی داوەو لە کوێدا؟

ئەم فەرموودەیە وا لە (فتح الباری ژمارە ٥٧٦٩) و ئیمامی ئیبنوحەجەر بە سەحیح ناساندووە، هەروەها شێخی ئەلبانی: لە (صحيح الجامع الصغير ژمارە ٢٢٣٠)دا بە سەحیح ناساندووە.

[٢] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (موسلیم گێڕاوێتیەوە) ڕاستە، لای موسلیم ژمارە (٣٦)ە و لای بوخاری ژمارە (٦١١٨)یە..

شەرم و باوەڕ هاوەڵی یەکن و بە یەکترەوە بەستراونەتەوەو لێك جیا نابنەوە، نەمانی یەکێکیان دەبێتە هۆی نەمانی ئەوی تریان. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (الْحَيَاءَ وَالإِيمَانَ قُرَنَاءُ جَمِيعًا، فَإِذَا رُفِعَ أَحَدُهُمَا رُفِعَ الآخَرُ)[1] واتە: شەرم و باوەڕ هاورێی هەمیشەیی یەکن، هەر کامێکیان لاچێت ئەوی تریش بەدوایدا لادەچێت و نامێنێت..

شەرم وشکۆ یەکێکە لە ڕەوشتە بەرزەکانی ئیسلام و بەشێکی گرنگی باوەڕە، بەڵام ئەمە هەرگیز ڕێ لە کەس بە تایبەتی ئافرەتی موسوڵمان ناگرێت کە هەوڵ نەدات بۆ فێربوونی زانست و زانیاری، یاخود ڕێ لەو ئیش و کارانە ناگرێت کە خوشکان بە هۆی زەرورەتی ژیانەوە دێنە دەرەوەو ناچاری تێکەڵاوی کۆمەڵگە دەبن. بە مەرجێك سنووره شەرعییەکان بپارێزن ..

شەرم ڕێی لە ئوم سولەیمی ئەنساری نەگرت بێتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسیاری لێ بکات کە غوسڵی لەش پیسی چۆن دەردەکرێت! لە پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسی: (يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ اللَّهَ لَا يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ هَلْ عَلَى الْمَرْأَةِ مِنْ غُسْلٍ إِذَا هِيَ احْتَلَمَتْ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ "نَعَمْ إِذَا رَأَتِ الْمَاءَ) رواه البخاري[2] واتە: ئەی پێغەمبەری خوا، خوای

[1] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه الحاكم بسند صحيح وصححه الألباني رقم الحديث ٣٢٠٠)، من لەوێدا نەمدۆزیەوە بەڵام هەر شێخی ئەلبانی لە (صحيح الترغيب والترهيب ژمارە ٢٦٣٦) بە سەحیحی ناساندووە.

[2] راستە لە بوخاریدایەو ژمارەکەی (٢٨٢)ە.

گەورە شەرم لە دەرخستنی حەق ناکات، ئایا ژن ئەگەر توشی لەشگرانی بوو غوسڵی دەکەوێتە سەر؟ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: بەڵێ، ئەگەر ئاوی بینی..

یان لە قورئاندا خوای گەورە باسی شەرم وشکۆی کچەکەی حەزرەتی شوعەیب عَلَيْهِ السَّلَام دەکات کە باوکی ناردبووی بۆ لای حەزرەتی موسا عَلَيْهِ السَّلَام، کە دەفەرموێ: (فَجَاءَتْهُ إِحْدَاهُمَا تَمْشِي عَلَى اسْتِحْيَاء قَالَتْ إِنَّ أَبِي يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا) القصص/٢٥اته: یەکێك لە کچەکان کە زۆر بەشەرم وشکۆوە دەڕۆیشت، بە پێغەمبەر موسای ووت: باوکم بانگت دەکات، دەیەوێت پاداشتی ئەوەت بداتەوە کە ڕانەکەمانت تێرئاو کرد.

پێویستە لەسەر موسوڵمان سنووری بەکارهێنانی ئەم ڕەوشتە لە ژیاندا بزانێ، تا سنوور نەبەزێنێت و بچێتە حاڵەتێکی ترەوە کە لە شەرعدا زەم کراو بێت.. نەبادا بەرەو شەرمەزاریی و خەجاڵەتی و تەریقی بڕوات، ئەمانەش بێگومان وا لەو کەسە دەکات کە لە سەر حەقی خۆشی نەیاتە جواب! بۆیە ئەم جۆرە شەرمە خراپەو زەمکراوە.

# بەرهەمەکانی شەرمنی

١- ئەگەر موسوڵمان شەرمن بوو هەموو ڕەوشتە باش و چاکەکانی تریشی تێدا گەشە دەکات. ئیبنولقەییم[1] لە کتێبی (مفتاح دار السعادة) دا دەفەرموێ: شەرمنی گەورەترین و باشترین ڕەوشتی موسوڵمانە و سەرچاوەی هەڵقوڵانی ڕەوشتەکانی تریەتی، بۆ نموونە: منداڵ بە هۆیەوە گوێڕایەڵی باوك و دایکی دەبێت، خاوەن ماڵ ڕێز لە میوان دەگرێت، خاوەن بەڵێن بە تەنگ بەڵێنەکەیەوە دەبێت.. بە پێچەوانەوە ئەگەر موسوڵمان بێ شەرم بوو ئەوا هەمیشە بێ قەدرو ڕێز تەماشا دەکرێ و کەسایەتی زۆر دادەبەزێت، چونکە بە تەنگ هەست و نەستی کەسانی ترەوە نایەت و ڕەوشتی نزمەو ڕەفتاری ناشیرینەو هەرچی بکات بە عەیب و نارەوای نازانێت و دەچێتە ڕیزی ئەو کەسانەوە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەیان دەفەرمووێ: (إِذَا لَمْ تَسْتَحْيِ فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ)[2] واتە: کە شەرمت نەکرد ئیدی چ دەکەیت بیکە!

٢- موسوڵمانی شەرمن ئابڕووی بەرزو داوێن پاکەو بە ڕێزەوە دەڕوانێتە کەسانی تر.. ئافرەتی موسوڵمانی شەرمن بە چاوی ڕێزو قەدرزانینەوە دەڕوانێتە ئافرەتانی تر.. پیاوی موسوڵمانی خاوەن تەقواو شەرمن ئافرەتانی تر بە خوشکی خۆی دادەنێ، خیانەتیان لێ ناکات و دەست لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم تێکەڵ ناکات.

---

[1] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

[2] ئیمامی ئیبنوحەجەر لە (فتح الباري ژمارە ٥٧٦٩) بە سەحیحی ناساندووە، هەروەها شێخی ئەلبانی: لە (صحيح الجامع الصغير ژمارە ٢٢٣٠).

ئەمە لە موسوڵمانی خاوەن شەرم وشکۆ ناوەشێتەوە، چونکە لە ناخیدا بە گەورەترین گوناهی دەزانێت.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی (مَا مِنْ ذَنْبٍ بَعْدَ الشِّرْكِ أَعْظَمُ عِنْدَ اللَّهِ مِنْ نُطْفَةٍ وَضَعَهَا رَجُلٌ فِي رَحِمٍ لَا يَحِلُّ لَهُ) متفق عليه[1] واتە: هیچ گوناهێك لای خوای گەورە لەوە گەورەتر نییە کە کابرایەك تۆوی خۆی بکاتە پزدان (رەحم)ی ئافرەتێکەوە کە حەلاڵی خۆی نییە ..

٣- یەکێکی تر لە خەسڵەت و بەرهەمەکانی شەرمنی ئەوەیە هەتا بۆی دەکرێ عەورەتی خۆی لە چاوی نامەحرەم دەپارێزێ، تەنانەت ئەگەر بە تەنیاش بێت شەرم لە خوای گەورەی خۆی دەکات.[2]

٤- موسوڵمانی شەرمن نهێنی ژن و مێرد ئەپارێزێ و نایباتە دەرەوەو لای هیچ کەس باسی ناکات، چونکە گێڕانەوەکەی وەکو ئەوە وایە ئەو خەڵکە لە نزیکەوە هەڵسوکەوتی ئەو ژن و مێردە ببینن.

---

[1] ئیبنولجەوزی لە کتێبی (ذم الهوى ل١٩٠)دا هێناویتیەوە، شێخی ئەلبانی لە (سلسلة الاحاديث الضعيفة و الموضوعة٨٢/٤) دا دەفەرمویّ: زەعیفە، بەڵام سەیرە کە نوسەرانی بەڕێز وایان ناساندووە کە (متفق علیه)یە واتە بوخاری و موسلیم بە یەك لەفزی هاوبەش ریوایەتیان کردووەو بەهێزترین بەڵگەیە دوای ئایەتی قورئان.. ئەمە کە وا نیە، چۆن دەشێت وای بناسێنیت؟!

[2] بێ گومان ئەمە مانای وا نیە کە نابێت خۆی رووت کاتەوە.. چونکە خۆ رووت کردنەوە لە رووی شەرعییەوە هیچی لەسەر نیە..

لە کۆتاییدا هیوادارین خوای گەورە ئەو ڕەوشتە بەرزەمان پێ ببەخشێت و لەگەڵ پێغەمبەری خواو ڕاستگۆیان و پیاوچاکاندا کۆمان بکاتەوە .. ئامین.

# وانەی شەشەم

## حەقیقەتی یادی خوای گەورەو

## زیکرە سەرەکیەکان

بەرنامەی خوای گەورەی بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤ:

بەر لە هەموو شتێك ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کە دەروونی مرۆڤ خاوەنی تایبەتمەندییەکە، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەگەر شتێك زۆر دووبارە بکاتەوە دەبێت بە خەسڵەت و ڕەوشتی هەمیشەیی بۆی. بۆ نموونە: لە ناخی مرۆڤدا ئەو ئامادەییە هەیە کە ترسنۆك دەرچێت. مرۆڤ لە سەرەتاوە حاڵەتێکی ترسی کاتیی بەسەردا دێت ئەگەر زەمینەو هۆکارەکانی نەما حاڵەتەکەش نامێنێت. بەڵام ئەگەر بۆ چەند جارێك دووبارە بووەوە دەبینین هەر جارە ئاسەوارێك با کەمیش بێت لەسەر دەروونی ئەو کەسە بەجێ دێڵێ و بازنەی ئاسەوارەکە لەگەڵ دووبارە بوونەوەدا فراوانتر دەبێت و ئەو کاتە ترسنۆکیەکە لە دەروونیدا دەبێتە ڕەوشت و خەسڵەتی تەواوی هەمیشەیی.

دەروونی مرۆڤ لە ڕۆح پێك دێت لەگەڵ ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە دوای دووبارە بوونەوەی زۆرو بەردەوامەوە تیایدا دەبنە خەسڵەتێکی ڕیشە داکوتراوی هەمیشەیی.

لەسەر بناغەی ئەو ڕاستییەی سەرەوە دەبینین بەرنامەی خوای گەورەی بۆ پەروەردەکردنی موسوڵمان ئەمەی تێدا ڕەچاو کراوە، جا بۆ ئەوەی ئەو

خەسڵەت و ڕەوشتە چاکانەی کە خوای گەورە پێی خۆشن و لێیان ڕازییە لە ناخی مرۆڤدا ڕیشە داکوتن و ببن بە شتێکی هەمیشەیی کراوە بە ئەرك بەسەر موسوڵمانەوە کە ئەو پەرستن و یادانە بەردەوام دووبارە بکاتەوە، ئەو کاتە دەروونی مرۆڤ بریتی دەبێت لە ڕۆح لەگەڵ ئەو خەسڵەت و ڕەوشتە جوانەی کە بە گوێرەی ئەو بەرنامەی خوای گەورە لە ناخ و کەسایەتی مرۆڤدا گەشەیان کردووەو ڕیشەیان داکوتاوە.. دەکرێ نموونە بە نوێژ بهێنینەوە:

دەبینین نوێژ کە گەورەترین کاری چاکەی ئیماندرانە، چەندێك دووبارە دەبێتەوە، نەك لە تەمەندا بەڵکو لە ڕۆژێکدا، نەك ڕۆژی یەك جار، بەڵکو چەند جار.. تەنانەت یەك نوێژ ڕکاتەکانی دووجارو سێ جارو چوار جار دووبارە دەبێتەوەو هەندێ لە ویردو یادەکانی لەیەك ڕکاتدا چەند جار دووبارە دەکرێنەوە.

ئەوەی لە نوێژکردندا مەبەستە بێتە جێ ئەوەیە کە دەبێ ماناو چەمکەکانی نوێژ ئەو ڕەوشت و خەسڵەتانەی کە بەشەکانی نوێژ دەیخوازن دەبێ لە ناخی مرۆڤدا ببن بە حاڵەت و خەسڵەتی نەگۆڕ، بەجۆرێك کە ڕۆحی ئەو مرۆڤە بەوانەوە بناسرێتەوە.

جگە لەمە شتێکی ڕوونە کە مرۆڤ بۆ پەرستن و گوێ ڕایەڵی دروست کراوە بەو مانایە کە گوێ ڕایەڵی خوای گەورە بکات بۆ ئەوەی سوود لە نموونەکانی ڕەحمەت و سۆزی خوای گەورەی میهرەبان وەرگرێت بۆ گەشەدان بە دەروونی و ڕاستکردنەوەی لە ژیاندا. پێویستە پێش هەموو شتێك یادی خوای گەورە بێنێتە دی بۆ ئەوەی پەرستن و گوێ ڕایەڵییەکەی بە دڵسۆزییەوە ئەنجام بدات.. واتە

تەنها لەبەر خاتری خوای گەورە بێت. چونکە دڵسۆزی بەشێکی گرنگ و بنەڕەتە لە پەرستن و گوێڕایەڵی خوای گەورەدا.

مرۆڤی موسوڵمان بۆ ئەوەی لەسەرجەم بوارەکانی ژیانیدا بە گوێرەی بەرنامەی خوای گەورە هەڵس و کەوت بکات و خوای گەورەش لێی قبوڵ بکات پێویستە بەردەوام پەیوەندی بە خوای گەورەی خۆیەوە هەبێت، چونکە ئەگەر بێ ئاگاو غافڵ بوو لە خوای گەورە ئەوە ئەنجامدانی ئەو کارانەی بە عیبادەت دانانرێت، چونکە بۆ قبوڵ بوونی عیبادەت دوو مەرج پێویستە:

**یەکەم:** دڵسۆزیی بۆ خوای گەورە.

**دووهەم:** ئەنجامدانی بەرنامەکەی خوای گەورە بە دروستی و بەتەواوی.

ئەگەر کەسێك لایەنێك لەبەرنامەی ئیسلام ئەنجام بدات بەڵام دڵسۆزی بۆ خوای گەورەی تێدا فەرامۆش کرد، ئەو کارە بە عیبادەت دانانرێت.

کەواتە لە ناوەندی هەر جۆرە پەرستن و گوێ ڕایەڵییەکی خوای گەورە پێویستە یادی خوای گەورە بکرێت، تا دڵسۆزی بۆ خوای گەورەی تێدا بێتەجێ.

هەروەها لەبەر ئەوەی کە یادکردنەوەی لاوەکی و کەم و کورت و سات سات و پچڕ پچڕ کاریگەر نییە، پێویستە یادی خوای گەورە نەگۆڕو بەردەوام بێت، دەبێ ئەو یادە ببێتە خەسڵەت و سیفەتی هەمیشەیی موسڵمان. بۆیە ئایینی ئیسلام

يادی خوای گەورەی كردووە بە ئەرك بەسەر موسوڵمانەوە كە لە شەووڕۆژدا چەندەها جار دووبارەی بكەنەوە .

# يادی خوای گەورە چييە؟

لە سەرەتای سورەتی ئەنفالەوە خوای گەورە ڕوو بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأنفال قُلِ الأنفال لِلَّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُواْ اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُواْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) الأنفال/١ واتە: پرسيارت لێ دەكەن سەبارەت بە الأنفال(الأنفال: واتە ئەو كانزاو سامانە سروشتيانەی كە كەس خاوەنيان نی يە)[1] بڵێ ئەو سامانە بۆ خوای گەورەو پێغەمبەری خوايە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كەواتە با تەقواتان هەبێت و نێوانی خۆتان چاك كەن و گوێڕايەڵی خوای گەورەو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بكەن، ئەگەر ئێوە ئيماندارن.

پێش هاتنەخوارەوەی ئەم ئايەتە خەڵك سامانی سروشتيان بۆ خۆيان دەبرد بەڵام خوای گەورە لەم ئايەتەدا ئاگاداری كردن ئەو شتانەی دەيدۆزنەوە تايبەتن بە خوای گەورەو پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ واتە گشتين ئينجا لە دوای ئەم ئايەتەوە يەكسەر دەفەرموێ: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ

---

[1] ئەو پێناسەی نوسەرانی بەڕێز بۆ ئەنفاليان كردووە، پێناسەی ڕيكازە نەك ئەنفال.. ئەنفال بريتيە لە دەسكەوت (غەنيمەت)ە كانی جەنگ كە لە كافران سێندراوە.. هۆی هاتنە خوارەوەی خودی ئەم ئايەتەش هەر ناوكۆيی ياوەرانی بەڕێز بوو كە ئەو دەسكەوت (غەنيمەت)انە بۆ كێ دەبێت؟

قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ)الأنفال/٢ واتە: باوەڕداران ئەوانەن کە ئەگەر یادی خوای گەورە لە لایان بکرێت دڵیان ترسێکی ئیماندارانەی تێ دەچێت و دەهەژێت، خۆ ئەگەر ئایەتەکانی خوای گەورەیان بەسەردا بخوێنرێتەوە ئیمانیان زیاد دەکات و پشت بە خوای گەورە دەبەستن.. لێرەدا دەبینین پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆو پتەو لە نێوان یادی خوای گەورەو جێ بەجێ کردنی بەرنامەکەیدا هەیە.. بەمە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کاتێ دەڵێین ئیماندار دەبێ بە جۆرێك جێبەجێ بکات کە گوێڕایەڵی لە فەرمانەکانی خوای گەورە دەکات.

کەواتە یادی خوای گەورە بریتییە لەوەی موسوڵمان  هەمیشە لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا ئامادەی بەجێهێنانی ئەرکەکانی بەندایەتی بێت. بۆیە یادی خوای گەورە کارێکی سەربەخۆو جیا لە کرداری ئیماندار نییە. بۆیە پێویستە سەرجەم کارەکانی بە یادی خوای گەورەوە بکرێت وەك نوێژکردن و بەخشین و کڕین و فرۆشتن و بەشداری کردن لە گۆڕەپانی جەنگ و خۆڕاگری لەسەر ئەشکەنجەو ئازارو.. ئەنجامدانی هەموو ئەو ئەرکانەی کە خوای گەورە لە ئیمانداریان داوا دەکات.

# نوێژ

لەبەر ئەوەی کە یادی خوای گەورە وەك ووتمان هەوێنی بەرنامەی خوای گەورەیەو نوێژیش هەمووی بریتییە لە یادی خوای گەورە، خوای گەورە نوێژی لە سەروو هەموو کارەکانی ترەوە داناوە بۆ ئەوەی یادی خوای گەورە ببێت بە خەسڵەت و سیفەتی کەسایەتی ئیماندار.

نوێژو پەیوەستەکانی هەموو ئەو زیکر(أذكار) و یادە بنچینەییانەیان تێدا کۆبووەتەوە کە پێویستن ببن بەرەوشت و ئاکار و خەسڵەت بۆ نەفسی ئیماندار. ئەوەتا دەبینین کە لە نوێژدا ووتەی دڵسۆزی (كلمة الإخلاص) و (لا الهَ إلّااللّهُ) و خوا بە تەواوو بێ عەیب ناسین (التسبيح) و سوپاسگوزاری (الحمد) و خوا بە گەورە ناسین (التكبير) و داوای لێخۆشبوون (الاستغفار) و سڵاواتدان لە سەر پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.. هەموویان هەن. لەم روانگەوە ئەگەر ئیماندار نوێژی بەو ناوەڕۆك و واتایانەوە ئەنجامدا ئەبێ کەسایەتی ئەو ئیماندارە لەو خەسڵەت و ڕەوشتانە پێك بێت کە ئاسەوار و سەرەنجامی ئەو یادو ویردانەی نوێژن.

## قۆناغەکانی یادی خوای گەورە

سەرەتا پێویستە واتاو مەبەستی زیکرەکە بزانرێت، پاشان لەدڵدا جێگیر بێت و لە قوناغێکی تردا ببێت بە حاڵەتێك بۆ ئەو کەسەو دوای ئەوەی کە زۆر دووبارە دەکرێتەوە دەبێت بە خەسڵەت و سیفەت بۆ دەروون و کەسایەتی ئیماندار.

ئەگینا یادی سەرزارەکی رووت هیچ سوودێك بە خاوەنەکەی ناگەیەنێت. چونکە ووتەکان چوارچێوەن و ئەوەی کە داواکراوە ئەوەیە لە دڵ و دەروونداا یادی خوای گەورە بێتەجێ.

## یادی تایبەتی و یادی گشتی

هەندێك لە زیکرەکان گشتین و لە هەموو کات و شوێنێکدا دەکرێ بخوێنرێن. وەك: (سبحان الله، الحمد لله، لا الهَ إلّاالله، الله اكبر) هەندێکیشیان تایبەتن و بە کات و شوێنی دیاری کراوەوە، وەك کاتی باران بارین و چوونە مزگەوت و.. هتد جا بۆ ئەم زیکرانە پێویستە کات و جێگا رەچاو بکرێت. هەروەها پێوستە حاڵی تایبەتی ئەو جۆرە پارانەوەو یادانە لە پێشچاو بگیرێت کە بۆ حاڵەتێکی تایبەتی دانراون.. بۆ نموونە: ئەو پاڕانەوە قورئانیانەی کە بە (ربی) و (ربنا) دەست پێ دەکەن دەبێ بەو جۆرو حاڵەتەوە بخوێنرێت کە دەق و مانای ئایەتەکانی پێش و دوای پاڕانەوەکە دروستی دەکات و دەیخوازێت.

بەڕاستی پاڕانەوەو یادی خوای گەورە لە هۆکارە گرنگەکانی پەروەردە کردنی ئیماندارن، ئەگەر بە چاکیی ئەنجام بدرێت.

شتێکی هەڵەیە ئەگەر هەموو کەس وەك یەك پێی بوترێ فلان پاڕانەوەو فلان یادی خوای گەورە بخوێنە. بە بەهانەی ئەوەی کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەنجامی داوەو ئەویش بۆ ئێمە سەرمەشقەو کارەکانی سوننەتن، بەڵکو دەبێ هەرکەسەو چی بۆ باشەو بۆ پەروەردەکردن و پڕ کردنەوەی کەم و

كوڕییەكانی پێویستێتی ئەوەی بۆ دیاری بكرێت..[1] بەڵگەو سەرمەشقی ئەمە پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. كە بە سەیدنا مەعازی فەرموو كە لە كۆتایی هەموو نوێژێكەوە ئەم دوعایە بخوێنێت كە دەفەرموێ: (اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ)[2] پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەم یادەی لەسەر مینبەرو لە بەردەست هەموو موسوڵماناندا پێ نەوتووەو بە هەموو موسوڵمانانیشی ڕانەگەیاندووە كە بیخوێنن، بەڵكو تەنها بە مەعازی فەرمووە، ئەویش كاتێ كە مەعاز هات بۆ لای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا من تۆم زۆر خۆش دەوێت. پێغەمبەری خوایش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: منیش هەروەها تۆم زۆر خۆش دەوێت. وەسێتت بۆ دەكەم دوای هەموو نوێژێك بڵێ:(اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ..الخ) بێگومان ئەم پاڕانەوەیە ئەمڕۆش بۆ زۆربەی موسوڵمانان سوودی هەیە ولەگەڵ حاڵیاندا دەگونجێت. كەواتە پێویستە حاڵ و هەل و مەرجی هەركەسە بگیرێتە پێش چاو

---

[1] ئەمە دیدو بۆچوونێكی نامۆیە.. چۆن دەشێت ئەم زیكرو وێردانە بەسەر جۆرەهای خەڵكیدا ببەخشینەوە؟! ئایەتەلكورسی بدەینە كێ و لە كێی بگرینەوە؟! هیچ شتێكی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تایبەت نیە مەگەر بە بەڵگەیەكی قورئان و سوننەت.. تەنانەت بە خۆشی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. ئەمە فێركردنی ئوممەتەكەیەتی لە ڕێی یاوەرێكیەوە نەك زیكرێكی تایبەت بێت بەو یاوەر.

[2] ئەبوداوود (١٥٢٢)، شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی لە (صحيح سنن أبي داود ٢٥٣/٥) بە سەحیحی ناساندووە. هەموو فەرموودەكەش ئاوایە: (يَا مُعَاذُ! وَاللَّهِ إِنِّي لَأُحِبُّكَ، وَاللَّهِ إِنِّي لَأُحِبُّكَ، فَقَالَ: أُوصِيكَ يَا مُعَاذُ: لَا تَدَعَنَّ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلَاةٍ تَقُولُ: اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ).

بەر لەوەی هەر پاڕانەوەیەکی فێر بکرێت.. لە بەر ئەوەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە لایەن خوای گەورەوە فێر دەکراو بە نووری خوای گەورە دەیبینی.. بۆیە بە گەورەترین زانای دەروونناسی دادەنرێت.. بۆیە کە هەستی کردووە مەعاز لەو سەردەمەی ژیانیدا لە پەرستن و یادی خوای گەورەدا تەمەڵی دەکات و ئەرکەکانی بە تەواوی بەجێ ناهێنێت، پێی فەرمووە کە ئەم پاڕانەوەیە بخوێنێت و لە دوای هەموو نوێژێکەوە دووبارەی بکاتەوە وەك دەرمانێك بۆ چارەسەری ئەو تەمەڵی و ساردی و لاوازییەی.[1]

وەنەبێت ئەمجۆرە کارو وەسێتانەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شتێکی ئاوازەو دەگمەن بووبێت، بەڵکو هەمیشە ئەمە شێوازی بووە لە چارەسەرکردنی لایەنە لاوازەکانی هاوەڵەکانیدا. بۆ نموونە کاتێك یەکێك لە هاوەڵەکانی پرسیاری لێ کرد کە باشترین و خێرترین کار چییە؟ فەرمووی نوێژ لە کاتی خۆیدا، کە ئەگونجا بفەرمویێت چاکترین کار کاری دڵە (یەکتاپەرستی)! بەڵام دیارە ئەو هاوەڵە پێویستی بەوە بووە لە بواری گرنگیدان بە کاتی نوێژەکانیدا ووریا بکرێتەوە، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیزانی چاکترین کار بۆ ئەو کەسە نوێژە لە کاتی خۆیدا کە بە رادەی پێویست گرنگی پێ نەداوە..

---

[1] سەیرە.. بەڵگەی ئەم سستی و لاوازییەی سەیدنا مەعاز چییە خوا لێی رازی بێت.. بە راستی ئەمە تۆمەتبار کردنە! چۆن دەشێت لە خۆوە بە یاوەرێکی خۆشەویستی وەکو مەعاز بوترێت تەمەڵ و ساردو لاواز بووە لە خواپەرستیدا؟! ئەمە ئەو سەیدنا مەعازەیە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ هیدایەتدانی دانیشتوانی یەمەن ناردی؟!

لە فەرموودەی تریشدا هاتووە کاتێك کە پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کردووە، دەربارەی چاکترین کار شتێکی تری پێ فەرموون، جگە لە نوێژ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە چاکترین کار بۆ ئیماندار ئەوەیە شتێك بکات و بخوێنێت لە بوارەکانی بەندایەتیدا کەم و کوڕییەکانی بۆ پڕ بکاتەوە.. کەواتە کاتێك کەسێك فێری پاڕانەوەو یادی خوای گەورە دەکرێت پێویستە حاڵ و تایبەتمەندییە دەروونییەکانی ڕەچاو بکرێت.

بۆ نموونە دەبینین مۆسڵمانێك خۆی بەووە هەڵدەکێشێت و شانازی دەکات کە گوایە فەرمانی بە چاکە کردووەو بەرهەڵستی لە خراپە کردووە. نزیکە شەیتان لەبیری بباتەوە کە ئەوەی ئەم کردوویەتی بەهۆی هێزو دەسەڵات،یارمەتی خوای گەورەوە بووە، بۆیە پێویستە کە ئاگاداری بکەینەوە بەوەی کە یادی (لَا حَوْلَ وَلا قُوَّةَ إِلا بِاللَّهِ) زۆر دووبارە بکاتەوە، دوای ڕوونکردنەوەی تەواوی واتاو ناوەڕۆکی یادەکە. تا تێ بگات کە هەموو هێزو توانایەك لە خوای گەورەوەیەو تەنها خوای گەورە یارمەتیدەری مرۆڤە.

یەکێکی تر دەبینین کە دیمەنەکانی میهرەبانی خوای گەورە لە بوونەوەردا هیچ کاریان تێ ناکات، لە کاتێکدا کە چاوی خەڵکانی تری پڕکردووە لە سەرسامی، بەڵام ئەو چاوە دەخشێنێت بەسەریاندا بەبێ ئەوەی بیریان لێ بکاتەوە! تابلۆ جوانەکانی سروشت و بوونەوەر، وەك شاخە گەردن کەشەکان و دەریاو شەپۆلەکانی و دەشتاییە سەوزەکان و گەڵای شەکاوەی دارستانەکانی کاری تێ

ناکەن، وەك ئەوەی هیچی نەبینیبێت! لەکاتێکدا خەڵکی تر بەسەرسامی و تێڕامانەوە دەڵێن (سُبْحَانَ اللّٰهِ، سُبْحَانَ اللّٰهِ ، مَاشاءَ اللّٰه)

سُبْحَانَ اللّٰهِ، واتە: پاك و بێ گەردی بۆ خوای گەورە.. گومانی تێدا نییە ئەم نەخۆشە پێویستی بە دوعاکانی تەسبیحات هەیە ئەو تەسبیحاتەی کە خەڵکی ئاسمانەکان و زەوی هەموو دەیڵێنەوە جگە لە مرۆڤی بێ ئاگای وەك ئەمەو هەندێك لە ئێمە.. دەبێت یادی بخەینەوەو پێی بڵێین: ئایا تۆ ئەم هەموو شتە نابینیت؟ ئایا ئەم هەموو شتە بەڵگەی گەورەیی توانایی خوای گەورە نین؟ ئایا لەم کاتە ناسکە پڕ سەرسامییەدا کە ئەم هەموو دروستکراوانەی خوای پەروەردگار دەبینیت بیر لە خاوەنە بەخشندەکەت ناکەیتەوە؟ خۆزگە هەموو پەروەرشکارێك واتا و مەبەستی (تسبیح)ی بە زبانی تایبەتی خۆی بۆ قوتابییە نەخۆشەکانی روون دەکردەوە بەر لەوەی کە پێی بڵێت بە عەرەبی بیخوێنێت. بۆ ئەوەی کاتێ کە بە عەرەبی زبانی قورئان دەیخوێنی بە تەواوی واتا و مەبەست و ناوەڕۆکی ئەو یادە باڵ بکێشێت بەسەریداو کاری تێ بکات.

ئەوەش بزانین کە لە قورئاندا زۆر یادو پاڕانەوە دەستنیشان کراون و حاڵی مرۆڤی تێدا رەچاو کراوە. بۆ نموونە: ئیمانداران لە کاتێکدا رووبەڕووی دوژمنانیان دەبنەوە پێویستیان بەوە هەیە کە ترس روویان تێ نەکات و دامەزراوو خۆگربن و پێویستیان بە کۆمەك و یارمەتی خوای گەورە هەیە بەسەر کافراندا، بۆیە موسوڵمانانی پێشین لەو کاتانەدا ئەم دوعایەیان دەخوێند (رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ)البقرة/٢٥٠ واتە: خوای

پەروەردگارمان، ئارامیمان بەسەردا ببارێنەوپێمان قایم کەو بەسەر کافراندا سەرمان خە.

ئەو جادوگەرانەی کە باوەڕیان بە مووسا پێغەمبەری خوا عَلَيْهِ السَّلَام هێناو فیرعەون هەڕەشەی سزادان و کوشتنی لێکردن، پێویستیان بەوە هەبوو کە لە دەست فیرعەون رزگاریان ببێت و خوای گەورە نەیکا بە تووشیانەوە. بۆیە بەم جۆرە لە خوای گەورە پاڕانەوە (رَبَّنَا لاَ تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ)یونس/٨٥ واتە: خوایە نەمانکەیتە مایەی فیتنەی دینی (واتە هۆکاری هەڵگەڕانەوە لە دین) بۆ نەتەوە ستەمکارەکان.

کەواتە زۆر پێویستە ئاگامان لەم خاڵە بێت کە لەڕاستیدا پایەیەکی گرنگی پەروەردەی ئیسلامییە. ئەگەر بانگخوازان تووشی رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ستەمکاران بوون دەبێ یەکسەر هەمان دوعا بڵێنەوە.

یان لە کاتێکدا موسوڵمان لەگەڵ منداڵەکانیدا هەوڵ دەدات بە باشترین شێوە نوێژ بخوێنن، باشترین پاڕانەوە بۆ ئەو موسوڵمانە پاڕانەوەکەی باوکی پێغەمبەری خوا سەیدنا ئیبراهیمە عَلَيْهِ السَّلَام، کە فەرمووی: (رَبِّ اجْعَلْنِي مُقِيمَ الصَّلاَةِ وَمِن ذُرِّيَّتِي)ابراهیم/٤٠ واتە: خوایە خۆم و نەوەکانم بخەرە ریزی ئەو کەسانەوە کە نوێژخوێنن ..

یا برایەك کە تازە پەیوەندی کردووە بە کاروانی ئیمانداراناوەوو بەدەم بانگی بانگخوازانی رێگای خوای گەورەوە هاتووە واچاکە ئەم دوعا نەمرە قورئانییەی

فێربکرێت کە دەفەرموێ: (رَّبَّنَا إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلإِيمَانِ أَنْ آمِنُواْ بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الأبْرَارِ)ال عمران/١٩٣ واتە: خوایە ئێمە گوێمان لە بانگخوازێك بوو كە خەڵكی بانگهێشت دەكرد، ئەرێ خەڵكینە باوەڕ بە خوای پەروەردگاری خۆتان بهێنن، ئێمەش باوەڕمان هێنا، دەی سا خوای پەروەردگارمان تۆش لە گوناحەكانمان خۆش بەو خراپەكانمان بسڕەرەوەو لەگەڵ پیاوچاكاندا بمانمرێنە..

یان باوكێكی میهرەبان كە ئاواتە خوازە چاوی بە ژن و مناڵەكانی بگەشێتەوە بەوەی كە خوای گەورە بیانكات بە خواناس و پارێزكار، دەیەوێت بە دارشتنی خۆی لە خوای گەورە بپارێتەوە خۆزگە رێنموویی مان بكردایە بۆ بە كارهێنانی هەموو هۆیەكی چاك و دروست لە بواری پەروەردەی ژن و منداڵەكانیدا و پاش ئەوە فێرمان بكردایە كە ئەو پاڕانەوە قورئانییە بخوێنێت كە تایبەتە بە حاڵی یەكێكی وەك ئەم باوەكەوە كە دەفەرموێ: (رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَاجِنَا وَذُرِّيَّاتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا) الفرقان/٧٤ واتە: خوای پەروەردگارمان لە خێزان و نەوەكانمان كەسانی وا بخەرەوە كە ببنە مایەی چاو ڕوونیمان، خوایە بمانكە بە پێشەوای پیاوچاكان و تەقواكاران ..

هەروەها كاتێك بانگخوازێك دەیەوێت كارێك ئەنجام بدات پێویستە هۆكاری دروست بەكار بهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوعا دڵسۆزانەش بخوێنێت كە دەفەرموێ: (رَبَّنَا آتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً وَهَيِّئْ لَنَا مِنْ أَمْرِنَا رَشَدًا) الكهف/١٠ خوای

پەروەردگارمان بەزەییەکی تایبەتمان لە لای خۆتەوە بۆ بنێرەو کارەکەمان بۆ تەواو کە.

برای بانگخوازم ! ئەمانە بکەرە نموونەو بەم جۆرە بۆ هەموو کارو حاڵەتێك یادو پاڕانەوەی گونجاوو تایبەتی دیاری بکە. زۆر پێویستە لە یادو پاڕانەوەدا ئاگادرای ئەم شێوازەو ئەم ئاراستە قورئانیانە بین کە پایەیەکی بنچینەیی پەروەردەی ئیسلامییە.

ئێستا با بێینە سەر باس و راڤەکردنی سێ زیکرە سەرەکییەکە:

## داوای لێخۆشبوون

## (الاستغفار)

گومانی تێدا نییە کە مرۆڤ بەندەی خوایەو نازو نیعمەتی زۆری بەسەردا رشتووە. مرۆڤ کاتێك دەبینێت کە نیعمەت و سپاردەکانی خوای گەورەی بەو جۆرە بەکار نەهێناوە کە خوای گەورە دەیەوێت لە بواری گەشە بەخۆدان و پەروەردەی دەروون (تزکیة النفس)داو بە تەواوی سوودی لێ وەرنەگرتووە یا فەرمانێکی بەجێ نەهێناوە، یاخود حەرامێکی ئەنجام داوە، ئەو کاتە داوا لەپەروەردگاری دەکات لێی خۆش بێت و شەرمەزارییەکانی بپۆشێت و بە پەشیمانیەوە دەڵێت (استغفر الله) واتە: داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەم.. ئەمە یادێکی گشتییەو پێویستە هەموو ئیمانداران بەردەوام بیڵێنەوە

چونکە هەموو ئیمانداریك پلەو پایەی ئیمانی هەر چەندێك بێت بەشی خۆی کەمتەرخەمی هەیە لە بواری بەندایەتیدا.. ئایا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەگەیشتووەتە بەرزترین پلە و پایە؟ بەڵێ، بێگومان.. لەگەڵ ئەوەشدا دەفەرموێ: من لە ڕۆژێکدا حەفتا جار یاخود سەد جار داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەم..[1] کەواتە پێویستە هەموو ئیمانداریك داوای لێخۆشبوون لەخوای گەورە بکات و لە هەموو شەوو ڕۆژێکدا چەند جار دووبارەی بکاتەوە، بەمەرجێك ڕەچاوی تێگەیشتنی تەواو لە واتای یادەکەو هۆی داواکردنەکەی بکات.

ئەگەر هەر بەندەیەکی خوای گەورە لە شەووڕۆژدا حەفتا جار یاخود زیاتر داوای لێخۆشبوونی لە خوای گەورە کردو مەرجەکانی یادو داواکەی تێدابوو ئەوە ئەگەر خوای گەورە بیەوێت هیچ ئاسەواری گوناهی بەسەرەوە نامێنێت.

---

[1] نوسەرانی بەڕێز ئەم فەرموودەیان هەر ئاوا بە مانا کوردیەکەی هێناوەتەوە، بێ ئاماژە بە سەنەدو پلەی.. ئەو فەرموودەیەی حەفتاجاری تێدایە یان زیاتر ریوایەتێکی بوخاریە (٥٨٦٣) کە دەفەرموێ: (أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ فِي الْيَوْمِ أَكْثَرَ مِنْ سَبْعِينَ مَرَّةً) ریوایەتی تریش هەیە دەفەرموێ: (وَاللهِ إِنِّي لَأَسْتَغْفِرُ اللهَ، وَأَتُوبُ إِلَيهِ فِي الْيَومِ أَكْثَرَ مِنْ سَبْعِينَ مَرَّةً) شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی لە (صحيح الجامع ٧٠٩١) دا بە سەحیحی ناساندووە.. هەروەها فەرموودەی: (اِسْتَغْفِرُوا رَبَّكُمْ إِنِّي أَسْتَغْفِرُ اللهَ وَ أَتُوبُ إِلَيهِ كُلَّ يَومٍ مِئَةَ مَرَّةٍ) واتە: داوای لێبوردن لە خوای خۆتان بکەن، من ڕۆژانە سەد جار داوای لێبوردن و تۆبە قبووڵ کردنی لێدەکەم.. شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی دەربارەی لە (صحيح الجامع ٩٤٤) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

# التهليل

## (لا الهَ إلّاَاللّهُ)

به داوای لێخۆشبوون (الاستغفار) موسوڵمانی گوناهبار دەگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورەو واز لە هەموو پەرستراوەکانی تر دەهێنێت، کە حەزو ئارەزووی خۆی یەکێکە لەوانە! جا گەڕانەوەی ئەم ئیمانداره بۆ لای خوای تاك و تەنیا، وا پێویست دەکات هەموو بوارەکانی ژیانی بگرێتەوە، ئەمەیە واتای بەندایەتی بۆ خوای گەورە، لێرەشەوە پێویستی دووبارە کردنەوەی (لا الهَ إلّاَاللّهُ) دەردەکەوێت کە لە واتاکەیدا هەموو جۆرە خوایەك جگە لە خوای گەورە وەلا دەنێت و خۆ تەسلیم بە خوای گەورەی تاك و تەنها دەکات .

(لا الهَ إلّاَاللّهُ) واتە: هیچ فەرمانڕەواو فریاد ڕەسێك نییە جگە لە الله. خوزگە کە کەسێك دەبینین لەوانەی کە هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دەکەین لەوانەی ڕیابازیی دەکەن و حەزو ئارەزووی خۆیان دەپەرستن و ئەو لە گوێ ڕایەڵی و پەرستندا دەکەنە هاوبەشی خوای گەورە، ئاگادارمان بکردایەتەوە کە کاری مرۆڤ بە ڕیابازییەوە وەرناگرێت و حەتمەن بە ناوچاویدا دەدرێتەوە.. هەموو کارێکی دینداری و هەموو پەرستنێك دەبێ هەر بۆ خوای گەورەو لەبەر خوای گەورە بکرێت. چونکە تەنها هەر ئەو پەرستراوی ڕاستەقینەیە و هیچ هاوبەشێکی نییە هەروەها پێی بڵێین: ئایا نازانیت کە هاوبەشت بۆ خوای گەورە داناوە لە فلان کاردا؟! نازانیت کە حەزو ئارەزووی خۆت یا هی خەڵکی ترت لە کارەکانتدا کردووە بە هاوبەشی خوای گەورە ئینجا پێی بڵێین دەبێت لە شەوو ڕۆژدا ئەوەندە جار (لا

الهَ إلّاَاللّهُ) بخوێنیت. ژمارەی جارەکانیش بە گوێرەی حاڵی ئەو کەسە لە لایەن پەروەرشکارەکەیەوە دیاری بکرێت. دواى تێگەیاندنی لە واتا و مەبەستی ویردەکە ئەوەشی بۆ روون بکرێتەوە کە هەموو کارێك دەبێت تەنها بۆ خوای گەورە ئەنجام بدرێت.. ئەمەش یەکێکە لە مەبەستەکانی (لا الهَ إلّاَاللّهُ).

## سڵاوات دان لەسەر پێغەمبەری خوا

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

کاتێك ئیماندار بەداواکردنی لێخۆشبوون لە خوای گەورە وازی لە هەموو خوا قەستینەکان هێناو چووە گۆڕەپانی بەندایەتی دڵسۆزانە بۆ خوای گەورەی تاك و تەنها بە تێگەیشتن و داننان بە ووتەی دڵسۆزی (الإخلاص) دا بەندایەتی لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا بوو بە خەسڵەتی، ئەو کاتە ئەبێ بیر بکاتەوە کە چۆن و بە هۆی کێوە هاتۆتە ناو ئەم گۆڕەپانەو خوای گەورە لای لێ کردۆتەوەو رێزی لێ گرتووەو ئەم ئایینەی بۆ ناردووەو بووە بە بەندەی خوای گەورەو لەدەست هەموو بەناو خواکانی دنیا رزگاری بووە؟ ئەبێ بزانێت ئەگەر هەوڵ و تێکۆشانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەبوایە ئیمانداران نەدەگەیشتنە پلەو پایەی بەندایەتی بۆ خوای گەورە، کەواتە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چاکەو منەتی بەسەر ئیمانداراناوە زۆرە.. جودا لە هەموو نیعمەتەکانی تری خوای گەورە، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە ئیزن و رەزای پەروەردگار بووە هۆی دەسکەوتنی ئەو نیعمەتە گەورەیە کە هیدایەت و ئیمانە.. لەبەر ئەمە دەبێ سوپاسی بکەین و رێزی لێ بگرین وەك گوتراویشە هەر کەسێك

سوپاسی خەڵك نەکات سوپاسی خوای گەورەش ناکات..[1] بۆیە دەبێ شێوازێکی گونجاوو شیاو بۆ سڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دیاری بکەین کە خۆی بۆ خۆی فێری کردووین..

کەسانی تریش هەن کە لە گەیاندنی ئایین و بەرنامەی خوای گەورەدا چاکەو منەتیان بەسەرمانەوە هەیە، کە ئەوانیش بریتین لە ئالی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، واتە کەسوکارە نزیەکانی.. ئەگەر بەهۆی هەوڵ و تێکۆشانی ئەوانەوە نەبوایە ئەم ئایینە بە ئێمە نەدەگەیشت..

زۆر باس لە ووشەی (ئال) کراوە کە مانای چییە؟! پەسەندترینیان ئەوەیە کە (ال) یارە پێشینەکان و شوێن کەوتوانیانن (وَالسَّابِقُونَ الأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ)التوبة/١٠٠ واتە: پێشینانی یەکەم لە کۆچکەران و یاریدەدەران و ئەوانەی بە جوانی و چاکی شوێنیان کەوتن.. ئەوەتا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆی تێکۆشان و گرنگییان هەڵدەسەنگێنێت و لەکاتی گەرمەی جەنگی بەدردا دەفەرموێ: (اللَّهُمَّ إِنْ تُهْلِكْ

[1] ئەوە فەرموودەی سەحیحەو ریوایاتی جیاوازی هەیە لەوانە: (لا يَشْكُرُ اللهَ مَنْ لَا يَشْكُرُ النَّاسَ) واتە: ئەوی سوپاسی خەڵکی نەکات سوپاسی خواش ناکات.. شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە (صحيح الادب المفرد ١٦٠)دا دەفەرموێ: سەحیحە..

هَذِهِ الْعِصَابَةَ فَلَنْ تُعْبَدَ فِي الْأَرْض)[1] واتە ئەی خوای گەورە ئەگەر ئەم تاقمە تیابچێت ئەوە ئیتر لەسەر زەویدا ناپەرسترێیت.[2]

ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە! خوای گەورە ویستی وایە کە هەموو شتێك هۆکاری ببێت و لە هەموو سەردەمێکدا گەیاندنی ئاین و پەیامەکەی داوە بەسەر شانی پیاوانی چاکدا کە بیگەیەننە دوای خۆیان، کەواتە ئەگەر لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی ئەم ئوممەتەدا تا ئەم سەردەمە شوێنکەوتوانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەبوونایە، ئێمە هەر لەو نیعمەتە گەورەیە دوور

---

[1] نوسەرانی بەڕێز بێ سەنەدو پلە ئەمەیان بە مانا هێناوەتەوە.. ئەمە فەرموودەی سەحیحی موسلیمە (ژمارە ١٧٦٣) کە دەفەرمویێ: (اللَّهُمَّ أَنْجِزْ لِي مَا وَعَدْتَنِي، اللَّهُمَّ آتِ مَا وَعَدْتَنِي، اللَّهُمَّ إِنْ تُهْلِكْ هَذِهِ الْعِصَابَةَ مِنْ أَهْلِ الإِسْلامِ لا تُعْبَدْ فِي الأَرْضِ) واتە: خوایە ئەو بەڵێنەی پێت دابووم بۆم ببە سەر، خوایە ئەو پەیمانەی پێت دابووم بۆم ببەرە سەر، خوایە هاوار، ئەگەر ئەم تاقمەی ئەهلی ئیسلامەتی بفەوتێنیت ئیتر لەسەر زەویدا ناپەرسترێیت..

[2] نازانم چۆن نوسەرانی بەڕێز ئەمەیان کردۆتە بەڵگەی ئەوەی کە ووشەی قورئانی (ئال) هەموو ئیماندارانی یاوەران و پشتیوانانیان بگرێتەوە؟! ئەدی تایبەتمەندێتی خزم و کەسی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە کوێدایە؟! ئەمەی نوسەران بۆی چوون وا دیارە ئیجتیهادێکی خۆیانەو زۆر دوورە لە لێکدانەوەی ئەهلی تەفسیرو زمانەوانان، چونکە بەڵێ راو بۆچوونی زۆری لەسەرە بەڵام هەموویان لە بازنەی خزم وکەسوکاری پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەرناچن.. موناقەشەیان لەسەر ئەوەیە کە ئایا ژنەکانیشی لەو ئالە هەژمارد دەکرێن یان نا؟! ئایا بۆچوونی شیعە راستە کە دەڵێن: ئەو ئالە تەنها ئەولادی فاتیمەدەگرێتەوە؟! یان وەکو ئەهلی سوننەت دەفەرموون هەموو کەسوکارە نزیکەکانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەگرێتەوە بە مەرجی ئیمانداریێتی..

دەبووین! بۆیە واجبە لەسەر ئیمانداران وەفای خۆیانیان بۆ دەربڕن و لە خوای گەورە بپاڕێنەوە کە چی شیاوە بۆیان پێیان بدات.

ئەو دەربڕینە گونجاوەش کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆی دیاری کردووەو داوای لە ئیمانداران کردووە کە هەر ئەوە بەکاربهێنن ئەوەیە کە دەفەرموێ: (اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّد وَعَلَى آلِ مُحَمَّد كَمَا صَلَّيْت عَلَى إِبْرَاهِيم وَعَلَى آل إِبْرَاهِيم وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّد وَعَلَى آلِ مُحَمَّد كَمَا بَارَكْت عَلَى إِبْرَاهِيم وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيم فِي الْعَالَمِينَ إِنَّك حَمِيد مَجِيد).[١]

**الصَلاة:** واتە پاڕانەوەو داواکردنی نیعەتێك کە بەخشینی نیشانەی ڕێزو پلەو پایەی بەرزی پێ بەخشراوەکەیە، جا کە دەڵێین (اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّد وَعَلَى آلِ مُحَمَّد) واتە: خوای گەورەی ئەو نیعمەتانە بڕێژە بەسەر محمد دا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە پلەو پایەو گەورەیی بۆ مسۆگەر دەکەن، هەروەها بەسەر شوێن کەوتوانیشیدا هەر یەکە بە گوێرەی پلە و پایەی خۆی (كَمَا صَلَّيْت عَلَى إِبْرَاهِيم وَعَلَى آل إِبْرَاهِيم) هەروەك چۆن نیعمەتت بەسەر ئیبراهیمدا ڕشت خوای گەورە تۆ سوپاسکراوو ڕێز لێگیراوێت. (وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّد وَعَلَى آلِ مُحَمَّد كَمَا بَارَكْت عَلَى إِبْرَاهِيم وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيم فِي الْعَالَمِينَ إِنَّك حَمِيد مَجِيد) وە ئەو نیعمەتە زۆرترو بەردەوام بکە لەسەر محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و شوێنکەوتوانی، هەروەك چۆن

[١] نوسەرانی بەڕێز ئەم فەرموودەشیان بێ سەنەدو پلەی هێناوەتەوە، ئەمە متفق علیەیەو ئەمەش لەفزی بوخارییە کە ژمارەکەی لە سەحیحەکەیدا (٥٩٩٦)ە.

زۆرو بەردەوامت کرد بەسەر شوێنکەوتوانی ئیبراهیمدا، تۆ سوپاسکراوو ڕێز لێ گیراویت .

**البركة:** زۆرکردن و بەردەوام کردنی نیعمەتەکانە.

ئەم دارِشتن و دەربڕینە بەهێزترین و ڕاسترین سڵاواتە کە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕراوەتەوە. هەموو دەزانین کە سڵاوات جۆرێکە لە پەرستن (عبادة) کەواتە پێویستە ئەو دارِشتن و دەقە بخوێنین کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی پێداوین کە بیخوێنین.

بەم جۆرە دەبینین پێغەمبەری خۆشەویست صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چاکەی زۆری هەیە بەسەر هەموو موسوڵمانێکەوە.. بەڕاستی گەورەترین چاکە گەیاندنی نیعمەتی ئایینەکەی پەروەردگارە.. بۆیە دەبێ باوەڕدار ڕێزی لێ بگرێت و پلەو پایەی بە گەورە سەیر بکات و ئەمەکداری بێت و سوپاسی خۆی بۆ دەرببڕێت..

یەکێك لە ئەرکەکانی ئێمەی بانگخوازی ڕێگەی خوای گەورە ئەوەیە کاتێك کە دەبینین کەسێك لە ڕێزی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بێ ئاگایەو نازانێت چەندێك چاکەو منەتی بەسەریەوە هەیە، دەگونجێ سڵاواتی لەسەر بدات بەڵام واتا و مەبەستی سڵاواتەکە نەزانێت و هیچ کاری تێ نەکات و ئاسەوار لەسەر دانەنێت، ئەوە دەبێت ئاگادرای بکەینەوەو واتاو مەبەستی سڵاواتی بۆ ڕوون بکەینەوەو بۆی باس بکەین کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆری چاکە بەسەرمانەوە هەیە.

بەم جۆرە بینیمان مرۆڤی ئیماندار بە داوای لێخۆشبوون (الاستغفار) باری دەروونی ئامادە دەبێت بۆ نزیك بوونەوە لە خوای گەورە بە (لا الهَ إلّااللّهُ) ملی رێگەی بەندایەتی دەگرێت و بە سڵاواتدان لەسەر پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەرك و ئەمەکداری و سوپاسی خۆی بەجێ دێنێت بەرامبەر بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و شوێنکەوتوانی.

لە کۆتاییدا داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەین و داواکارین لە ریزی دەستەی دڵسۆزەکاندا بمانژمێریت، ئامین..

# وانەی حەوتەم
## کردەوەی چاك

(وَالْعَصْرِ * إِنَّ الإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ * إِلاَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ)

هاوەڵانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێش ئەوەی لە یەکتری جیا ببنەوە ئەم سوورەتەیان بەسەریەکتردا دەخوێند. ئینجا خواحافیزیان لەیەکتر دەکرد..[1]

ئیمامی شافیعی[2] ڕەحمەتی خوای لێ بێ فەرموویەتی: ئەگەر خەڵکی بە چاکی و وەك خۆی لەم سورەتە تێ بگەن، بەسیانە ..[3]

لە هەر شوێنێکی قورئانی پیرۆزدا کە باسی باوەڕ دەکرێت یەکسەر بە کرداری چاکەوە دەبەسترێتەوە. چونکە کردەوەی چاك بەڵگەیە لەسەر هەبوون و کاریگەریی ئەو باوەڕە..

ئەم سورەتە ڕاستیەکی تریش دەردەخات کە دەفەرموێ: مرۆڤ هەموویان لە زەرەردان جگە لەوانەی باوەڕەکەیان بە کردارە باشەکانیان دەبەستنەوە. بۆ

[1] ئیمامی ئیبنوکەسیر لە تەفسیرەکەیدا (تفسير القران العظيم ٤/٤٩٩) هێناویتیەوە.
[2] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.
[3] ئەویش هەر لە (تفسير القران العظيم ٤/٤٩٩) دا هەیە.

بەرچاو روونی و باشتر تێگەیشتن پێویستە پێناسەی تەواوی کرداری باش بکەین داخۆ کامەیە؟ مەرج و پێداویستییەکانی چین؟ بەڵگەی بوون یان نەبوونی چییە؟ پووچەڵبوونەوەی کرداری چاکیش بەچی دەبێت؟

**کرداری چاك:** هەموو ئەو هۆکارانەن کە موسوڵمان لە خوای گەورە نزیك دەکەنەوە، وەکو نیازێکی دڵ، ووتەیەك، یا کردارێك کە خوای گەورە پێی رازییە، یا پارێزکاری و خۆ دوورگرتن و وازهێنان لە شتێك کە خوای گەورە بەرهەڵستی لێکردووە.

ئەمەش ئەوە دەخوازێت هۆشمان لای ئەم خاڵانەی خوارەوە بێت:

١- باوەڕهێنان پێش کردارە، کردار بێ باوەڕ هێنان هیچ نرخێکی نییەو لە قیامەتدا داد نادات..

جارێك چەند یاوەرێك لای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسی ئیبنو جەدعانیان[١] کرد، فەرموویان: ئەو ناندەرێکی چاك بوو، زۆر سەردانی خزم و کەسوکاری دەکرد، تۆ بڵێی سوودێکی پێ بگەیەنێت؟! پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: نەخێر! چونکە ئەو جارێك بە زاریدا نەهات بڵێت: خوایە لە رۆژی قیامەتدا لە تاوانەکانم ببورە.. واتە: عەقیدەی تەواو نەبوو.[٢]

---

[١] بۆ ناسینی برۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

[٢] ریوایەتی لای ئیمامی موسلیمە لە دایکە عائیشەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە جارێك ئەو لە پێغەمبەری نازاداری یلی الله علیه وسلم پرسی : (يَا رَسُولَ اللَّهِ! ابْنُ جُدْعَانَ, كَانَ فِي

هەروەها جارێکی تر پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەکچی حاتەمی تائی[1] فەرموو: ئەگەر باوکت موسوڵمان بوایە دوعای خێرمان بۆ دەکرد.. [2] تهذيب السيرة٢٥٣.

٢- کرداری باش دوو مەرجی سەرەکی هەیە:

**یەکەم:** تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوا ئەنجام درا بێت .

**دووەم:** بە پێی شەرع بێت.

٣- پێویستە ڕەفتارەکە (گوفتارە یان کردار) شەرعی بێت، بۆ ئەوەی خاوەنەکەی بچێتە بەهەشتەوە، چونکە هەرچەندە مرۆڤ کردەوەکانی زۆر چاك و بەرچاویش بن بەڵام لە بەرامبەر بەهەشتدا هیچ نین..

---

الْجَاهِلِيَّةِ؛ يَصِلُ الرَّحِمَ، وَيُطْعِمُ الْمِسْكِينَ، فَهَلْ ذَاكَ نَافِعُهُ؟ قَالَ: لَا يَنْفَعُهُ؛ إِنَّهُ لَمْ يَقُلْ يَوْمًا: رَبِّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدِّينِ). موسلیم (٢١٤).

[1] ناوی (سەفانە)یە، بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

[2] نوسەرانی بەڕێز وەکو سەرچاوەی لێوەرگرتن نوسیویانە (تهذيب السيرة ٢٥٣) بەڵام دیارە ئەمە کە فەرموودەیە دەبێت لە سەرچاوەکانی فەرموودەوە بهێنرێتەوە سەنەدو پلەشی بناسێنرێت.. ئەمە بەرپرسێتی ئەمانەتە. زۆرینەی توێژەرەوەکانی فەرموودە دەربارەی ئەم ریوایەتە فەرموویانە زەعیفەو هەندێکیشیان فەرموویانە هەڵبەستراوە.. ئیمامی بەیهیقی لە (دلائل النبوة ٣٤١/٥)دا هێناویتیەوە.. شێخ مەشهوور حەسەن لە کتێبەکەیدا (قصص لا تثبت٧٩.٧٨/٢) هێناوێتیەوەو بە تەفسیل توێژینەوەی دەق و سەنەدەکەی کردووەو هۆکاری بە هەڵبەستراو دانانەکەشی دیاری کردووە..

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جارێك فەرمووی هیچ کەس بە کردەوەکانی خۆی ناچێتە بەهەشتەوە ووتیان تۆش ئەی پێغەمبەری خوا؟! فەرمووی بەڵێ منیش! مەگەر بە بەزەیی خوای گەورە ..[1] ترمزی گێڕاویەتیەوە.

خوای گەورە دەفەرموێ: (جَزَاءِ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) الواقعة/٢٤ واتە: ئەوە لە پاداشتی ئەوەدایە کە دەیانکرد.. لێرەدا ئەوە روون دەبێتەوە کە کردەوەکانمان لە بەرامبەر بەهەشتدا هیچ نین، چونکە تەمەنی ئێمە زۆر کورتە، درێژترین تەمەن ناگاتە (١٥٠)ساڵ، ئەگەر هەمووشی بۆ خواپەرستی تەرخان بکرێت (کە ناشکرێت) لە بەرامبەر رەزامەندی خوای گەورەو پاداشتی بەهەشتدا هیچ نییە.. بەهەشت بڕانەوەی نییە، ئیتر ماوەیەکی کورتی دنیایی بەرامبەر چ لایەنێکی نەبڕاوەی بەهەشتە؟! بەڵام خوای گەورە بە میهرەبانیی خۆی بەهەشتەکە بە موسوڵمان دەبەخشێت.

ئیمامی ئیبنولقەییم[2] لە کتێبی (الجواب الكافي)[3] دا ئاگادارییەکمان بیر دەخاتەوەو دەفەرموێ: هەر کەس فراوانی رەحمەت و لێخۆشبوونی خوای گەورە

---

[1] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە کە ترمزی گێڕاێتیەوە، لە ترمزی و توێژینەوەکانیدا نەمدۆزیەوە بەڵام فەرموودەکە متفق علیە نێوان بوخاری و موسلیمە، لای بوخاری (٨١) هو لای موسلیم (٣٣٨) ئەمەش دەقی لەفزی ئیمامی موسلیمە : (قَارِبُوا وَسَدِّدُوا وَاعْلَمُوا أَنَّهُ لَا يَنْجُو أَحَدٌ مِنْكُمْ بِعَمَلِهِ، قَالُوا: وَلَا أَنْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ : وَلَا أَنَا إِلَّا أَنْ يَتَغَمَّدَنِي اللَّهُ بِرَحْمَةٍ مِنْهُ وَفَضْلٍ)..

[2] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

[3] لاپەڕە ١٣-١٥

وا تێبگات كە ئیتر پێویستی بە كرداری باش نییەو هەر چیەك ئەنجام بدات خوای گەورە هەر لێی ناگرێت، ئەوە كەوتۆتە هەڵەیەكی زۆر گەورەوە. پێویستە ئەوە بزانێت كە خوای گەورە لە قیامەتیشدا سزای زۆر توندو سەختی هەیە..

شێخ حەسەنی بەسری[1] ڕەحمەتی فەرموویەتی: (زۆر كەس هەن هیواو ئاواتی لێخۆشبوون ئەوەندە بێئاگایان دەكات تا بێ تۆبە كردن لە جیهان دەردەچن، ڕەنگە بڵێن ئێمە گومانی باشمان بە خوای خۆمان هەیە! بەڵام ئەمە لە جێی خۆیدا نییە.. ئەگەر گومانی باشیان بە خوای گەورە هەبوایە كردەوەی باشیان دەكرد).[2]

## كرداری باش پێویستە چونكە:

١- كرداری باش لە دنیاو قیامەتدا سوود بە مرۆڤ دەگەیەنێت. لە دنیادا ئەو كەسە خاوەن ڕێزو قەدر دەكات، بەری چاكە هەر چاكەیەو چی بچێنی ئەوە دەدوریتەوە.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی (مَا أَكْرَمَ شَابٌّ شَيْخًا لِسِنِّهِ إِلَّا قَيَّضَ اللَّهُ لَهُ مَنْ يُكْرِمُهُ عِنْدَ سِنِّهِ) ترمذي گێڕاویەتیەوە[3] واتە:

---

[1] بۆ ناسینی برِۆ بۆ پاشكۆی پێناسەی كەسایەتیەكان.

[2] ئیمامی ئەحمەد لە كتێبی (الزهد ل٤٠٢ )دا گێڕاوێتیەوە..

[3] بەڵێ ترمزی گێڕاوێتیەوە(١٥٢/٣)، بڕوانە (تحفة الاحوذی شرح سنن الترمذی ٢٠٢٢) هەر ئیمامی ترمزی خۆی دەربارەی فەرموویەتی ( حديث غريب). ئەمما شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی لە (سلسلة الاحاديث الضعيفة٣٠٤/١)دا دەربارەی دەفەرمویَ: مونكەرە. مونكەر جۆرێكە لە جۆرەكانی فەرموودەی زەعیف.

هەر گەنجێك لەبەر پیری رێز لە پیاوێك بگرێت لە کاتی پیرێتیدا خوای گەورە یەکێکی بۆ رام دەکات رێزی لێ بگرێتەوە.

کردای چاك شوێنکار لە باوکەوە بۆ نەوەکانی پاش خۆی بەجێ دەهێڵێت.. بۆ نموونە کاتێك سەیدنا موسا عَلَيْهِ السَّلَام لەگەڵ پیاوە چاکەکەدا دەچنە لای دێیەکەوەو دەیانەوێت دیوارە رووخاوەکە چاك بکەنەوە . کە هی دوو هەتیو بوو . خوای گەورە لە بارەیانەوە دەفەرموێ: (وَأَمَّا الْجِدَارُ فَكَانَ لِغُلامَيْنِ يَتِيمَيْنِ فِي الْمَدِينَةِ وَكَانَ تَحْتَهُ كَنزٌ لَّهُمَا وَكَانَ أَبُوهُمَا صَالِحًا) الكهف/٨٢ واتە: بەڵام دیوارەکە لە دێیەکەدا هی دوو بێباوك بوو، گەنجینەیەك لە ژێریدا حەشار درابوو، باوکیشیان پیاوچاکبوو. ئیبن کثیر دەفەرموێ: ئەم ئایەتە ئەوەی تێدایە کە باشيی و چاکيی باوك کاریگەریی لەسەر منداڵەکانی لە دنیاو قیامەتدا هەیەو دەتوانێت شەفاعەتیان بۆ بکات.[1]

کرداری چاك لە قیامەتیشدا هاورێی خاوەنەکەیەتی: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إذَا مَاتَ ابْنُ آدَمَ تَبِعَهُ ثَلاثٌ: أَهْلُهُ وَمَالُهُ وَ عَمَلُه، فَيَرْجَعُ اثْنَانُ وَيَبْقَى وَاحِدٌ فَيَرْجَعُ أَهْلُهُ وَمَالُهُ، وَيَبْقَى عَمَلُهُ) متفق علیه .[2]

---

[1] ابن کثیر: تفسیر القرآن العظیم ٩٤/٣.

[2] ئەوەی نوسەرانی بەرێز هێناویتیانەوە لەفزی جیاوازی موسلیمە، ژمارە (٥٢٦٠)ه، بەڵام لەفزی هاوبەشی بوخاری (٦٥١٤)، موسلیم (٢٩٦٠) ئاوا دەفەرموێ: (يَتْبَعُ الْمَيِّتَ ثَلَاثَةٌ فَيَرْجِعُ اثْنَانِ وَيَبْقَى وَاحِدٌ يَتْبَعُهُ أَهْلُهُ وَمَالُهُ وَعَمَلُهُ فَيَرْجِعُ أَهْلُهُ وَمَالُهُ وَيَبْقَى عَمَلُهُ). نەك وەك ئەوەی نوسەرانی بەرێز لە سەرەوەدا بێ سەنەدو پلە هێناویانەتەوە!

کاتێك مرۆڤێك دەمرێت کەس و کارو سامانەکەی دەگەڕێتەوە دواوەو تەنها کردەوەکانی لەگەڵیدا دەڕۆن.

لە یەکێك لە پیاو چاکانیان پرسی بۆ چاکەخوازیت هەڵبژارد؟ فەرمووی دۆست و خۆشەویستان دەبینم یا خیانەت لە یەکتر دەکەن یان یەکتر جێ دێڵن! ئەگەر وەفاشیان بۆ یەك هەبێت ناچنە ناو گۆڕی یەکترەوەو فریای یەکتر ناکەون، منیش چاکەکارییم کردە دۆست و خۆشەویست تا هەرگیز لێم جودا نەبێتەوە.[1]

جارێك عبداللهی کوڕی عومەر[2] خوای گەورە لێی رازی بێت کۆمەڵێکی بینی سێبەریان بۆ گۆڕێك دروست دەکرد، پێی فەرموون: واز لەوە بێنن، کردەوە سێبەری گۆڕە.[3]

٢- کردەوەی باش لە قیامەتدا زۆر پێویستە، چونکە لێپرسینەوەو دادگەریی خودایی زۆر ووردو سەختە. خوای گەورە لە وەسفی ئەو رۆژەدا دەفەرموێ: (فَمَن

---

[1] لە کوێوەو لە چ لایەنێکەوە بگەڕێیت بۆ سەنەدی وا مەجهوول؟! لە یەکێك لە پیاوچاکانیان پرسی!! پیاوچاکەکە کێیە؟ کێ لێی پرسی؟ کەی بوو، لە کوێ بوون؟ لە کوێوە زانیتان ئەم ریوایەتە راستە؟! ئاخر نوسەری ئیسلامی چۆن دەبێت ریوایەتی مێژوویی ئاوا بخاتە بەر دەست؟! ئەیهاوار.. ئەمە لە قسەی مەلایەکی لادێی کوردەواریی زەمانی عوسمانلی دەچێت وەك لە ریوایەتێکی ئەدەبیاتی ئیسلامی..

[2] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

[3] زۆریش بەدوای ئەم چیرۆك و ریوایەتەدا گەڕام چاوم بەر هیچ سەرچاوەیەك نەکەوت.. بە داخەوە.

يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ * وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ) الزلزلة/٧-٨ واتە: هەر کەسێك هێندەی تۆزە گەردێك چاکەی کردبێت لە ڕۆژی قیامەتدا دەیبینێتەوە.

لە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە کە هەر کەس لە ئێوە کە خوای گەورە لە قیامەتدا قسەی لەگەڵدا دەکات، وەرگێڕ لە نێوانیاندا نابێت. کە سەیری لای ڕاست دەکات تەنها کردەوەکانی دەبینێت، کە سەیری لای چەپ دەکات تەنها کردەوەکانی دەبینێت، کە سەیری پێش خۆی دەکات ئاگرێك دەبینێت بەرەو ڕووی دێت.. ئەگەر بە خێری لەتە خورمایەکیش بێت، خۆتان لەو ئاگرە بپارێزن.. متفق علیه.[1]

موترەفی کوڕی عەبدوڵڵای جەرشی[2] دەگێڕێتەوە: شوێن جەنازەیەك کەوتم بۆ گۆڕستان، کە گەڕاینەوە دوو ڕکات نوێژی کورتم کرد، پاشان نووستم، لە خەومدا مردووەکەم بینی پێی ووتم: دوو ڕکات نوێژت کردو نەتویست درێژی

---

[1] بەڵێ فەرموودەکە متفق علیه یە، لای بوخاری ژمارە (٦٥٣٩) یەو لای موسلیم ژمارە (١٠١٦) یەو ئەمەش لەفزەکەیەتی: (مَا مِنْكُمْ مِنْ رَجُلٍ إِلَّا سَيُكَلِّمُهُ رَبُّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَيْسَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهُ تُرْجُمَانٌ فَيَنْظُرُ أَيْمَنَ مِنْهُ فَلَا يَرَى شَيْئًا إِلَّا شَيْئًا قَدَّمَهُ ثُمَّ يَنْظُرُ أَشْأَمَ مِنْهُ فَلَا يَرَى شَيْئًا إِلَّا شَيْئًا قَدَّمَهُ ثُمَّ يَنْظُرُ تِلْقَاءَ وَجْهِهِ فَتَسْتَقْبِلُهُ النَّارُ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَنْ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يَقِيَ وَجْهَهُ حَرَّ النَّارِ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ فَلْيَفْعَلْ).

[2] موتەڕیف نەك موترەف. بڕوانە پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

کەیتەوە، ئەگەر منیش دوو رکاتی لەو جۆرەم بکردایە لە هەموو دنیا بۆم باشتر دەبوو.[1]

٣- پلەو ئاستی خەڵکی لە قیامەتدا بەپێی کردەوەکانیانە:

أ- یەکەم دەستە موسوڵمان کە دەچنە بەهەشتەوە رەنگ وروویان وەك مانگی چواردە دەدرەوشێتەوە، ئەوانەی پاش ئەوان وەك ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمان دەبن.. بخاری مسلم گێڕاویانەتەوە.[2]

ب- لە ئاستی رێزگرتندا لە جەنگی موئتەدا ژمارەی موسوڵمانەکان سێ هەزار کەس بوون، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی فەرموون: فەرماندەتان زەیدی کوڕی حاریسە بێت، ئەگەر پێکرا ئەوا جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب بێت، ئەگەر ئەویش پێکرا با عبداللەی کوڕی رەواحە[3] ببێتە فەرماندەیی موسوڵمانان و ئاڵاکە بگرێتە دەست.. بەڵام کە موسوڵمانان گەیشتنە مەیدانی جەنگ بینیان

[1] زۆرم لەسەر ئەم پیاوچاکەی تابعین لە سەرچاوە سەرەکیەکانیەوە خوێندەوە بە داخەوە ئەم بەسەرهاتەم نەدۆزیەوە..

[2] نوسەرانی بەرێز وەکو دیارە هەر بە مانا ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوەو نوسیویانە بوخاری موسلیم.. ئەم باسە چەندین ریوایەتی سەحیحی لەسەرە، لە فتح الباری شەرح سەحیحی بوخاری لە (٣١٨/٦ )یەو لە موسلیمدا ژمارە (٢٨٣٤)یەو ئەمە لەفزەکەیەتی: (أَوَّلُ زُمْرَةٍ تَلِجُ الْجَنَّةَ صُورَتُهُمْ عَلَى صُورَةِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ) زیادەکەش کە دەفەرموێ: (والزُّمْرَةُ الثَّانِيةُ عَلَى مِثْلِ أحْسَنِ كَوْكَبٍ دُرِّيٍ فِي السَّمَاءِ) لای ترمزی (ژمارە ٢٥٣٤) کە شێخی ئەلبانی لە توێژینەوەیدا لە (صحيح سنن الترمذي ٢٥٣٥)دا دەفەرموێ: سەحیحە..

[3] بۆ ناسینی هەر سێکیان بڕوانە پاشکۆی کەسایەتیەکان..

رۆمەکان سەد هەزار کەس بوون و گاورە یارمەتی دەرەکانیشیان سەد هەزاری تر، ئەمانیش هەر سێ هەزار!! شەڕ دەستی پێکرد. زەیدی کوڕی حاریسە پێکراو شەهیدبوو، پاشانیش جەعفەر! کە عبداللەی کوڕی ڕەواحە ئاڵاکەی گرتە دەست زانی کە شەهید دەکرێت، نەفسی هەڵوێستەیەکی پێکرد، بەڵام خێرا خۆی کۆکردەوەو بە نەفسی خۆی فەرموو: خۆ لێرەش نەبێت هەر دەبێت بمریت، ئیتر بۆچی بە دەم ئەم شەهیدییەوە ناچیت؟ ئینجا ئەمیش شەهید بوو، خوای گەورە لێان رازی بێت.. پاشان خالیدی کوڕی وەلید سوپاکەی کۆکردەوەو بە نەخشەکی وورد پاشەکشەی کردو سوپاکەی رزگار کرد.. فقه السیرە غزالی.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خەوی پێوە بینینن و بۆ هاوەڵانی گێڕایەوە: زەیدو جەعفەر عبداللە هەرسێکیان لەسەر تەختی ئاڵتون بەرزکرانەوە بۆ بەهەشت بەڵام تەختەکەی عبداللە کەمێك لە هی ئەوان نزمتر بوو پرسیم: ئەوە بۆ وایە؟ پێیان ووتم: ئەوان بێ راڕایی چوونە پێشەوە، بەڵام ئەم کەمێك دواکەوت ئەوجا چووە پێشێ.[1]

بیر لەم جۆرە ووردەکاریانەی هەڵوێست بکەینەوە کە لە دڵسوزیی و راستگۆیی کردارەکاندا دەگیرێنەبەر، کە چۆن لای خوای گەورە حساباتیان بۆ دەکرێت.

---

[1] ئەم ریوایەتە لە کتێبی (فقه السیرە)ی محمد غەزالی ڕەحمەتیدا وا لە لاپەڕە (٣٩٩) ، غەزالی ڕەحمەتی ئەمەی لە (سیرە ابن هشام ٢٥٨/١)ە وە هێناوە کە شێخی ئەلبانی لە توێژینەوەی فەرموودەکانی (فقه السیرة)دا دەفەرموێ: ضعیف الاسناد..واتە فەرموودەیەکی زەعیفە.

# بەرهەمی کرداری باش

١- رزگاربوون لە تووڕەیی و سزای خوای گەورە لە قیامەتدا: خوای گەورە دەفەرموێت (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لا تَفْعَلُونَ. كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لا تَفْعَلُونَ)الصف/٢-٣ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەری بۆچی ئەو قسەی بەزار دەیکەن بەکردار نایسەلمێنن؟! خوای گەورە رقی زۆر بەوە هەڵدەستێت کە قسە بکەن و بەکردار نەیکەن.. کەوابوو کە گوفتارو کردار پێچەوانەی یەکتر ئەنجام دەدرێن مایەی قبووڵ نین و ئەمە دەبێتە هۆی رق هەستانی خوای گەورە، خوا لاماندا .. ناشێت یەکێکی دەم هەراش هەر ئامۆژگاریی چاکە بکات و کردەوەیەکی چاکیش ئەنجام نەدات.

لە یەکێك لە فەرموودەکاندا کە (متفق علیه)یە بەم جۆرە وەسفی کابرایەك دەکات: لە رۆژی دواییدا کابرا دەهێنن و فڕێی دەدەنە دۆزەخەوە، ووڕگی لێك واڵا دەبێتەوەو ریخۆڵەکانی دێنە دەرەوە: ئیتر وەکو گوێدرێژی سەر ئاوی ئاش هەر بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە! دۆزەخییەکان کە دەیبینن لێی کۆدەبنەوە، دەیناسنەوە پێی دەڵێن: ئەوە تۆ فلان کەس نیت؟! ئەدی تۆ نەبوویت فەرمانت بە چاکە پێ دەکردین و لە خراپە بە دوورت دەگرتین؟! ئەوە بۆچی لێرەیت؟ چیت لێ

قەوماوە؟! ئەویش دەڵێ: بەڵێ منم.. بەڵام من فەرمانی چاکەم بەئێوە دەکردو خۆم نەمدەکرد، رێی خراپەم لە ئێوە دەگرت بەڵام خۆم دەمکرد..[1]

سەرنج بدە بۆچی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کابرا بە گوێدرێژ دەچوێنێت؟! چونکە هیچ لەو کارەی حاڵی نابێت کە بۆچی ئەو هەموو بارە بە پشتی رادەکێشن؟! ئەم کابرایەش هیچ سوودێکی لەو زانست و بانگەوازەی وەرنەگرتووە کە شەووڕۆژی بۆ خستبووە سەر یەك و بە حسابی خۆی و هاوبیرانی (دەعوە)ی دەکرد! خولانەوەکەشی ئەوە دەگەیەنێت کە مادام گوفتارو کردار پێچەوانەی یەکتریی بوون، ئەوەتا لێرەش بێ هوودە دەخولێتەوە! هاتنەدەرەوەی ریخۆڵەکانیشی بەو دیمەنە ترسناکە نیشانەی ئەو بوغزو کینەو فیتنەسازییەیە کە لەناخیدا هەڵی گرتبوو.

٢- پیت و بەرەکەت لەو قسەو ووتانەدایە کە کرداریان بە دوادا دێت. دەگێڕنەوە چەند کۆیلەیەك دەچنە خزمەت شێخ حەسەنی بەسری رەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت و داوای ئەوەی لێ دەکەن لە ووتاری هەینیدا باسی ئازادکردنی کۆیلە بکات، بەڵکو رزگاریان ببێت. ئەویش بەڵێنیان پێ دەدات.. بەڵام سێ هەینی

---

[1] بوخاری (٣٢٦٧)، موسلیم ( ٢٩٨٩) ئەمەش لەفزی فەرمووودەکەیە: (عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، يَقُولُ: يُجَاءُ بِالرَّجُلِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَيُلْقَى فِي النَّارِ، فَتَنْدَلِقُ أَقْتَابُهُ، فَيَدُورُ بِهَا كَمَا يَدُورُ الْحِمَارُ بِرَحَاهُ، فَيَفْزَعُ لَهُ أَهْلُ النَّارِ فَيَجْتَمِعُونَ لَهُ فَيَقُولُونَ لَهُ: يَا فُلانُ، مَا لَقِيتَ؟ أَلَمْ تَكُنْ تَأْمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَى عَنِ الْمُنْكَرِ؟، قَالَ : بَلَى، كُنْتُ آمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَلا آتِيهِ، وَأَنْهَى عَنِ الْمُنْكَرِ وَلا أَنْتَهِي..)

تێدەپەڕێت و هیچ باسێك ناکات! لە چوارەمدا لە ووتارەکەیدا باسی دەکات و موسوڵمانان هان دەدات بۆ ئازادکردنی کۆیلەو باس لە پاداشت و پلەوپایەی قیامەتی ئەو کەسانە دەکات کە کۆیلە ئازاد دەکەن.. بە هۆی ئەم وتارەوە زۆر کۆیلە ئازاد کرا. زۆریان هاتنە خزمەت حەسەنی بەسری و لەسەر ئەو وتارە هەست بزوێنە سوپاسیان کرد.. داواکارەکانیش هاتن، دوای سوپاس کردنی پرسییان کە بۆچی سێ هەفتەی دواخست؟! ئەویش فەرمووی: لە ڕاستیدا لەو کاتەدا خۆم کۆیلەم نەبوو، پارەشم نەبوو کۆیلەیەك بکڕم، بۆیە ئەو سێ هەفتەیە چاوەڕێم کرد تا خوای گەورە پارەی پێ بەخشیم کۆیلەیەکم کڕی و ئازادم کرد ئەوجا هاتم لەسەر میمبەر باسی پاداشتی ئازادکردنی کۆیلەم بۆ موسوڵمانان کرد، خوای گەورەش بەرەکەتی خستە ناو قسەکانمەوەو ئێوە ئازادبوون.[1]

ئەم پیاوچاکە چونکە خۆی ئەو کارە خێرەی هێشتا نەکردووە، نەیوویستووە خەڵکی بۆ هان بدات، لەوە ترساوە خوای گەورە لێی قبووڵ نەکات.. لەوە ترساوە خەڵکەکە بەقسەی نەکەن.. لەوە ترساوە خەڵکەکە پێی بڵێن خۆی کۆیلەی نییەو بە خەڵکی دەڵێت ئازادیان کەن.. یان دەیان قسەی بێ جێی تر..

---

[1] زۆرینەی ئەوانەی مێژووی ژیانی شێخ حەسەنی بەسریان باس کردووە، ئاماژەیان بەم رووداوە داوە، بەڵام بە داخەوە منیش کە لە زیاتر لە بیست کتێب و سایتدا ئەمەم خوێندەوە، بەڵام لە شوێنێکدا نەمبینی ناوی سەرچاوەیەکی نزیکی سەردەمی شێخی بەسری رەحمەتی ببەن..دیارە نوسەرانی بەڕێزیش لەبەر هەمان هۆ ئاماژەیان بە سەرچاوە نەکردووە.

خوای گەورە وەسف و کاریگەری قسەی جوان (کە بە پێی شەرعەو کاری پێکراوە) لە تابلۆیەکی قورئانیدا دەنەخشێنێت و دەفەرموێ: (أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِي السَّمَاءِ. تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ بِإِذْنِ رَبِّهَا) ابراهیم/٢٤-٢٥ واتە: نابینیت کە خوای گەورە نموونەی ووتەی پاك وچاك بە درەختێکی باش دەهێنێتەوە کە رەگ و ریشاڵی بە ناخی زەویدا رۆچووەو چەسپاوەو لقەکانیشی بە ئاسماندا پەرش و بڵاو بۆتەوەو هەر کاتێك بخوازرێت بە فەرمانی خوای گەورەی پەروەردگاری بەرهەمی خۆی دەبەخشێت.

## ئەگەر کردەوەی چاك نەما چی روو دەدات؟:

ئەو کەسەی لە ئەنجامدانی کرداری چاکەدا دەستەوسان دەبێت و هەر قسەی لە دەست دێت، خەسڵەتەکانی بەم شێوەیە دەبن:

أ- فێربوون و شارەزاییەکەی لە ئیسلام دەبێتە مایەی رووپامایی و ریابازیی! قسەکردنەکانی بۆ ئەوە دەبێت خەڵکی پێی بڵێن زانایە! نەك بۆ ئەوەی بێت کاری پێ بکات.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (مَنْ تَعَلَّمَ عِلْمَاً مِمَّا يُبْتَغَى بِهِ وَجهَ اللهِ عَزّ وجَلَّ لا يَتَعَلَّمُهُ إلَّا لِيُصيبَ بِهِ عَرَضَاً مِنْ الدُّنيا لَمْ يَجِدْ عُرْفَ الْجَنَّةِ يَومَ الْقِيامَةِ)[1] واتە: هەر کەسێك زانستیەك فێر بێت لەوەی کە مەبەست لێی ناسین و پەرستنی خوای گەورەیە، بەڵام ئەو بۆ مەبەستێکی دنیایی فێری

[1] نوسەرانی بەرێز نوسیویانە (ئەبوداود و ئیبن ماجە گێڕاویانەتەوە) بەڵێ وایە. بڕوانە (سنن أبی داود (٣٤٦/٢) ژمارە (٣٦٦٤) شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە (صحيح الجامع الصغير وزيادته (١١١١/١) ژمارە ١١١٠٤) دا بە سەحیحی ناساندووە.

ببێت، ئەوە لە ڕۆژی دواییدا بۆنی بەهەشتی بەسەردا نایات.. واتە: ئەگەر کەسێك هەوڵ بدات بۆ فێربوونی زانستێك کە لە ڕێی خوای گەورەدا پێویستە، بەڵام ئەو بۆ مەسەلەیەکی دنیایی بەکاری هێنا ئەوە لە ڕۆژی قیامەتدا بۆنی بەهەشتی بەسەردا نایات.

ب- حەز لە دەمەوەری و موناقەشات و گفتوگۆی بێ ئەنجام دەکات. ئەگەر قسەی بەرامبەرەکەی بەسەریدا زاڵ ببێت، هەر نایسەلمێنێت و زۆریشی پێ ناخۆش دەبێت و زویر دەبێت، ئەگەر قسەی خۆی سەرکەوت شانازی بە خۆیەوە دەکات و زۆر پێی دڵخوش دەبێت.. ئەم جۆرە کەسانە تەنها لە کاتی موجادەلەدا زانستیەکانی خۆیان دەردەخەن! ئیمامی شافیعی[1] ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت دەفەرموێ: سوێند بە خوای گەورە موناقەشەم لەگەڵ هەرکەسێکدا کردبێت حەزم کردووە ڕاستی لەسەر زمانی ئەو دەرکەوێت.[2]

ج- هەر بە شوێن عەیب و عاری خەڵکیدا دەگەڕێت و کەم و کوڕییەکانی خۆی لە بیر دەچێتەوە.. موو لە چاوی خەڵکیدا دەبینێتت بەڵام پووشکە لە چاوی خۆیدا نابینێت!

د- هەمیشە ئیش وکاری خەڵکی بەکەم دەزانێت و ڕەخنەیان لێ دەگرێت.. لەم پۆلە لە سەردەمانی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەبوون، ئەوانەی خوای

---

[1] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

[2] بەڵێ وا دەفەرموێ، بڕوانە: (صفوة الصفوة لابن الجوزي ب٢ ل١٦٧)

گەورە دەربارەیان دەفەرموێ: (الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ وَالَّذِينَ لاَ يَجِدُونَ إِلاَّ جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ سَخِرَ اللَّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)التوبة/٧٩ واتە: ئەوانەی کە تیروتوانج دەگرنە ئەو کەسانەی کە لەبەر خاتری خوای گەورە ماڵیان بەخشیووە، ئەمانەی کە تەنها رەنجییان هەبوو لە پێناوی خوای گەورەدا بیبەخشن، کەچی ئەوان گاڵتە بەمان دەکەن! دەبێ بزانن کە خوای گەورە سزایەکی بەژانی ئەو گاڵتەیان دەداتەوە ..

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە ئەوە بوو کە سەیدنا عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف[1] خوا لێی رازی بێت چوار هەزار درهەمی بەخشی، دووڕووەکان ووتیان ئەوە بۆ ریایی وادەکات.. پیاوێکی ئەنساریش دوو مەن خورمای دەست کەوتبوو، هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: دوو مەن خورمام دەست کەوتووە یەکێکیان بە قەرز بە خوای خۆم دەدەم و ئەوی تریان بۆ منالەکانم دەبەمەوە.. دووڕووەکان بەمیان ووت: باشە تۆ نازانی کە خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێویستیان بەم مەنە خورمایەی تۆ نییە.. ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە.[2]

ئەمە سیفەتی دووڕووەکانە خۆیان هیچیان لە دەست نایەت و گاڵتە بە کاری خەڵکی تر دەکەن و بەکەم و هیچی دەزانن.. ئەگەر کارێك بکەن تەنها بۆ تێکدان

---

[1] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

[2] ریوایەتی بوخاری (ژمارە ٤٣٩١)ە و موسلیم و خاوەن سونەنەکانەو موفەسسیران و واحیدی نەیسابووری لە (اسباب النزول ژمارە ٥١٨)دا هێناویانەتەوە.

و پەرتەوازەکردنی موسوڵمانانەو بۆ شێواندنی دەروونی خەڵکەکەیە.. ڕەنگە لە دەوروبەری خۆمان چەندەها کەسی وا ببینین کە هیچ کارێکی چاکەیان لە دەست نایەت و لە خراپەشدا کەس نییە پێشیان بکەوێت.

## ئەوشتانەی کردەوە پوچەڵ دەکەنەوە

١- منەت کردن بەسەر خوای گەورەدا بە هۆی ئەو پەرستن و کارانەی گوایە بۆ ئەو ئەنجام دەدرێت.. خوای گەورە بە پێغەمبەرە نازدارەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (وَلا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ) المدثر/٦ واتە: منەت مەکە، کەم پێشکەش کەیت و بەزۆری بزانیت.

کاتێك خێڵی ئەسەد هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەکو منەت بەسەردا کردن ووتیان: هەموو عەرەب شەڕی لەگەڵدا کردیت ئێمە نەمان کرد.. لەم کاتەدا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە (يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُل لّا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلامَكُم بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلإِيمَانِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ)الحجرات/١٧ واتە: منەتی موسوڵمان بوونی خۆیانت بەسەردا دەکەن! پێیان بڵێ: منەتی موسوڵمان بوونتانم بەسەردا مەکەن، ئێوە منەتباری خوای گەورەن کە ڕێنمویی باوەڕهێنانی پێ بەخشیون، ئەگەر ڕاست دەکەن و باوەڕهێنانتان لا مەبەستە.[1]

---

[1] ڕاستە بڕوانە (ابن كثير: تفسير القران العظيم ١٢٦/٤)

٢- منەت کردن بەسەر خەڵکیدا کردەوە پوچەڵ دەکاتەوە. خوای گەورە دەفەرموێ: (لاَ تُبْطِلُواْ صَدَقَاتِكُم بِالْمَنِّ وَالأذَى)البقرة/٢٦٤ واتە: چاکەکانتان بە منەتباریی و ئازاردانی خەڵکی بەتاڵ مەکەنەوە..

لە فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە: (لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ عَاقٌّ وَلَا مُدْمِنُ خَمْرٍ وَلَا مَنَّانٌ)[1] واتە: ئەم کەسانە ناچنە بەهەشتەوە: ئەوی ئازاری دڵی دایك و باوکی دابێت، و ئەو کەسەی ئالوودەی شەرابەو ئەوی منەتکارە.

٣.ریاکردن وهەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگ و شۆرەت.. لە کاتێکدا کە خوای گەورە فەرموویەتی (مَن جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا) الانعام/١٦٠ واتە: هەر کەسێ چاکەیەك بکات پاداشتی دە قات دەدرێتەوە. ئیتر کێ هەیە بتوانێت پاداشتی بەو شێوەیە ببەخشێت؟

بزانین کە ئەو چاکانەی بۆ رەزامەندی خوای گەورە ئەنجام دەدرێن و بە پاکی و پوختی پێشکەش دەکرێن، ئەوانە دە قات پاداشتیان هەیە و لە قیامەتدا خاوەنەکانیان بەختەوەر دەبن. کێ هەیە لە قیامەتدا پێویستی بە کردەوەی چاك

[1] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (ئیبن ماجە گێڕاویەتیەوە) راستە، لای ئیبنوماجە (ژمارە٣٣٧٦)ە و لای نەسائی (٨٠/٥) و لای ئیبنوحیببان (٧٣٤٠)ە. شێخ ئەحمەد شاکری میسری رەحمەتی خوای لێ بێت کە فەرموودەوانێکی دەگمەنی وەکو شێخی ئەلبانیەو بە سیودووساڵ شەرحی مەسنەدی ئیمامی ئەحمەدی کردووە کە پەنجاو دوو هەزار فەرموودەیە، لەوێدا دەفەرموێ: ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردووە ( ٢٣٢/١٥)و سەحیحە.

نەبێت؟ کێ هەیە نەیەوێت لە دۆزەخی بڵێسەدار رزگاری بێت؟ کێ هەیە حەزی لە بەهەشتی پڕ نازو نیعمەت نەبێت؟ دەی ئەوی حەزی لەوانەیە با کردەوەی پاك و راست پێشکەش بکات.

# وانەی هەشتەم

## نویژو کاریگەریی مەعنەوی

دوو لایەنی دەرەکی و ناوەرۆکی نوێژ

نوێژ وەك هەر خواپەرستیەکی تر کە موسوڵمان ئەنجامی ئەدات دوو لایەنی هەیە: لایەنێکی کرداری و دەرەکی و لایەنێکی مەعنەوی و ناوەکی.. زۆربەمان لە ڕێی کتێبە فیقهییەکانەوە لە چۆنییەتی ئەنجامدانی نوێژو مەرجە دەرەکییەکانی ئاشنا بووین، بەڵام کەمتر گرنگیمان بە لایەنە سەرەکییەکەی داوە کە لایەنی ناوەکی و مەرجە مەعنەوییەکانییەتی.. بۆیە بە پشتیوانی خوای گەورە لەم کورتە باسەدا تیشکێك لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەری خوەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەخەینە سەر ئەم لایەنە کە زۆر جێبایەخە..

حەقیقەت و ناوەرۆکی نوێژ:

ئەگەر لە ئایەت و فەرموودەکان وورد ببینەوە لەوە دڵنیا دەبین کە نوێژ پلەو پایەیەکی بەرزو گرنگی هەیە، بۆیە خوای گەورە کردوویەتیە یەکەم ڕەوشتی پێناسەی موسوڵمانی سەرفراز، وەك دەفەرموێ: (قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ * الَّذِينَ هُمْ فِي صَلاتِهِمْ خَاشِعُونَ)المومنون/١-٢ واتە: بەڕاستی موسوڵمانان سەرفرازن، ئەوانەی لە نوێژەکانیاندا ملکەچ و گوێڕایەڵن.. هەر لەبەر ئەمەشە کە

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە کۆڵەکەی ئایینی ناساندووە، وەك لە فەرموودەیەکدا هاتوو کە دەفەرموێ: (عَمُودُه الصَّلاةُ)[1] أبو داود گێڕاویەتیەوە.

جا ئەگەر نوێژ ئەوە پلەو پایەو ڕادەی گرنگیی بێت دەبێ حەقیقەت و حیکمەت لە واجبکردنی چی بێت؟! ئایا دەگونجێ ئەو پلەو پایەو گرنگییە هەر بەو جووڵە لاشەییەی نوێژ بێتە دی؟ یان مەرجی تری مەعنەوی هەیە؟

قورئانی پیرۆز کە پەیامی ڕێنمایی خوای گەورەیەو وەڵامی پێداویستی مرۆڤ دەداتەوەو سەرچاوەی زانیارییە ئاینییەکانە، ئەوە روون دەکاتەوە کە نوێژ بۆ ئەوەیە موسوڵمان بەردەوام لە یادی خوای گەورەدا بێت.

## بەڵگەی قورئانی بۆ دیاریکردنی حەقیقەتی
## نوێژو حیکمەتی واجب بوونی

بەڵگەی ئەم ڕاستی و زانیارییە سەبارەت بە نوێژو حیکمەت لە واجب کردنی، ئەو فەرموودەی خوای گەورەیە کە فەرمان بە سەیدنا موسا عَلَيْهِ السَّلَام دەدات بۆ ئەوەی لە یادی خوای گەورەدا بێت و نوێژ بکات، کە دەفەرموێ: (إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لا إِلَهَ إِلاَّ أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلاةَ لِذِكْرِي) طه/١٤.. واتە: بە تەئکید ئەوە منم،

---

[1] لای ئەبو داوودو توێژینەوەکەی شێخی ئەلبانی ڕەحمەتیدا نەمدۆزیەوە، بەڵام لای ترمزی (٢٦١٦)ە و بە حەسەن و سەحیح داناوە، شێخی ئەلبانی لە کتێبی ( ارواء الغليل ١٣٨/٢)دا بە حەسەنی ناساندووە.

خوام، خوایەکی تری جگە لە من نیە، دەی سا تۆش بمپەرستەو نوێژەکان بۆ یادی من بەردەوام بکە ..

ئەو پیتی لامەی کە لەسەر (لِذِكْرِي)یە پێی دەگوترێ لامی تەعلیل، واتە: پیتی دیاری کردنی هۆو بەڵگەی ئەو حوکمەی لەو فەرمانەدا هەیە.

هەمووومان دەزانین کە ئامانجی دروستبوونی مرۆڤ پەرستنی خوای گەورەو ئاوەدانکردنەوەی سەر زەوییە.. دیارە ئەو پەرستنە مافی خۆی نادرێتێ و شێوەی تەواوی خۆی وەرناگرێ تا مرۆڤ بە بیرو فامەوە وەك پێویست نەکەوێتە یادی خوای گەورەوە، خوای گەورەش کە بەدیهێنەری مرۆڤە دەزانێت کە گونجاوترین و تەواوترین ڕێ و شوێنی یادکردنەوەی تەنها نوێژە.. واتە ئەگەر بەو ڕوحەوە نوێژ کرا کە هۆکاری نزیکبوونەوەو یادکردنەوەی خوای گەورەیەو و مەرجەکانیش هێنرانە جێ ئەوە نوێژخوێن دەبێتە ئەهلی زیکرو هەمیشە دڵی بێدارو بەردەوام خوای گەورەی لە یاد دەبێ. پێویستی یادکردنەوەی خوای گەورەش لەوێوە هاتووە کە بڕیارە مرۆڤی موسوڵمان هەمیشە لە بەندایەتی خوای گەورەدا بێت و پەیوەندی بە خوای گەورەوە نەپچڕێت.. گرنگترین ڕێگەی ئەمەش ئەوەیە داوای یارمەتی لە خوای گەورە بکات کە لە ڕێی ئەنجامدانی ئەرکەکانی بەندایەتیدا پشتی بگرێت و هێزو توانای بداتێ، وەکو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ)[1] واتە: خوایە لەسەر یادکردنی خۆت و سوپاسگوزاری و باش پەرستنت یارمەتیم بدە.

دیارە خوای گەورە دەزانێت کە تەواوترین شێوەی پاڕانەوە لە خوای گەورە نوێژە، ئەو نوێژەی کە لە قورئاندا مەرجە مەعنەوییەکانی باس کراون و جیبریل چۆنیەتی کردنەکەی پیشانی پێغەمبەری خۆشەویست صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ داوە.

لەمەوە دەردەکەوێت کە نوێژ بۆچی بە عەرەبی ناونراوە (الصلاة) واتە: دوعاو نزاو پاڕانەوە لە خوای گەورە بۆ یارمەتیدان، بۆ ئەنجامدانی ئەرکی بەندایەتی. لوتکەی ئەو داواکاری و دوعایەش ئایەتی: (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ)ە، واتە: خوایە تەنها تۆ دەپەرستین و داوای یارمەتی و کۆمەکیش هەر لە تۆ دەکەین.. بەشی یەکەمی ئایەتەکە ئەرکی بەندایەتی ڕادەگەیێنێت، بەشی دووەمیشی داوای یارمەتیە لە خوای گەورە بۆ کۆمەك کردن لەسەر خواپەرستی زیاتر..

فەرموودەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە دەفەرموێ: (الْمُصَلِّيّ يُنَاجِي رَبَّهُ) بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە[1] واتە: نوێژخوێن لە پەروەردگاری خۆی دەپاڕێتەوە، ئەم ڕاستییە دووپات دەکاتەوە..

---

[1] نوسەرانی بەڕێز هەر ئاوا بێ سەنەدو پلە، بێ سەروبۆر، بێ بە کوردی کردنی هێناویانەتەوە!! ئەمە فەرموودەیەکە لای ئەبوداوود (١٥٢٢) ە و شێخی ئەلبانی لە (صحيح الادب المفرد ٢٣٩/١)دا ی سەحیحە.

مەرجە ناوەکی و مەعنەوییەکانی نوێژ: حەقیقەتی نوێژ هەر جموجووڵی لاشەیی و دیمەنی دەرەوەی نییە، بەڵکو چەند مەرجێکی تری ناوەکی هەیە کە دەبێت بێتە دی تا لەگەڵ مەرجە دەرەکیەکانیدا یەك بگرنەوە، ئاوا نوێژ دێتە بەرهەم.. لەوانە:

**یەکەم: ئامادەیی دڵ و نەبوونی غەفڵەت و بێ ئاگایی:** ئەمە یەکەم مەرج و گرنگترین مەرجی مەعنەوی نوێژە. ئەو کەسەی بێ ئاگایانە نوێژ دەکات، نە هۆشی لای ناوەرۆکی نوێژەکەیەو نە ئاگای لە جموجووڵ و هەڵس و کەوتەکانێتی چ سوودێك لە خوێندنی ئایەتەکان و سرەوتن و بزاوتی نوێژەکە دەبینێت؟! هیچ!!

موسوڵمان دەبێ لە کاتی نوێژدا ئەوە بزانێت کە لە بەردەست خوای گەورەدا وەستاوەو لە ڕێی نوێژەوە گفتوگۆی لەگەڵ دەکاو لێی دەپاڕێتەوەو داوای لێ دەکات کە یارمەتیی بدات تا ئەرکی بەندایەتی و پەرستنەکانی باشتر ئەنجام بدات.

<u>بەڵگەی پێویستبوونی ئەم مەرجە ئەمانەن:</u>

١- خوای گەورە لە حەرامکردنی شەرابدا، سەرەتا هۆی قەدەغەکردنی خواردنەوەی شەرابی خستەوە پێش چاویان، کە مادام شەراب مرۆڤ مەست و

---

[1] ئەم فەرموودە بە حەلا حەلا لای شێخی ئەلبانی گەیشتۆتە پلەی حەسەن، بەڵام سەیرە کە نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە! کە نە لە بوخاریدایەو نە لە موسلیم.. فەرموودەکە کە لە لای تەبەرانیی لە (الاوسط ٤٧٥٧) و لای ئیمامی ئەحمەد (المسند٢/٤٤٩)یەو دەفەرموێ: (إِنَّ الْمُصَلِّيَ يُنَاجِي رَبَّهُ) واتە: نوێژ خوێن لەگەڵ خوای خۆی بە چرپە دەدوێت..

بێهۆش دەکاو سەرەنجام مرۆڤ هۆشی لەوە نامێنێت کە دەیڵێت، کەوابوو موسوڵمان نابێت لە کاتی نوێژکردنیدا کاریگەریی شەراب خواردنەوەی لەسەر مابێت.. بۆیە فەرمووی: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّى تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ) النساء/٤٣ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! کە مەستن توخنی نوێژ مەکەونەوە، تا هۆشتان لەوە بێت کە دەیڵێن ..

کەواتە هەر شتێك ڕێگری تێگەشتن بێت لە واتاکانی نوێژ دەبێ لابدرێت، تا لە کاتی نوێژدا هۆشمان لەوە بێت کە دەیڵێین و لێی تێبگەین، ئەوەش تەنها بەوە دەبێت کە دڵ و هەست و هۆشمان لەخۆ بێت و هەر شتێك کە هۆشمان بە خۆیەوە خەریك دەکات دەبێت لە خۆمانی دوور خەینەوە..

هەر لەبەر ئەمەشە هەندێك لە زانایان فەرموویانە چاکتر وایە لە کات وحاڵەتی تینوێتی و برسێتی زۆرو ئازاری زۆرو پێویستی ئاودەست و ئەوانەدا نوێژەکە نەکرێت.. تەنانەت هەندێ لە زانایان وایان پێ چاکە لە کاتی هەواڵی زۆر خۆش یان ناخۆش یا گەیشتنی میوانێکی ئازیز یا هەر شتێکی تری لەم بابەتە کە زیهن و هۆش بە خۆیەوە خەریك دەکات، باشترە کردنی نوێژەکە . ئەگەر کاتی مابوو. دوابخرێت، تا نوێژخوێن بتوانێ دڵی بە تەواوی ئامادە بکات و تەرکیزی بخاتە سەر نوێژەکەی.

٢- هەر لەسەر هەمان مەبەستە کە خوای گەورە هەڕەشە لەو کەسانە دەکات کە دەرهەق بە نوێژەکانیان فەرامۆشکارن، دەفەرموێ: (فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ * الَّذِينَ

هُمْ عَن صَلاتِهِمْ سَاهُونَ)الماعون/٤-٥ واتە: واوەیلاو سزا (یان دۆڵی وەیل کە لە دۆزەخدایە) بۆ ئەو نوێژکەرانەی سەبارەت بە نوێژەکانیان فەرامۆشکارن.. هۆکاری ئەمەش دیارە کە لەبەر ئەوەیە گوێ بە کاتی نوێژەکەو ماناو ناوەرۆکی نادەن.

٣- خوای گەورە سەبارەت بە نوێژی بێ باوەڕەکان دەفەرموێ: (وَمَا كَانَ صَلاتُهُمْ عِندَ الْبَيْتِ إِلاَّ مُكَاءً وَتَصْدِيَةً)الأنفال/٣٥ واتە: نوێژی ئەوان (بێ باوەڕەکان) لە کەعبەدا هەر فیکەفیك و چەپڵەلێدان بوو..

بێباوەڕەکان شتێکیان دەکرد (بەو شێوەیە کە قورئان باسی دەفەرموێ) ناویان لێنابوو نوێژ! فیکەیان لێ دەداو بە چەپڵەرێزان بە دەوری کەعبەدا دەسوڕانەوە.. خوای گەورە بە موسوڵمانان دەفەرموێ: کە نوێژی ئەو بێباوەڕانە هیچ بایەخ و نرخی نییە، چونکە هەر فیکەفیکی بێ ناوەرۆکەو هۆش و هەستی دڵ و دەروونی لەگەڵدا نییە.. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە جموجووڵی بێگیان سودی نییە و حیکمەتی نوێژ ناهێنێتەجێ.

دووەم: نوێژی چوست: لە دوو جێگەی قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوە کراوە کە تەمەڵی لە نوێژو سستی نواندن تێیانداو لە سیفەتی دووڕووەکانە خوا پەنامان دات.. ئەو ئاماژەکردنانەش بۆ بێدارکردنەوەی موسوڵمانانە کە دووربن لەو خەسڵەتە ناپەسەندەو بە چوست و چالاکی بچنە دیداری خوای گەورە.

<u>ئەو دوو جێیەش ئەمانەن:</u>

١- لە زنجیرەی دیاری کردنی ڕەوشتی بەدی دووڕووەکاندا دەفەرموێ: (وَإِذَا قَامُواْ إِلَى الصَّلاَةِ قَامُواْ كُسَالَى يُرَاؤُونَ النَّاسَ وَلاَ يَذْكُرُونَ اللّهَ إِلاَّ قَلِيلاً) النساء/١٤٢ واتە: دووڕووەکان هەر کاتێك بۆ نوێژ هەستن، زۆر بە تەمەڵیی هەڵدەستن، ڕووپامایی (ڕیابازیی) دەکەن، زۆر کەم ناوی خوای گەورە دەهێنن..

٢- لە شوێنێکی تردا خوای گەورە دیاری دەکات کە یەکێ لە هۆی وەرنەگیرانی خێرو خێراتی دووڕووەکان - جگە لە کافربوونی ناخیان - ئەوەیە کە بە تەمەڵی نوێژ دەکەن. دەفەرموێ: (وَمَا مَنَعَهُمْ أَن تُقْبَلَ مِنْهُمْ نَفَقَاتُهُمْ إِلاَّ أَنَّهُمْ كَفَرُواْ بِاللّهِ وَبِرَسُولِهِ وَلاَ يَأْتُونَ الصَّلاَةَ إِلاَّ وَهُمْ كُسَالَى وَلاَ يُنفِقُونَ إِلاَّ وَهُمْ كَارِهُونَ) التوبة/٥٤ واتە: ئەوی ڕێی لە وەرگیرانی خێراتەکانیان گرت ئەوە بوو کە دەرهەق بە خوای گەورەو پێغەمبەری خوا بێ باوەڕییان نواندو بە تەمەڵیی و لەش قورسییەوە بەدەم نوێژەوە دەچوون و نا بەدڵانەش ماڵ و سامانیان دەبەخشی.

ئەم دوو ئایەتە ئەوە نیشان دەدەن کە تەمەڵی لە نوێژکردندا لە ڕەوشتی ناپەسەندی دووڕووەکانەو دەبێ موسوڵمانان لێی بە دووربن و بە پێچەوانەوە هەمیشە دەبێت بە چالاکی و شەوق و زەوقەوە نوێژەکانیان بکەن و ئەوەیان لەبیر نەچێ کە نوێژکردن ڕاوەستانە لە حوزوری خوای گەورەو ووتووێژە لەگەڵیدا، بۆیە زۆر ناشایستەیە موسوڵمان تەمەڵ و سست یان بێ هۆش و هەست پێشوازی لێ بکات یان ئەنجامی بدات.

سێیەم: ملکەچی خشوع لە نوێژدا: موسوڵمان لە کاتی نوێژکردندا پێویستە ئەوەی لە بیر بێت کە لە حاڵەتێکی ئاساییدا نییەو لەبەردەست خوای گەورەدا وەستاوەو لەگەڵ دوپاتکردنەوەی دروشمی بەندایەتیدا وتووێژی لە خزمەتدا دەکات و داوای یارمەتیی لێدەکات، جگە لەوەی لە هەموو نوێژەکانیدا جۆرەها سوپاس و ستایش و یادی خوای گەورە دەکات.. قورئان دەخوێنێت و باسی دوا ڕۆژو ڕووداوەکانی دەکات، ئەرکی عبودییەت و پێداویستیەکانی بەجێ دەهێنێت.. بۆیە پێویستە لە کاتی نوێژەکانیدا ملکەچ و گوێڕایەڵ بێت.

جێگەی ملکەچی (خشوع) دڵە، نوێژخوێن لە سەرەتاوە لە دڵی خۆیدا ئەو هەستەی بۆ دروست دەبێ کە لە حوزوری خوای گەورەدایە.. پاشان ئاسەواری ئەو هەست و هۆشە لە سیماو ڕواڵەت و لە بزاوت و سکونەتی ئەندامەکانیدا دەردەکەوێت و ملکەچی و زەلیلی ناخی دەبێتە سیمای کزی و دیمەنی بەندایەتیی ئەو کەسە..

<u>بەڵگەی قورئانی بۆ گرنگی ئەم مەرجە ئەمانەن:</u>

١- خوای گەورە دەفەرموێ: (وَاسْتَعِينُواْ بِالصَّبْرِ وَالصَّلاةِ وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلاَّ عَلَى الْخَاشِعِينَ * الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلاقُوا رَبِّهِمْ وَأَنَّهُمْ إِلَيْهِ رَاجِعُونَ) البقرة/٤٥-٤٦

واتە: خۆتان بە ئارامگری و نوێژەکان بەهێز کەن، نوێژکردن ئەرکێکی قورسە، مەگەر لەسەر ئەو کەسانەی کە بۆ خوای گەورە سوڵحاون، ئەوانەی لە

گەیشتن بە دیداری خوای پەروەردگاریان دڵنیابوون.. لە قەناعەتیاندا چەسپیوەو دڵنیان کە بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە دەری دەخات کە قەناعەت و ئومێدی گەیشتن بە خوای گەورەو گەڕانەوە بۆ لای، هاندەرێکی باشە بۆ ئەوەی خشوع و ملکەچیی وەبەرهەم بێت.. جگە لەوە ئایەتەکە ئەوەش دەردەخا کە بە بۆ خواسوڵحان و ملکەچی و خشوع قورسێتی و گرانی نوێژەکە سووك دەکات، ئەوی ملکەچ نەبێت نوێژکرنەکەی لەسەر زەحمەتە، بۆیە تام و چێژی لێناکات، کە چێژیشی لێ نەکرد ئیتر حەتمەن بە سستی و پەستی دەیکات.

٢- لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرموێ: (قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ * الَّذِينَ هُمْ فِي صَلاتِهِمْ خَاشِعُونَ) المؤمنون/١-٢ واتە: بەڕاستی موسوڵمانان سەرفرازن، ئەوانەی کە لە نوێژەکانیاندا ملکەچن ..

ئیمامی قورتوبی[١] ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەم ئایەتەی کردووە بە بەڵگەی ڕای ئەو زانایانە کە خشوعیان کردووە بە یەکێك لە فەرزەکانی نوێژ، نەك سوننەتی، وەك لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا فەرموویەتی.[٢]

**تێبینی:**

---

[١] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

[٢] ڕاستە وا لە (ب١٢/١١٠).

ملکەچی وەکو لە سەرەتاوە ووتمان: کاری دڵەو مرۆڤ نابێ بەزۆر ڕواڵەتی ملکەچی دەربخا، چونکە ئەگەر دڵ هەستی بەو حاڵەتە کرد کە لەبەردەست خوای گەورەدایە، ئەو خوایەی کە خاوەنی گەردوونەو دەسەڵاتداری تاك و تەنهای بوونە، ئەمی بەندەو بێ هێزیش بێ وویست و ئیرادەی خۆی دەچێتەوە بەردەستی ئەو، ئیتر بە شێوەیەکی ئاسایی و بە بێ زۆر لە خۆکردن و تەکەللوف ئەندامەکانی تریشی ملکەچییان لێوە دەردەکەوێت.

هەر لەبەر ئەو تێگەیشتنەشە کە سەیدنا عومەری کوڕی خەتاب خوا لێی ڕازی بێت کاتێك لاوێکی بینی وا لە نوێژدا سەری کز کردووە، فەرمووی فلانەکەس! سەر بەرز بکەرەوە ملکەچی ئەوەیە کە لە دڵدایە.

**چوارەم: ئارامگرتن لەسەر مەرجە گرنگەکانی نوێژ:** لەبەر ئەوەی نوێژ کردنی بەردەوام ئەرکێکەو لەسەر ئەو کەسانەی کە تەمەڵن قورس و گرانە، لای بۆخواسوڵحاوانیش ئاسانە، دیسان چونکە دڵبێداریی و هۆش و هەستی ووریا دەخوازێت، وویستی بەهێزو ئازایەتی تایبەتی دەوێت، خوای گەورە دەفەرموێ: (وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلاَّ عَلَى الْخَاشِعِينَ) البقرة/٤٥ واتە: بەڕاستی نوێژکردن ئەرکێکی قورس و سەختە مەگەر لەسەر شانی ئەو کەسانەی ملکەچ و گوێڕایەڵن.

لەبەر ئەوەشە کە خوای گەورە فەرمانی داوە کە دەبێ هەموو موسوڵمانێك فەرمانی نوێژکردن بە کەسوکاری بدات و بەسەبریش بێت لەسەریان.. دەرهەق بە نوێژەکانی خۆشی خۆڕاگرو ئارام بێت.. دەفەرموێ: (وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلاةِ وَاصْطَبِرْ

عَلَيْهَا)طه/١٣٢ واتە: فەرمانی نوێژکردن بە خێزان و کەسەکانت بکەو خۆشت هەوڵ بدە لەسەری خۆڕاگر بیت.

ووشەی (وَاصْطَبِرْ) کە فەرمانی داواکراوەو لە (باب الافتعال)ە، مانای زۆر لە خۆکردن و گرنگیدانی زیاد دەگەیەنێت، واتە ئەگەر سەبر بە مانای ئارامگرتن بێت، (وَاصْطَبِرْ) خۆڕاگرتن و دان بەخۆداگرتنی زیاترو زۆر لە خۆکردنە.

**پێنجەم: بەردەوامی لەسەر نوێژکردن:** ئەو مەرج و حاڵەتانەی پێشتر باس کران، دەبێ ببنە ڕەوشتی هەمیشەیی موسوڵمان، تا بەردەوام ئاگای لێیان بێت و سووربێت لەسەر کردنی نوێژەکانی، بەو شێوەو مەرجانەش بیانکات کە باس کران.

جا هەرکەس ئەو وەسفەی تێدا بوو ئەو هەڵپەو هەڵەشەییەی نامێنێت کە قورئان بە هەڵەع (هَلَع) ناوی بردووە کە بە مانای ترس و خەم و ناڕەحەتی سات بەسات و دڵەڕاوکێ و ئارام لە بەر بڕانە.. ئەوەش حاڵی هەموو کەسێکە جگە لە ئەهلی نوێژو بۆ خواسوڵحاوان.. ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الإِنسَانَ خُلِقَ هَلُوعًا * إِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ جَزُوعًا * وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعًا إِلاَّ الْمُصَلِّينَ * الَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلاتِهِمْ دَائِمُونَ) المعارج١٩-٢٢ واتە: مرۆڤ وا دروست بووە کە هەڵەشەو بە هەڵپە بێت، کاتێ ناخۆشییەکی تووش دێت بێتاقەتی دەردەبڕێت و کە خۆشیشی دێتەڕێ چونکە پەی پێنابات خۆی لێ لادەدات!! ئەمە حاڵی هەموو مرۆڤێکە جگە لەو موسوڵمانانەی کە لەسەر نوێژەکانیان بەردەوامن..

ئیمامی قورتبی لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا دەفەرموێ: بەردەوامبوون لەسەر نوێژ بەوە دەبێ کە باش بەجێ بهێنرێت و هیچ شتێك نەبێتە هۆی ئیهمال کردن و واز لێهێنانی.[1]

**شەشەم: پاراستنی نوێژەکان:** خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بە شێوەی فەرمان دەفەرموێ نوێژەکان بپارێزن: (حَافِظُواْ عَلَى الصَّلَوَاتِ وَالصَّلاَةِ الْوُسْطَى وَقُومُواْ لِلَّهِ قَانِتِينَ) البقرة/٢٣٨ واتە: نوێژەکان بپارێزن، بە تایبەتی نوێژی ناوەندو بە ملکەچی و نیازمەندییەوە لەبەردەست خوای گەورەدا بوەستن.

یان مەتحی ئەوانەی کردووە کە نوێژەکە دەپارێزن: (وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَهُمْ عَلَى صَلاتِهِمْ يُحَافِظُونَ) الانعام/٩٢ واتە: ئەوانەی باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی هەیە، باوەڕیان بە قورئانەکە هێناوە، ئەوانە ئەو کەسانەن کە نوێژەکانیان دەپارێزن..

ئینجا ئەوانەی لە ناو نوێژەکانیاندا ملکەچ و بەهۆشن، وەکو لە سورەتی موئمینوندا لە ڕێزی ڕەوشت و خووی باوەڕداراندا بە دەرخستنی ملکەچی لە نوێژەکان دەست پێ دەکاو دەفەرموێ: (الَّذِينَ هُمْ فِي صَلاتِهِمْ خَاشِعُونَ)

---

[1] دوای گەڕانەوەم بۆ تەفسیری ئەو ئایەتە لە تەفسیری قورتوبیدا (بەرگی١٨ لاپەڕە ٢٧٨-٢٧٩) هیچم لەو قەولەی سەرەوە نەدۆزیەوە کە نوسەران فەرموویانە: (ئیمامی قورتبی لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا دەفەرموێ)! قورتوبی لەوێدا هەر بۆچوونی نەخەعی و ئیبنومەسعوودو عوقبەی کوڕی عامرو ئیبنوجورەیج و حەسەنی بەسری هێناوەتەوەو خۆی هیچی دەرنەبڕیووە.

المؤمنون/٢ واتە: ئەوانەی سەرفرازن ئەوانەن کە لە نوێژەکانیاندا ملکەچن.. کۆتایي ئەو پۆلە سەرفرازەش هەر بە ئەهلی نوێژ دەهێنێت کە دەفەرموێ: (وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَوَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ) المؤمنون/٩ واتە: ئەوانەی نوێژەکانیان دەپارێزن..

ئەم نوێژکردن و پاراستنەی بە ڕەوشتێکی چەسپاوی لیستەی ڕەوشتە پەسەندەکانی موسوڵمان دانراوە.

لە سورەتی مەعاریجیشدا بە هەمان شێوە دەفەرموێ: (وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلاتِهِمْ يُحَافِظُونَ) المعارج/٣٤.. ئەم سورەتەش بە مەرجی بەردەوامی لەسەر نوێژەکان دەست پێ دەکات و بە وەسفی (پاراستنی نوێژەکان) کۆتایي بە ڕەوشتەکانی نوێژخوێن دێنێت ..

پارێزگاریی نوێژ ئەوەیە کە هەموو مەرجەکانی نوێژکردنەکە ڕەچاو بکرێن و پشت گوێ نەخرێن، چ مەرجە ڕواڵەتییەکانی دەرێی بن چ مەرجە مەعنەوییەکانی ناوەوە بن.

قورتوبی دەفەرموێ: پاراستن و پارێزگاریی نوێژ بریتیە لە دەستنوێژی تەواوو هۆشبوون لە کاتەکانی هێنانەدی مەرجەکانی و ڕەچاو کردنی روکن و

سوننەتەکانی.. بریتیە لە گرنگی دان بە پلەو پاداشتی پیاوچاکان و توخن نەکەوتنی گوناە و تاوان.[1]

نوێژکردن یا ڕاگرتنی ئەرکی نوێژ؟! زۆر کەس هەن جیاوازی لە نێوان نوێژکردن (اداء الصلاة) و نوێژپیادەکردن (اقامة الصلاة)دا ناکەن.. لە کاتێکدا کە جیاوازییان زۆرە. لە هەموو قورئاندا فەرمانی نوێژکردن بە ووشەی (اداء) نەکراوە، بەڵکو هەمیشە فەرمانەکە بە ووشەی (اقامة) هاتووە، کە بە مانای پیادەکردن و مەحکەم راگرتنی نوێژە .

ووشەی (اقامة) لە (باب الافعال)ە و لە عەرەبیدا بە مانای ڕاگیرکردن دێت و هەمیشە بۆ ئەرکی گران و قورس بەکار دێت.. کەواتە خوای گەورە کە فەرمان دەدات و دەفەرمویٚ: (أَقِيمُوا الصَّلَاةَ) یەکسەر دەبێ بزانین کە فەرمانەکە کارێکی سەرپێیی و ئاسان نییە، بەڵکو گرانەو داخوازی جێبەجێکردنەکەشی زۆرە.

ئەو ڕاگرتن وپیادەکردن (اقامة)ش کە خوای گەورە داوای کردووە، بە بەجێهێنانی ئەو مەرجانە دەبێت کە خۆی داوای کردوون. هەرکەس ئەو مەرجانە بەجێ بهێنێت ئەوە پیادەکارو ڕاگیری نوێژ (مقیم الصلاة)ە.. ئەم وەسفە بۆ کەسێکی تر شیاو نییە کە هەندێ بزاوت و سکونەتی دەرەکی نوێژەکە دەکات و

---

[1] ئەوە کە لە (بەرگی ١٨ لاپەڕە ٢٨٠) قەولی ئیبنوجورەیجەو ئیمامی قورتوبی نەقڵی کردووە، نەك قەولی ئیمامی قورتوبی خۆی بێت، وەکو نوسەران ئاماژەیان پێکردووە!

بەس! وەك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: وەك کەڵەشێر سوجدەو ڕکوع دەبات و ئاگای لە ماناو ناوەڕۆك و مەرجی نوێژەکە نییە .[1]

## بەرهەم و ئاسەوارەکانی نوێژی ڕاستەقینە

دەبێت نوێژ بەو شێوەیە بکرێت کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دیاری کردووە، کە پیادە (اقامة) کردنێتی، ئەوەش بە ڕەچاو کردنی ئەم مەرج و حاڵەتانە دەبێت کە دوای نییەت پاکیین:

١- لەکاتی نوێژکردندا دەبێ دڵبێدار بێت و هەست و هۆش بخرێتە سەر خودی نوێژەکەو ناوەڕۆکی..

٢- بە چالاکی و شەوق و زەوقەوە خۆ بۆ نوێژەکە ئامادە بکرێت.

٣- ملکەچانە بکرێت.

---

[1] ئاماژەی نوسەرانی بەڕێزە بە فەرموودەکەی لای سەیدنا ئەبوهورەیرە خوا لێی رازی بێت کە دەفەرموێ: (نَهَانِي خَلِيلِي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ ثَلَاثٍ: عَنْ أَنْ أَنْقُرَ نَقْرَ الدِّيكِ، أَوْ أُقْعِيَ إِقْعَاءَ الْكَلْبِ، أَوْ أَفْتَرِشَ افْتِرَاشَ الثَّعْلَبِ) واتە: خۆشەویست (مەبەستی پێغەمبەری نازادارە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەرهەڵستی ئەوەی لێکردووم کە لە نوێژدا وەکو کەڵەشێر دەنووك لە زەوی بدەم و وەکو ڕێوی سەیری ئەملاولای خۆم کەم و وەکو سەگ هەڵتروشکێم.. شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی لە (صفة صلاة النبي١/٩٠) و (صحيح الترغيب والترهيب١/١٣٤) دا دەفەرموێ: حەسەنە.

٤- گوێ بە نارەحەتبوونی نەفس نەدرێت، بە پێچەوانەوە دڵ و دەروون و وویستی خۆ ناچاری جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە خواییە بکرێت و سەبری ئێزافی لەسەر بگیرێت..

٥- بەردەوام بوون لەسەری.

٦- ئەگەر نوێژ بەو مەرجانەوە ئەنجام بدرێت ئەوە زاهیرەن ئومێدە لای خوای گەورە گیرا ببێت..

دوای ئەنجامدانی نوێژ بەم مەرج و شێوەیە، دەبێت موسوڵمان هۆشی لە دوورکەوتنەوە بێت لە تاوانکاریی و گوناح و شتی ناپەسەند.. خوای گەورە دەفەرموێ: (وَأَقِمِ الصَّلاةَ * إِنَّ الصَّلاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ) العنكبوت/٤٥ واتە: نوێژەکە پیادەکە، نوێژ موسوڵمان لە خراپەکاریی و نارەوایی دوور دوخاتەوە. ئیمامی قورتبی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێ:[١] دەبێ نوێژ مرۆڤ لە خراپەو بەدکاریی دوور بخاتەوە، چونکە نوێژ قورئان خوێندنی تێدایە، کە ئاراستەی موسوڵمان دەکات ..

جگە لەوەش نوێژ هەموو کیان و گیان و هۆشی کابرای موسوڵمان دێنێتە سەر ئەو خواپەرستیە..کاتی دەچێتە میحرابی نوێژ و بۆ خوا ملکەچ دەبێت و هۆشی دەخاتە سەر ئەوەی کە لەبەردەست خوای گەورەدایە و خوای گەورە ئاگای

[١] ئەمە قەولەو ئیمامی قورتوبی بە (قيل: دەڵێن) هێناویتیەوەو پاشان فەرموویەتی: نوێژی موسوڵمان دەبێت ئاوا بێت بڕوانە: (القرطبي: الجامع لأحكام القرآن ١٣/٣٦٠-٣٦١).

لێیەتی، بەم حاڵەتە دەروونییەوە تەسلیم دەبێت. دیمەنی ئەم ملکەچی عبودییەتە بۆ خوای گەورە لە سیماو ڕواڵەت و بزاوت و سکونەتیدا دەردەکەوێت، چونکە هەست و هۆشی لای ئەوەیە کە چاودێریی خوای گەورەی وا بەسەرەوە.. ئەمەش دەبێتە حاڵەتی دینداریی و هەستی تەقواکاریی، ئیتر بابای خاوەن نوێژ زیاتر لەو گەشە ڕۆحیەدا دەمێنێتەوەو بە پەرۆشەوە دەیەوێت نوێژی داهاتوو بێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو هەستەی خواناسانی لا چەسپیبوو کە دەفەرموون: وادابنێ کە دوایەمین نوێژەو تەمەن کۆتایی هاتووە..[1]

بۆچی وانەبێت؟ مەگەر مرۆڤ لەوە دڵنیا نییە کە مردن کات و شوێن و ساغیی و نەخۆشیی ناناسێت؟!

## نوێژی وا کە لە نوێژی پیاوچاکان دەچێت چ چێژێکی هەیە؟!

نوێژی ئاوا بە دڵنیاییەوە مرۆڤ لە هەموو خراپەو بەدکاری و ناپەسەندییەك دوور دەخاتەوە.. بەڵام هەرکەس نوێژەکەی هەر لە دەوروبەری ئەندام و دیمەنی دەرەوەدا بوو، ملکەچی خوای گەورەو یادکردنەوەی وەك پێویست تێدا نەبوو،

---

[1] ئەمە فەرموودەیەو تەبەرانی لە (الاوسط٤٥٨٨) و هەیسەمی لە (مجمع الزوائد ٢٢٩/١٠) بە سەنەدی سەحیحەوە هێناویانەوەو ئیبنوحەجەری عەسقەلانیش لایەنگیری کردوون و شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی لە (السلسلة الصحيحة ١٤١٩/٤) دەفەرموێ: لای من حەسەن و سەحیحە. واتە لە ڕێی سەنەدێکیانەوە حەسەنەو لە ڕێی سەنەدێکی ترەوە سەحیحە.. لەفزی فەرموودەکەش ئاوایە: (صَلِّ صَلاَةَ مُوَدِّعٍ، فَإِنَّكَ إِنْ كُنْتَ لا تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ).

ئەو نوێژە خاوەنەکەی بەرەو ئاستی پیاوچاکان بەرز ناکاتەوە، خۆ خوانەخواستە ئەگەر ئەو نوێژکەرە لەسەر ڕێگەی گوناەکردن و نافەرمانی خوای گەورە بێت ئەوە نوێژەکەی کاریگەریی باشی لەسەر دروست ناکات ..

خوشك و برایانی روو لە خوای میهرەبان: ئەمە کورتە باسێك بوو دەربارەی ئەو نوێژەی کە خوای گەورە لە قورئاندا وەسفی کردووە داوای لە موسوڵمانان کردووە کە بیکەن. ئەگەر نوێژ بەو چۆنییەتیە ئەنجام بدەن بەرهەمی شیرینی ئیمانەکەتان دەچێژن و ئاسەواری بە پێزی دەبینن، چونکە ساتی نوێژ چوونە حزوری خوای گەورەو موناجاتکردنی پەروەردگارە، بە نوێژەکان لە خوای گەورە نزیك دەبینەوەو جار بۆ جار نوێژو خواپەرستیەکانی ترمان لا ئاسان دەبێت..

هەوڵ بدەین لە نوێژەکانماندا بەپێی توانا دڵی پڕ یەقینی خۆمان و هەست و هۆشی تەقواکاریی و خواناسیمان لەگەڵ مەرجە شەرعیەکاندا کۆبکەینەوەو نوێژێکی تەواویان لێ دروست کەین.

دیارە لەسەرەتاوە ئەم جۆرە نوێژەی خواناسان زەحمەتە.. قورئان خۆیشی ئەوەی فەرمووە، بەڵام هەر ماوەیەکەو دواجار دەبێتە خەسڵەت و خووی هەمیشەیی و خوای گەورە یار بێت هێندە بەرهەمی شیرینی لێ دەبینرێت کە زیاتر ئاسان دەبێ و رۆح گەشەی پێ دەکات و دەروون پێی ئاسوودە دەبێت..

ئەوەش بزانین کە ئەنجامدانی هەموو ئەرکێکی شەرعی بە پێی توانایە، گرنگ ئەوەیە ئێمە هەوڵ بدەین و هەنگاو بنێین، ئەوەی لە توانا بەدەر بێت خوای گەورە داوای ناکات .

خوای گەورە یارمەتی ئێمەش و ئێوەش بدات تا لە کاروانی بەندایەتی خوای گەورەدا ڕێبوارێکی بە هیممەت و خاوەن توێشوو بین لە وێستگەی نوێژەکانماندا سووتەمەنی پێویستی ڕێ وەرگرین.. خوای گەورە ووزەو توانای هەستان بەو ئەرکەمان پێ ببەخشێت. ئامین..

# وانەی نۆیەم

## ڕۆژوو .. سنووری پارسەنگی

پێشەکی:

لە زمانی عەرەبیدا بە ڕۆژوو دەوترێت: (صَوم) واتە: خۆگرتنەوە. لە زاراوەی شەرعدا، ڕۆژوو: بریتیە لە خۆگرتنەوەو وازهێنان لە خواردن و خواردنەوەو حەزە جنسیەکان، بە مەبەستی گوێڕایەڵی لە فەرمانەکانی خوای گەورەو نزیك بوونەوە لێی، هەر لە بانگی بەیانییەوە تا ڕۆژئاوابوون.[1]

خوای گەورە دەفەرموێ: (فَالآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُواْ مَا كَتَبَ اللّهُ لَكُمْ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّواْ الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ) البقرة/١٨٧ واتە: ئێستا دەتوانن لەگەڵ ژنەکانتاندا کاری سەرجێی بکەن و ئەوەی خوای گەورە ڕێی پێداوە (لە ئومێدی منداڵ خستنەوەو چێژ لە یەکتری وەرگرتن) بکەن و بخۆن و بخۆنەوە تا ئەو ساتەی دەزووی سپێتی بەیان لە دەزووی ڕەشی شەوتان بۆ جویێ دەکرێتەوە، واتە تا سپێدەتان لێ هەڵدێت، ئینجا ڕۆژووەکە تا شەو بگرن.[2]

---

[1] ئیمامی نەوەوی: المجموع (٢٤٨/٦)، ئیبنوقودامەی مەقدیسي: (المغني ٨٤/٣).

[2] پێشەوایانی تەفسیر دەفەرموون: لە سەرەتای فەرزبوونی ڕۆژوودا موسوڵمانان بۆیان نەبوو شەوانیش بخۆن و بخۆنەوەو کاری سەرجێیی لەگەڵ خێزانەکانیاندا بکەن، تەنها ڕۆژووەکەیان لە ئێوارەدا دەشکاندو هیچی تر، بەڵام دوای ئەوەی بە گشتی لەسەر ئەم ئەرکە ڕاهاتن و بە گرنگیەوە ڕوانیانە ڕۆژووەکە، هەندێکیان خۆیان پێ نەدەگیرا، ئیتر خوای گەورە

خوای گەورە بایەخی تایبەتی بەم خواپەرستیە داوەو خستویەتیە ریزی پایە سەرەکییەکانی ئیسلام و بە چاکترین جۆری رۆژووی ناو هەموو ئایینەکانی تری هەژمارد کردووە.

## خێرو پاداشتی ڕۆژوو

ڕۆژوو خێرو بەرەکەت و پاداشتی گەورەی لای خوای گەورە هەیە، قورئانی پیرۆز لە ریزی هەندێك کردەوەی چاکی تردا باسی دەکات دەفەرموێ: (إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا) الاحزاب/٣٥ واتە: خوای پەروەردگار لێخۆشبوون و پاداشتی زۆر گەورەی بۆ رۆژووەوانان . لە پیاوان و ئافرەتان . ئامادەکردووە.

---

بۆی ئاسانتر کردن و شەوان رێیدان کە بخۆن و بخۆنەوەو بشچنە لای ژنەکانیان.. ئەمەش هەموو ئایەتەکەیە: (أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَائِكُمْ هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنتُمْ تَخْتَانُونَ أَنفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنكُمْ فَالآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُواْ مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَكُلُواْ وَاشْرَبُواْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّواْ الصِّيَامَ إِلَى الَّليْلِ وَلاَ تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلاَ تَقْرَبُوهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ).

پاداشتی ڕۆژوو لای خوای گەورە بێ ئەندازەیە، خوای گەورە لە فەرمووەیەکی قودسیدا فەرموویەتی: (كُلُّ عَمَلِ ابْنِ آدَمَ يُضَاعَفُ الْحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا إِلَى سَبْعِ مِائَةِ ضِعْفٍ مَا شَاءَ اللَّهُ يَقُولُ اللَّهُ إِلَّا الصَّوْمَ فَإِنَّهُ لِي وَأَنَا أَجْزِي بِهِ يَدَعُ شَهْوَتَهُ وَطَعَامَهُ مِنْ أَجْلِي) رواه مسلم[1] واتە: هەموو کردەوەیەکی چاکی مرۆڤ چەند قات پاداشتی لەسەر دەدرێتەوە، لە دە بەرابەرەوە هەتا حەوت سەد بەرابەر، تەنها ڕۆژوو نەبێت، ڕۆژوو بۆ منەو خۆیشم پاداشتی لەسەر دەدەمەوە، چونکە لەبەر من واز لە ئارەزوو حەزو خواردن و خواردنەوەکانی دەهێنێت.

بۆنی دەمی ڕۆژووەوان لای خوای گەورە لە بۆنی میسك خۆشترە! وەك لە کۆتایی ئەو فەرموودە قودسییەی پێشوودا دەفەرموێ: (لَخَلُوفُ فَمِ الصَّائِمِ أَطْيَبُ عِنْدَ اللَّهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ رِيحِ الْمِسْكِ) رواه مسلم.[2]

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەیەکی تردا دەربارەی خێرو پاداشتی ڕۆژوو دەفەرموێ: (لَا يَصُومُ عَبْدٌ يَوْمًا فِي سَبِيلِ اللَّهِ إِلَّا بَاعَدَ اللَّهُ بِذَلِكَ الْيَوْمِ عَنْ وَجْهِهِ النَّارَ سَبْعِينَ خَرِيفًا)متفق علیه[3] واتە: هەرکەسێك لەبەر خاتری خوای گەورە ڕۆژێك بە ڕۆژوو بێت، ئەوە خوای گەورە بەو ڕۆژە حەفتا پایزە ڕێ ڕووخساری لە ئاگری دۆزەخ دوور دەخاتەوە. واتە حەفتا ساڵ ڕێ!!

---

[1] فەرمودەی متفق علیەیە، لای بوخاری (١٩٠٤)و لای موسلیم (١١٥١).

[2] بەشێکە لە فەرموودەی پێشوو.

[3] ئەمیشیان متفق علیەیە، لای بوخاری (٢٨٤٠)ە و لای موسلیم (١١٥٣)یە.

# لە ڕۆژی قیامەتدا
# ڕۆژووەوانان ڕێزو پلەو پایەی تایبەتییان هەیە

چوونە بەهەشت لە یەکێك لە دەرگاکانی بەهەشتەوە - کە ناوی رەییانە - تایبەت کراوە بە ڕۆژووەوانان کراوە! وەك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إِنَّ فِي الْجَنَّةِ بَابًا يُقَالُ لَهُ الرَّيَّانُ يَدْخُلُ مِنْهُ الصَّائِمُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَا يَدْخُلُ مِنْهُ أَحَدٌ غَيْرُهُمْ يُقَالُ أَيْنَ الصَّائِمُونَ فَيَقُومُونَ لَا يَدْخُلُ مِنْهُ أَحَدٌ غَيْرُهُمْ فَإِذَا دَخَلُوا أُغْلِقَ فَلَمْ يَدْخُلْ مِنْهُ أَحَدٌ) متفق عليه[1] واتە: بەهەشت دەرگایەکی هەیە پێی دەوترێ رەییان (واتە: تێرئاو).. لە ڕۆژی دواییدا ڕۆژووەوانان لێیەوە دەچنە ژوورەوە، کەس جگە لەوان لەوێوە ناچێتە ژوورەوە، کە ڕۆژەوانان چوونە ژوورەوە ئیتر دادەخرێ و کەسی تری پێدا ناچێتە ژوورەوە.

ڕۆژوو گرتن لە مانگی رەمەزاندا زیاتر لەو خێرو پاداشتانەی سەرەوە، پاداشتی زۆر گەورەی تری هەیە.. مانگی رەمەزان بۆ خۆی مانگێکی پیرۆزە چونکە قورئانی تێدا هاتۆتە خوای گەورەوە: (شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ)البقرة/١٨٥ واتە: مانگی رەمەزانە کە قورئانی تێدا هاتۆتە خوارەوە.

رەمەزان شەوی قەدری تێدایە لە هەزار مانگ چاکترە! وەك دەفەرموێ: (إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ * وَمَا أَدْرَاكَ مَا لَيْلَةُ الْقَدْرِ * لَيْلَةُ الْقَدْرِ خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ)القدر/١-٣ ئێمە لە شەوی قەدر (شەوی بە فەڕو بەرەکەت)دا ئەم

---

[1] بوخاری (١٨٩٦)، موسلیم (١١٥٢).

قورئانەمان دابەزاندۆتە خوارەوە. تۆ چوزانیت شەوی قەدر چیە؟ شەوی قەدر لە هەزار مانگ باشترە!!

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی خێرو پاداشت و گەورەیی ڕۆژووی رەمەزان دەفەرموێ: (مَنْ قَامَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ وَمَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ) متفق عليه[1] واتە: هەر کەسێك بەدڵنیایی باوەڕەوەو لەبەر خاتری خوای گەورە ڕۆژووی رەمەزانەکە بگرێت، ئەوە خوای گەورە لەو گوناهانەی خۆش دەبێت کە پێشتر کردوونی.

پێویستە موسوڵمان لە ڕەمەزاندا - بە ئومێدی دەستخستنی ئەو هەموو پاداشتانەی کە خوای گەورە بۆ ڕۆژووەوانی دیاری کردووە - لە جاران زیاتر خۆی بە خواپەرستی و پاڕانەوەو یادی خوای گەورەو قورئان خوێندن و داوای لێخۆشبوون و خێرو چاکەکردنەوە خەریك بکات..

یەکێکی تر لە قەدرو ڕێزی ڕۆژووەوان ئەوەیە کە ئومێدی زۆرە دوعا و نزاکانی وەربگیرێت و خوای گەورە بە هانایەوە بێت و وەڵامی بداتەوە، بەتایبەت لەکاتی بەربانگدا.. خوای گەورە لە نێوان دوو ئایەتدا کە هەردووکیان باسی ڕۆژوو و مانگی رەمەزان دەکەن ئەم ئایەتەی داناوە کە دەفەرموێ: (وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ) البقرة/١٨٦ واتە: ئەگەر سەبارەت بە

---

[1] بوخاری (٢٠١٤)، لاي موسليم (٧٥٩).

من لێیان پرسیت ئەوە من نزیکم، هەر کەسێك لە من بپاڕێتەوە وەڵامی دەدەمەوە و داواکانی جێبەجێ دەکەم.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمویٚ: (إِنَّ لِلصَّائِمِ عِنْدَ فِطْرِهِ دَعْوَةً مَا تُرَدُّ) رواه ابن ماجه[1] واتە: ڕۆژووەوان لە کاتی ڕۆژوو شکاندندا، دوعاکانی گیرا دەبێت.

## مەرجەکانی پاداشتی ڕۆژوو

بۆ ئەوەی ڕۆژووەوان لە خێرو پاداشتی قیامەت مەحرووم نەبێت، پێویستە ڕەچاوی ئەم دوو خاڵە بکات:

١- خۆ پاراستن لە تاوان:

ڕۆژووەوان پێویستە خۆی بە ڕەوشتە بەرزەکانی ئیسلام برازێنێتەوەو هەوڵ بدات خۆی لە هەموو جۆرە تاوان و خراپەیەك بە دوور بگرێت.

---

[1] ئەم فەرموودە ریوایاتی زۆرەو هەمووی لای فەرمودەوانان زەعیفەو تەنانەت بە کۆی هەموانیش نابێت بە حەسەن.. ئیبنوعەساکیرو مونزیری و ئیبنولمولەقین و ئیبنوحەجەری عەسقەلانی و ئەحمەد شاکرو ئەلبانی لە (ارواء الغليل ٩٣١)دا فەرمووویانە زەعیفە.. بەڵام لە شوێنی ئەوە دەتوانرێت ئەم فەرموودە سەحیحە (الألباني: سلسلة الاحاديث الصحيحة ١٧٩٧/٤) دابنرێت، کە دەفەرموێ: (ثَلاثُ دَعَوَاتٍ لا تُرَدُّ: دَعوةُ الْوَالِدِ، وَدَعْوَةُ الصَّائِمِ، وَدَعوةُ الْمُسَافِرِ) واتە: دوعای سێ پۆل خەڵکی ناگەڕێندرێتەوە (گیرایە): دوعای باوك، دوعای ڕۆژووەوان، دوعای موسافیر.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (وَإِذَا كَانَ يَوْمُ صَوْمِ أَحَدِكُمْ فَلَا يَرْفُثْ وَلَا يَصْخَبْ فَإِنْ سَابَّهُ أَحَدٌ أَوْ قَاتَلَهُ فَلْيَقُلْ إِنِّي صَائِمٌ) متفق عليه[1] واتە: ئەگەر یەکێکتان بەڕۆژوو بوو با نەچێتە لای خێزانی و تووڕەنەبێت و بۆڵەبۆڵ بەسەر کەسدا نەکات وە ئەگەر یەکێك جنێوی پێدا یا شەڕی پێ فرۆشت با پێی بڵێت من بە ڕۆژووم.

ئەو ڕۆژووەوانەی کە خۆی لە گوناهو تاوان ناپارێزێت ئەگەر ڕۆژووەکەشی بەتاڵ نەبێتەوە ئەوا خێرێکی ئەوتۆی نامێنێتەوە. ئەوەتا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (مَنْ لَمْ يَدَعْ قَوْلَ الزُّورِ وَالْعَمَلَ بِهِ فَلَيْسَ لِلَّهِ حَاجَةٌ فِي أَنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ) رواه البخاري[2] واتە: خوای گەورە هیچ پێویستی بە کەسێك نییە کە واز لە خواردن و خواردنەوە بهێنێت بەڵام واز لە قسەی درۆو دەلەسە و کارپێ کردنی نەهێنێت..

لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێ: (رُبَّ صَائِمٍ لَيْسَ لَهُ مِنْ صِيَامِهِ إِلَّا الْجُوعُ وَرُبَّ قَائِمٍ لَيْسَ لَهُ مِنْ قِيَامِهِ إِلَّا السَّهَرُ) رواه البيهقی[3] واتە: چەند لە ڕۆژووەوان هەیە کە لە برسێتی بەولاوە هیچی تری بۆ نامێنێتەوە!

---

[1] بوخاری (١٩٠٤)، موسلیم (١١٥١).

[2] بوخاری (١٩٠٣)..

[3] ئیبنوماجە (٥٣٩/١ ژمارە ١٦٩٠)، نەسائي (٢٣٩/٢ ژمارە ٣٢٤٩) شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الترغيب والترهيب ٤٥٣/١)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

٢- دڵسۆزی (الإخلاص).

دڵسۆزی مەرجێکە بۆ دروستی و پەسەندی ڕۆژوو لای خوای گەورە، بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەکەدا دەفەرموێ (واحتسابا) واتە: ئەو ڕۆژووە پەسەندەو پاداشتی لای خوای گەورە مسۆگەرە کە لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە ئەنجام بدرێت، چونکە نەمانی ئەم مەرجە موسوڵمان دەخاتە ڕیزی دووڕووان (منافقین)ە وە.

## حیکمەتەکانی ڕۆژوو

١- ڕۆژوو هۆکارێکی ئیمانی پەروەردەو گەشەکردنی ڕۆح و مانەوەیەتی بە پاك و بێگەردی، چونکە ڕۆژووەوان بەردەوام لە عیبادەتی خوای گەورەدایەو هەست بە زیادبوونی ئەو پەیوەندییە ئیمانییە دەکات کە لەگەڵ پەروەردگاریدا بەستوویەتی، بەتایبەت لە ڕەمەزاندا کە سات بەسات و ڕۆژ بەڕۆژ ئەو پەیوەندییە دامەزراوتر دەبێت.. بەم دیدو هەستەوە، بەم ووڕەو وویستەوە، بەم ڕەفتارە پارسەنگەوە، لە ژیانی فریشتە نزیك دەبێتەوە.

هەروەها ڕۆژوو پارێزکاریی و تەقوا لە مرۆڤدا دروست دەکات و ترسی خوای گەورە دەخاتە دڵ و دەروونییەوەو بواری سەرپێچی لە فەرمانەکانی خوای گەورە لە عەبد تەسك دەکاتەوە، چونکە هەستی چاودێری خوایی لە ناخی مرۆڤدا دەڕوێنێت، هەر بۆیە ئەمە کراوە بە سەرەکیترین ئامانج و مەبەستی ڕۆژووگرتن.. هەر وەکو قورئان ئاماژەی بۆ کردووەو دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ

عَلَيْكُمْ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ)البقرة ١٨٣ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ڕۆژووتان لەسەر فەرزە هەر وەکو کە لەسەر ئەوانی پێش ئێوەش فەرز بووە، ئەمەش بۆ ئەوەیە پارێزکاربن..

موسوڵمان لە کاتی ڕۆژووگرتندا چاکتر هەست بە نازو نیعەتەکانی خوای پەروەردگاری دەکات و دەچێتە ئاست و مەقامی سوپاسگوزاریی.

٢- لە ڕووی جنسییەوە: حەزی جنسی مەترسیدارترین چەکە بەدەست شەیتانەوە، کە بۆ سەرگەردان کردنی مرۆڤ بە کاری دێنێت و دەیکاتە پاڵنەری ڕاستەوخۆی دەستی بۆ هاندانی مرۆڤ لەسەر خراپەکاریی.

- ڕۆژوو هۆکارێکی گرنگ و کاریگەرە بۆ دامرکاندنەوەی حەزو ئارەزووە سەرکەشەکانی مرۆڤ بە گشتی و بۆ هێدی کردنەوەو کۆنترۆڵ کردنی دڵ و دەروون و هۆشی، بە جۆرێك کە تەوژمەکانی خاو دەکاتەوەو چالاکی ئەو هۆڕمۆنانەی بەرپرسی جنسن لە خوێندا کەم دەکاتەوە.

- ڕۆژوو وویست و ئیرادەی موسوڵمان بەهێز دەکات و لە دڵەڕاوکە ڕزگاری دەکات. بیر کردنەوەی ناقۆڵاو خەیاڵاتی جنسی لێ دوور دەخاتەوەو لە شەڕی (نەفسی ئەممارە) ڕزگاری دەبێت.. کاریگەری ئەم حیکمەتە لە گەنجەکاندا ڕۆشنتر دەردەکەوێت.. لەبەر ئەوەیە کە پێغەمبەری خۆشەویستمان صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕوو دەکاتە لاوەکان و دەفەرموێ: (يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنْ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ

بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ) متفق علیه[1] واتە: ئەی گەنجینە، هەرکەسێکتان توانای هەیە با ژن بهێنێت، چونکە ژنهێنان باشتر چاو دەگرێتەوەو چاکتر داوێن دەپارێزێت، ئەوی کە لە توانایدا نییە، با بەرۆژوو بێت، چونکە رۆژوو قەڵغانە ..

- رۆژوو بۆ پاراستنی موسوڵمان لە تاوان و سەرپێچی هۆکاری کپبوونەوەی ئارەزووی جنسییە، بە راستی هەر وەکو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمویەتی قەڵغانە: (الصِّيَامُ جُنَّةٌ مِنْ النَّارِ كَجُنَّةِ أَحَدِكُمْ مِنْ الْقِتَالِ)[2] واتە: رۆژوو قەڵغانەو خۆی پێ لە ئاگری دۆزەخ دەپارێزرێت، هەر وەکو کە یەکێکتان لە جەنگدا خۆی بە قەڵغانەکەی لە پێکران دەپارێزێت..

- رۆژوو بۆ ئیمانداران قەڵایە، دەتوانن لە کاتی پەلاماری شەیتاندا خۆ بدەنە پاڵ رۆژوو و خۆیان لە تیرو گورزی بپارێزن.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (الصِّيَامُ جُنَّةٌ وَهوَ حِصْنٌ مِنْ حُصُونِ الْمُؤْمِنِ)[3] واتە: رۆژووگرتن قەڵغانە، قەڵایەکە لە قەڵاکانی موسوڵمان..

٣- <u>لە ڕووی دەروونی و کەسێتییەوە:</u> رۆژوو کەسێتی موسوڵمان بەرز رادەگرێ، چونکە هۆکاری دوورکەوتنەوەی موسوڵمانە لە تاوان وخراپەکاریی.. کەم

---

[1] بوخاری (٥٠٦٦)، موسلیم (١٤٠٠).

[2] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە (صحيح الجامع الصغير/٣٨٨١)، لەوێدا بۆی نەگەڕام بەڵام لە سەرچاوەیەکی تر دۆزیمەوە کە هەر بە توێژینەوەی شێخی ئەلبانی رەحمەتیە: (صحيح الترغيب والترهيب (٥/٩٨٢)..

[3] ئەلبانی رەحمەتی لە (صحيح الجامع /٣٨٨١) دا دەفەرموێ: حەسەنە.

کردنەوەی چالاکی نەفس و لایەنە شەڕخوازیەکەی مرۆڤە کە دەرکەوتنی هەر ڕەفتارێکی بەدی، ڕێزو کەسێتی موسوڵمان لەکەدار دەکات.. چونکە بە هۆی ڕۆژووەوە عەزم و ئیرادە بەهێز دەبێت، خەسڵەتە دەروونییەکانی وەکو سنگ فراوانی و ئازایەتی و خۆڕاگری لە مرۆڤدا گەشە پێ دەدات، ئەمانەشن ڕۆڵی کاریگەریان لە بەئارامیی و خۆگریی و توانای بەرگەگرتنی ئەو کەسەدا لەبەرامبەر سەختی و نارەحەتیەکانی ژیاندا هەیە.

مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی هەرکارێك چاك بێت یان خراپ پێویستی بە وویست و ئیرادە هەیە، دینداریش خۆڕاهێنانە لەسەر کردەوەی چاکە یاخود خۆگرتنەوەیە لە کردەوەی خراپە. ڕۆژووگرتن هەردوو ئەو سەبرگرتنەی تێدایە. هەر بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مانگی رەمەزانی بە مانگی سەبر ناوبردووەو فەرموویەتی: (صَوْمُ شَهْرِ الصَّبْرِ وَ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ صَوْمُ الدَّهْرِ، وَيَذْهَبُ بِوَحْرِ الصَّدْرِ)[١] واتە: گرتنی ڕۆژووی ئارامگریی و سێ ڕۆژی هەر مانگێك زامنە بۆ لادان و ڕادانی کینەو بوغزو (پۆخڵەواتەکانی) دەروون..

<u>٤- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە:</u> ڕۆژوو ڕۆڵێکی گەورەو بەرچاوی لە زیندووکردنەوە و پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە، چونکە هەستی بەزەیی هاتنەوەو سۆزو خۆشەویستی لە دەروونی تاکەکانی ناو کۆمەڵدا زیاتر دەکات.. ئیمامی

[١] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (صحيح الجامع الصغير اللالبانى/ ٣٨٠٤) بەڵام من هەر لەوێدا بە ژمارە (٣٧١٨) دۆزیمەوە، هەروەها لە (صحيح الترغيب والترهيب) دا ژمارە (١٠٣٢)ە.

ئیبنولقەییم ڕەحمەتی لێ بێت لەم ڕووەوە دەفەرموێ: ڕۆژوو حاڵ و گوزەران و برسێتی هەژاران بە بیردەخاتەوە.[1]

ئیبنولهەممام فەرموویەتی: کە ڕۆژووەوان هەست بەسەختی و ناڕەحەتی ڕۆژووەکەی دەکات، لە حاڵی خۆیەوە دەفکرێتە حاڵی ئەو کەسانەی کە تێکڕای ڕۆژانی ژیانیان بەو شێوەیە بەسەر دەبەن، جا بەزەیی بە حاڵیاندا دێتەوەو دڵی پێیان دەسووتێت.[2]

هەر بۆیە خوای گەورە پاداشتی گەورەی بۆ ئەو کەسانە داناوە کە نانی ڕۆژووەوان دەدەن، چ لە ماڵیاندا بە میواندارێتییان، چ بە بەخشینی پارەو خواردن پێیان لە شوێنی تر..

لەبەر گرنگی کاریگەریی لایەنی کۆمەڵایەتی ڕۆژووە کە هەموو ڕۆژووی ڕەمەزانەکە بە سەرفترەکەوە بەستراوەتەوە، کە دەبێت لە کۆتایی مانگی ڕەمەزاندا کابرای موسوڵمان سەرفیترەی خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی بدات، ئەمەش

---

[1] بە داخەوە نوسەرانی بەڕێز هیچ ئاماژەیەکیان بە سەرچاوەکەی نەکردووەو بە کوردیش هێناویانەتەوە، بۆیە زەحمەتە بتوانین بچینەوە سەر سەرچاوەکەی..

[2] دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەمیان واللە اعلم سەختترە، چونکە دەبێ بزانرێت ئایا مەبەست لە ئەلکەمالی ئیبولهوممامودین(٧٩٠-٨٦١)ی خاوەنی کتێبی (التحریر)ە کە توێژەرەوەی گەورەی مەزهەبی حەنەفییەو وەکو ئیمامی نەوەوی وایە بۆ شافیعێتی، یان ئیبنوتەیمییە بۆ حەنبەلێتی..یان کەسێکی ترە، پاشان لە چ کتێبێکیدا وای فەرمووە؟! کە ئەو دەیان کتێبی بە چەندین بەرگ نوسیووە.. .

فەرزە، چونکە هاوکارییەکی باشی نەدارو هەژارانە تا بتوانن پێداویستیەکانی جەژنیان مسۆگەر کەن.

<u>٥- لە ڕووی تەندروستییەوە:</u> زانستی نوێ و تاقی کردنەوە پزیشکییەکان سەلماندوویانە کە ڕۆژووگرتن سوودی بۆ تەندروستی مرۆڤ زۆرە، بۆ چارەسەری زۆر نەخۆشی سوودمەندە وەکو: نەخۆشییەکانی دڵ و تین و فشاری خوێن و شەکرەو قەڵەوی و نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەرس و زاووزێ و هتد..

هەروەها ڕۆژوو چالاکی دەرهاویشتە هۆرمۆنییەکان ڕێك دەخات. بەڵام ئەوەی لە هەموان گرنگتر دەمێنێت سەرکەوتنی لایەنی ڕۆح و گیانە بەسەر لایەنە مادديیەکەدا، سەرکەوتنی عەقڵ و ژیریە بەسەر هەواو ئارەزووەکاندا، ئەمەش نهێنی ئەو خۆشی وشادیەیە کە هەموو ڕۆژووەوانێك هەستی پێ دەکات، بە تایبەت لەکاتی بەربانگ دا وەکو کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسی فەرمووە: (لِلصَّائِمِ فَرْحَتَانِ يَفْرَحُهُمَا إِذَا أَفْطَرَ فَرِحَ وَإِذَا لَقِيَ رَبَّهُ فَرِحَ بِصَوْمِهِ) متفق عليه[١] واتە: ڕۆژووەوان دوو خۆشحاڵيی هەیە کە دوای ڕۆژوو شکاندنەکەی دەستی دەکەون: یەکەمیان ئەو ساتەی ڕۆژووەکەی دەشکێنێت و دووەمیان ئەو کاتەی بە ڕۆژووەکەیەوە بە خوای خۆی دەگات..

---

[١] بوخاری (١٩٠٤)، موسلیم (١١٥١).

# وانەی دەیەم
## قورئان خوێندن

پێشەکی:

هەرچەندە سەرەکیترین مەبەست لە ناردنی قورئانی پیرۆز بۆ کارپێکردن و پیادەکردنێتی لە ژیانی ڕۆژانەی موسوڵماناندا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا داوا لە موسوڵمان کراوە کە وەکو یادخستنەوەو خواپەرستنیش بیخوێنێت، تا لە خوای گەورەی نزیك بکاتەوە. بۆیە دەبێت موسوڵمانی خوێندەوار ڕۆژانە دەور[1] بکاتەوەو بیخوێنێت.. ئەوەتa خوای پەروەردگار ڕوو بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و هاوەڵان دەفەرموێ: (فَاقْرَؤُوا مَا تَيَسَّرَ مِنَ الْقُرْآنِ) المزمل/٢٠ واتە: ئەوەندەی بۆتان دەگونجێ و ئاسانە دەوری قورئان بکەنەوە.

قورئان ووزەیەکی ڕۆحییەو مانای ژیان دەبەخشێ، نورو ڕووناکییەکە دڵ و دەروون ڕۆشن دەکاتەوە.. بە هۆی پابەندبوونمانەوە پێوەی لە کارو فرمانەکانماندا چاوکراوەو ڕووناکبین دەبین. خوای گەورە دەفەرموێ: (...قَدْ جَاءَكُم مِّنَ اللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُّبِينٌ * يَهْدِي بِهِ اللَّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلامِ وَيُخْرِجُهُم مِّنِ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِهِ وَيَهْدِيهِمْ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ) المائدة/١٥-

---

[1] کورد بە قورئان خوێندن و خەتم کردنی دەڵێت: دەور کردنەوە.. چونکە قورئان خوێندنەوە ئەوە نییە هەر جارێك بخوێندرێتەوەو بەس بەڵکو بەردەوام لە هەوڵی خەتم کردنی نوێیدایە.. پێشی دەوترێت قورئان خوێندن نەك خوێندنەوە..

١٦ واتە: بە تەئکید لە خوای گەورەوە کتێبێکی ڕۆشنکارتان بۆ هاتووە، هەر کەسێك بە ئومێدی ڕەزامەندی خوای گەورە شوێنی کەوێت خوای گەورەش بەرەو ڕێی ئاشتی و هێمنیی ڕێنمایی دەکات، لە تاریکە ڕێگاکان دەری دەهێنێت و بەرەو ئەو نورە خواییەی دەهێنێت، دەیخاتە سەر ڕاستە ڕێبازەکەی خۆی ..

هەروەها ئەگەر بەردەوام لە خزمەتیدا نەبین و دەوری نەکەینەوە بێگومان تووشی دابڕین و پچڕاندن دێین و ئامۆژگاریی و ڕێنموونییەکانی خوای گەورەمان بیر دەچێتەوە.. چونکە ئەم قورئانە یادهێنەرو بێدار کەرەوەیەو مایەی ڕێنموونیی و ڕێنیشاندانەو دەستووری تەواوی ژیانە.. خوای گەورە دەفەرمویٚ: (وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَى لِلْمُسْلِمِينَ)النحل/٨٩ واتە: ئەو قورئانەی کە بۆمان ناردوویتەخوارەوە ڕوون کردنەوەی هەموو شتێکی تێدایە، ڕێنماییە و هیدایەتە، بەزەییە و ڕەحمەتە، مژدەیە، شنەی مزگێنی موسوڵمانانە..

- (هَذَا بَصَائِرُ لِلنَّاسِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ) الجاثية/٢٠ واتە: ئەم قورئانە چاوڕوونی و ڕۆشنی زەین و ڕوونی بینایی خەڵکییە و ڕێنیشاندان و هیدایەت و بەزەیی و ڕەحمەتیشە بۆ ئەوانەی باوەڕیان پێی هێناوەو لێی دڵنیابوون کە پەیامی خوای گەورەیە..

لەبەر ئەمەیە کە پسانی پەیوەندی بە قورئانەوەو دەور نەکردنەوەی نیشانەی دڵڕەقی و تاریکی دەروونە.. پسانی پەیوەستی نێوان موسوڵمان و قورئان دەبێتە هۆی تێکچوونی پارسەنگی چاك و خراپ و لاسەنگی هەنگاوەکانی.. ئەوەش کاولبوونی دەروون وتێکشکانی دڵە.. ئەوە سەلماندنی ئەو فەرموودەیەیە کە

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِي لَيسَ فِي جَوْفِهِ شَيءٌ مِن الْقُرْآنِ كَالْبَيتِ الْخَرِبِ)[1] واتە: ئەو کەسەی شتێك لە قورئان لە دڵیدا نەبێت، وەکو خانووە ڕووخاوێك وایە! جا بۆ ئەوەی ئەمە ڕوونەدات موسوڵمان دەبێ پەیوەندی لەگەڵ قورئاندا پتەو بکات.. هەر کاتێك هەستی بە ساردی و لاوازیی ڕۆحیی کرد گورج دەست بکات بە خوێندنەوەی قورئان و وەك شیفایەك بۆ چارەی دەردەکانی بەکاری بێنێ، هەر وەك خوای گەورە دەفەرموێ: (قَدْ جَاءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَاء لِّمَا فِي الصُّدُورِ) یونس/٥٧ واتە: بە تەئکید ئامۆژگاریەکتان لە خوای پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە، کە چارەسەری نەخۆشیەکانی دەروونتانی تێدایە..

- (وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاء وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ) الاسراء/٨٢ واتە: هەر لەو قورئانەدا شتی وای تێدا دەنێرینە خوارەوە کە چارەسەری نەخۆشی و بەزەییە بۆ موسوڵمانان.

هەروەها پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی جیاوازی موسوڵمانێك کە قورئان دەخوێنێت و دەوری دەکاتەوەو موسوڵمانێك کە دەوری ناکاتەوە، دەفەرموێ: (مَثَلُ الْمُؤْمِنِ الَّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَيَعْمَلُ بِهِ كَالْأُتْرُجَّةِ طَعْمُهَا طَيِّبٌ

---

[1] نوسەرانی بەڕێز نووسیویان (رواه الترمذي وقال حديث حسن صحيح) راستەو ژمارەکەشی (٢٩١٣)یە، بەڵام ئیمامی ئیبنوحەجەر لە (مشكاه المصابيح٢/٣٧٢) داو شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی لە (ضعيف الترغيب و الترهيب ژمارە٨٧١) و لە (ضعيف سنن الترمذي ژمارە٢٩١٣) دا دەفەرموون: زەعیفە..

وَرِيحُهَا طَيِّبٌ، وَالْمُؤْمِنُ الَّذِي لَا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَيَعْمَلُ بِهِ كَالتَّمْرَةِ طَعْمُهَا طَيِّبٌ وَلَا رِيحَ لَهَا، وَمَثَلُ الْمُنَافِقِ الَّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ كَالرَّيْحَانَةِ رِيحُهَا طَيِّبٌ وَطَعْمُهَا مُرٌّ، وَمَثَلُ الْمُنَافِقِ الَّذِي لَا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ كَالْحَنْظَلَةِ طَعْمُهَا مُرٌّ أَوْ خَبِيثٌ وَرِيحُهَا مُرٌّ) رواه البخاری ومسلم[١] ، واتە: نموونەی ئەو موسوڵمانەی کە قورئان دەخوێنێت و کاری پێ دەکات وەك ئەتروجە (ترنج و نارنج) وایە، بۆنی خۆشەو تامیشی خۆشە. نموونەی ئەو موسوڵمانەی کە قورئان ناخوێنی بەڵام کاری پێ دەکات وەکو دەنکە خورمایە، بێ بۆنە بەڵام تامی شیرینە. ئەو دووڕووەی قورئان دەخوێنێت و کاری پێناکات وەکو ڕێحانە وایە، بۆنی خۆشەو تامی تاڵە.. ئەو دووڕووەی قورئان ناخوێنێت و کاریشی پێ ناکات وەکو حەنزەل[٢] وایە بۆنیشی ناخۆشەو تامیشی تاڵە..

بۆیە دەبێ موسوڵمان هەوڵی زۆرتر بدات و خۆی لە قورئان نزیك بخاتەوە چونکە یەکەم سەرچاوەی بەرنامەکەیەتی کە فەرمان و ڕێنموونی ژیانی لێ وەر بگرێ.

---

[١] ڕاستە ئەمە لەفزی بوخارییەو ژمارەکەی (٥٤٢٧)هو لای موسلیمیش ژمارەکەی (٧٩٧)ه.

[٢] ڕووەکێکی دەشتی بێڕوونەو درەختەکەی دڕکاویەو بەرهەمەکەی لە بەڵاڵووك بچووکترەو تاڵەو کە دەپلیشێتەوە بۆنی زۆر ناخۆشەو زوو لە دەست و پل نابێتەوە..

# ڕێزو پاداشتی قورئان خوێن

گومان لەوەدا نییە كە یەكێك لە گەورەترین و پیرۆزترین كارێك كە موسوڵمان لە خوای خۆی نزیك بخاتەوەو لیستەی كردەوە چاكەكانی پێ پڕ بكاتەوە، دەوور كردنەوەی قورئانە،كە خێرو پاداشتی زۆری دەبێ:

١- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی كە خوێندنەوەی تەنها یەك پیت لە قورئان بە دە چاكەیەو رەنگە زیاتریش بنوسرێ: (مَنْ قَرَأَ حَرْفًا مِنْ كِتَابِ اللَّهِ فَلَهُ بِهِ حَسَنَةٌ وَالْحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا لَا أَقُولُ الم حَرْفٌ وَلَكِنْ أَلِفٌ حَرْفٌ وَلَامٌ حَرْفٌ وَمِيمٌ حَرْفٌ)[1] واتە: هەر كەسێك پیتێك لە قورئانەكەی خوای گەورە بخوێنێت، پاداشتێكی بۆ دەنوسرێت، پاداشتیش یەك بە دەیە، ناڵێم: (الم) پیتێكە، بەڵكو ئەلف پیتێكەو لام پیتێكەو میم پیتێكە..

٢- خوای گەورە لە مەزنیی و بڵندی خۆیەوە ڕێزی قورئان خوێنی فەرز كردووە.. هەر وەك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إِنَّ مِنْ إِجْلَالِ اللَّهِ إِكْرَامَ ذِي الشَّيْبَةِ الْمُسْلِمِ وَحَامِلِ الْقُرْآنِ غَيْرِ الْغَالِي فِيهِ وَالْجَافِي عَنْهُ، وَإِكْرَامَ ذِي

[1] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه الترمذي وقال حديث حسن صحيح) بەڵێ لای ترمزی (١٧٥/٥ ژمارە ٢٩١٠)یەو لای بوخاری لە (التاريخ الكبير ٢١٦/١) و لای بەیهیقی لە (شعب الايمان ٥٤٨/٤ ژمارەكەی ١٨٣١)ە و دیارە كە لای زۆرینەی فەرموودەوانان سەحیحە. بڕوانە توێژینەوەی شێخی ئەلبانی لەسەری لە (مشكاة المصابيح ٦٥٩/١) و (سلسله الصحيحه ٢٦٧/٢) و (تخريج الطحاويه ١٣٩) ..

السُّلْطَانِ الْمُقْسِطِ)[1] واتە: لە مەزنێتی خوای گەورە ئەوەیە کە رێزی موسوڵمانی پیرو قورئانخوێنێك بگرێت کە نە سەختگیرە تێیدا نە شلگیر، هەروەها رێزی کاربەدەستی دادپەروەر..

٣- لە کۆڕی قورئان خوێندن و دیراسە کردنی ماناکانی فەڕو بەزەیی و میهرەبانی خوای گەورە دەرژێ و فریشتەکان چواردەوری ئەو شوێنە دەدەن: (مَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللَّهِ تَعَالَى يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَيَتَدَارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ إِلَّا نَزَلَتْ عَلَيْهِمْ السَّكِينَةُ وَغَشِيَتْهُمْ الرَّحْمَةُ وَحَفَّتْهُمْ الْمَلَائِكَةُ وَذَكَرَهُمْ اللَّهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ)[2] واتە: هەر کاتێك کۆمەڵە کەسێك لە یەکێك لە ماڵەکانی خوای گەورەدا کۆڕێك بۆ قورئان خوێندن دەگرن، دەیخوێنن و لە ماناکەی دەکۆڵنەوە، ئیللا رەحمەت و بەزەیی خوای گەورە باڵی بەسەریاندا دەکێشێت و فریشتەی خوا بەڕێزەوە دەوریان دەدەن و خوای گەورەش لای فریشتەکانی لای خۆی بە رێزەوە باسیان دەفەرموێت.

[1] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه ابو داود وهو حديث حسن) وایە: شێخی ئەلبانی لە (صحيح سنن أبي داود/ ٤٨٤٣) دا بە حەسەنی ناساندووە.
[2] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (موسلیم)، راستەو ژمارەکەی (٢٠٧٤)ە.

٤- ئەوانەی قورئان خوێنن و دیراسەی قورئان دەکەن یان بە کۆمەڵ دەیخوێنن، بە ئەهلی تایبەتی خوای گەورە دەدرێنە قەڵەم.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (أَهْلُ الْقُرْآنِ أَهْلُ اللَّهِ وَخَاصَّتُهُ)[1]

٥- چاکترین موسوڵمان ئەو کەسەیە کە قورئان فێر دەبێ و خەڵکیش فێر دەکات (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)[2] واتە: باشترینتان ئەو کەسەیە کە قورئان فێر دەبێت و خەڵکی تریش فێر دەکاتەوە..

٦- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاماژەی بەوە کردوە کە ئەو کەسەی قورئانی زیاتری لەبەرەو چاکتر شارەزایی تێدا پەیدا کردووە، ئەو ببێتە پێش نوێژ.. لە کاتی مردنیشدا ئەو قەدرو ڕێزەی هەر دەمێنێت. بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّى

---

[1] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه النسائی وابن ماجه والحاكم بسند صحيح)، نازانین کێ فەرموویەتی: بسند صحيح.. ئەگەر حاکم بێت بە تەنها، ئەوە فەرموودەوانان زۆر متمانە بە ناساندنەکانی ناکەن! مەگەر ئیمامی زەهەبی لایەنگیریی بکات.. بەڵام بە هەر حاڵ ئەم فەرموودەیە لە (سنن ابن ماجه ٧٨/١ ژمارە(٢١٥)یەو لە توێژینەوەی ئەلبانی رەحمەتیدا کە بۆ ئەو سونەنەی کردووە لە (٤٢/١) ژمارە (١٧٨) بە سەحیحی داناوە، هەروەها بە (صحیح الترغيب و الترهيب ٨٠/٢ ژمارە ١٤٣٢). لەفزەکەشی بەم شێوەیە: (إِنَّ لِلَّهِ أَهْلِينَ مِنَّا قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَنْ هُمْ؟ قَالَ: هُمْ أَهْلُ الْقُرْآنِ أَهْلُ اللَّهِ وَخَاصَّتُهُ) واتە: خوای گەورە خەڵکێکی لە ناو ئێمەدا (لە ریوایەتێکی تردا لە نێو خەڵکیدا) کردووە بە کەسانی خۆی: ووتیان: ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خوا؟! فەرمووی: قورئان خوێنەکانن کە کەسانی تایبەتی خوای گەورەن..

[2] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه البخاري) راستە وایەو (ب٤/ل ١٩١٩ ژمارە ٤٧٣٩) یە.

اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە غەزای ئوحددا فەرمانی دا لە کاتی دفن کردنی شەهیدەکان، هەر کامیان زۆرتری قورئان لەبەر بووبێت ئەویان پێشتر بخرێتە گۆڕەکەوە.[1]

٧- لە ڕۆژی قیامەتدا قورئان دێت بە هانای هاودەنگەکانیەوەو لای خوای گەورە تکایان بۆ دەکات: (إقْرَؤُوا الْقُرْانَ فَإنَّهُ يَأتِي يَوْمَ الْقِيامَةِ شَفِيعاً لِأصْحَابِهِ) رواه مسلم[2] واتە: دەوری قورئان بکەنەوە چونکە لە ڕۆژی قیامەتدا تکاکاری لای خوای گەورەیە بۆ ئەو کەسەی لە دنیادا خوێندویەتی.

٨- هەرکەس وگەلێك بەم قورئانەوە پابەند بێت و گوێڕایەڵی فەرمانی خوای گەورە بکات، ئەوە بە عیززەتەوە لە دنیادا دەژی.. بە پێچەوانەشەوە هەرکەس و گەلێك گوێبیستی ئایەتەکانی خوای گەورە نەبن و پشت لەم قورئانە هەڵبکەن، بێگومان خوای گەورە زەلیل و زەبوونیان دەکات. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إنَّ اللّهَ يَرْفَعُ بِهَذَا الْكِتَابِ أقْوَاماً وَيَضَعُ بِهِ آخَرِينَ) رواه مسلم .
٣

[1] نوسەرانی بەڕێز ریوایەتەکەیان بە ماناو بێ سەنەدو سەرچاوە گێڕاوەتەوە.. لە غەزای ئوحوددا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دوو کەس یان سێ کەسی خزمی یەکتری یان هاوڕێی یەکتریی پێکەوە دەخستە یەك گۆڕەوە، جا ئەو کەسەیان کە قورئانی زیاتر لەبەر بوایە (بە شاهیدی زیندووەکان) ئەویانی بۆ ڕێزلێنانی زیاتر، زووتر دەخستە گۆڕەکەوە.. ئینجا نێوان هەر یەکەیان بە چینێك گڵ دەکرد.. ئەبو داوود ریوایەتی کردووەو شێخی ئەلبانی بە سەحیحی ناساندووە، بڕوانە: الألباني: أحكام الجنائز ل١٦٧.

[2] راستە لای موسلیم (٥٥٣/١) ژمارە (٨٠٤) یە.

[3] راستە لای موسلیم ژمارە (٨١٧)یە.

٩- خوای گەورە پاداشتی دایك و باوکی قورئان خوێن دەداتەوەو ئەوانیش لەو خێرەدا بەشدار دەکات، چونکە کوڕەکەیان لەسەر موسوڵمانێتی و قورئان خوێندن پەروەردە کردووە.. هەر وەك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (مَنْ قَرَأَ الْقُرْآنَ وَعَمِلَ بِمَا فِيهِ أُلْبِسَ وَالِدَاهُ تَاجًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ ضَوْءُهُ أَحْسَنُ مِنْ ضَوْءِ الشَّمْسِ فِي بُيُوتِ الدُّنْيَا لَوْ كَانَتْ فِيكُمْ فَمَا ظَنُّكُمْ بِالَّذِي عَمِلَ بِهَذَا)[١] واتە: هەر کەس قورئان بخوێنێ و ئیش بە فەرمانەکانی بکات خوای گەورە لەو دنیا تاجێکی نورانی دەکاتە سەر باوك و دایکی کە ڕۆشناییەکەی لە ڕووناکی ڕۆژ جوانتر دەبێت کەماڵەکانتان لە دنیادا بۆ ڕۆشن دەکاتەوە، ئەدی ئەو کەسەی کە خۆی دەیخوێنێت و کاری پێ دەکات ئاخۆ چ جۆرە پاداشتێکی بدرێتەوە !؟.

١٠- پلەو پایەی قورئان خوێنی شارەزا ئەوەندە بەرزە خوای گەورە دەیخاتە ڕیزی فریشتە بەڕێزو پایە بەرزەکانەوە ئەو موسوڵمانەش بەهۆی زمانییەوە یان بە هۆی کەم خوێندەوارییەوە بەزەحمەت بۆی دەخوێنرێتەوە خوای گەورە دوو پاداشتی بۆ دەنووسێ (الَّذِي يَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَهُوَ مَاهِرٌ بِهِ مَعَ السَّفَرَةِ الْكِرَامِ الْبَرَرَةِ وَالَّذِي

---

[١] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه ابو داود واحمد) بێ ئەوەی بیناسێنن، ڕاستە لای ئەبو داوودە لە سونەنەکەیدایە ژمارە (١٤٤٨)یەو لە موسنەدەکەی ئیمامی ئەحمەدیش ژمارە (١٥٦٤٥)ە و لای حاکمیش لە (المستدرك على الشيخين (١/٥٦٧)ە و بە سەحیحی داناوە بەڵام ئیمامی زەهەبی بەدوایدا چۆتەوەو بە زەعیفی ناساندووە.ترمزیش هێناویتیەوە پاشان فەرموویەتی: (هذا حديث غريب لا نعرفه إلا من هذا الوجه ليس إسناده بصحيح).

يَقْرَؤُهُ وَهُوَ عَلَيْهِ شَاقٌّ فَلَهُ أَجْرَانِ) متفق عليه[١] واتە: ئەو کەسەی کە قورئان بە ڕەوانی دەخوێنێت ئەوە لەگەڵ فریشتەی نێرراوانی خوای گەورەیەو ئەوی بە حونجە دەیخوێنێت و بەلایەوە قورسە دوو پاداشت وەردەگرێت..

١١.قورئان خوێن بەردەوام لە بەهەشتدا پلە و پایەی بەرز دەبێتەوە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (يُقَالُ لِصَاحِبِ الْقُرْآنِ اقْرَأْ وَارْتَقِ وَرَتِّلْ كَمَا كُنْتَ تُرَتِّلُ فِي الدُّنْيَا فَإِنَّ مَنْزِلَكَ عِنْدَ آخِرِ آيَةٍ تَقْرَؤُهَا)[٢] واتە: لە بەهەشتدا بە قورئان خوێن دەوترێ هەروەك چۆن لە دنیادا قورئانت بە تەرتیلەوە دەخوێند، ئێستاش بخوێنە، پلەو مەنزڵت وا لە ئاخرین ئایەت کە دەیخوێنیت!

بیری لێ بکەرەوە چ نیعمەتێکە، چ ڕێزێکە، بەڵام داخەکەم گوێ لەم فەرموودانە ناگرین و ئەو تەمەنەمان بۆ ئەو پلەو ئاستە ڕێزە تەرخان ناکەین.. بە داخەوە.

---

[١] فەرموودەکە بوخاری موسلیم گێڕاویانەتەوە، لەو جۆرەیە کە پێی دەوترێت: (رواه الشيخان) کە بە لەفزی لێك جیاواز گێڕاویانەتەوە، ئەمما (متفق عليه) ئەوە دەخوازێت کە هەردوو ئەو پێشەوا بەڕێزانە بە لەفزی هاوبەش بیگێڕنەوە. لای بوخاری(١٨٨٢/٤) ژمارە (٤٦٥٣)یەو لای ئیمامی ئەحمەد (١١٠/٦) ژمارە (٢٤٨٣٢) ئەمەی سەرەوەش لەفزەکەی بوخاریە.

[٢] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه ابو داود والترمذی حديث حسن صحيح) ڕاستە شێخی ئەلبانی لە توێژینەوەیدا. لە (صحيح سنن الترمذي (٢٩١٤) و صحيح سنن أبی داود (١٤٦٤)دا فەرموویەتی سەحیحە.

# چۆنێتی و شێوەی دەورکردنەوە

قورئان پێویستە بە شێوەیەك دەور بکرێتەوە و وریاو بێدارمان بکاتەوەو کارمان تێبکات و پاشان گۆڕانکاریمان تێدا دروست بکات، تا دڵمان سرەوت بگرێت و سەر لەنوێ تامەزرۆی ئایەتەکانیمان بکاتەوە.. تا لە لایەکەوە شایانی ئەوە بین بەزەیی خوای گەورە بمانگرێتەوە، لە لایەکی تریشەوە سام و ترسێکی واش لە دڵ و دەروونماندا هەبێت کە سڵ لەو سزا سەخت و نەبڕاوەیە بکەینەوە کە خوای گەورە لە دۆزەخدا بۆ بێ باوەڕان و ستەمکاران ئامادەی کردووە.. تا چالاکانە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ئەم قورئانە بین.. تا بە مژدە دڵ ڕفێنەکانی ئەم قورئانە هۆگری خواپەرستی زیاتر ببین و شەوق و خۆشی و هیممەتی زیاترمان بۆ دینداریەکی بەهێزتر تێگەڕێت.. ئەمە خوێندنی داواکراوە، نەك خوێندنەوەی بێ گیان و ساردوسڕی بێ شەوق و زەوق.. خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ الَّذِينَ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَنْفَقُوا مِمَّا رَزَقْنَاهُمْ سِرًّا وَعَلَانِيَةً يَرْجُونَ تِجَارَةً لَنْ تَبُورَ * لِيُوَفِّيَهُمْ أُجُورَهُمْ وَيَزِيدَهُمْ مِنْ فَضْلِهِ إِنَّهُ غَفُورٌ شَكُورٌ) فاطر/٢٩-٣٠ واتە: ئەوانەی کە کتێبەکەی خوای گەورە دەخوێننەوەو نوێژ دەکەن و لەوەی پێمان بەخشیوون بە نهێنی و ئاشکرا دەبەخشن، ئەوانە ئومێدی بازرگانییەکیان (لەگەڵ خوای گەورەدا هەیە) کە هەرگیز زەرەر ناکات.. خوای گەورە بەو پەڕی وەفاوە پاداشتی خۆیان دەداتەوەو لە فەزڵی خۆشیەوە زیادەی تریان پێ دەبەخشێت.. خوای گەورە لێبوردەو سوپاسکراوە.

واتە: ئەوانەی بە ووردی و سەرنجی تێگەیشتنەوە قورئان دەخوێنن، خوێندنەوەو سەرنجدانەکەیان دەبێتە ووزەیەکی کاریگەرو کار دەکاتە سەر رەفتارو هەڵسوکەوتیان.. بۆیە نوێژەکان وا دەکەن کە داواکراوە، لەو رزق و رۆزییەی کە خوای گەورە پێی بەخشیوون وا بە نهێنی و ئاشکرا دەبەخشن کە خوای گەورە پێی خۆشە، چونکە لەو باوەڕەدان کە ئەم رەفتارەیان بە پێی گرێبەستی مامەڵەیەکە کە لەگەڵ خوای گەورەی کردگاریاندا بەستوویانە.. ئەمەشە وای لێکردوون ئومێدیان وا بێت کە بازرگانێتییەکەیان لای خوای گەورە وەردەگیرێ و خوای گەورەو میهرەبانیش لە فەزڵی خۆیەوە و زیادەی دەخاتە سەر..

## ئادابی قورئان خوێندن

موسوڵمان دەبێ لەکاتی دەورکردنەوەی قورئاندا ئەم ئاداب و مەرجانەی خوارەوە پەیرەو بکات:

١- باشتر وایە دەستنوێژی هەبێت و سیواك بکا، ئینجا بە ئەدەب و ویقارەوە روو بکاتە قیبلەو بە ملکەچی و خشوعەوە بیخوێنێت.. با مەشغەڵەتی دنیا لە دڵ و هۆشی دەرکاو بە فرمێسکی ئومێدی دیداری خواوە بیخوێنێت و بە ماناکاندا رۆچێت..

خوای گەورە باسی گوێگرتنی هەندێ لە قەشەی نەسارا (مەسیحی) لەم قورئانە کردووە، کە چۆن دڵی زیندوویان بۆی دەشناو بە هۆی ئەو حەقناسییەیانەوە کە لەسەری بوون، ئامێری وەرگرتن و حاڵی بوونی دڵ و هۆشیان پەیامی خوای

گەورەی بە پەرۆشەوە وەردەگرت.. دەفەرموێ: (وَإِذَا سَمِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَى أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُواْ مِنَ الْحَقِّ..)المائدة/ ٨٦ واتە: هەر کاتێ گوێیان لەو قورئانە بوایە کە بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتبووە خوارێ ئەت بینی چاوەکانیان فرمیسکی پێدا دەهاتە خوار! ئەویش بەهۆی ئەو ڕاستی و حەقیقەتانەی کە لە ئایەتەکەدا بەدییان دەکردو کاری تێ دەکردن ..

ئەم پێغەمبەرە خۆشەویستە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە وەحی خوای گەورەیی بۆ هاتووەو خوای گەورە بە (سِرَاجَاً مُنِيرَاً) باسی فەرمووەو قورئانەکەش بۆتە نووری خوایی بۆی، ڕۆژێکیان بانگی عبداللەی کوڕی مەسعودی[1] کرد خوا لێی ڕازی بێت و فەرمووی: قورئانم بۆ بخوێنە! ئیبنومەسعوود فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا من قورئانت بۆ بخوێنم و قورئانەکەش بۆ جەنابت هاتووە؟! پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: پێم خۆشە لە کەسانی ترەوە گوێم لێی بێت.. ئیبنومەسعوود دەستی بەخوێندنی سورەتی النساء کرد، هەتا گەیشتە ئایەتی (فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَؤُلاء شَهِيدًا) النساء/٤١ بە بیستنی ئەم ئایەتە پیرۆزە پێغەمبەری خۆشەویست صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فرمێسك لە چاوەکانییەوە هاتە خوارەوە، ئیتر ئیشارەتی بۆ ئیبنومەسعوود کرد کە بەسە) بوخاری مسلم گێڕاویانەتەوە..[2]

---

[1] لە لیستی کەسایەتیەکاندا لە کۆتایی کتێبەکەدا ناسێنراوە.

[2] نوسەرانی بەڕێز هەر بە مانا هێناوەتەوەو ئاماژەیان پێکردووە کە لە بوخاری و موسلیمدایە، بەڵێ وایە لە بوخاریدا ژمارە (٤٥٨٢) یەو لە موسلیمدا ژمارە (٨٠٠) یە.. ئەمەش لەفزی

موسوڵمان دەبێت بزانێت کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چۆن ژیاوەو چۆن لەگەڵ ئەم قورئانەدا رەفتاری کردووە، تا ئەمیش بەو جۆرە بکات، تا ئەو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و قورئانەکە بکاتە ڕابەری خۆی و یاوەرانیش بکاتە سەرمەشقی پەروەردەکاریی و سەرنجی شێوەی ژیانی پیاوچاك و خواناسانی دوای ئەوانیش بدات..

جارێك ئیمامی عومەر خوا لێی ڕازی بێ گوێی لە قورئان خوێنێك بوو سورەتی (الطور)ی دەخوێند، کاتێ کە گەیشتە ئایەتی (إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ لَوَاقِعٌ * مَا لَهُ مِن دَافِعٍ) الطور/٧-٨ واتە: سزای خوای پەروەردگارت شتێکی حەتمیەو دێتە دی، هیچ هۆکارێکیش نییە رایدات یان لایدات.. لە تاوا خۆی بە دیوارێك گرتەوەو پاشان چووە ماڵەوە، ماوەی مانگێك نەخۆش کەوت! هاوەڵان زیارەتیان دەکرد و نەیان دەزانی بۆچی نەخۆش کەوتووە..[1]

---

فەرموودەکەیە لای بوخاری: (عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ، قَالَ: قَالَ لِي النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اقْرَأْ عَلَيَّ، قُلْتُ آقْرَأُ عَلَيْكَ وَعَلَيْكَ أُنْزِلَ؟! قَالَ فَإِنِّي أُحِبُّ أَنْ أَسْمَعَهُ مِنْ غَيْرِي، فَقَرَأْتُ عَلَيْهِ سُورَةَ النِّسَاءِ حَتَّى بَلَغْتُ (فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِنْ كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَؤُلَاءِ شَهِيدًا) قَالَ أَمْسِكْ فَإِذَا عَيْنَاهُ تَذْرِفَانِ).

[1] نوسەرانی بەڕێز هەر وا هێناویانەتەوەو ئاماژەیان بە سەرچاوەکەی نەکردووە.ئیمامی ئیبنوکەسیر لە تەفسیرەکەیدا (تفسير القرآن العظيم ٤/٢١٦) دا بە سەنەدەوە هێناویێتیەوە: (خَرَجَ عُمَرُ يَعِسُّ الْمَدِينَةَ ذَاتَ لَيْلَةٍ، فَمَرَّ بِدَارِ رَجُلٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ، فَوَافَقَهُ قَائِمًا يُصَلِّي، فَوَقَفَ يَسْتَمِعُ قِرَاءَتَهُ فَقَرَأَ: (وَالطُّورِ) حَتَّى بَلَغَ (إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ لَوَاقِعٌ مَا لَهُ مِنْ دَافِعٍ) قَالَ: قَسَمٌ - وَرَبِّ

کاتێك کە ئایەتی: (وَإِنَّ جَهَنَّمَ لَمَوْعِدُهُمْ أَجْمَعِينَ) الحجر/٤٣ هاتە خوارێ واتە: جێژوانی هەموویان دۆزەخ دەبێت! سەلمانی فارسی[1] خوا لێی ڕازی بێ هاواری دەکردو بە سەری خوی دەکێشا ..

زورارەی کوڕی ئەوفا[2]، پێش نوێژی دەکرد بۆ موسوڵمانان و سورەتی (المدثر)ی بۆ خوێندن کە گەیشتە ئایەتی (فَإِذَا نُقِرَ فِي النَّاقُورِ * فَذَلِكَ يَوْمَئِذٍ يَوْمٌ عَسِيرٌ) المدثر/٨-٩ ئیتر هەناسەی سوار بوو، نەیتوانی بە پێوە بوەستێت و کەوت.. دەنگی بڕا کە چوونە سەری بینیان گیانی دەرچووە!! هەر لە نوێژەکەدا وەفاتی کرد رحمه‌الله.

٢- پێویستە موسوڵمان بە خەفەتەوە قورئانەکە بخوێنێت.. هەوڵ بدات لە کاتی خوێندنەوەی قورئاندا بگری.. ئەگەر گریانیشی بۆ نەهات با بۆ گریان زۆر لە خۆی بکات، با ماتەمینی دایگرێت، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (ابْكُوا فَإِنْ لَمْ تَبْكُوا فَتَبَاكَوْا)[3] واتە: قورئان بخوێنن و بەدەم خوێندنەوەکەوە بگرین، ئەگەر گریانتان نەهات بەزۆر گریان لەخۆ بهێنن ..

---

الْكَعْبَةِ - حَقٌّ . فَنَزَلَ عَنْ حِمَارِهِ وَاسْتَنَدَ إِلَى حَائِطٍ ، فَمَكَثَ مَلِيًّا، ثُمَّ رَجَعَ إِلَى مِنْزِلِهِ، فَمَكَثَ شَهْرًا يَعُودُهُ النَّاسُ لَا يَدْرُونَ مَا مَرَضُهُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ).

[1] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

[2] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

[3] نوسەرانی بەڕێز دەربارەی ئەم فەرموودەیە نوسیویانە: (رواه ابن ماجة باسناد جيد) بەڵام شێخی ئەلبانی لە (سلسلة الاحاديث الضعيفة ژمارە١١ ٦٥) دا دەفەرموێ: زەعیفە.

ئەگەر ئاواش گریانت نایات دەی سا بەسەر خۆت و ئەو دڵە رەقەتدا بگری کە بە ئایەتەکانی خوای گەورەش نەرم نابێت ..

عبداللەی کوڕی مەسعوود[1] خوا لێی رازی بێت دەفەرموێ: دڵت لە سێ کاتدا ئامادە بکە: کاتی گوێگرتن لە قورئان و کاتی کۆڕی زیکر و لەکاتەکانی تەنهاییتدا.. جا ئەگەر لەم کاتانەدا دڵت نەبینییەوە، داوا لە خوای گەورە بکە دڵێکی ترت پێ ببەخشێ! چونکە ئەم دڵەت مردووەو لەکار کەوتووە.

بێگومان ئەم قورئانە هەموو دڵێکی تێگەیشتوو بە فام و هۆشدار دەهێنێتە لەرزەو سام و ترسی هەڕەشەکانی دەروونی دائەگرێ و بە بەڵێنەکانی ئومێدو هیوا پەیدا دەکات، چونکە ئەو هێزی ئاڕاستەی قورئان بەسەر دڵ و دەرووندا هەیەتی هیچ پاڵنەرو هۆکارێك لەم جیهانەدا نییەتی ..

لەکاتی هاتنە خوارەوەی ئایەتی: (إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ... فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ) المائدة/٩٠-٩١ واتە: شەراب و قومارو ئەوانە کاری شەیتانن .. دە وازی لێ بهێنن.. دەی وازتان لێ هێنا؟ موسوڵمانان دەستبەجێ کەوتنە ژێر کارتێکردنی ئەو ئایەتەو بە یەکجارەکی ئارەق خواردنەوەیان بە حەرام دانا..

کەواتە دەبێ موسوڵمان لەکاتی خوێندنەوەی قورئان و گوێگرتندا هۆشی بەلای خۆیەوە بێ و دڵی بێدار بێت و بە ئایەتەکانەوە پەیوەست بێت.

---

[1] بۆ ناسینی برۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

٣- پێویستە موسوڵمان لە قورئان خوێندنیدا دەستوورەکانی تەجوید رەچاو بکات و بە دەنگێکی خۆش و بە تەرتیلەوە دەوری بکاتەوە.. بە مەرجێ ژێ (وەتەر)ی دەنگی ژێی ماتەمینی و ملکەچی و خشوع بێت، نەك لەبەر خاتری دەنگ و ئاوازی خۆی هۆشی لە خودی قورئانەکەو ئەحکامەکانی تەجویدو ماناکانی نەمێنێت..

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إِنَّ مِنْ أَحْسَنِ النَّاسِ صَوْتًا بِالْقُرْآنِ الَّذِي إِذَا سَمِعْتُمُوهُ يَقْرَأُ حَسِبْتُمُوهُ يَخْشَى اللَّهَ)[1] رواه ابن ماجة واتە: چاکترین قورئان خوێنی دەنگ خۆش ئەو کەسەیە کە کاتێ گوێتان لە قورئان خوێندنی دەبێ وا هەست بکەن کە لە خوای گەورە دەترسێ.

٤- لە سەرەتاوە بە (أَعُوذُ بِاللهِ مِنْ الشَّيطَانِ الرَّجيمِ) دەست پێ بکات ئینجا (بِسْمِ اللهِ الرَّحمنِ الرَّحيمِ) یش بە دوایدا بڵێ، ئەگەر سەرەتای سورەت بوو با بە پچڕ پچڕ نەیخوێنێ. چونکە لەگەڵ پیرۆزی قورئانەکەدا ناگونجێ. دەبێ تا بۆی بلوێت هەوڵ بدات لە شوێنێکی خامۆش و بێ دەنگدا بەگەرمی دەوری بکاتەوە..

یەحیای کوڕی مەعاز[2] رەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت ئەفەرموێ: حەزم لە دنیادا لە دوو شتە: ماڵێکی چۆڵ و بێ دەنگ لەگەڵ قورئانێکی خەت خۆش تا تێیدا بخوێنم.

---

[1] شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە بەدواداچوونی سونەنی ئیبنوماجە (ژمارە ١٣٣٩ )و (صحيح الترغيب و الترهيب ٢/٨٤) و (صحيح الجامع الصغير ٣٩٦٥ )دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[2] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

٥- سوننەتە هەر كاتێك ئەو ئايەتانەی خوێند كە سوجدەی تێدا دەبرێ سوجدە ببات و ئەم دوعايەی تێدا بخوێنێ (اللَّهُمَّ لَكَ سَجَدْتُ وَبِكَ آمَنْتُ وَلَكَ أَسْلَمْتُ أَنْتَ رَبِّي سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي شَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ تَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ)[١]

٦- ئەگەر دەوركردنەوەی بووە هۆی تێكدانی نوێژو پشێوی موسوڵمانان يا ترسی ريای تێكەوت، با دەنگی نزم بكاتەوە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (الْجَاهِرُ بِالْقُرْآنِ كَالْجَاهِرِ بِالصَّدَقَةِ..)[٢] واتە: ئەو كەسەی كە بە دەنگی بەرز قورئان دەخوێنێت وەك ئەو كەسە وايە كە خێرو خێرات بە ئاشكرا دەكات.

٧- هەندێك جار يان هەندێك ئايەت بۆ چەند جارێك دووبارە بكرێتەوە، ئەمە سوونەتەو رەفتارێكی كاريگەرە.. مادام مەبەست لە قورئان خوێندن ووريا كردنەوەو بەئاگا هێنانەوەی دڵ و هۆشە، جا كە ئايەتێك ئەو مەبەستەی هێنايە

---

[١] نوسەرانی بەڕێز نوسيويانە: (اخرجه اصحاب السنن) واتە: خاوەن كتێبەكانی (سونەن) گێڕاويانەتەوە، كە نەسائی و ترمزی و ئەبوداوودو ئيبنوماجەن،ئەمە راستە ، بەڵام فەرموودەكە لە موسليميشدايە (ب١/٥٣٥).

[٢] نوسەرانی بەڕێز نووسيويانە: (رواه ابو داود والنسائی والترمذي صحيح الجامع الصغير رقم الحديث ٣١٠٥) راستە، ئەو بەڕێزانە ريوايەتيان كردووەو بە سەحيح دانانەكەی شێخی ئەلبانی رەحمەتيش بەو ژمارەيە تەواوە، ترمزی (٢٩١٩)، ئيبنوماجە (٤٢٤٥) شێخی ئەلبانيش لە (صحيح سنن النسائی ٢٥٦٠) دەفەرموێ: سەحيحە.. هەموو فەرموودەكەش ئاوايە: (الْجَاهِرُ بِالْقُرْآنِ كَالْجَاهِرِ بِالصَّدَقَةِ، وَالْمُسِرُّ بِالْقُرْآنِ كَالْمُسِرِّ بِالصَّدَقَةِ).

دی و تەزووە ئیمانییەکە بە گیانیدا هێنا هەقی خۆیەتی ئەو ئایەتانە چەند جارێك دووبارە بکاتەوە ..

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەم ئایەتەی زۆر جار دووبارەو چەندبارە دەکردەوە: (إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ) المائدة/١١٨ واتە: ئەگەر سزایان دەدەیت ئەوە هەر بەندەی خۆتن و ئەگەر لێشیان خۆش دەبیت، ئەوە خۆت بە دەسەلاتیت و هەموو رەفتارێك لە کات و شوێنی خۆیدا دەکەیت..

ئەسمای کچی سەیدنا ئەبوبەکری سددیق[1] خوا لێیان رازی بێت ئەم ئایەتەی زۆر دوویات دەکردەوە: (فَمَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا وَوَقَانَا عَذَابَ السَّمُومِ) الطور/٢٧ واتە: خوای گەورەی پەروەردگار نیعمەتی خۆی پێ بەخشین و لە هەڵم و هەلاوی ئاگری دۆزەخ قوتاری کردین.. ئینجا دەپاڕایەوەو دەیفەرموو: خوای گەورە لێمان لادەیت و قوتارمان کەیت..

سەعیدی کوڕی جوبەیر[2] ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت ئەو ئایەتەی زۆر دەخوێندەوە کە دەفەرموێ:: (وَاتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ) البقرة/٢٨١ واتە: خەمی ئەو رۆژەتان لەبەر بێت و لێی بترسن کە تێیدا دەگەڕێنەوە لای خوای گەورە..

---

[1] بۆ ناسینی برِۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

[2] بۆ ناسینی برِۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

زەححاك (الضحاك)[1] ڕەحمەتی خوای گەورە لێ بێت جاری وا هەبوو لە نوێژدا ئەم ئایەتەی تا بەرەبەیان دەووتەوە: (لَهُم مِّن فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِّنَ النَّارِ وَمِن تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ ذَلِكَ يُخَوِّفُ اللَّهُ بِهِ عِبَادَهُ يَا عِبَادِ فَاتَّقُونِ) الزمر/١٦ دۆزەخیەکان وان لە نێوان سێبەری کڵپەو بڵێسەی ئەو چینە ئاگرەی وا بەسەریانەوەو سێبەری ئەو کڵپەو بڵێسە ئاگرەی بۆتە تەختی ژێریان! خوای گەورە بەندەکانی خۆی بەمە دەترسێنێت.. دەی سا هۆ بەندەکانی خوای گەورە دڵتان ڕاچەنێت و ترسێکتان تێکەڕێت ..

کاتێك موسوڵمان بیر لە گرنگی و سەنگینی فەرمانەکانی پەروەردگارو کەمتەرخەمی خۆی دەکاتەوە سام و بیمێك دەیگرێت.. کاتێك بە دڵێکی زیندووەوە لە داواو وویستی پەروەردگارو ئارەزووە پووچەکانی خۆی دەڕوانێت، کە سەرنجێکی ژیرانە لە (جددیتی) بەرنامەی خوای گەورەو بێ ئاگایی و سەرکەشی مرۆڤەکان دەدات، سەرسام دەبێت.. جیاوازی نێوان بەزەیی بێ سنووری خوای گەورە دەبینێت کە ئەوەندە مشوورخۆری ئەم ئادمیزادەیەو چارەسەر بۆ کێشەکانی دیاری دەکات و وەڵامی پرسیارە ماقوڵ و ناماقووڵە جۆراو جۆرەکانی دەداتەوە، ئا ئەمەی خوای گەورەی خاوەن و کردگارو کارزان، لە بەرامبەریشیدا ئەو یاخی بوون و سپڵەیی و لووتبەرزییەی ئەم مرۆڤە نەزان و نوقسانە دەینوێنێت!! هەڵوێستێکی زۆر سەیرە.. لەملاشەوە خوای گەورەی بە بەزەیی و بیسەرو بینەری میهرەبان و گۆشکار بە هانای موسوڵمانانەوە دێت و ئەوەی

---

[1] بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

لێیان بۆتە گرفت زوو چارەسەرەکەیان دەداتێ.. بڕوانە ئایەتەکانی وەڵامی خوای گەورەیی بۆ یاوەرە عەزیزەکان: (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأهِلَّةِ...)، (يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنفِقُونَ..) (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ..)، (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ...)، (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْيَتَامَى..) (وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ) هەموویان سورەتی بەقەرەن..

یان ئەو ئافرەتە دڵشکاوەی کە سکاڵای دڵی لای پەروەردگاری دەربڕی کە لە ئایەتی یەکەمی سورەتی (المجادلة) دا باس کراوە: (قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ)المجادلة/١ واتە: بە تەئکید خوای گەورە قسەی ئەو ئافرەتەی[١] بیست کە موناقەشەی مێردەکەی خۆی لەگەڵ دەکردیت و سکاڵای مێردەکەی لە لای خوا هێنابووە لات، خوای گەورە گوێی لە ووتووێژەکەتان بوو، خوای گەوەر بیسەرو بینەرە..

موسوڵمان کاتێ پەیڕەوی ئەم ئادابانەی خوێندنی قورئان دەکات، ئەوسا شیرینی ئایەتەکان دەچێژێ و دەبێتە نوورو ڕووناکی ژیانی و توێشووی قیامەتی.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە سەیدنا ئەبوزەڕی غیفاری یاوەری خۆی دەفەرموێ: (عَلَيْكَ بِتِلَاوَةِ الْقُرْآنِ وَذِكْرِ اللَّهِ تَعَالَى فَإِنَّهُ نُورٌ لَكَ فِي الْأَرْضِ وَذُخْرٌ لَكَ فِي السَّمَاءِ)[٢]، وە بەردەوام بە شەپۆلە ناسکە و فێنکەکانی سینەی گوشاد دەبێ و

---

[١] ناوي خەولەی کچی سەعلەبە بوو.. بۆ ناسینی بڕۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان...

[٢] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه ابن ماجه في حديث طويل) واتە: ئیبنوماجە لە فەرموودەیەکی دووردرێژدا ریوایەتی کردووە، راستە ئیبنوماجەو نەسائی و حاکم و

هێمنی و سرەوتی پێ دەبەخشێت چونکە دەورکردنەوەی ئەم قورئانە بەو شێوەیەی کە باسمان کرد ڕێگایەکی ترە بۆ موسوڵمان تا بتوانێ شوێنەواری ئەو سۆزو خۆشەویستیە هەست پێبکات کە خوای گەورە بە تایبەتی پێی دەبەخشێت ..

لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە ئەویش لە ئوسەیدی کوڕی حوزەیرەوە[1] خوای گەورە لێیان ڕازی بێت ڕیوایەت کراوە کە شەوێك سەیدنا ئوسەید سورەتی بەقەرەی دەخوێندو ووڵاخەکەشی لە لایەوە بەسترابۆوە، لەگەڵ قورئان خوێندنەکەی ئەمدا ووڵاخەکەی دەکەوتە جموجووڵ و نەدەسرەوت، وەك ئەوەی شتی نەناس ببینێت.. هەر کاتێ کە ئەم لە قورئان خوێندنەکەی بێدەنگ دەبوو وڵاخەکەشی لەو جموجووڵ و هەڵبەزو دابەزەی دەکەوت و دەسرەوت.. کە ئەم دەستی دەکردەوە بە قورئان خوێندنەکەی دیسان ئەسپەکەی دەکەوتەوە ئەو حاڵەتەوە.. ئیتر هەر کە سەیدنا ئوسەید بێدەنگ دەبوو وڵاخەکەش دەسرەوت.. لەبەر ئەمە سەیدنا ئوسەید خێرا یەحیای کوڕی (کە کۆرپەلە بووە) لە ووڵاخەکەی دوور خستبۆوە، کە سەری بۆ ئاسمان بەرز کردبۆوە، تارمایی سپی وەك هەوری بینیبوو کە چراو ڕووناکی زۆری تێدا بووە.. بۆ سبەی ئەم باسەی بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گێڕایەوە، پێغەمبەری خوا صَلَّى

ئیبنوحیببان و ئەوانی تریش ڕیوایەتیان کردووە، شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی لە ( صحيح الترغيب والترهيب ژمارە ١٤٣٢) بە حەسەنی داناوە..

[1] بۆ ناسینیان بڕوانە پاشکۆی کەسایەتیەکان.

اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: دەزانی ئەوە چی بوو؟ فەرمووی: خواو پێغەمبەری خوا دەزانن! پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەوە فریشتە بوون، لە بەر دەنگە خۆشەکەت کە قورئانت خوێندووە نزیك بوونەتەوە لێت، ئەگەر تا بەیانی بتخوێندایە پەنهان نەدەبوون و هەموو خەڵکیش دەیانبینین.. بوخاری گێڕاویەتییەوە.[١]

کەواتە پێویستە موسوڵمان گرنگی بدات بە دەور کردنەوەی قورئان و بیکاتە یەکەم وێردی ڕۆژانەی و بەگوێرەی تواناو بوارو کاتی بەردەوام بێت لە خوێندنی و بەوە ڕازی نەبێت بەبێ دەورکردنەوە ڕۆژی لێ ئاوا ببێت. ئەگەر نەخوێندەواریش بوو با گوێی لێ بگرێت و لە کاتی خوێندنەوەی قورئانەکەدا بە دڵ گوێبیستی ئایەتەکان بێت.. یاخود هەر چۆنێك بێت با چەند سورەتێکی کورت لەبەر بکات، هەر کاتێك هەلی بۆ هەڵکەوت بیخوێنێ و هەوڵ بدات بچێتە ڕیزی ئەو ئیماندارانەی کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێ: (إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا

[١] ئەم فەرموودەیە لە بوخاری (ژمارە ٤٧٣٠) و موسلیمدایە (ژمارە ٧٩٦)، ئەمەش ریوایەتەکەی لای بوخارییە (عَنْ أُسَيْدِ بْنِ حُضَيْرٍ قَالَ بَيْنَمَا هُوَ يَقْرَأُ مِنْ اللَّيْلِ سُورَةَ الْبَقَرَةِ وَفَرَسُهُ مَرْبُوطَةٌ عِنْدَهُ إِذْ جَالَتْ الْفَرَسُ فَسَكَتَ فَسَكَتَتْ فَقَرَأَ فَجَالَتْ الْفَرَسُ فَسَكَتَ وَسَكَتَتْ الْفَرَسُ ثُمَّ قَرَأَ فَجَالَتْ الْفَرَسُ فَانْصَرَفَ وَكَانَ ابْنُهُ يَحْيَى قَرِيبًا مِنْهَا فَأَشْفَقَ أَنْ تُصِيبَهُ فَلَمَّا اجْتَرَّهُ رَفَعَ رَأْسَهُ إِلَى السَّمَاءِ حَتَّى مَا يَرَاهَا فَلَمَّا أَصْبَحَ حَدَّثَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ اقْرَأْ يَا ابْنَ حُضَيْرٍ اقْرَأْ يَا ابْنَ حُضَيْرٍ قَالَ فَأَشْفَقْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَنْ تَطَأَ يَحْيَى وَكَانَ مِنْهَا قَرِيبًا فَرَفَعْتُ رَأْسِي فَانْصَرَفْتُ إِلَيْهِ فَرَفَعْتُ رَأْسِي إِلَى السَّمَاءِ فَإِذَا مِثْلُ الظُّلَّةِ فِيهَا أَمْثَالُ الْمَصَابِيحِ فَخَرَجَتْ حَتَّى لَا أَرَاهَا قَالَ وَتَدْرِي مَا ذَاكَ قَالَ لَا قَالَ تِلْكَ الْمَلَائِكَةُ دَنَتْ لِصَوْتِكَ وَلَوْ قَرَأْتَ لَأَصْبَحَتْ يَنْظُرُ النَّاسُ إِلَيْهَا لَا تَتَوَارَى مِنْهُمْ).

ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا..) الأنفال/٢ واتە: بەڕاستی ئیمانداران ئەوانەن کە هەر کاتێ ناوی خوای گەورەیان لاهێنرا رادەچەنن و دڵیان دەترسێت. ئەگەر ئایەتەکانی پەروەردگاریان بەسەردا بخوێندرێتەوە باوەڕیان پێی زیاد دەکات.

لە کۆتاییدا دەڵێین پێویستە لەسەر موسوڵمان دەوری قورئان بکاتەوە و بیکاتە هەوارگەو بەهاری دڵی، بیکاتە هاوڕێ و هاودەمی ژیانی، بیکاتە مایەی گەشانەوەی ژیری و بوژانەوەی دڵ و ئاسودەیی دەروون و بەرەکەتی ماڵ و سوکنای شوێنی کارو مەنزڵگای حەوانەوەی پێ ڕۆشن بکاتەوە.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (وَإِذَا قَامَ صَاحِبُ الْقُرْآنِ فَقَرَأَهُ بِاللَّيْلِ وَالنَّهَارِ ذَكَرَهُ، وَإِذَا لَمْ يَقُمْ بِهِ نَسِيَهُ) رواه مسلم[1] واتە: ئەگەر بابای قورئان خوێن شەوو رۆژ قورئانەکەی دەور کردەوە، ئەوە یادی خوای بە یاد کردنی قورئانەکە کردووە، ئەگەر نەشی خوێند ئەوە بیری دەچێتەوە..

خوای گەورە قورئانەکەی بکاتە مایەی گەشەی رۆح و بەرچاو رۆشنیمان .. ئامین.

---

[1] موسلیم ژمارە (٧٨٩).

# وانەی یازدەم
## دوعا
## (نزاو پاڕانەوە)

دوعا لە گرنگترین هۆکارە سەرەکییەکانی پەیوەستبوون و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان خوای گەورە و عەبدەکانییەتی.. پاڕانەوە یەکێکە لە باشترین هۆکارەکانی پەروەردەی ئیمانیانەی موسوڵمان. چونکە موسوڵمان ڕاستەوخۆ لەم ڕێگەیەوە لەگەڵ خوای گەورەی خۆیدا دەکەوێتە گفتوگۆو موناجاتەوە. ڕازو نیازی خۆی دەگەیەنێت و داواکانی دەخاتە بەر ڕەحمەتی. ئەمەش سەلماندن و بەرجەستەکردنی مانای عەبدایەتییە بۆ خوای گەورە.. چونکە لەلایەکەوە زەبوونی و بێ دەسەڵاتیی بەندەکان دەردەخات، لەلایەکی تریشەوە هێزو دەسەڵاتی پەروەردگارو ئاشنابوون و تێفکران لە سیفەتە بەرزو ناوە پیرۆزەکانی نیشان دەدات.

پاڕانەوە خۆی لە خۆیدا عیبادەتێکی سەربەخۆیە، هەر وەکو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەموویەتی: (الدُّعَاءُ هُوَ الْعِبَادَةُ)..[1] هەر وەك لە لیستەی

[1] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه ابن ماجة والنسائی وأبي داود والترمذي وهو حديث حسن صحيح)، راستە بڕوانە: ئیمامی ئەحمەد (٤/٢٦٧)، ترمزی (٢٩٦٩)، ئەبوداوود (١٤٧٩)، ئیبنوماجە (٣٨٢٩) ترمزی (٢٩٦٩) شێخی ئەلبانی ڕەحمەتیش لە (صحيح الجامع ٣٤٠٧) دا دەفەرموێ: سەحیحە.. ئەمەش هەموو فەرموودەکەیە: (وعن النعمان بن بشير قال: قال النبيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (الدُّعَاءُ هُوَ الْعِبَادَةُ)، ثم قرأ: وَقَالَ رَبُّكُمْ آدْعُونِى أَسْتَجِبْ لَكُمْ..).

رەفتارە كاریگەرو گرنگەكان ریز بەندی دەكرێت.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لَيْسَ شَيءٌ أَكْرَمُ عَلَى اللهِ تَعَالَى مِنْ الدُّعَاءِ)[1] واتە: هیچ شتێك وەكو دوعاو پاڕانەوە لای خوای گەورە بەڕێز نیە..

ئەو كەسە كە لە خوای میهرەبان و بە دەسەڵات ناپاڕێتەوەو داوای جێبەجێ بوونی كارەكانی لەو زاتە بەرزە ناكات، خوای گەورە لێی توڕە دەبێ و خەشمی لێدەگرێ، وەكو لە فەرموودەدا هاتووە:(مَنْ لَمْ يَسْألْ اللّهَ يَغْضَبْ عَلَيه)[2]

## پێناسەی دوعا

دوعا بریتییە لەو خواست و داواكاریانەی كە بە شێوەی پاڕانەوە لە خوای گەورە داوا دەكرێت. ( تفسير القاسمى م٢/٩٣).

هەندێك زانای تر فەرموویانە: بریتییە لەو نزاو پاڕانەوانەی كە لە ناخ و قووڵایی دڵەوەو بە هەموو هەست و نەستێكەوە، بەدڵێكی پڕ یەقینەوە لە بارەگای خوای پەروەردگاردا - بە مەبەستی قبووڵ بوون و جێبەجێ بوونی ڕازو نیازەكان- دەخرێتە ڕوو.. (المدخل الى التصور الاسلامى/ توفيق الهاشمى ل١٤٦).

---

[1] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه الترمذي وابن ماجة)،راستە لای ترمزی ژمارە (٣٣٧٠)یەو لای ئیبنوماجە (٣٨٢٩)یەو شێخی ئەلبانی لە (صحيح الادب المفرد/٥٤٩) بە حەسەنی ناساندووە.

[2] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه احمد)، راستە لای ئیمامی ئەحمەد وا لە (٢/٤٤٢)و لای ترمزی ژمارە (٣٣٧٣)یەو لای ئیبنوماجە (٣٨٢٧)ە و شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الادب المفرد/٥١٢)بە حەسەنی ناساندووە.

خوای گەورە گرنگی زۆری بەم عیبادەتە داوەو لە زۆر جێگای قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەو دوعایانە دەدات کە باشتر وایە هەر یەکەیان لە کات و شوێنی تایبەتیدا بخوێنرێن و بۆ مەبەستی دیاریکراو دوعایان پێ بکرێت.. بۆ نموونە ئەو دوعایانەی کە پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت کردوویانە یا خود ئەوانەی کە خوای گەورە بە مەبەستی فێربوونی موسوڵمان ئاماژەی پێکردوون.

**دوعا دوو جۆرە:** جۆرێکیان ئەو خێرو چاکانەیە کە دەتەوێ لە ئێستا و داهاتوودا دەستگیرت ببێت، جۆرێکی تریان ئەو زەرەرو ناڕەحەتییانەیە کە ئێستا پێوەی دەناڵێنی و دەتەوێ لەسەرتی لابەرێت، یاخود دەترسی لە داهاتوودا دوچارت ببێت.. هەر بۆیە ئەنەس ڕەزای خوای لێ بێت فەرموویەتی: زۆرترین دوعای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەمە بوو: (اللَّهُمَّ آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ )[١]

[١] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه مسلم).. ڕاستە لای ئیمامی موسلیم بە شەرحی ئیمامی نەوەوی ڕەحمەتی ژمارە (٢٦٩٠)ھ و تەواوی لەفزی فەرموودەکە ئەمەیە کە قەتادە لە سەیدنا ئەنەسی پرسیووە کە پێغەمبەری خوات ﷺ صلى الله عليه وسلم چ دوعایەکی زیاتر دەخوێند؟! ئەویش فەرموویەتی: ئەم دوعایە: (اللَّهُمَّ آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ) بۆیە سەیدنا ئەنەسیش لە دوعاکردنی خۆیدا یان بەوە دەستی پێ دەکرد یان هەر تێهەڵکێشی دوعاکەی دەکرد. ئەمەش فەرموودەکەیە: (سأَلَ قَتَادَةُ أَنَسًا أَيُّ دَعْوَةٍ كَانَ يَدْعُو بِهَا النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَكْثَرَ قَالَ كَانَ أَكْثَرُ دَعْوَةٍ يَدْعُو بِهَا يَقُولُ اللَّهُمَّ آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ قَالَ وَكَانَ أَنَسٌ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَدْعُوَ بِدَعْوَةٍ دَعَا بِهَا فَإِذَا أَرَادَ أَنْ يَدْعُوَ بِدُعَاءٍ دَعَا بِهَا فِيهِ.

# حیکمەت و سوودەکانی دوعا

١- بەخشینی ئارامی بە دڵ و دەروون و زیادبوونی گومانی باش بە پەروەردگار.

٢- زیادبوونی ئیمان و قایمتربوونی لە بەرامبەر پێشهاتە خۆش و ناخۆشەکانی ژیان، بە جۆرێك کە خۆڕاگر بێ و سنووری شەرع بپارێزێت.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی خێری هەردوو حاڵەتەکە فەرموویەتی: (عَجَبًا لِأَمْرِ الْمُؤْمِنِ إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ وَلَيْسَ ذَاكَ لِأَحَدٍ إِلَّا لِلْمُؤْمِنِ إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ) رواه مسلم[١] واتە: سەر لە کاری موسوڵمان سوڕ دەمێنێت، هەموو کاروبارەکانی خێرەو پاداشتی بۆ دەنوسرێت، ئەوە بۆ کەسی تری غەیری موسوڵمان وا نەلواوە! کە دەکەوێتە خێرو خۆشییەوە سوپاسی خوا دەکات پاداشتی لەسەر وەردەگرێت، کە نارەحەتیشی تووش دەبێت ئارام دەگرێت، بەوەش پاداشت وەردەگرێت.

٣- هەستکردن بە هیممەت بەرزیی و زیادبوونی متمانە بەخۆ.. چونکە کابرای موسوڵمان هەست دەکات کە بە هێزو دەسەڵاتی خوای گەورە پشت ئەستوور بووە.

٤- دوعا زادو توێشووی بانگخوازانی ڕێگای خوای گەورەیە، بۆیە حەتمەن گوڕو تینی زیاتر بە داعی دەداو لە ژیاندا زیاتر دڵخۆشی دەکات.

[١] راستە لای موسلیم بە شەرحی ئیمامی نەوەوی ژمارە (٢٩٩٩) یە.

بەڵام پێویستە موسوڵمان چاك بزانێت كە هەر كاتێك پەلەی گیرا بوونی دوعاكانی كردو نیازەكانی زوو حاسڵ نەبوو، یاخود قەبوڵ بوونی نزاكانی بە دوور زانی، ئەوە ئەو حیكمەتانەی سەرەوە لە دەست دەداو وەكو واهیمەو نەخۆشیەكی دەروونی لێ دێت، حاڵەتێكی بێ هیوایی تێدا دروست دەبێت! ئەمەش دەیگەیەنێتە ئەو سەرەنجامە خراپەی كە وای لێ بێت واز لە دوعاكردن بهێنێت! كە بێگومان هەركەس بكەوێتە ئەو حاڵەتانەوە بارو دۆخی ئیمانی تێك دەچێت و پاك و بێگەردییەكەی نامێنێت.. لەبەر ئەمەیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاگادارمان دەكاتەوە لێی كە شایستە نییە ئەگەر دوعاكانمان لە قاپی خوای گەورە وەرنەگیرێت بكەوینە پەلەپەل و هات و هاوار بۆ زوو گیرابوونی! هەر وەك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (يُسْتَجَابُ لِأَحَدِكُمْ مَا لَمْ يَعْجَلْ يَقُولُ دَعَوْتُ فَلَمْ يُسْتَجَبْ لِي) رواه البخاری[1] واتە: ئەگەر پەلەتان نەبێت دوعاكانتان گیرا دەبێت.. ناشێت كابرا دەڵێ: ئەوەتا دوعا دەكەم و گیرا نابێت! یا خود كە دەفەرموێ: (لَا يَزَالُ يُسْتَجَابُ لِلْعَبْدِ، مَا لَمْ يَدْعُ بِإِثْمٍ أَوْ قَطِيعَةِ رَحِمٍ، مَا لَمْ يَسْتَعْجِلْ، قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا الِاسْتِعْجَالُ؟ قَالَ يَقُولُ: قَدْ دَعَوْتُ، وَقَدْ دَعَوْتُ، فَلَمْ أَرَ يُسْتَجَابُ لِي، فَيَسْتَحْسِرُ عِنْدَ ذَلِكَ وَيَدَعُ الدُّعَاءَ)[2] رواه مسلم واتە: وەڵامی دوعای بەندە هەر دەدرێتەوە مادام دوعای گوناهباریي و پسانی سیلەی روحم نەكات و پەلە نەكات.. ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا پەلە كردن چیە؟!

[1] بەڵێ وایە لای ئیمامی بوخاریەو ژمارەكەی (٥٩٨١)ە.
[2] بەڵێ وایە لای ئیمامی موسلیمەو ژمارەكەی (٢٧٣٥)ە.

فەرمووی: دەڵێ هەر من دوعا دەکەم و دوعا دەکەم کەچی نابینم قبووڵ ببێت! ئیدی بۆی دەبێتە مایەی پەشیمانی تا وای لێ دێت واز لە دوعا کردن و پاڕانەوەکە دەهێنێت!!

## مەرجەکانی گیرا بوونی دوعا

١- پاڕانەوەی ڕاستەوخۆ لە خوای گەورەی خۆی. چونکە قورئان دەفەرموێ: (وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ..) البقرة/١٨٦ واتە: ئەگەر سەبارەت بە من لێیان پرسیت ئەوە من نزیکم، هەر کەسێك لە من بپاڕێتەوە وەڵامی دەدەمەوە و داواکانی جێبەجێ دەکەم.

٢- حەڵاڵێتی خواردن و خواردنەوەو پۆشین: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (... وَذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أَشْعَثَ أَغْبَرَ يَمُدُّ يَدَهُ إِلَى السَّمَاءِ يَا رَبِّ يَا رَبِّ وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ وَغُذِّيَ بِالْحَرَامِ فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ)[1] واتە: کابرا لە سەفەری تووڵانیەوە دێتەوە، قژبژو خۆڵاوی، دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردۆتەوەو خێرا خێرا هاوار دەکات: خوایە خوایە! لەولاوەش

[1] موسلیم (١٠١٥) هەموو فەرموودەکەش ئاوایە: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ اللَّهَ طَيِّبٌ لَا يَقْبَلُ إِلَّا طَيِّبًا وَإِنَّ اللَّهَ أَمَرَ الْمُؤْمِنِينَ بِمَا أَمَرَ بِهِ الْمُرْسَلِينَ فَقَالَ يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنْ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ وَقَالَ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ قَالَ وَذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أَشْعَثَ أَغْبَرَ يَمُدُّ يَدَهُ إِلَى السَّمَاءِ يَا رَبِّ يَا رَبِّ وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ وَغُذِّيَ بِالْحَرَامِ فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ).

خواردنەکەی حەرامە، خواردنەوەکەی حەرامە، پۆشاکەکەی حەرامە!! ئەرێ خوای گەورە دوعای ئەمە چۆن قبووڵ دەکات؟!

٣- دوعای خراپی زیاندان لە خۆی و ماڵ و منداڵی نەکات، نەبادا بکەوێتە ئەو کاتەنەوە کە خوای گەورە نزای تێدا قبولْ دەکات. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (لَا تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ وَلَا تَدْعُوا عَلَى أَوْلَادِكُمْ وَلَا تَدْعُوا عَلَى أَمْوَالِكُمْ لَا تُوَافِقُوا مِنَ اللَّهِ سَاعَةً يُسْأَلُ فِيهَا عَطَاءً فَيَسْتَجِيبَ لَكُمْ) رواه مسلم[١] واتە: دوعا لە خۆتان مەکەن، دوعا لە زارۆك و کەسوکاری خۆتان مەکەن، دوعا لە سەروەت و سامانی خۆتان مەکەن، نەبادا بکەوێتە ئەو کاتانەوە کە دوعای تێدا گیرا دەبێت، و لێتان گیرابێت.

٤- دوعایەك نەبێ بۆ تاوان و سەرپێچی، یان بۆ پسانی پەیوەندی خزمایەتی و سیلەی ڕەحم، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لَا يَزَالُ يُسْتَجَابُ لِلْعَبْدِ، مَا لَمْ يَدْعُ بِإِثْمٍ أَوْ قَطِيعَةِ رَحِمٍ) رواه مسلم[٢] واتە: وەڵامی دوعای بەندە هەر دەدرێتەوە مادام دوعای گوناهباریی و پسانی سیلەی روحم نەکات و پەلە نەکات.. ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا پەلە کردن چیە؟! فەرمووی: دەڵێ هەر من دوعا دەکەم و دوعا دەکەم کەچی نابینم قبووڵ ببێت! ئیدی بۆی دەبێتە مایەی پەشیمانی تا وای لێ دێت واز لە دوعا کردن و پاڕانەوەکە دەهێنێت!!

---

[١] راستە لای ئیمامی موسلیم ژمارە (٣٠٠٩) یە..

[٢] بەڵێ وایە لای ئیمامی موسلیمەو ژمارەکەی (٢٧٣٥)ە.

٥- بە نیيەتی پاك و بە دڵێكی بە ئاگاو بە هەست و هۆشی تەواوەوە لە خوا بپاڕێتەوەو دڵنیابێت کە خوای گەورە ئیستیجابەی بۆ دەبێت و دوعاکەی قبووڵ دەکات.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی (ادْعُوا اللَّهَ وَأَنْتُمْ مُوقِنُونَ بِالْإِجَابَةِ، فَإِنَّ اللَّهَ لَا يَقْبَلُ دُعَاءً مِنْ قَلْبٍ غَافِلٍ لَاهٍ)[١] واتە: ئەو کاتانەی دەپاڕێنەوە با لە ناختاندا قەناعەتی تەواوتان بە قبووڵبوونی دوعاکانتان هەبێت، چونکە خوای گەورە دوعا لە دڵێکی غافڵی بێئاگا وەرناگرێت.

ئیبنولقەییم ڕەحمەتی لێ بێ لە کتێبی (الجواب الكافي لمن سأل عن الدواء الشافي)دا دەفەرموێ: نزاو پاڕانەوە لە بەهێزترین هۆکاری لابردنی ناڕەحەتی و پێشهاتە خراپەکانەو ئاسان گەیشتنە بە خواست و حەزەکان.

دەگونجێ دوعا و پاڕانەوە لە حاڵەتانێکدا هیچ ڕۆڵێك نەبینێت و کارکردنی نەبێت، هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ مەرج و هۆکانی، وەك ئەوەی دوعاکە دەرچوون بێت لە سنووری شەرع، داوای وای تێدا بێت کە خوای گەورە پێی ڕازی نەبێ، یان بەدەم غەفڵەت و بێ ئاگایی دڵەوە بپاڕێتەوەو هۆشی لەوە نەبێت چی دەڵێت! دوعای بێهۆشانە وەکو تیرەی کەوانەی خاوەو بێ نیشان و ئاڕاستە

---

[١] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه الترمذي والحاكم وصححه الألباني) بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوەکەی بکەن.. بەڵێ لای ترمزی (٣٤٧٩)یەو لە المستدرکی حاکم (٤٩٣/١)یەو لای ئیمامی ئەحمەد (١٧٧/٢)ەو شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی لە (سلسلة الاحاديث الصحيحة ٨٩٤)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

دەرچووە.. ئەگەری بەربەستی تریش بۆ گیرانەبوونی دوعا هەیە وەك حەرام خواردن و زوڵم و زۆر.

## ئەو کاتانەی کە ئومێدە دوعای تێدا گیرا بێت

ئەگەر لە کاتی پاڕانەوەدا هەموو هەست و هۆشێکت ئامادە بوو و دڵت لەلای ووشەی داواکاریەکانت بوو، ئەگەر ئەمەت کەوتە یەکێك لەم کاتانەی خوارەوە، ئومێدی زۆر هەیە کە خوای گەورە داواکانت وەرگرێت و بە رەحمەتی خۆی وەڵامت بداتەوە:

١- سێیەکی کۆتایی شەو: موسوڵمانی دڵسۆزو سەرڕاست و هۆگری دینداریی داوای زۆرە، چونکە ئەرکی زۆری لە ئەستۆدایە.. بۆیە ماندوێتی ڕۆژی لە شەوانیدا بە شەونوێژو پاڕانەوەی خواناسانە دەردەکات! موناجات لەگەڵ پەروەردگاریدا دەکات.. ئەمەش گوڕو تینێکی زیاتری دەداتێ، تا چالاکانە خزمەت بە ئیسلام و موسوڵمانان بکات.. ئەوەتا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرمووێ: (يَنْزِلُ رَبُّنَا كُلَّ لَيْلَةٍ إِلَى سَمَاءِ الدُّنْيَا حِينَ يَبْقَى ثُلُثُ اللَّيْلِ، فَيَقُولُ :مَنْ يَدْعُونِي فَأَسْتَجِيبَ لَهُ؟ مَنْ يَسْأَلُنِي فَأُعْطِيَهُ؟ مَنْ يَسْتَغْفِرُنِي فَأَغْفِرَ لَهُ) رواه البخاري ومسلم[1] واتە: هەموو شەوێك کە سێیەکی شەو دەمێنێت، خوای گەورە دادەبەزێتە ئاسمانی دنیاو دەفەرمووێ: کێ لێم

---

[1] بوخاری (٦٣٢١)، موسلیم(٨٥٢ ).

دەپارێتەوە تا نزاکەی قبووڵ کەم، کێ داوام لێ دەکات تا بیدەمێ، کێ داواى لێخۆش بوونم لە تاوانەکانی لێ دەکات با بیبەخشم.

٢- کاتی نێوان بانگ و قامەت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (لَا يُرَدُّ الدُّعَاءُ بَيْنَ الْأَذَانِ وَالْإِقَامَةِ)[١] واتە: دوعای نێوان بانگ و قامەتی نوێژ رەت ناکرێتەوە ..

٣- ساتە وەختەکەی هەینی: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی دەفەرموێ: (سَاعَةٌ لَا يُوَافِقُهَا عَبْدٌ مُسْلِمٌ وَهُوَ يُصَلِّي يَسْأَلُ اللَّهَ شَيْئًا إِلَّا أَعْطَاهُ إِيَّاهُ وَأَشَارَ بِيَدِهِ يُقَلِّلُهَا)متفق عليه[٢] واتە: لە هەینیدا ساتە وەختێك بۆ دوعا گیرابوون هەیە، هەر بەندەیەکی موسوڵمان لەو ساتەوەختەدا هەستێ بۆ نوێژو دوعا بکات، حەتمەن خوای گەورە لێی قبول دەکات.. لەو کاتەشدا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە پەنجەی پیرۆزیشی نیشانەی کەمی کاتەکەی دیاری کرد .

---

[١] نوسەرانی بەرێز نوسیویانە: (رواه ابو داود والنسائى وقال حديث حسن صحيح)، راستە لای ئەبو داوود ژمارە (٤٥٧)ە و لای ترمزی(٢١٢)یەو لای ئیمامی ئەحمەد (١٢١٧١) بەڵام بە لەفزی (إنَّ الدُّعَاءَ لا يُرَدُّ بَينَ الأذانِ والإقَامَةِ فَادْعُوا)، شێخی ئەلبانی رەحمەتی لە (صحيح أبي داود ٤٨٩) دا فەرموویەتی سەحیحە.

[٢] بوخاری (٩٣٥)، موسليم (٨٥٢) ئەمەش لەفزی موسلیمە: (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَكَرَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فَقَالَ فِيهِ سَاعَةٌ لَا يُوَافِقُهَا عَبْدٌ مُسْلِمٌ وَهُوَ يُصَلِّي يَسْأَلُ اللَّهَ شَيْئًا إِلَّا أَعْطَاهُ إِيَّاهُ زَادَ قُتَيْبَةُ فِي رِوَايَتِهِ وَأَشَارَ بِيَدِهِ يُقَلِّلُهُ)..

٤- پاش نوێژە فەرزەکان: لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پرسیار کرا کە ئایا کام دوعا زیاتر قبوڵە؟ فەرمووی: ئەو دوعایانەی کە لە کۆتایی ناوەڕاستی شەوداو لە پاش نوێژە فەرزەکان دەکرێن..[1] ئیمامی ترمذي بە سەنەدی سەحیح گێڕاویەتیەوە.

٥- کاتی سوجدە بردن: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ مِنْ رَبِّهِ وَهُوَ سَاجِدٌ فَأَكْثِرُوا الدُّعَاءَ) رواه مسلم[2] واتە: ئەو کاتانەی بەندەیەکی خوا لە سوجدەدایە، لە هەموو کاتێکی تر لە خوای پەروەردگاری نزیکترە، دەی سا لەو کاتانەدا زۆر بپاڕێنەوە..

هەروەها دەفەرموێ: (وَأَمَّا السُّجُودُ فَاجْتَهِدُوا فِي الدُّعَاءِ، فَقَمِنٌ أَنْ يُسْتَجَابَ لَكُمْ) رواه مسلم[3] ئەمما کاتی سوجدە بردن، ئەوە هەڵی پاڕانەوەیە، هەوڵدەن لەو

---

[1] مشت و مڕێکی زۆر لەسەر دوعا کردنی دوای نوێژە فەرزەکان و دەست بەرز کردنەوە تێیاندا هەیە.. لەو کاتەی کە زانایانی وەکو ئیبنوعوسێمینی ڕەحمەتی هیچیان لا نەسەلمێنراوە، دەیان توێژەرەوەی گەورەی وەکو ئیمامی ئیبنوحەجەرو زانایانی تر فەتوایان لەسەریتی کە ئەمە ڕەفتارێك نیە بە شێوەیەکی بنبڕ ڕێی لێ بگیرێت، چونکە زۆر بەڵگە لەسەر ئەوە هەیە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وای کردووەو یاوەرانیشی فێر کردووەو توێژەرەوەکانیش وای لێ تێگەیشتوون.. بۆ نموونە لەم فەرموودەیە: (يا معاذُ! والله إني لأُحِبّكَ، فقال أوصيك يا معاذ! لا تدعَنَّ في دُبُرِ كل صلاة تقول: اللهم! أَعِنِّي على ذِكرِكَ وشُكْرِكَ وحُسْنِ عبادتك) ئەبوداوود (١٥٢٢)، شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی لە ( صحيح سنن أبي داود ٢٥٣/٥) بە سەحیحی ناساندووە.

[2] ڕاستە موسلیم گێڕاویتیەوەو ژمارەکەی (٤٨٢)ە.

[3] موسلیم (٤٧٩) لە بوخاریشدا ژمارە (٧٦١)ە.

کاتەدا دوعا بکەن، چونکە ئەو کاتە شایستەی وەڵامدانەوەو گیرابوونی دوعاکانتانە..

٦- کاتی بانگدان و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (ثِنْتَانِ لا تُرَدَّانِ أَوْ قَلَّمَا تُرَدَّانِ: الدُّعَاءُ عِنْدَ النِّدَاءِ، وَعِنْدَ الْبَأْسِ حِينَ يُلْحِمُ بَعْضُهُمْ بَعْضًا)[١] واتە: لە دوو کاتدا دوعا ڕەت ناکرێتەوە (حەتمەن قبووڵ دەبێت): کاتی بانگدان و کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی جەنگ، کە هەر دوو بەرەی جەنگ بەرامبەر یەکتری وەستاونەتەوەو تێك دەچرژێن..

٧- کاتی ڕۆژوو شکاندن: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمویەتی (إِنَّ لِلصَّائِمِ عِنْدَ فِطْرِهِ لَدَعْوَةٌ مَا تُرَدُّ )[٢] واتە: کاتی بەربانگ کردنەوەی ڕۆژووەوان هەڵی دوعاکردنێتی، حەتمەن لێی قبوڵ دەکرێت..

---

[١] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه ابو داود باسناد صحيح) ڕاستە، شێخی ئەلبانی لە: (صحيح الجامع/٣٠٧٩)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٢] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه ابن ماجه بسند صحيح) ڕاستە ئیبنوماجە لە سونەنەکەیدا (ب١/ل٥٥٧ ژمارە١٧٥٣) گێڕاوێتیەوە. هەروەها بەیهیقی لە (شعب الايمان ٤٠٧/٣ ژمارە ٣٩٠٤) و تەبەرانی لە (کتاب الدعاء ل٣٨٦ ژمارە/٩١٩) بەڵام نازانین کێیە سەحیحی داناوەو نوسەرانی بەڕێز چۆن نوسیویانە سەحیحە!! شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی دوای توێژینەوەی سەنەدەکەی لە (ارواء الغليل ژمارە ٩٢١)دا فەرموویەتی زەعیفە.

# ئادابی دوعا کردن

١- هەر دوو دەستی زەلیلانە بەرەو بارەگای خوای گەورە بەرز بکاتەوەو بە (الحمد لله والصلاة و السلام على رسول الله) دەست پێ بکات.

٢- ناوە پیرۆزو جوانەکانی خوای گەورە بهێنێت و پێیان بپاڕێتەوە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلِلَّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا)الأعراف/١٨٠ واتە: خوای گەورە ناوە جوانەکانی هەیە، پێی بپاڕێنەوە.. ئادابی ئەمەش ئەوەیە لە دوعای لێخۆشبووندا بڵێ: یا غفار، لە دوعاکردن لە دوژمنانی خوا بڵێ: یا منتقم یا جبار..وە هەروەها.

٣- بەر لەوەی بپاڕێتەوە ئەو نازو نیعمەتانەی تر بخاتەوە یادی خۆی کە خوای گەورە پێی بەخشیوە، پاشان داوای لێخۆشبوون بکات و پەشیمانی خۆی لە گوناهەکانی نیشان بدات، ئینجا داواکانی عەرز بکات.

٤- با دوعاکردنی بە پاڕانەوەو لاڵانەوەوە بێت، بە نهێنی و چرپە بێت باشترە وەك لەوەی بە ئاشکراو هاوار هاوارکردن بێت.. تا سنووری ئادابی پاڕانەوە لە خوای گەورە بپارێزێت.. خوای گەورە دەفەرموێ: (ادْعُواْ رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً) الأعراف/٥٥ واتە: دوعاکانتان ملکەچانەو بە دەنگی نزم بکەن..

لە باسی دوعاکەی پێغەمبەر زەکریادا عَلَيْهِ السَّلَام دەفەرموێ: (إِذْ نَادَى رَبَّهُ نِدَاءً خَفِيًّا) مریم/٣ واتە:بە دەنگێکی نزم و کزۆڵەوە لە خوای خۆی پاڕایەوە.

٥- زۆر دوبارە کردنەوەو ئیلحاح کردن لە دوعاکاندا: چونکە خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆش دەوێ کە لە کاتی پاڕانەوەدا زۆر لە پەروەردگاریان دەکەن و کۆڵ نادەن..

٦- دەبێ لە کاتی پاڕانەوەدا بایەخی زیاتر بە لایەنی ئیمانی و باری دڵ و دەروون بدرێت، بەوەی خۆی لە هەردوو حاڵەتی ترس و هیوا (الخوف والرجاء) دا بهێڵیتەوەو لە هیچ کامیاندا بواری زیاد ڕەوی بە خۆی نەدات. خوای گەورە لە باسی ئەوانەدا کە شەونوێژ دەکەن دەفەرموێ: (تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ) السجدة/١٦ واتە: لەبەر شەونوێژ ئەو لاتەنیشت و پەراسووەیان بەر پێخەف نەدەکەوت! بەردەوام بە هەستی ترس و حەزەوە دەپاڕانەوە، و لەوەی پێمان دابوون دەیانبەخشی..

لە باسی پێغەمبەر زەکریاشدا عَلَيْهِ السَّلَام دەفەرموێ: (إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَبًا وَرَهَبًا وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ)الانبياء/٩٠ واتە: ئەوانە دەس پێخەری خێرومەندیی بوون، بە ترس و حەزەوە لێمان دەپاڕانەوەو بە ڕاستی ملکەچی ئێمە بوون .

٧- با بەو دوعایانە بپاڕێتەوە کە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕیوایەت کراون، بەتایبەت ئەوانەی کە ناوی مەزنی خوای پەروەردگار (الاسم الأعظم) ی تێدا هێنراوە.. جارێك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گوێی لە کابرایەك بوو ئەم دوعایەی دەخوێند: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ بِأَنِّي أَشْهَدُ أَنَّكَ أَنْتَ اللَّهُ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ، الأَحَدُ الصَّمَدُ الَّذِي لَمْ تَلِدْ، وَلَمْ تُولَدْ، ولَمْ يَكُنْ لَكَ كُفُوًا أَحَدٌ،

فَقَالَ: لَقَدْ سَأَلْتَ بِاسْمِ اللَّهِ الأَعْظَمِ الَّذِي إِذَا سُئِلَ بِهِ أَعْطَى، وَإِذَا دُعِيَ بِهِ أَجَابَ)[١]
واتە: ئەی خوای گەورە، بەو شێوەیە لێت دەپاڕێمەوە کە شایەتی دەدەم کە تەنهایت و هیچ خوایەك نیە جگە لە تۆ شایانی پەرستن بێت، تۆ تاك و بێ نیازیت، تۆ ئەو خوایەی پێویستیت بە کەس نیە، نە لە کەس بوویت و نە کەست لێ بووە، کەسیش هاوتای تۆ نیە.. پێغەمبەری خوایش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەم پیاوە بە ناوە گەورەو مەزنەکانی خواوە لە خوای گەورە پاڕایەوە کە داوای هەرچیەکی لێ بکات پێی بدات.

## ڕەواندنەوەی گومانێك:

هەندێ کەس وا گومان دەبەن ئەو قەدەرانەی کە خوای گەورە لە چارەی عەبدەکانی نووسیوە، هەر ئەبێ ڕوو بدات و هیچ شتێك ناتوانێت بەر پەرچی ئەو پێشهاتانە بداتەوەو بیانگێڕێتەوە.. بێگومان ئەم تێڕوانین و بۆچوونە زۆر هەڵەیە لەبەر ئەم هۆیانە:

١- لە عەقیدەی ئیسلامیدا نزاو پاڕانەوە بە هۆکارێکی گرنگ و کاریگەر دادەنرێ.. ڕۆڵی گەورەی لە چەندەها گۆڕانکاریی مێژوو بینیوەو بارو دۆخی تاك و کۆمەڵی ئاڵوگۆڕ پێکردووەو دیاردەو حاڵەتەکانی ژیانی لە بارێکەوە بردۆتە سەر بارێکی تر..

[١] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه ابن حبان في صحيحه) بەڵام شێخی ئەلبانی لە (صحيح سنن أبي داود ١٤٩٣) دەفەرموێ: سەحیحە..

بۆ نموونە: لە قورئاندا لە چەندەها شوێندا باسی ئەو حاڵەت و گۆڕانکارییانە دەکات کە لە ئاکامی گیرا بوونی دوعا و نزای پێغەمبەری خواوە دروستبوون.

٢- هەموو قەزاو قەدەرێك لە پاش وویست و ئیرادەی خوای گەورە لە ئاکامی پێکەوە گرێدان و کاریگەری کۆمەڵە هۆکارێکەوە ڕوو دەدەن یەکێك لەوانە دوعایە.. بۆیە ڕاست نییە بۆ ڕووداوێك بڵێیت دوعاکردن سوودی نییە، چونکە وەکو ئەوە وایە بڵێی خواردن و خواردنەوەو کردەوەی چاك سوودی نییە.. لەبەر ئەوە هیچ شتێك ئەوەندەی نزاو پاڕانەوە بۆ دەستخستنی وویست و خواستەکانی عەبد سوود بەخش نییە، چونکە دڵنیایە لە مانای ئەو ئایەتەی سورەتی (فاطر) کە دەفەرموێ: (مَا يَفْتَحِ اللَّهُ لِلنَّاسِ مِن رَّحْمَةٍ فَلا مُمْسِكَ لَهَا وَمَا يُمْسِكْ فَلا مُرْسِلَ لَهُ مِن بَعْدِهِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ) فاطر/٢ واتە: هەر دەروازەیەکی ڕەحمەتی خوای گەورە کە بۆ خەڵکی واڵا دەکات، کەس بۆی نیەو ناتوانێت دایخاتەوە، کەس بۆی نیە خێرو بەرەکەتی ئەو لە خەڵکی بگرێتەوە، ئەوی ئەویش لە خەڵکی دەگرێتەوە کەی بۆی نیەو ناتوانێت بەری بەرەڵا کاتەوە! خوای گەورە خاوەن دەسەڵاتەو دانایە..

هەر بۆیە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە هەموو کەس زیاتر بە مەرج و ئادابەکانی دوعاوە پابەند دەبوون، وەکو چەکێکی بەهێزو کاریگەر بەکاریان هێناوە.. ئەوە ئیمامی عومەرە خوا لێی ڕازی بێت بە هۆی دوعاوە بەسەر دوژمندا سەرکەوت! لە کاتێکدا کە خاوەنی لەشکرێکی گەورەو بەهێزیش بوون.. بە هاوەڵانی دەفەرموو: (لَسْتُمْ تُنْصَرُونَ بِكَثْرَةٍ وَإِنَّمَا تُنْصَرُونَ مِنْ السَّمَاءِ.. إِنِّي لا

أحْمِلُ هَمَّ الإجَابَةِ وَلكِنْ هَمَّ الدُّعَاءِ فَإذَا أُلْهِمْتَ الدُّعَاءَ فَإنَّ الإجَابَةَ مَعَهُ)[1] واتە: ئەو سەرکەوتنەی بەدەستی دێنن، بە هۆی ژمارە زۆریتانەوە نیە، سەرکەوتنتان لە ئاسمانەوە بۆ دێت.. من ئەوەندە پەرۆشی دوعا کردنەکەمم ئەوەندە پەرۆشی گیرابوونەکەی نیم، خوا دەکات خوای گەورە لە ناخەوە هیممەتی دوعاکەم پێ دەبەخشێت و توانام دەداتێ باش لێی بپاڕێمەوە، ئەوە لە جوابەکەی یێگومانم کە یەکسەر بە دوایدا دێت و گیرا دەبێت..

٣- ئەو جۆرە بیرکردنەوانە وەسوەسەی شەیتانەو جۆرێك هیوابڕان لە ڕەحمی خوای گەورە دەردەخات و نیشانەی کز بوونی ئیمانە لە دڵ و دەروونی ئەو کەسەداو پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو هەموو بەڵێن و پەیمانانەی کە خوای گەورە بە بەندەکانی داوە، کە فەرموویەتی (ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ)غافر/٦٠ واتە: لێم بپاڕێنەوە، منیش وەڵامی داواکاریەکانتان دەدەمەوە ..

(وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ)البقرة/١٨٦ واتە: هەر کاتێك عەبدە خواناسەکانم دەربارەی من لە تۆیان پرسی، ئەوە با دڵنیابن کە من نزیکم، وەڵامی پاڕانەوەی هەموو ئەو کەسانە دەدەمەوە کە لێم دەپاڕێنەوە..

---

[1] ئیمامی ئیبنولقەییم لە کتێبی (الجواب الكافي ل٧ ) دا هێناوێتیەوە.

یاخود لەسەر زمانی پێغەمبەر زەکەریا عَلَيْهِ السَّلَام فەرمویەتی: (وَلَمْ أَكُن بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيًّا)مریم/٤ واتە: خوایە هەرگیزاو هەرگیز بە دوعاو نزاو پاڕانەوە لە جەنابت، تووشی نارەحەتی نەهاتووم.

٤- هەر دوعایەك بە نیازێکی پاکەوە بکرێ و ڕەچاوی مەرجی دوعا گیرابوونی تێدا بێتە دی، بێگومان ئەو دوعایە وەڵام دەدرێتەوە، بەڵام درەنگ و زوویی پەیوەندی بە وویست و زانینی خوای گەورەوە هەیە، لەوانەیە لەبەر هەندێ حیکمەت کە لە بەرژەوەندی خاوەن دوعاکەیە خوای گەورە داواکەی بۆ دوا خات، یان لە ڕۆژی قیامەتدا بۆی بهێنێتە دی، کە لەوێ زیاتر پێویستی پێیەتی..

٥- نزاو پاڕانەوە باشترین چارەسەرە، دوژمنی بەڵاو پێشهاتە ناخۆشەکانە، ڕێگای دابەزینیان لێدەگرێت! دوعا یان قەدەرەکە دەگێڕێتەوە یاخود لە کاتی دابەزینیاندا زیان و سەختیەکەی لەسەر دڵ و دەروون کەم دەکاتەوە.. کەواتە دوعاکردن لە هەردوو بارەکەدا سوودمەندە و نابێ موسوڵمان دەستبەرداری بێ ..ئەوەتا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (الدُّعَاءُ سِلَاحُ الْمُؤْمِنِ، وَعِمَادُ الدِّينِ، وَنُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ.. وَلَهُ مَعَ الْبَلَاءِ ثَلَاثُ مَقَامَاتٍ أَحَدُهَا : أَنْ يَكُونَ أَقْوَى مِنَ الْبَلَاءِ فَيَدْفَعُهُ، الثَّانِي: أَنْ يَكُونَ أَضْعَفَ مِنَ الْبَلَاءِ فَيَقْوَى عَلَيْهِ الْبَلَاءُ، فَيُصَابُ بِهِ الْعَبْدُ، لَكِنْ قَدْ يُخَفِّفُهُ، وَإِنْ كَانَ ضَعِيفًا. الثَّالِثُ : أَنْ يَتَقَاوَمَا وَيَمْنَعَ كُلُّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا صَاحِبَهُ)[1] واتە: دوعا چەکی دەستی موسوڵمانەو ستوونی

[1] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه الحاكم في صحيحه) راستە لای حاکم ژمارە (١٨٥٥) بەڵام لە بەدواداچوونی ئیمامی زەهەبیدا لە (ميزان الاعتدال٣/٥١٤) دا دەفەرموێ: زەعیفە

دینەکەیە، نووری ئاسمانەکان و زەویە، لەگەڵ کێشەو موسیبەتدا سێ ئاستی هەیە: یان لە موسیبەتەکە بەهێزتر دەبێت و دەتوانێت رایدات، یان لە موسیبەتەکە بێهێزتر دەبێت، بۆیە ئەو بەسەر ئەمدا زاڵ دەبێت و تووشی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەو بێهێزیەشیدا هەر دەتوانێت موسیبەتەکە لەسەر دڵ و دەروون سووك كات، یان هەردووكیان دەكەونە ململانێیەكی بەردەوامەوەو هەر یەكەیان هەوڵ دەدات رێ لەوی تریان بگرێت.

٦- (الدُّعَاءُ يَنْفَعُ مِمَّا نَزَلَ وَمِمَّا لَمْ يَنْزِلْ ، فَعَلَيْكُمْ عِبَادَ اللَّهِ بِالدُّعَاءِ)[١] واتە: پاڕانەوە سوودی دەبێت بۆ ئەو موسیبەتانەی دێنە رێ و ئەوانەش کە نایەنە رێ، دەی سا عەبدانی خوا دوعا بکەن.

لە کۆتاییدا دەڵێین:

پێویستە لەسەر موسوڵمان هەمیشە و لە هەموو کات و حاڵەتێکیدا بە دڵگەرمییەوە زیکرو یادی خوای گەورە بکاو بە نیازی پاکەوە لێی بپاڕێتەوەو داوای خێری دنیا و قیامەتی لێ بکات و داوای سەقامگیری و بەردەوامی پابەندبوونی بە

---

چونکە لە سەنەدەکەیدا پسان هەیە.. فەرموودەی لای حاکم بە توێژینەوەی ئیمامی زەهەبی وەردەگیرێت. ئیمامی ئیبنولقەییمیش بێ حوکم لەسەر سەنەدەکەی لە (الجواب الكافي)دا هێناویەتیەوە.

[١] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (حسنه الألباني في صحيح رقم الحديث ٣٤٠٩) ترمزی گێڕاویەتیەوە ( ژمارە /٣٥٤٨) راستە شێخی ئەلبانی لە (صحيح الجامع/ ٣٤٠٩) دا فەرموویەتی حەسەنە.

دینداریيەکەیەوە لێ بکات.. داوای لێخۆشبوونی لە گوناھ و کەموکوڕی و ناتەواوییەکانی لێ بکات.. داوای ساغ و سەلامەتیی لاشە وعاقیبەت خێری لێبکات.. داوای کۆمەکی و تەوفیقاتی خوای گەورەی لە گشت کارو کردەوەکانیدا بکات.

ئەم دوعایانەو جۆرەھا دوعای تر کە موسوڵمان ڕۆژانە پێویستی پێی دەبێ و ڕێی تێ دەکەوێت دەبێ بیانزانێ و لەبەریان بکات بە تایبەت دوعا قورئانییەکان و ئەو دوعایانەی کە لە پێغەمبەری خۆشەویستمانەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕیوایەت کراون و (مأثور) ن.

# وانەی دوازدەیەم

## پارێزکاریی ( التقوی)

پێناسەی تەقوا:

پارێزکاریی (تەقوا) بریتییە لە خۆپاراستن لە تووڕەبوونی خوای گەورەو سزای سەختی قیامەت. ئەمەش بە ئەنجامدانی هەموو کردەوە چاکەکان و خۆپاراستن لە هەموو قەدەغەکراوەکان دێتەدی.

لە قورئاندا لە هەر دوو حاڵەتەکەدا خوای گەورە موسوڵمانان بیر دەخاتەوەو داوای تەقواو پارێزکاریان لێ دەکات، وەك دەفەرموێ:

- (وَمَا آتَاكُمْ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ) الحشر/٧ واتە: هەرچییەك كە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێیدان وەریگرن، بەرهەڵستی هەرچیەکیشی لێکردن دەستی لێ هەڵگرن.. لە خوای گەورەش بترسن (تەقوای خوای گەورەتان هەبێت) چونکە بەراستی سزای خوای گەورە بەژانە .

- (أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَى نِسَائِكُمْ .... وَلاَ تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلاَ تَقْرَبُوهَا كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ) البقرة/١٨٧ واتە: چوونە لای ژنەکانتان بۆ سەرجێیی کردن لە شەوانی ڕۆژوودا حەڵاڵ کرا.. بەڵام ئەو کاتانەی لە مزگەوتن بۆ ئیعتیکاف (کە وەکو خەڵوەتکێشانە) توخنی ژنەکانتان مەکەونەوە.. ئەوەش سنووری خوای

پەروەردگارەو نزیکی مەکەونەوە.. ئاوا خوای گەورە نیشانەو ئەحکامی خۆی بۆ خەڵکی روون دەکاتەوە تا بگەنە ریزی تەقواکاریی..

- (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللَّهَ وَذَرُواْ مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) البقرة/٢٧٨ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، لە خوای گەورە بترسن وتەقواتان هەبێت، ئەو پاشماوە سووەی بەدەستانەوە ماوە تووڕی هەڵدەن، ئەگەر راست دەکەن و موسوڵمانن..

- (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الَّذِينَ اتَّخَذُواْ دِينَكُمْ هُزُوًا وَلَعِبًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ وَالْكُفَّارَ أَوْلِيَاء وَاتَّقُواْ اللَّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) المائدة/٥٧ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەو کەسانە مەکەن بە دۆست و برادەرو سەرپەرشتیاری خۆتان کە دینەکەتانیان کردۆتە گاڵتەبازاڕو سووکایەتی پێدەکەن، بە تایبەتی لەوانەی کە پێش ئێوە پەیامی ئاسمانییان بۆ هاتووە، هەروەها لە کافرەکانی تر.. لە خوای خۆشتان بترسن و تەقواتان هەبێت، ئەگەر خۆتان بە موسوڵمان دەزانن ..

- (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ الصَّادِقِينَ) التوبة/١١٩ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! لە خوای گەورە بترسن و تەقواتان هەبێت، بڕۆن لەگەڵ راستگۆیاندا بن..

- (وَاتَّقُواْ يَوْمًا تُرْجَعُونَ فِيهِ إِلَى اللَّهِ) البقرة/٢٨١ واتە: ترسی ئەو رۆژەتان بێت کە تێیدا بۆ لای خوای گەورە دەگەڕێنەوە ..

- (فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ) التغابن/١٦ واتە: ئەوەندەی بۆتان دەکرێت لەخوای گەورە بترسن و موراعاتی تەقواکاریی بکەن.

## پلە وپایەو گرنگی تەقوا

١- خوای پەروەدگار دەفەرموێ: (وَلَقَدْ وَصَّيْنَا الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ وَإِيَّاكُمْ أَنِ اتَّقُواْ اللّهَ) النساء/١٣١ واتە: ئێمە ئامۆژگاری ئەوانەمان کردووە کە پەیامیان لە پێش ئێوەدا بۆ هاتبوو، ئامۆژگاری ئێوەشمان کردووە کە لە خوای گەورە بترسن و خۆتان لە نافەرمانی بپارێزن.

کەواتە خواناسیی ودینداریی و تەقواکاریی ئامۆژگاری خوای گەورەیە بۆ هەموو ئەو گەلانەی کە پێغەمبەری خوایان بۆ نێرراوە :

- (وَإِذْ نَادَى رَبُّكَ مُوسَى أَنِ ائْتِ الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ* قَوْمَ فِرْعَوْنَ أَلا يَتَّقُونَ) الشعراء/١٠-١١ واتە: پەروەردگارت بانگی لە موسا کرد سەلامی خوای لێ بێت کە برۆ بۆ ئەو قەومە ستەمکارە، قەومی فیرعەون.. ئەرێ ئەوە بۆچی لە خوای گەورە ناترسن؟

- (إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ نُوحٌ أَلا تَتَّقُونَ) الشعراء/١٠٦ واته: نووحی برایان[١] سەلامی خوای لێ بێت پێی فەرموون: ئەرێ ئێوە لە خوای گەورە ناترسن؟

- (إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ هُودٌ أَلا تَتَّقُونَ) الشعراء/١٢٤ واته: هودی برایان سەلامی خوای لێ بێت پێی فەرموون: ئەرێ ئێوە لە خوای گەورە ناترسن؟

- (كَذَّبَتْ ثَمُودُ الْمُرْسَلِينَ * إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ صَالِحٌ أَلا تَتَّقُونَ) الشعراء/١٤١-١٤٢ واته: قەومی سەموود نێرراوەکانی خوای گەورەیان بە درۆ خستەوە، ساڵحی برایان سەلامی خوای لێ بێت پێی فەرموون: ئەرێ ئێوە لە خوای گەورە ناترسن؟

- (إِذْ قَالَ لَهُمْ أَخُوهُمْ لُوطٌ أَلا تَتَّقُونَ) الشعراء/١٦١ واته: لووتی برایان سەلامی خوای لێ بێت پێی فەرموون: ئەرێ ئێوە لە خوای گەورە ناترسن؟

- (إِذْ قَالَ لَهُمْ شُعَيْبٌ أَلا تَتَّقُونَ) الشعراء/١٧٧ واته: شوعەیب سەلامی خوای لێ بێت پێی فەرموون: ئەرێ ئێوە لە خوای گەورە ناترسن؟

---

[١] لە زمانی عەرەبیدا ووشەی براو باوك بۆ ئەندامێتی و خاوەنێتی بەكار دێت، دەوترێت: اخو العشيرة: یەعنی یەكێكە لە هۆزەكە، یان دەوترێت ابو الفحم: واتە كابرای خەڵوز.. ناكرێت بە باوك تەرجومە كرێت و بوترێت: باوكی خەڵوزەكە، یان عەرەب بە دەفتەری شەست لاپەڕەیی دەڵێت: ابوستين ورقه، ناشێت بوترێت: باوكی شەست لاپەڕەیی.. ئەمە پەیوەندییان بەو لێكدانەوە نامۆیەوە نییە كە هەندێك كوردی عەرەبی نەزان ووتوویانە: كافرو موسوڵمان هەر برای یەكن! ئەم ئایەتەشیان كردۆتە بەڵگە!

- (وَإِنَّ إِلْيَاسَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ * إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَلا تَتَّقُونَ)الصافات/١٢٣-١٢٤ واتە: ئیلیاس سەلامی خوای لێ بێت لە نێرراوانی خوای گەورەیە، کە بە قەومەکەی خۆی فەرموو: ئەرێ ئێوە لە خوای گەورە ناترسن؟

پێغەمبەر عیسا سەلامی خوای لێ بێت بە بەنی ئیسرائیلی فەرموو: (وَجِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَاتَّقُواْ اللّهَ وَأَطِيعُونِ)ال عمران/٥٠ واتە: نیشانەیەکم لە لای خوای پەروەردگارتانەوە بۆ هێناون، تا باوەڕ بکەن کە من پێغەمبەری خوام دەی سا لە خوا بترسن و گوێڕایەڵییم کەن..

قورئانیش لەسەر زمانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ) ال عمران/١٠٢ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە بە شێوەیەکی راستەقینە تەقوای خوای گەورەتان هەبێت و پارێزکار بن، بە موسوڵمانێتی نەبێت نەمرن..

لەبەر گەورەیی و کاریگەریی پارێزکاریی و لە خواترسان و تەقوایە کە خوای گەورە بە پێغەمبەری خۆشەویستی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموو (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ اتَّقِ اللَّهَ) الاحزاب/١ واتە: ئەی پێغەمبەری خوا تەقوای خوای گەورەت هەبێت و پارێزکاریی بکە..

٢- خوای پەروەردگار تەقوای کردۆتە هۆکاری وەدەستهێنانی زۆر خەڵات، لەوانە:

- تەقوا پێوەری دوور و نزیکی بەندەکانە لە خوێیەوە: (إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ) الحجرات/١٣ واتە: چاکترینتان لای خوای گەورە بە تەقواترینەکەتانە.

- باشترین توێشوو لە دنیادا کە هەوڵی بۆ بدرێت و بەدەست بهێنرێت بۆ قیامەت تەقوایە: (وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى)البقرة/١٩٧ واتە: توێشوو بخەن چاکترین توێشووش تەقوایە.

- چاکترین بەرگ بەرگی تەقوایە، کە موسوڵمان بەرز ڕادەگرێ و عەیبەکانی دادەپۆشێت: (يَا بَنِي آدَمَ قَدْ أَنزَلْنَا عَلَيْكُمْ لِبَاسًا يُوَارِي سَوْآتِكُمْ وَرِيشًا وَلِبَاسُ التَّقْوَىَ ذَلِكَ خَيْرٌ) الأعراف/٢٦ واتە: ئەی نەوەی ئادەم لە ئاسمانەوە بەرگێکمان بۆ ناردوون کە بیکەنە بەرتان و عەورەتتانی پێ داپۆشن و بشبێتە مایەی جوانیتان.. هەر بەرگی تەقوا چاکترە.

- تەقوا هەستی بەرپرسیاری و لەخۆ پرسینەوە لە دڵ و دەروووندا زیاد دەکات: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ) الحشر/١٨ ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە لەخوای گەورە بترسن و تەقواتان هەبێت، با هەر کەسە سەیر کات داخۆ چی بۆ سبەینێ ئامادە کردووە؟!

- خوای گەورە تەنها کردەوەی ئەو کەسانە وەردەگرێت کە لە خواترس و پارێزکارانن: (إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ) المائدة/٢٦ خوای گەورە تەنها لە پارێزکارانی خاوەن تەقوای قبووڵ دەکات..

- خۆشەویست ودۆستانی خوای گەورە ئەوانەن کە ئەهلی تەقواو خواناسیی و پارێزکارین: (إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ) التوبة/٧ واتە: خوای گەورە پارێزکارانی خۆش دەوێت ..

- (أَلا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ * الَّذِينَ آمَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ) يونس/٦٢-٦٣ واتە: خۆشەویستان و دۆستانی خوای گەورە لە دنیاو رۆژی دواییدا نە خەم وترسیان لێ دەنیشێت، نە دڵتەنگ دەبن.. ئەوانە ئەو کەسانەن کە باوەڕدارو پارێزکارن.

- قورئان بۆ پارێزکاران ڕێنمایی و یادخەرەوەیە: (وَإِنَّهُ لَتَذْكِرَةٌ لِّلْمُتَّقِينَ) الحاقة/٤٨ هەروەها: (ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ) البقرة/٢ واتە: ئەمە ئەو کتێبە ئاسمانییەیە کە بە هیچ شێوەیەکی گومانی تێدا نییە.

- پارێزکاران لە هەموو کەس زیاتر هەست بە فێڵی شەیتان دەکەن و خۆیان لە هێرش و پەلامارەکانی دەبوێرن: (إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَواْ إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِّنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ) الأعراف/٢٠١ بەڕاستی ئەوانەی کە لە خوای گەورە دەترسن هەر کاتێك خەیاڵێك لە لای شەیتانەوە لێیان بدات و پاڵیان پێوە بنێت بۆ هەوادانی ناپەسەندییەك، دەسبەجێ خوای پەروەردگاریان دێتەوە یادو پەنای بۆ دەبەنەوە، خوای گەورەش زوو حاڵیان بۆ روون بینێنی ڕێگەی ڕاست دەگۆڕێت.

- بنیاتنانی هەر کارێك بەبێ تەقوا دەرەنجامەکەی پوچەو خاوەنەکەشی دەخرێتە دۆزەخەوە: (أَفَمَنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَى تَقْوَى مِنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٍ خَيْرٌ أَم مَّنْ أَسَّسَ بُنْيَانَهُ عَلَىَ شَفَا جُرُفٍ هَارٍ فَانْهَارَ بِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ وَاللَّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ) التوبة/١٠٩ واتە: ئایا کەسێك دیندارێتی خۆی لەسەر تەقواو ترس لە خوای

گەورە دامەزراندبێت وەکو یەکێکی ترە کە بناغەی خانووی خۆی لەسەر قەراغی کەنارێك دانابێت کە ئاوی لافاو دڕیبێتی و نزیك بێت لەوەی ها ئێستا نا تاوێکی تر بڕوخێت و بە کەسەکەشەوە داخزێتە ناو ئاگری دۆزەخ؟!

- سەرکەوتن و یارمەتی خوای گەورەو پاشەڕۆژ بۆ پارێزکارانە: (وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ) التوبة/٣٦ واتە: ئەوەش بزانن کە خوای گەورە لەگەڵ پارێزکاران و ئەهلی تەقوایە .

- (وَالْعَاقِبَةُ لِلتَّقْوَى) طه/١٣٢ واتە: ڕووسووری داهاتوو و چارەنووسی گەش هەر بۆ تەقواکارییە..

- (إِنَّ اللَّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَواْ وَّالَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ)النحل/١٢٨ واتە: بە تەئکید خوای گەورە لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە پارێزکاری دەکەن و چاکەخوازن.

- ڕۆزی چاك و قوتاربوون لە هەموو تەنگ و چەڵەمەیەك بە تەقواوە بەستراوە: (وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا * وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لا يَحْتَسِبُ) الطلاق/٢-٣ واتە: هەر کەسێك لەخوای گەورە بترسێت و تەقواکاریی ڕاستەقینە بکات، خوای گەورە سەرفرازی دەکات و ڕۆزی لە لایەنانێکەوە بۆ دەنێرێت کە هەر گومانی بۆی نەچووبێت.

- خوای گەورە هەموو کارێك بۆ پارێزکاران ئاسان دەکات (وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا) الطلاق/ ٤ واتە: هەر کەسێك لە خوای گەورە بترسێت و

تەقواکاریی راستەقینە بکات، خوای گەورە لە کارو کردەوەیدا ئاسانکاریی بۆ دەکات..

- پارێزکاران هەق و ناهەق لەیەك جیادەکەنەوەو سەریان لێ ناشێوێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِن تَتَّقُواْ اللّهَ يَجْعَل لَّكُمْ فُرْقَاناً وَيُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ) الأنفال/٢٩ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر خۆتان بپارێزن لە گوناه و لە خوای گەورە بترسن خوای گەورە ڕووناکییەکی وا دەخاتە دڵتانەوە، کە هەق و ناهەق لەیەك جیا بکەنەوە. گوناهەکانیشتان دادەپۆشێت و لێتان خۆش دەبێت، خوای گەورە خاوەن فەزڵ و چاکەی زۆرە.

- خوای گەورە پشتی پارێزکاران بۆ ئەنجامدانی کاری چاکە دەگرێت و سەرکەوتوویان دەکات: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا * يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا) الاحزاب/٧١-٧٢ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە لە خوای گەورە بترسن و قسەیەك بکەن کە ڕاست بێت، خوای گەورە کردەوەکانتان پەسەندتر دەکات و لە گوناهەکانتان خۆش دەبێت، هەر کەسێك گوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەری خوا بێت، حەتمەن سەرکەوتووە.. سەرکەوتنێکی دیارو ئاشکرای دنیاو قیامەت.

٣- پارێزکاران لە ڕۆژی قیامەتدا پلەو پایەیەکی بەرزیان هەیە: (إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ * آخِذِينَ مَا آتَاهُمْ رَبُّهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَلِكَ مُحْسِنِينَ) الذاريات/١٥-١٦ واتە: پارێزکاران وان لە چەندین بەهەشت و سەر جۆبارو کانیاودا، ئەوە ئەوەیە کە پەروەردگاریان پێی داون و ئەوانیش بە خۆشحاڵییەوە وەریان گرتووە.. ئەوانە لە دنیادا چاکەکار بوون..

- (إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَنَهَرٍ * فِي مَقْعَدِ صِدْقٍ عِندَ مَلِيكٍ مُّقْتَدِرٍ) القمر/٥٥ واتە: پارێزکاران وان لە بەهەشت و لەسەر کانیاوو جۆبار بێ خەم نیشتەجێ بوون..

٤- هەندێك دەڵێن ئێمە پارێزکارە موسوڵمانەکان دەبینین چەوساوەو زەلیلن کەچی تاوانبارو شەڕخوازان دەبینین بە دەسەڵات و پێشکەوتوون ئێمەش دەڵێین: ئەمڕۆ موسوڵمانان وان لە ژێر تاقیکردنەوەی خوای گەورەدا: (وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّى نَعْلَمَ الْمُجَاهِدِينَ مِنكُمْ وَالصَّابِرِينَ وَنَبْلُوَ أَخْبَارَكُمْ) محمد/٣١ واتە: بەڕاستی تاقیتان دەکەینەوە تا بزانین کێتان موجاهیدەو ئارام دەگرێت.. هەواڵ و باسەکانیشتان لێك هەڵداوێرین و پێداچوونەوەیان بۆ دەکەین ..

کاتێك حاڵی خراپەکاران بەچاك دەبینین دەبێت بزانین کە خوای گەورە لغاوی بۆ شل کردوون و ئەوەش کەم خایەنەو سەرەنجام بەسزای سەختی خۆیان دەگەیێنێت: (فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَابَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى إِذَا فَرِحُواْ بِمَا أُوتُواْ أَخَذْنَاهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ * فَقُطِعَ دَابِرُ الْقَوْمِ الَّذِينَ ظَلَمُواْ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) الانعام/٤٤-٤٥ واتە: کاتێك ئامۆژگاری و پەنای ئێمەیان

لەبیر کرد دەرگای هەموو شتێکمان بۆ کردنەوە هەتاکو دڵیان بەو شتانە خۆش کردو لە خۆ بایی بوون.. لە پڕ گرتمانن، ئیدی کەوتنە داخ و حەسرەت و هەناسەی سارد هەڵکێشان، جا گەلی ستەمکاران دوابڕکرا، سوپاس و ستایشیش بۆ پەروەردگاری هەموو جیهانیانە ..

لەم سەردەمەیشدا ڕەنگە موسوڵمانان نرخی سەرکەوتنیان بە تەواوی نەدابێت و شەرتی تەقوایان نەهێنابێتە دی بۆیە خوای گەورە هێشتا سەری نەخستوون، بەڵام دەبێ بزانین کە پاشەڕۆژ و داهاتوو ان شاء الله هەر بۆ پارێزکارانە (وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ) الأعراف/١٢٨.

## خەسڵەت و ڕەوشتەکانی پارێزکاران

١- (ذَلِكَ الْكِتَابُ لاَ رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ * الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِالْغَيْبِ وَيُقِيمُونَ الصَّلاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ * وَالَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ وَبِالآخِرَةِ هُمْ يُوقِنُونَ * أُوْلَئِكَ عَلَى هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ)البقرة/٢-٥

واتە: ئەم قورئانە هیچ گومانێکی تێدا نییە ڕێ نیشاندەری دینداری سەر ڕاست و پارێزکارانە، ئەوانەی :

أ - باوەڕ بەنادیار دەهێنن.

ب - نوێژ دەکەن.

ج- لەو ڕۆزییەی پێمان داون دەبەخشن.

د - باوەڕیان بەو بەرنامەیە هەیە کە بۆ تۆ نێرراوەو بەو بەرنامانەش کە پێش تۆ نێرراوە.

هـ - باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی هەیە.

ئەوانە لەسەر ڕێبازی ڕاستن، لەلایەن پەروەردگاریانەوە پشتیوانیان لێ دەکرێت.. هەر ئەوانەش سەرفرازن.

٢- (لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَالْمَلائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُواْ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ)البقرة/١٧٧ واتە: چاکەخوزیی ئەوە نییە ڕوو لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکەن، چاکەخوازیی ئەوەیە کە:

أ- باوەڕی بەخوای گەورەو بە ڕۆژی دوایی و بە فریشتەو بە پەیامە ئاسمانییەکان و بە پێغەمبەرانی خوا هەبێت.

ب - لەو سامان و داراییەی خۆی ببەخشێت کە زۆر دڵی پێیانەوەیە، با لەبەر خۆشەویستی خوای گەورەو لەبەر خاتری ئەو بیداتە خزمان و هەتیوان و بێ نەوایان و ڕێبواران و هەژاران، با لە ڕێی ئازادکردنی کۆیلەدا خەرجی کات.

ج - نوێژ بکات و زەکات بدات.

د - کە پەیمانی دا، بەجێی بهێنێت.

ه - لەکاتی تەنگدەستی و نەخۆشی و دەمی جەنگدا خۆڕاگرێت ..

ئەوانەی ئەوە سیفەتیانە ڕاستیان کردووەو ئەوانەشن پارێزکاران.

٣- (قُلْ أَؤُنَبِّئُكُم بِخَيْرٍ مِّن ذَٰلِكُمْ لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِندَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَأَزْوَاجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِّنَ اللَّهِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ * الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا إِنَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ * الصَّابِرِينَ وَالصَّادِقِينَ وَالْقَانِتِينَ وَالْمُنفِقِينَ وَالْمُسْتَغْفِرِينَ بِالْأَسْحَارِ) ال عمران/١٥-١٧ واتە: ئەرێ باسی خێری ترتان بۆ بکەم کە لەو باشترە.. بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانە کە لە خوای خۆیان دەترسن و پارێزکاریی دەکەن.. چونکە ئەوانە پاداشتیان لای خوای گەورە بەهەشتانێکە کە جۆبارو روبار بە ژێریاندا دەڕوات و ئەمانیش بە نەمریی تێیدا دەمێننەوە، دوای ئەوەی ڕەزامەندی خوای گەورەیان بەدەست هێنا، ژنی پاکیزەکراویان دەبێت، خوای گەورە بینەری کاروکردەوەو ڕەفتاری بەندەکانێتی.. ئەوانەی دەڵێن: خوای گەورە، ئێمە باوەڕمان هێناوە، دەی سا لە گوناهەکانمان خۆش بەو لە سزای دۆزەخ کەنارمان دە.. ئەمانە ئارامگران و ڕاستگۆیان و ملکەچ و گوێڕایەڵانن، ئەمانە ئەوانەن کە سامان و ماڵیان دەبەخشی، کە لە سپێدەی بەیانیاندا داوای لێخۆشبوونیان لە خوای گەورە دەکرد ..

لەم ئایەتانەدا ئەم سیفەتانەی پارێزکاران دەردەکەوێت:

أ- داوای لێخۆش بوون دەکەن بۆ سڕینەوەی گوناهەکانیان.

ب- داوای لادان و کەناردانیان لە سزای دۆزەخ دەکەن.

ج- ئارامگرن.

د- ڕاستگۆن.

هـ- خاوەن عیبادەتن و گوێڕایەڵ و ملکەچی فەرمانی خوای گەورەن.

و- ماڵ وسامانیان بەخت دەکەن.

٤- (وَسَارِعُواْ إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ * الَّذِينَ يُنفِقُونَ فِي السَّرَّاء وَالضَّرَّاء وَالْكَاظِمِينَ الْغَيْظَ وَالْعَافِينَ عَنِ النَّاسِ وَاللَّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ * وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُواْ أَنفُسَهُمْ ذَكَرُواْ اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُواْ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ اللَّهُ وَلَمْ يُصِرُّواْ عَلَى مَا فَعَلُواْ وَهُمْ يَعْلَمُونَ * أُوْلَئِكَ جَزَاؤُهُم مَّغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَجَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ) ال عمران/١٣٣-١٣٦ پەلەکەن، هەڵۆدابن بۆ بەدەست هێنانی لێخۆشبوونی خوای پەروەردگارتان، بۆ وەدەستهێنانی ئەو بەهەشتەی کە پانتاییەکەی بە قەدەر هەموو مەسافەی نێوان ئاسمانەکان و زەوییەو بۆ پارێزکاران و ئەهلی تەقوا دانراوە.. ئەو پارێزکارانە ئەمانە سیفەتیانە:

أ- ماڵی خۆیان لە ڕێی خوای گەورەدا، لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا، لە کاتی هەرزانی و گرانیدا، بەخت دەکەن.

ب- تووڕەبوون و ڕق و قینی خۆیان دەخۆنەوەو دەری نابڕن.

ج- لە خەڵکانێك خۆش دەبن کە ناهەقییان بەرامبەر کردوون.

د - هەمیشە هەست بە چاودێری خوای گەورە دەکەن و شەرمی لێ دەکەن.

هـ- ئەگەر کارێکی خراپ وناڕەوایان لێ وەشایەوە یان زوڵمیان لە نەفسی خۆیان کرد، واز لە گوناهکردن دێنن و لەسەر هەڵوێستی هەڵەیان سوورنابن.

٥- (وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى وَهَارُونَ الْفُرْقَانَ وَضِيَاء وَذِكْرًا لِّلْمُتَّقِينَ * الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِالْغَيْبِ وَهُم مِّنَ السَّاعَةِ مُشْفِقُونَ) الانبياء/٤٨-٤٩ واتە: ئێمە نووری پەیامێکمان بە موساو هاروون بەخشی کە مایەی هەڵاوێردنی هەق و ناهەقی بوو، ڕۆشنی بەرچاوو یادەوەری تەقواکاران بوو. ئەوانەی لە خوای نادیاری خۆیان دەترسن و سڵ لە گوناهکاریی دەکەنەوەو هۆشیان بەردەوام لە قیامەتە!

ئەم پێناسەیە دوو سیفەتی پارێزکاران باس دەکات:

أ- ئەو پارێزکارانە کەسانێکن کە لە پەروەردگاریان دەترسن کە نەیاندیووە چونکە نادیارە..

ب- کەسانێکن خەمی ڕۆژی دواییان لەبەرەو لە چارەنووسی ئەوێیان دەترسن.

٦- (إِنَّ الْمُتَّقِينَ فِي جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ * آخِذِينَ مَا آتَاهُمْ رَبُّهُمْ إِنَّهُمْ كَانُوا قَبْلَ ذَلِكَ مُحْسِنِينَ * كَانُوا قَلِيلاً مِّنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ * وَبِالأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ * وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِّلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ) الذاريات/١٥-١٩ واتە: تەقواکاران سەرفراز بوون و وان لە بەهەشت و کانیاودا. ئەو بەڵێنەی پێیان درابوو بۆیان هێنراوەتە جێ. وان لەو نیعمەتانەدا کە خوای پەروەردگاریان پێی بەخشیوون.. ئەمانە ئەوانەن کە پێشتر پیاوچاك بوون. شەوان، ماوەیەکی کەم نەبێت نەدەسرەوتن، هەر خەریکی شەونوێژ بوون، لە سپێدەی ساڵحاندا داوای لێخۆشبوونیان دەکرد. لە ماڵ و سامانیشیاندا پشکی ئاتاج و مەحرومانیان جودا کردبۆوە..

سیفەتەکانی پارێزکاران لەم ئایەتانەدا بریتییە لە:

أ- هەمیشە لەکارو کردەوەیاندا هەستیان بە چاودێریی خوای گەورە کردووەو شەرمیان کردووە.

ب - شەوان کەم دەنوستن خەریکی عیبادەت دەبوون.

ج - لە بەرەبەیاندا داوای لێخۆشبوونیان لەخوای گەورە دەکرد.

د- لە ماڵ وسامانیان بەشی هەژارو بێ نەوایانیان دەدا.

٧- (إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَواْ إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِّنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ) الأعراف/٢٠١ ئەوانەی پارێزکارن کە لە شەیتانەوە خەیاڵاتێك بۆ ئەنجامدانی خراپەیەك دێتە مێشکیان، خێرا هۆشیان بۆ لای خوای پەروەردگاریان دێتەوەو

پەنا دەبەنەوە بەر ئەو، خوای گەورەش زوو حاڵیان بەرەو چاکەخوازیی دەگۆڕێت و وایان لێ دەکات زوو پەی بە راستە رێیەکە ببەنەوەو هەڵوێستە دروستەکە بگرنەوە بەر.

ئەم حەوت پێناسەیە زۆربەی زۆری سیفەتەکانی پارێزکارانی تێدایە، جا دەبێ موسوڵمانی سەر راست چاویان لێ بکات و هەوڵ بدات بیکاتە سەرمەشقی ژیانی خۆی تا بگاتە ئەو پلە بەرزە، پلەی پارێزکاران..

## ڕێگاکانی گەیشتن بە تەقوا

ڕێگای یەکەم: ووردبوونەوە لە قورئان:

أ- (وَكَذَلِكَ أَنزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا وَصَرَّفْنَا فِيهِ مِنَ الْوَعِيدِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ أَوْ يُحْدِثُ لَهُمْ ذِكْرًا) طه/١١٣ واتە: ئا بەو جۆرە قورئانمان بە زمانی عەرەبی ناردۆتە خوارەوەو هەڕەشەی سزای دۆزەخمان تێدا بە خەڵکی گەیاندووە، تا حسابی خۆیان بکەن و سڵێك بکەنەوە.. تا خۆیان لە گوناە و تاوان بپارێزن.. ئومێدە ئەم قورئانە بیرکردنەوەو ئامۆژگاری لە دڵ و دەروونیاندا بکاتە خولیا پێش ئەوەی دوچاری سزای ڕۆژی قیامەت ببن.

ب- (وَأَنَّ هَذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ذَلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ)الانعام/١٥٣ واتە: ئەمانە کە لە قورئاندایە ڕێگای ڕاستی منن، ئێوە پێڕەویان بکەن و مەکەونە شوێنی هەواو هەوەس و ڕێگای

جیاجیای تر، چونکە لە ڕێگای ڕاستی خوای گەورە دوورتان دەخەنەوە.. ئەمە ئەو ئامۆژگاریانەیە کە کردوومانن بەڵکو ئێوەش خۆتان بپارێزن.

کەواتە خوێندنەوەی قورئان و تێگەیشتنی و پەیڕەوی کردنی دەبێتە هۆی دروست بوونی تەقوا.

<u>ڕێگای دووەم: خزمەت کردن و هەوڵ و تێکۆشان لە پێناوی خوای گەورەدا:</u>

(وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى وَآتَاهُمْ تَقْوَاهُمْ) محمد/١٧ واتە: ئەو کەسانەی کە ڕێنمایی خوایان وەرگرتووەو عەودالی ڕاستین، خوای گەورە شارەزای حەقیقەتیان دەکات و تەقوایان پێ دەبەخشێت.

لەم ئایەتەوە دەردەکەوێت کە تەقواو بەردەوامی هیدایەت و بەرچاوڕۆشنی زیاتر لە پاش وەرگرتنی هیدایەت دەبێت، هیدایەتیش دوای هەوڵدانی گەیشتنە بە حەقیقەت..(وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا) العنکبوت/٦٩ واتە ئەوانەی لە پێناوی ئێمەدا جوهدو جیهاد و ڕەنج دەدەن ئێمەش هیدایەتی زیاتریان دەدەین.. هیدایەتیش بێ پەیڕەوی کردنی قورئان نابێت، سەرەتای ڕێنمایی خوداش لە هیممەتی باوەڕهێنان و سەرەتای ئیمانەوە دەست پێ دەکات (وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ) التغابن/١١ واتە: هەرکەسێك باوەڕ بە خوای گەورە بێنێت، خوا ڕێنمایی دڵی دەکات.

کەواتە هەوڵدان دەبێتە هۆی ئیمان و ئیمانیش دەبێتە هۆی هیدایەت و ئەویش دەبێتە هۆکاری تەقواکاریی.

ڕێگای سێیەم: بەڕۆژوو بوون:

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) البقرة/١٨٣ واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، هەر وەك چۆن ڕۆژوو لەسەر ئەوانەی پێش ئێوە فەرز کرابوو، وا لەسەر ئێوەش فەرز کراوە، تا ببێتە مایەی پارێزکاریتان.. کەواتە ڕۆژوو کە زاڵ بوونە بەسەر هەواو ئارەزودا ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە تەقوا.

ڕێگای چوارەم: عیبادەتکردنی خوای گەورە:

(يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) البقرة/٢١ واتە: ئەی مەردوم، هۆ خەڵکینە، ئەو خوایەی خۆتان بپەرستن کە ئێوەو ئەوانەی پێش ئێوەی دروست کردوە، بەڵکو بەو پەرستنە بگەنە تەقواکاریی.. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی خواپەرستی ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە پارێزکاریی.

بەڵێ.. پارێزکارییش موسوڵمان دەگەیەنێتە پلەی شوکر، کە بەرزترین پلەیە لە ئیسلامدا (فَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ) ال عمران/١٢٣ خوای گەورە دەفەرموێ کە کەسانێکی کەم هەن بگەنە ئەو پلەیە (وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ) السبأ/١٣ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوەندە شەونوێژی کرد تا ئاوی پێی داهات!

کە عائیشە خان خوا لێی رازی بێت پێی فەرموو: بۆچی ئەوەندە شەونوێژ دەکەیت وخۆت ماندوو دەکەیت فەرمووی: (أَفَلَا أَكُونُ عَبْدًا شَكُورًا)[١] بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە ..

هەروەها یەکەم ئامۆژگارییەك کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە مەعازی کوڕی جەبەلی فەرموو، پێش ئەوەی بینێرێت بۆ یەمەن هەر ئەوە بوو: (إتَّقِ اللّهَ حَيْثُ مَا كُنْتَ...)[٢] واتە: لە هەر کوێ بوویت لە خوای گەورە بترسەو پارێزکار بە ..

---

[١] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: بوخاری و موسلیم ریوایەتیان کردووە. بەڵێ وایە، لای بوخاری ژمارە (٥٩٩٠)ە و لە سەیدنا موغیرەی کوڕی شوعبەوەیە خوا لێی رازی بێت گێڕاوێتیەوە کە فەرموویەتی: (كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُصَلِّي حَتَّى تَرِمَ أَوْ تَنْتَفِخَ قَدَمَاهُ فَيُقَالُ لَهُ فَيَقُولُ أَفَلَا أَكُونُ عَبْدًا شَكُورًا) واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەر نوێژی دەکرد تا پێیەکانی دەئاوسان، کە عەرزیان دەکرد (پێیان دەووت): خۆ خوای گەورە لە گوناهی بەرەو دوای جەنابت خۆش بووە ئیدی ئەو هەموو رەنجدانە بۆچی؟! دەیفەرموو: ئەدی نەبمە عەبدێکی سوپاسگوزار؟! چونکە خوای گەورە وەسفی سەیدنا نوحی کردووە کە عەبدێکی سوپاسگوزار بووە، وەك دەفەرموێ: (ذُرِّيَّةَ مَنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ إِنَّهُ كَانَ عَبْدًا شَكُورًا) الاسراء/٣.. ریوایەتەکەی لای موسلیم (٢٨٢٠) بە خاتوو عائیشە دەفەرموێ: (يَا عَائِشَةُ أَفَلَا أَكُونُ عَبْدًا شَكُورًا)؟!

[٢] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (صحيح جامع الصغير للألباني رقم الحديث٩٧) راستە.. ئەمەش فەرموودەکەیە کە سەیدنا موعازو سەیدنا ئەنەس و سەیدنا ئەبوهورەیرە ریوایەتیان کردووە: (اتَّقِ اللَّهَ حَيْثُ مَا كُنْتَ، وَأَتْبِعْ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا، وَخَالِقْ النَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ) شێخی ئەلبانیش لە صحيح جامع الصغير(٩٧) دا دەفەرموێ: حەسەنە..

جا پێویستە لەسەر موسوڵمان لە هەموو کات و شوێن و حاڵەتێکدا لە خوای گەورە بترسێ و پابەند بێ بە ئایینەکەیەوە، چونکە خوای گەورە شایستەی ئەوەیە کە لێی بترسین، قورئان دەفەرمویێ: (هُوَ أَهْلُ التَّقْوَى وَأَهْلُ الْمَغْفِرَةِ) المدثر/٥٦ واتە: خوای پەروەردگار لایەقی ئەوەیە تەقواکاریی بۆ بکرێت و چونکە شایستەی ئەوەیە کە لێخۆشبوونی هەبێت ..

لە کۆتایی دا دەڵێین ئەگەر بمانەوێ بچینە ڕێزی موتتەقینەوە پێویستە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بە ئایینی ئیسلامەوە پابەند بین و هەوڵ بدەین سنووری فەرمانەکانی خوای گەورە نەشکێنین.

# وانەی سێزدەیەم

# چاکسازی (العمل الصالح)

دوژمنایەتی و رق وکینە، دەردی زۆر کوشندەن دەبنە هۆی تێکدانی باری کۆمەڵگاو شارستانییەت، سەرەڕای ئەوەی دەبنە خۆرەی کردەوە چاکەکان و باوەڕو ئایین لە ناو دەبات، لێرەدا گرنگی چاکەکردن و پلەو پایەی چاکە خوازان روون دەکەینەوە ..

بۆ ئەوەی رەحمەت و بەزەیی خوای گەورەی باڵادەست، مسۆگەر بکەین پێویستە چاکە خواز بین، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە بزانین:

چاکە کردن چییە؟

لەبەرچی چاکە خواز بین؟

دەبێت چاکە خوازان چۆن هەنگاو بنێن؟

سیفاتی چاکە خوازان کامەیە؟

لە زمانەوانیدا دیارە چاکەکردن دژی خراپەکردن (فەساد)ە. لە زارەوەشدا بریتییە لە وویستی چاکەو رێك کردنی لاری.

١- پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و شوێنکەوتوەکانیان چاکەکاری راستەقینەن. خوای گەورە لەسەر زمانی حەزرەتی شعیب عَلَيْهِ السَّلَام دەفەرموێ: (إِنْ أُرِيدُ إِلاَّ الإِصْلاَحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلاَّ بِاللَّهِ) هود/٨٨ واتە:

من چەندەی بتوانم تەنها چاکسازییم دەوێت، سەرکەوتنی منیش تەنها بە دەست خوای گەورەیە.

٢- ئەو کارو کردەوانەی کە چاکەکاران دەیکەن پێویستە تەنها مەبەستیان ڕەزامەندی خوای گەورە بێت و لەو پێناوەشدا بەرگەی ئەو ئازارو ئەشکەنجانە بگرن کە تووشیان دێت.. دەبێت خۆڕاگربن و کۆڵ نەدەن. پێغەمبەری ئازیز صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ خۆیان بکەن بەسەر مەشق. ئەو پێغەمبەرە بەڕێزە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە چەندەها جۆر ئازاریان دەدا، بەردباران و گەمارۆدان و گاڵتەپێکردن و هەوڵی کوشتن، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەو ڕێبازە چاکسازییەی کە گرتبویە بەر.. خوای گەورە باسێك لە لایەنێك لەو پیلانانە دەکات کە بە دەستەجەمعی پلانی هاوبەشیان بۆ دانابوو، دەفەرموێ: (وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُواْ لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللَّهُ وَاللَّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ) الأنفال/٣٠ واتە: ئەوانەی کافر بوون پیلانیان دارشت بۆ ئەوەی لە جێیەکدا بەندت کەن و نەهێڵن بزوێت، ئەگەر بۆشیان کرا بتکوژن، یان شار بەدەرت کەن.. ئەوان پیلان دادەنێن و خوای گەورەش پیلانەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە.. خوای گەورە باشترین کەشف کاری پیلان و نەخشەکانیانە.

٣- چاکەکاری تەنها بە قسەو خۆهەڵکێشان نابێت بەڵکو کردەوە مەرجی سەرەکییە لەبەر ئەمە، چاکساز لە ناو کۆمەڵدا زوو دەردەکەوێت چونکە خراپەکاران خۆیان بەخراپەکار نادەنە قەڵەم، بگرە خۆیان بە چاکەخواز دەزانن، بەڵام کردەوەکانیان دەری دەخات کە ئاشوبگێڕو خراپەکارن (وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ لاَ

تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ قَالُواْ إِنَّمَا نَحْنُ مُصْلِحُونَ * أَلا إِنَّهُمْ هُمُ الْمُفْسِدُونَ وَلَكِن لاَّ يَشْعُرُونَ) البقرة/١١-١٢ واتە: گەر پێیان بوترێ خراپەکاری لە زەویدا مەکەن، دەڵێن ئێمە چاکەکارین، بەڕاستی ئەوانە خراپەکارن بەڵام هەستی پێ ناکەن.

٤- خراپەکاری و فەساد چەند جۆرێکن. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاماژەی بۆ هەندێکیان کردووە کە هاتوونەتە دی. لەوانە:

أ- کوشت و کوشتارو بێزێی ئادەمیزاد. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی: (ڕۆژی دوایی نایەت هەتا وای لێ دێت کە پیاو براکەی خۆی دەکوژێت و ناشزانێت لەبەرچی کوشتەیەتی) حاکم گێڕاویەتیەوە.[1]

ب- پشێوی و تێکچوونی باری رامیاری و فەرمانڕەوایی:

ئەمەش بەهۆی گرتنەدەستی جڵەوی دەسەڵات لە لایەن کەسانی ناشایستەوە. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: ئەگەر ئەمانەت وون کرا چاوەڕوانی قیامەت بن. پرسیار کرا: وونکردنی ئەمانەت چۆنە؟ فەرمووی:

[1] ڕاستە حاکم لە (تاریخ)ە کەیدا لە سەیدنا ئەبوموسای ئەشعەرییەوە خوا لێی ڕازی بێت گێڕاوێتیەوە.. بەڵام نەگەیشتمە زانینی پلەی فەرموودەکە، بۆیە لەو ڕاستترم هێنایەوە کە لە موسلیمدایەو دەفەرموێ: (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَا تَذْهَبُ الدُّنْيَا حَتَّى يَأْتِيَ عَلَى النَّاسِ يَوْمٌ لَا يَدْرِي الْقَاتِلُ فِيمَ قَتَلَ، وَلَا الْمَقْتُولُ فِيمَ قُتِلَ..) موسلیم ژمارە (٢٩٠٨).

هەرکاتێك کار سپێردرا بەکەسێك کە شیاوی نەبوو، ئەوا چاوەڕوانی قیامەت بکەن . بوخاری گێڕاویەتیەوە.[1]

ج - پەرتەوازەی و بێ ڕەوشتی و بڵاوبوونەوەی ڕەوشتی ناشیرین و نامۆ بە کۆمەڵگای ئیسلامیی و بەرەو جیهانی ئاژەڵ چوون.

د- مەی خواردنەوەو بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان :

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (کۆمەڵێ لە ئوممەتی من مەی دەخۆنەوەو ناوی تری لێ دەنێن، لە ژوور سەریانەوە گۆرانی دەوترێت و سەماو سوڕدان بە دەوریاندا دەکرێت! ئەوانە خوای گەورە دەیانبات بەناخی زەویداو دەیانگۆڕێتە سەر مەیمون و بەراز).[2]

---

[1] نوسەرانی بەڕێز هەر بە مانا گێڕاویانەتەوە، ڕاستە ڕیوایەتی بوخارییە ژمارە (٦٠١٥)، لەفزەکەشی ئەمەیە: (إِذَا ضُيِّعَتْ الْأَمَانَةُ فَانْتَظِرْ السَّاعَةَ قَالَ كَيْفَ إِضَاعَتُهَا يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ إِذَا أُسْنِدَ الْأَمْرُ إِلَى غَيْرِ أَهْلِهِ فَانْتَظِرْ السَّاعَةَ).

[2] نوسەرانی بەڕێز نوسیویانە: (رواه ابن ماجة والبيهقي وابن عساكر وصححه الالباني رقم الحديث ٩٠) ترمزی (١٨٦١)و ئیبنوحیببان لە سەحیحەکەیدا هێناویانەتەوەو لەفزەکەشی ئەمەیە (تَشْرَبُ نَاسٌ مِنْ أُمَّتِي الْخَمْرَ يُسَمُّونَهَا بِغَيْرِ اسْمِهَا يُضْرَبُ عَلَى رُءُوسِهِمْ بِالْمَعَازِفِ وَالْقَيْنَاتِ يَخْسِفُ اللَّهُ بِهِمْ الْأَرْضَ وَيَجْعَلُ اللَّهُ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ) شێخی ئەلبانیش لە (صحيح الترغيب/ ٢٣٧٨)دا دەربارەی فەرموویەتی سەحیحە.

هـ- بەرەڵایی و بێرێزی لە نێو کۆمەڵدا: وەك بەسووك تەماشا کردنی باوك و دایك دڵ ئێشانیان و پشت هەڵکردن لێیان. هەروەها بڵاوبوونەوەی خیانەت و ناپاکی دەبێتە شتێکی ئاسایی و مرۆڤی دەست پاك کەم دەست دەکەوێت.

## چاکسازیی بۆچی؟

١- هەتا خەڵکی بە شکۆمەندی و سەربەرزی بژین و دڵنیابن لە ئاین و ماڵ و ناموسیان ئاسودەو تەباو هاوکارو برای یەکتر بن.

چونکە ئەو پەیوەندییە ئیمانییەی کە لە نێوان عەبدەکان و پەروەردگاریاندا دروست دەبێت بەهێزترین پەیوەندییەو پاڵپێوەنەرو زامنی هەموو چاکەکاریەکە.

بەردەوام بوونی ئەو حاڵەتەش پەیوەستە بە ئەندازەی ئەو لەخواترسان و نزیك بوونەوەیە لێی. هەر بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَواْ وَّالَّذِينَ هُم مُّحْسِنُونَ)النحل/١٢٨واتە: خوای پەروەردگار لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە پارێزکارو ئەوانەش کە پیاوچاکن. ئەو چاکەکاریە بەردەوام و بێ مەرامە کە لەدڵ و دەروونی کەسێکی پارێزکارو لە خواترسەوە سەرچاوەی گرتبێت.

٢- چاکەکردن پێویستە، بۆ ئەوەی گەل و وولات پارێزراو بێ لە خەشم و تووڕەیی خوای گەورە.

لەراستیدا پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان بیروباوەڕی خەڵکی و خۆشگوزەرانیدا هەیە. ئەگەر خەڵکی باوەڕداربن و چاکە خوازبن ئەوا خوای گەورە دەرگای

بەزەییان لێ دەکاتەوە.  بە پێچەوانەشەوە ئەگەر خراپەکار بن، ئاسایشیان لێ هەڵدەگیرێت و تووشی ترس و برسیەتی و بێ ئارامی بدەبن.

چونکە پیاوچاکان و چاکەکاران مایەی سەربەرزی نەتەوەن و هەر ئەوانیش لەنگەری هۆزو نەتەوە رادەگرن و بەهۆی ئەوانەوەیە کە پشێوی (فوضی) رووناکاتە ووڵات و خەڵکی هەردەم دەستەو نزان بۆیان. ئەگەر ئەوان نەبن کێ لا لە هەژاران و نەداران و داماوان دەکاتەوە؟!

بوومەلەرزەیەك لە سەردەمی ئیمامی عومەر رەزای خوای لێ بێت لە مەدینە روویدا، ئەویش خەڵکەکەی کۆکردەوەو پێی فەرموون: ئەمەی روویداوە بەهۆی گوناهەوە بووە، سوێند بێ بەخوای گەورە ئەگەر جارێکی تر روو بدات، ناهێڵم نیشتەجێ بین..[1]

خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ) هود/١١٧ واتە: پەروەردگار هیچ شارو شارۆچکەیەك لەناو نابات کە دانیشتوانەکەی چاکە خواز بن.

---

[1] ئیمامی ئیبولقەییم لە کتێبی (الجواب الكافي ل٤٦) دا هێناوێتیەوە.

# کاری چاکە چییە و؟
# چاکسازان کێ چاک دەکەن؟

چاکسازان کارەکەیان گەلێ گرنگ و پیرۆزە، چونکە کاری پێغەمبەرانی خوان عَلَيْهِ السَّلَام بۆیە پێویستە ئەم لایەنانە بگرنەخۆ:

**یەکەم:** راستکردنەوەی بیروباوەڕو بنەما بنچینەییەکانی لای موسوڵمانان ئەمەش بە پەروەردەکردنیان لەسەر:

أ- داننان بە تاك و تەنیایی خوای گەورە لە پەروەردگارێتی و پەرستندا.

پێویستە موسوڵمان بێگومان و دڵنیا بێت، دەبێ بە تەواوەتی باوەڕی جێگیرو دامەزراو بێت لەسەر ئەوەی کە اللە کردگاری هەموو شتێکەو جگە لەو هیچ پەروەردگارێکی تر نییەو هەر ئەویش شایەنی پەرستن و بەندایەتی بۆ کردنە:

ب- دووركەوتنەوە لە هەموو شێوەكانی شیرك و هاوەڵدانان.

**دووهەم:** راستکردنەوەی تێگەیشتن و ئەو چەمکە فیکریانەی کە لە نەتەوەی موسوڵمان شێوێنراوە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بزانین کە:

أ- بەرنامەی ئیسلام هەر دوو چەمکی بیروباوەڕو شەریعەتی بەیەکەوە گرێداوە. لە چەمکی یەکەمدا باوەڕ بە خوای گەورەو بە پەیامبەران و زیندووبوونەوە باس دەکات. لە چەمکی دووەمدا هەرچی باسی بەندایەتی و مامەڵەو ئاداب و یاساکانی ئەحوال شەخسی و پەیوەندی نێودەوڵەتی هەیە دەیگرێتە خۆ.

ئاینی ئیسلام ئایین ودەوڵەتە، بیروباوەڕو یاسایە، بەرنامەیەکی هەمەلایەنەو گشتگیرە، پێویستە ئەمە لە دەروونی موسوڵماندا جێگیر ببێت و لە کردەوەکانیدا رەنگ بداتەوە.

دەبێت لە ناخی موسلٌماندا ئەوە جێگیر ببێت کە تەنها ئیسلام چارەسەری هەموو کێشە ئاڵۆزەکانی مرۆڤایەتی پێیەو لەبەردەستیاندا دەستەوسان ناوەستێت.

ب- پێویستە موسوڵمان لە فرت و فێڵی دوژمن ئاگادار بکرێ، ئەوانەی کە بۆ ناشیرین کردنی رواڵەتی موسوڵمانان بە ئاشکارو نهێنی پیلان دادەنێن.

دەبێت ئەوەش بزانین هەندێ لەو ناحەزانە بە زمان و قاڵەی ئیعلامی لافی باوەڕداری لێ دەدەن و بەڵام لە ناخیاندا بە پێچەوانەوە زۆر دوورن لە حەقیقەتی ئیسلامەوە. هەروەها پێویستە لە مانای خۆشەویستی و (ولاء) حاڵی ببین کە نابێت خۆشەویستیمان بێجگە لە خوای گەورە و پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانان بۆ کەسی تر هەبێت و کۆمەکی بکەین.. خوای گەورە دەفەرموێت (لا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخوانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ)المجادلة/٢٢ واتە: هەرگیز کۆمەڵە خەڵکێکی موسوڵمان نابینیت باوەڕیان بە خواو بە رۆژی دوایی هەبێت و لە هەمان کاتدا ئەو کەسانەیان خۆش بوێت کە دوژمنداریێتی خواو پێغەمبەرەکەی

دەکەن، با ئەو کەسانە باوکیشیان یان کوڕو نەوەیان، یان براو عەشرەتیشیان بن.

عبداللهی کوڕی مسعود ڕەزای خوای گەورەی لێ بێت دەفەرموێ: سوێند بێت بە خوای گەورە ئەگەر پیاوێك حەفتا ساڵ لە نێوان کەعبەو مینبەری پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خواپەرستی بکات، دەبێت ڕۆژی قیامەت لەگەڵ ئەو کەسەدا بێت کە لە دنیادا خۆشی وویستووە .

**سێهەم:** چاککردنی دڵ و دەروونی موسوڵمانان و ناشتنی ڕەوشتی جوان لە دڵەکانیاندا: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێ: (إِنَّ اللَّهَ لا يَنْظُرُ إِلَى صُوَرِكُمْ، وَلَا إِلَى أَمْوَالِكُمْ، وَلَكِنْ يَنْظُرُ إِلَى قُلُوبِكُمْ وَأَعْمَالِكُمْ) مسلم گێڕاویەتیەوە[1] واتە: خوای گەورە تەماشای دیمەن و لاشەتان ناکات، بەڵکو سەیری دڵ و کردەوەتان دەکات.

<u>ئەم چاکسازییەش بەوە دەبێت کە:</u>

أ- دڵ لە رق و کینەو چاوبرسیەتی و ئێرەیی (حەسادەت) و حەزی تۆڵەسەندن و خۆبەزل زانین و لەخۆ بایی بوون پاك بکەینەوە.

ب- دەبێت موسوڵمان خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێزو دامەزراوی سەربەخۆ بێت و گوفتارو کرداری لەیەك بچن. بۆ نموونە لە ناو ماڵ و منداڵیداو لە کارو

---

[1] ڕاستە موسلیم گێڕاویتیەوەو لە سەحیحەکەیدا ژمارە (٤٦٥١)ە.

فرمانیداو لە کاتی بەندایەتی کردنیدا دەبێ هەمان کەسایەتی هەبێت، نەك بەگوێرەی شوێن و بۆنەکان بگۆڕێت. خوای گەورە ئەو جۆرە هەڵس و کەوتەی بە خیانەت ناوبردووە وەك دەفەرموێ: (یَا أَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُواْ لاَ تَخُونُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُواْ أَمَانَاتِکُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ)الأنفال/٢٧ واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە خیانەت لە خواو پێغەمبەری مەکەن و خیانەت لەو راسپاردانەش مەکەن کە بە ئەمانەت دەخرێتە بەردەستتان، لە کاتێکدا دەشزانن.

عوروەی کوڕی زوبێر[١] دەفەرموێ: دووڕوویی لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نیشان مەدەن، کاتێك چوونە لای خۆتان بە پیاوچاك لە قەڵەم بدەن و لە پاشەملەش رەفتارتان بە پێچەوانەی فەرمایشتەکانییەوە بێت، ئەمە بەراستی لەناوتان دەبات، چونکە لە فەرموودەدا هاتووە کە لە رۆژی قیامەتدا کۆمەڵێك دێن بە خۆیان و کردەوەی چاکەی زۆرەوە کە بە ئەندازەی چیای توهامەیەو بەرزو سپییە بەڵام خوای گەورە دەیکات بە تۆزو خاشاك؟

ئەوانە برای ئێوەن وەك ئێوە بەندایەتی و شەونوێژ دەکەن، بەڵام ئەوان لە کاتی نهێنی دا لە شکاندنی سنوورەکانی خوای گەورە سڵیان نەدەکردەوە .. [٢] ابن ماجه گێڕاویەتیەوە.

---

[١] بۆ ناسینی برۆ بۆ پاشکۆی پێناسەی کەسایەتیەکان.

[٢] چوومەوە زۆر سەرچاوەی ژیانی بەفەڕی عورەوی کوڕی زوبێر، بەڵام بە داخەوە هیچ ئاماژەیەکم بۆ ئەم رووداوە نەدۆزیەوە.

# خەسڵەتەکانی پیاوچاکان کامانەن؟

کۆمەڵێك ڕەوشت هەن بۆ پیاوچاکان پێویستن لەوانە:

١- دڵسۆزی (الإخلاص) لە هەموو قسەو کردارێکدا بەبێ گوێدانە سوپاس و ستایش کردن.. ئەگەر دڵسۆزی لە کاردا نەبوو ئەوا ئەو کارو کردەوانە بۆ خوای گەورە نابن، ئەوە بانگەشەیەکە بۆ مرۆڤەکان ئەوانەی خۆیان بە پیرۆز دەزانن و رازی نابن ڕەخنەیان لێ بگیرێت یان ڕاست بکرێتەوە.

هەزار ڕەحمەت لە ئیمامی عومەر.. کاتێك پیاوێك لە ڕوویدا هەستاو ووتی: ئەی گەورە موسوڵمانان لە خوای گەورە بترسە! یەکێك لە دانیشتوان ووتی: چۆن لە ڕووی گەورەی موسوڵماناندا دەوەستی؟ ئیمامی عومەر خوا لێی رازی بێت فەرمووی: وازی لێ بێنن! سوێند بێت بە خوای گەورە ئەگەر وا نەڵێن خێرتان تێدا نییە، ئێمەش ئەگەر قبوڵی نەکەین خێرمان تێدا نییە![1] جا دەبێت مرۆڤی موسوڵمان بەو شێوەیە دڵ فراوان بێت و ئامادەبێت بۆ هەموو ڕەخنەی بەجێ.

---

[1] ئیمامی ئیبنولجەوزی لە کتێبی (مناقب أمير المؤمنين عمر بن الخطاب ل١٥٥) لە حەسەنی بەسرییەوە گێڕاوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی حەسەنی بەسری ڕەحمەتی خوای لێ بێت بە خزمەت سەیدنا عومەر نەگەیشتووە بۆیە فەرموودەکە بە زەعیف ناسێنراوە. پێش ئیبنولجەوزیش ئیمامی ئەبویوسف لە کتێبی (الخراج ل١٢ )دا گێڕاویتیەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە سەنەدەکەیدا ئەبوبەکری هوزەلی هەیە کە ئیمامی زەهەبی لە (ميزان الاعتدال)دا بە زەعیفی ناساندووە، هەموو ڕیوایەتەکە بە زەعیف ناسێنراوە..

٢- هاوکاری لە نێوان چاکەخوازاندا.. خوای گەورە لە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزدا داوای هاوکاری نێوان موسوڵمانان دەکات و فەرمانی پێ دەدات. باسی دوژمنان دەکات بەوەی کە چۆن پاڵپشتی یەکترن، وەك دەفەرمویٚ: (وَالَّذِينَ كَفَرُواْ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ إِلاَّ تَفْعَلُوهُ تَكُن فِتْنَةٌ فِي الأَرْضِ وَفَسَادٌ كَبِيرٌ)الأنفال/٧٣ واتە: کافرەکان پشتگیریی یەکتریی دەکەن و بۆ یەکتریی دەبنە سەرپەرشتیاری کاروبار، ئەگەر ئێوەش وا نەکەن ئەوە لەسەر زەمیندا دوچاری ئاژاوەو پشێوی و خراپەکارییەکی زۆرو دژوار دەبنەوە.. دەبێت چ فیتنەیەك لەوە گەورەتر بێت کە پیاوچاکان پێویستییان بە کەسانی تر بێت بۆ رێنمویی و پەوەردەکردنیان؟!

زۆر پێویستە لەسەر چاکسازان ئەوە بزانن کە دروستکردنی کەسایەتی موسوڵمان تەواو نابێت بەبێ تۆکمەکردنی لایەنی فیکری و سیاسی.

بە تەنها گرنگیدان بە لایەنێك بونیادی کەسایەتی موسوڵمان تووشی لاوازیی و داخوران دەکات، ئەو کاتە زەرەری لە قازانجی زیاتر دەبێت. بەم شێوەیە دەرکەوت چاکسازان زۆر پێویستیان بە یەکتر هەیە تا پاڵپشتی یەك بن و دەرگای گفتوگۆ لە رووی یەکتردا والێ بکەن.

دەبێ بزانین بە بێ ئەو هاوکارییە بێداری ئیسلامیی هەرگیز گەشە ناکات و بەرەو پێش ناچێت.. ئەم مەیدانەش سەنگی مەحەکەو دڵسۆزان و تێکۆشەران بەمە

تاقی دەکرێنەوەو خۆنەویستن و پەرۆش بۆ ئایینی خوای گەورە لەم بوارەدا دەردەکەوێت.

لە کۆتاییدا هیواداریین کە هەردەم کاری چاك بکەین و خوای گەورەش لەگەڵ چاکسازاندا کۆمان بکاتەوە.. ئامین.

تەواو بـوو

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

# كەسايەتيە ناوبراوەكانی ناو ئەم كتێبە

تێبینیەك: لێرەدا پێغەمبەران سەلامی خوایان لێ بێت لەگەڵ ئەو یاوەرە بەرێزانە لێرەدا ناناسێنین کە زۆر بەناوبانگن وەکو چوار خولەفای راشیدین و دە مژدە پێدراوەکەو خێزان و زارۆکەکانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئەو چینە بەرزە..

(١)

## ئەبو سەعیدی خودری

(... ٧٤ك)

ئەبوسەعیدی خودری، سەعدی کوڕی مالیك کوڕی سەعلەبە، لە یاوەرە بەڕێزەکانی پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو. پێش باڵغبوون موسوڵمان بوو، مالیکی باوکی لە جەنگی ئوحوددا شەهید بوو، بەشداری غەزای خەندەق و بەیعەتی رزوانی کرد. لە جەنگی ئوحوددا لەبەر کەمیی تەمەنی پێغەمبەری فەرماندە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ رێی لە بەشدارکردنی گرت.. ئەبو سەعیدی لە فەرمووداوانانی یاوەرانەو ١١٧٠ فەرموودەی گێڕاوەتەو کە ٤٣ فەرموودەیان متفق علیه لای بوخاری و موسلیمن و پاشان بوخاری ١٦ فەرموودەی تری لە رێی خۆیەوە لێوە گێڕاوەتەوەو موسلیمیش لە رێی خۆیەوە ٥٥ فەرموودە. ساڵی ٧٤ك کۆچی دوایی کرد.. خوا لێی رازی بێت ..

(٢)

## ئەحمەد ئەمین

( ١٨٨٤.١٩٥٤ ز)

بیرمەندو مێژوونوس و ئەدیبێکی گەورەی میسرییە لە ساڵی ١٨٨٤ لە قاهیرە لەدایکبووەو لە ١٩٥٤ دا هەر لەوێ کۆچی دوایی کردوووە. هەرچەندە دکتۆراشی نەبوو بەڵام بووە عەمیدی کۆلیجی ئەدەبیات. کتێبی زۆرن لەوانە: (فجر الاسلام، ظهر الاسلام، یوم الاسلام، قاموس العادات) ئەم کتێبی (فیض الخاطر)ە ناوبراوەشی لێرەدا بریتیە لە ٩٠٠ بابەت (مەقالە)ی کۆکراوەی هەردوو رۆژنامەی (الرسالة و الثقافة) کە بە سەرکەوتوویی دەریکردن.. یەکێکە لەوانەی تۆمەتبار کراوە بەوەی دەستی لەگەڵ رۆژهەڵاتناساندا تێکەڵ بووەو گومانی ئەوانی بۆ رەنجی کۆکردنەوەی فەرموودە رەواج پێداوە.

(٣)

## ئەسمائی کچی ئەبوبەکری سددیق

خاتوو ئەسمائی کچی سەیدنا ئەبوبەکری سددیق و خێزانی سەیدنا زوبەیری کوڕی عەووام و خوشکی دایکە عائیشەیە (ئەسماءخان دە ساڵ بچوکتربوو) خوا لێیان رازی بێت. لە ئافرەتە بەڕێزو سالارو سەنگینەکانی یاوەرانە. هەژدەهەمین کەس بوو کە موسوڵمان بوو.. خۆی و باوك و باپیرو مێردو کوڕو دایك و خوشك

و خەسووی لە یاوەرە بەڕێزەکانن! لە ساتەوەختی هیجرەتدا کە خواردنی دەهێنا بۆ پێغەمبەری خواو سەیدنا ئەبوبەکر کە لە ئەشکەوتی سەوردا خۆیان شاردبۆوە، کۆڵی خواردنەکەی بە سەرپۆشەکەی خۆی - کە کردبووی بە دوو پارچەوەو دەم یەکی دابوون - بەستبۆوە بۆیە پێغەمبەری خوا ئەو کاتە نازناوی (زاتوننیتاقەین)ی دایە، واتە لە بەهەشتدا خوای گەورە دوو پشتێنی تایبەتی خەڵات دەکاتەوە.. خاتوو ئەسماء شەڕی یەرمووکی بینی و زۆر جەنگاوەرانە تێیدا بەشداربوو. شاعیرێکی زمان پاراو ڕەوانبێژبوو. ئەمە دایکی عبداللهی کوڕی زوبێرە کە حەجاجی کوڕی سەقەفی لە ناو کەعبەدا بە سێدارەیەوە کردو نەیهێشت تا سێ ڕۆژ بیهێننە خوارەوە! دوای سێ ڕۆژەکە ئەسمائی دایکی کە ئەو کاتە کوێر بوو تەمەنی لەسەرو نەوەد ساڵەوە بوو، چوو بەسەر سێدارەوە باوەشی پێدا کردو هاواری کرد: ئەرێ کاتی ئەوە نەهاتووە ئەم سوارچاکە پیادەبێت؟! پاشان بۆیان داگرت و دوای شتنی خۆی کفنی کرد و بۆن خۆشی کردو دایەوە دەست خەڵکەکە.. ئەوەندەی حەسرەت و خەم بۆ خوارد هەفتەی تەواو نەکردو ئەمیش بە دوای عبداللهدا گیانی سپارد.. خوا لێی ڕازی بێت..

(٤)

# ئەلبانی

(١٣٥٥.١٤٢٠ك:١٩١٤.١٩٩٩ز)

ئەبوعبدالرحمان محمد ناسروددینی کوڕی نوحی کوڕی نەجاتی ئەلبانی، لە شاری ئەشقۆدرەی ئەلبانیا لە دایك بووەو لە هەشتاو پێنج ساڵی تەمەنی پیرۆزیدا لە ئەردەن کۆچی دوایی کرد.. شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی کە باوکی - لەبەر پاراستنی دینیان هێنانیە سوریا - تەمەنی نۆ ساڵان بوو، باوکی زۆر حەزی دەکرد ببێتە مەلایەکی حەنەفی، بۆیە قورئانی پێ لەبەر کردو تەجوید فێربوو، کتێبی فقهی حەنەفیشی خوێند بەڵام لە تەمەنی بیست ساڵییەوە کەوتە ژێر کاریگەری مەقالەکانی شێخ محمد ڕەشید ڕەزای میسری کە ڕەسەنێتی و نوێخوازیان پێوە بوو.. لە سەرەتاوە بە کتێبی (المُغني عن حَمْلِ الأسْفَار) ی حافزی عێراقی هاتە جیهانی فەرموودەوانیەوەو کە لە دنیای فانی دەرچوو خۆی زیاتر لە هەشتا کتێبی لەسەر فەرموودەو توێژینەوەی نوسی! کە یەکەمین کتێبی بریتی بوو لە (تحذير الساجد من اتخاذ القبور مساجد) پاشان کتێبی تر کە هەندێکیان وەکو (إرواءُ الغَليل في تَخريج أحاديثِ مَنارِ السَّبيل) یازدە بەرگە، یان (سلسلة الاحاديث الصحيحة) و (سلسلة الاحاديث الضعيفة) کە بیست وسێ بەرگن و (أصل صفة صلاة النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سێ بەرگە وە هەروەها..

کەس گومانی لەوەدا نەبوو - مەگەر ناحەزانی - کە شێخی ئەلبانی تاقانە پسپۆڕی فەرموودەوانی سەردەم بوو، بۆیە دەوترێت ئەلبانی زەمانی

ئیبنوحەجەری عەسقەلانی هێنایەوە.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێك باسی عەقیدەدا (وەك پێناسەی کوفرو ئیمان) دیدی وەکو مورجیئە بوو، لە (واقیعناسیی و جیهادو حاکمێتی)یشدا دید لێڵ بوو.. زۆرجاریش لە فەتوادا دەکەوتە هەڵەی شەرعیەوە چونکە بەقەدەر ئەوەندەی کە فەرموودەناس بوو شەرعناس نەبوو! بۆیە لە ناو زۆرینەی سەلەفیەکاندا فەرموودە لە ئەلبانی وەردەگیرێت و شەرعیش لە بن بازو ئیبنو عوسێمین رەحمەتی خوا لە هەموویان بێت..

(٥)

## ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم

(١٦٢.١٠٠ ك)

ئیبراهیمی کوڕی مەنسووری کوڕی زەید خەڵکی بەلْخ و لە دایکبووی مەککە و پەروەردەی بەغداو سونبولی خواناسی و زوهدی شەرعناسانی بەسرەو موجاهیدی شام، کوڕی فەرمانڕەواو کاربەدەستی گەورەی بەلْخ/ خۆراسان (ئەفغانستانی ئەمڕۆیە)، ساڵی ١٠٠ی کۆچی دایك و باوکی لە حەج بوون، کە خوا ئەم کوڕەی پێ بەخشین، بۆیە ناویان نا ئیبراهیم .. لە تافی لاویدا بڕیاری دا واز لەو نازو نیعمەتەی بەردەستی بهێنێت و روو لە بەغداو کوفە کات بۆ وەرگرتنی عیلمی شەرعی، پاشان خۆ تەرخان کات بۆ خواناسی و بۆخواسوڵحان.. سەدان رووداوی کەراماتی لێ دەگێڕرێتەوەو هەمووی راستە.. بۆ خۆی هەمیشە حەزی بە خۆدەرنەخستن بوو.. جارێك دوای بەناوبانگبوونی لە بەسرە بۆ خوێندن دەچێتە

دیمەشق.. خۆی دەفەرموێ: کە گەیشتمە سەرەتای شار، پارەم پێ نەمابوو، ووتم با بزانم لە بێستانێکدا نابمە باخەوان شتێك پارە پەیدا کەم ئەوجا بڕۆم بۆ وەرگرتنی زانستیە شەرعیەکە.. دەفەرموێ: چوومە ناو باخێکەوەو بە باخەوانەکەم ووت: باخەوانت ناوێت؟! ووتی: من خاوەن باخ نیم. ئارام بگرە تا بە خاوەنەکەی دەڵێم.. پاشان هاتەوەو ووتی: رازی بوو ببیتە باخەوان بە ئەوەندە پارە، ووتم باشە.. ئیتر کەوتمە ئیش و کارو هەر لەوێش دەخەوتم.. رۆژێك خاوەن باخەکە هاتە بن کەپرێك و بانگی کردم: ئادەی رۆڵە کەمێك میوەی گەییومان بۆ لێکەرەوەو بۆمان بهێنە.. منیش چەندین جۆرم لێکردەوەو پاش شتنەوەی خستمە بەردەستی.. دەستی دایە هەڵوژەیەك و پرسی: ئەرێ رۆڵە ئەمانە کامیان شیرینە؟! ووتم: وەڵا قوربان نازانم کامیان.. دەستی دایە ترێکەو ووتی: ئەرێ رۆڵە ئەمانە کامیان شیرینە؟! ووتم: وەڵا قوربان نازانم کامیان.. دەستی دایە سێوو ووتی: ئەرێ رۆڵە ئەمانە کامیان شیرینە؟! ووتم: وەڵا قوربان نازانم کامیان.. هاواری کرد: دە سا بە خوا تۆ ئیبراهیمی کوڕی کوڕی ئەدهەمی کە دەڵێن دە رۆژە هاتۆتە دیمەشق!! دەفەرموێ: هەستاو هاواری لە خەڵکی کرد: خەڵکینە ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم لە باخەکەی مندایە.. ئیتر خەڵکێکی زۆر بە راکردن هاتن، منیش خۆم کرد بە بن دار هەنجیرەکانداو خۆم شاردەوە تا قەرەباڵغی خەڵکەکە هاتنە نزیکم و منیش خۆم کرد بە ناویانداو هاوارم کرد: کوا ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم.. ئیتر لەوێ رۆیشتم و کرێکاریەکەشم وەرنەگرت..

ئەم خواناسە مەزنە لەساڵی ١٦٢ی کۆچیدا بەرامبەر رۆمە بیزەنتیەکان سەنگەرنشین بوو.. فەرموی تیروکەوانەکەم بدەنێ با دەست بەچەك بمرم،

سوبحان الله دایانێ و وەك پاسەوان رووەو رۆم گرتی و گیانی سپارد.. رەحمەتی خوای لێ بێت.

(٦)

## ئیبنو جەدعان

عبداللّهی كوڕی جەدعان ئامۆزای باوكی سەیدنا ئەبوبەكری سددیق خوا لێی رازی بێت، یەكێكە لە جوامێرو خانەدان و پیاو ماقوڵانی قورەیش كە بە میوانداريی و بەخشین ناسرابوو. جار هەبووە دوو هەزار حوشتری ناردووە بۆ شام گەنم و هەنگوین و رۆنیان بۆ هێناوەو هەر هەمووی لە دیوەخانی میواندارێتیەكەیدا - كە ناوی جەفنە بووە - داناوە رۆژانە خەڵكی لێ نانداوە! پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەیەكیدا دەفەرموێ: كە لە رۆژێكی گەرمدا چۆتە بەر سێبەری دیوەخانەكەی ئیبنوجەدعان.. هەر لە جاهیلییەتدا كۆچی دوایی كردو زەمانی ئیسلامەتی نەبینی..

(٧)

# ئیبنوحەجەری عەسقەلانی

(٧٧٣-٨٥٢ك)

زانا بە ناوی ئیبنوحەجەرەوە زۆرن، بەڵام كە بە رەهایی ووترا ئیبنوحەجەر ئەوە مەبەست لە ئیبنوحەجەری عەسقەلانییە.. زانای گەورەی فەرموودەوانی كە هەموو ئوممەتی موسوڵمان تا رۆژی قیامەت قەرزاری شەرحەكەی بوخاری ئەون. ئیبنوحەجەری عەسقەلانی ناوی شیهابوددین ئەحمەدی كوڕی عەلی كوڕی محمدی كوڕی حەجەری عەسقەلانیەو لە قاهیرە لە ٢٣ شەعبانی ٧٧٣ ك دا لە خێزانێكی فەلەستینی لەدایكبووە.. ئەمیرولموئمنینی فەرمودەوانیە.. باوكی شاعیرو زمانەوانێكی لێهاتوو بوو، زۆریش دەوڵەمەند بوو، بۆیە هەر لە سەرەتاوە وویستی كوڕەكەی بۆ خوێندنی زانستی شەرعی ئەو سەردەمە لێببرێت.. بۆیە لە ١٢ساڵیدا قورئانی لەبەر كردو كەوتە لەبەر كردنی دەقی زانستیەكانی تر.. بۆ وەرگرتنی زانستی چووە مەككەو شام و یەمەن و لە ١٥ زانستیدا ناوبانگی دەركرد، بەڵام هەموو زانایان كۆڕا (ئیجماع)یان لەسەر ئەوەبوو كە لە فەرمووددەوانیدا كەس نایگاتێ و بە شیاوێتی نازناوی (حافز)ی پێدرا. بوو بە مامۆستای هەموو زانكۆ بەناوبانگەكانی ئەو سەردەمەی جیهانی ئیسلام.. كتێبی زۆری نوسی.. لە هەموویان گرنگترو كاریگەرتر (فتح الباري شرح صحيح البخاري)یە كە ١٥ بەرگەو ١٢٠٠ شەرحی تری بوخاری پێشتری خوێندۆتەوە ئینجا بە ٢٣ ساڵ شەرحی كردووە..

کە ئیمامی ئیبنوحەجەر کۆچی دوایی کرد، خەلیفەو سوڵتان و قازی و موفتی و هەموو هەزاران هەزار کەسی خەڵکی میسر ئامادەی جەنازەکەی بوون.. رەحمەتی خوای لێ بێت ..

(٨)

## ئینولهوممام

( ٧٩٠.٨٦١ك)

شەرعناسی گەورەو توێژەرەوەی فیقهی حەنەفی محمدی کوڕی عبدالوەهابی سێواسی میسری کە بە (الکمال بان الهمام) ناسراوە، خاوەنی کتێبی (التحریر) لە ئەسوسڵی فیقهدا. لە ٧٩٠ك لە ئەسکەندەرییەی میسر لەدایکبووەو لە هەینی ٧ رەمەزانی ٨٦١ك دا کۆچی دوایی کردووە.. لە ناو حەنەفیەکاندا کەمالی کوڕی هومام وەکو ئیمامی نەوەویە لە ناو شافیعیەکان و ئیمامی ئیبنوتەیمییەیە لە ناو حەنبەلیەکاندا. لە ریزی موجتەهیدینی مەزهەبەکەی و دەشکرێت سەر مەزهەبێکی سەربەخۆش حسێب بکرێت.. بۆیە پێشی ووتراوە الکمال چونکە بە وەسفی زانایانی سەردەمی خۆی هیچ زانستیەك نەماوە تێییدا هەڵکەوتوو نەبووبێت، هەموو ئەمە جگە لەو خواناسیي و تەقواکارییەی کە پێوەی ناسراوە.. رەحمەتی خوای لێ بێت.

(٩)

# ئیبنولقەییمی جەوزییە

(٦٩١.٧٥٨ك .. ١٢٩٢.١٣٤٩ز)

ابنُ القَیِّم الجَوزیَّە: محمدی کوڕی ئەبوبەکری زەرعی دیمەشقی، زانای بەناوبانگی حەنبەلی، شەمسوددین ئیبنولقەییمی جەوزییە (٦٩١-٧٥٨ك ..١٢٩٢-١٣٤٩ز)، لەدایکبووی دیمەشق، باوکی سەرپەرشتیار (قەییم)ی مەدرەسە بوو، دەرسی لە ٢٥ شێخی مەزنی ئەو سەردەمەوە وەرگرتووەو یەکێکە لە چوار قوتابی ئیبنوتەیمییە کە زانستی ئەویان لەگەڵ زوهدو خواناسییدا هەڵگرتووە.. ئەوانی تر (ئیمامی زەهەبی و ئیبن کثیرو خاتوو بنتوعەییاش) بوون.. ئیبنولقەییم ١٣ ساڵی کۆتایی تەمەنی ئیبنوتەیمییە مولازەمەی کرد..٩٨ کتێبی نوسیووە، هەیە هەشت بەرگە وەکو زاد المعاد، هەشە یەك بەرگە وەکو الروح..لە ٧٥١/٧/١٣ دا لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کردو هەر لە دیمەشق نێژرا.. رحمە اللە..

(١٠)

# ئیمامی شافیعی

(١٥٠-٢٠٤ك: ٧٦٦-٨٢٠ز)

ئەبوعبداللە محمدی کوڕی ئیدریسی شافیعی.. یەکێکە لە پێشەوایانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت و سەرمەزهەبی شافیعییە.. دامەزرێنەری زانستی (ئوسوڵی فیقە)ەو ئەو یەکەمین کتێبی - کە ناوی الرسالەیە - لەسەر نوسی کە لە جیهاندا بە یەکەمین کتێبی فیقهی دەستووری دادەنرێت.. ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەربارەی دەیفەرموو: نوێکەرەوەی دینەکەیەو ئیمامی بێ نموونەی سەدەی دووەمی کۆچییە.. نەسەبی بەڕێزی دەگاتەوە سەر نەسەبی پیرۆزی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. ساڵی ١٥٠ ی کۆچی لە غەززەی فەلەستین لەدایکبوو، دوای دوو ساڵ باوکی کۆچی دوایی کرد.. ئیتر دایکی هێنای بۆ مەککەو خستیە بەر خوێندن.. لە ٧ ساڵیدا هەموو قورئانی لەبەر کردا! لە دە ساڵیدا لە سوارچاکی و تیر ئەندازییدا وا پێشکەوت لە دە تیر نۆی لە نیشان دەدا، ڕووی کردە شیعر، بەڵام دوایی حەزەکەی گۆڕا بۆ زانستیە شەرعیەکان.. ڕووی لە فقهو فەرموودە کرد، لە تەمەنی دە ساڵییدا کتێبەکەی ئیمامی مالیکی بە ٩ ڕۆژ لەبەر کردا!! کتێبەکەی ناوی الموطأ ە و نزیکەی دوو هەزار فەرموودەیە.. لە ١٥ ساڵییدا زانایان شایەتیان بۆ دا کە دەتوانێت فەتوا بدات..لە ١٩ ساڵییدا بوو بە موفتی گەورەی یەمەن!! و پاشان هاتەوە مەدینەو بۆ دوو ساڵ بوو بە قوتابی ئیمامی مالیك، ئینجا هاتەوە بۆ مەککەو پاشان چووە بەغداو کەوتە دەرس ووتنەوە..

کتێبی (الرسالة) و (الأم) لە دەرسەکانیەوە کۆکراونەتەوە.. پاشان چووە میسرو لەوێ کە کەشکۆڵی فەرموودەوانی هەندێك لە زانایانی بینی زۆر راو بۆچوونی فیقهی خۆی گۆڕیی.. ئەمەیە کە دەوترێت: ئیمامی شافیعی لە قەولی کۆنیدا یان لە قەولی نوێیدا وا دەفەرموێ ..

ئیمامی شافیعی لەگەڵ ئەم زانایی و زیرەکییەدا زۆر خۆبەکەم زان و بێ هەواوفیز بوو، خاوەن خواپەرستییەکی گەورە بوو، لە رەمەزاناندا ٦٠ جاری خەتمی قورئان دەکرد.. سێیەکی هەموو شەوێکی بۆ شەونوێژ تەرخان کردبوو! هەرچی پارەیەکی دەکەوتە دەست یەکسەر دەیبەخشییەوە ..

لە ووتە بەنرخەکانی :

- هەر زانستیەکم لە دڵدایە حەزم دەکرد بکەوێتە دڵی هەموو کەسێکەوە کە دیوومە بێ ئەوەی من بە خاوەنی دابنێن..

- قورسترین رەفتار لە سێ شوێندایە: بەخشینی کاتی دەسکورتی، خواناسی کاتی تەنهایی، ووتنی قسەی هەق کاتی ئومێدو ترس..

لە چوار ساڵیی کۆتایی تەمەنیدا رەحمەتی خوای لێ بێت تووشی مایەسیریی بوو، لەبەر زۆر خوێن لێ رۆیشتنی لە تەشتدا دادەنیشت و دەرسی بە قوتابیەکانی دەووتەوە!! ئەوەش بەردەوام بوو تا هەینی ٣٠ رەجەبی ٢٠٤ لە میسر کۆچی دوایی کرد.. رەحمەتی خوای لێ بێت ..

(١١)

# ئوسەیدی کوڕی حوزەیر

یاوەری بەڕێز ئوسەیدی کوڕی حوزەیر، کە پێش ئیسلامەتیەکەی یەکێك بوو لە سەرانی هۆزی ئەوس لە مەدینە.. یەکێکە لە جوامێرانی ئازاو پیاوماقوڵانی پێش ئیسلام و دوای ئیسلام. لەسەر دەستی موسعەبی کوڕی عومەیر موسوڵمان بوو کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە نوێنەری خۆی ناردبوویە مەدینە.. سەیدنا ئوسەید هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتی تەیەمومە.. لە شەعبانی ساڵی ٢٠ك دا کۆچی دوایی کرد.. بوخاری دەگێڕێتەوە کە سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت سەیری وەسێتەکەی سەیدنا ئوسەیدی کرد بینی کە چوار هەزار دینار قەرزارە! یەکسەر بەرهەمی بێستانە خورماکانی خۆی تا چوار ساڵ ڕەهنی کابرایەك کردو پێش بەخاك سپاردنی سەیدنا ئوسەید قەرزەکەی بۆ دایەوە.. پاشان تا گۆڕستانی بەقیع هەر خۆی چووە ژێر جەنازەکەی.. خوا لێیان ڕازی بێت.

(١٢)

# ئوم سولەیم

( ... ٤٠ ك )

خاتوونە یاوەری بەڕێز ئوم سولەیم غومەیسای (یان رومەیسا)ی کچی میلحانی ئەنساری، دایکی سەیدنا ئەنەسی کوڕی مالیکە کە خزمەتکاری پێغەمبەری خۆشەویست بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.. مالیکی مێردی کۆچی دوایی کرد، ئەنەس شیرەخۆرە بوو، فەرمووی شوو ناکەم تا ئەنەس بە شووم دەداتەوە.. پاشان کە ئەنەس گەورە بوو ئەبوتەلحەی ئەنساری هاتە داخوازیی، بەڵام ئوم سولەیم پێی فەرموو: ئەبوتەڵحە جەنابت پیاوێکی بەڕێزیت داوات ڕەت ناکرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ موشریکیت ناتوانم شووت پێ بکەم.. هەر داوای ئیسلامەتی لێکرد تا موسوڵمان بوو.. ئینجا مارەی کرد.. ئوم سولەیمی بەڕێز هەر وویست و ئیرادەکەی پیاوانە نەبوو بەڵکو غیرەت و ئازایەتیەکەشی زۆر پیاوانە بوو.. لە جەنگی ئوحوددا خەنجەرێکی بە دەستەوەو بوو هەر لە دەوروبەری پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەڵدەسوڕاو دەیفەرموو بە خوا قەسەم هەر کەسێك لە کافرەکان لێت نزیك بێتەوە بەم خەنجەرە ووزگی دەدڕم. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆری ڕێزی ئوم سولەیمی لابوو، هەموو جارێك دەیفەرموو: روحمم زۆر بۆی دەجوڵێت، چونکە براکەی لەگەڵمدا بوو کە شەهید بوو.. براکەشی سەیدنا حەرامی کوڕی میلحانە کە لە بیئری مەعوونە شەهید بوو.. ئەوی کاتی شەهید بوونەکەی فەرمووی: (فُزْتُ وَرَبُّ الكَعْبَةِ) واتە بە خوای

خاوەنی کەعبە سەرفراز بووم)! لە پلەی ڕێزو مەکانەتی ئوم سولەیمدا بزانە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چی دەفەرموێ؟ دەفەرموێ: چوومە بەهەشتەوە، گوێم لە خشپەی پێ بوو، کە دەبینم ئەوە غومەیسای کچی میلحانە.. ئوم سولیم ١٤ فەرمووودەی گێڕاوەتەوە ..

لە ساڵی ٤٠ك کۆچی دوایی کرد.. خوا لێی ڕازی بێت.

(١٣)

## تۆبەی کوڕی سیممە (توبة بن الصمة)

( ... ٨١ ك )

تۆبەی کوڕی حیمیەری کوڕی حەزم، پێش تۆبە کردن و گەڕانەوەی بۆ ئیسلام ڕێگری لە کاروانی بەنی حارس دەکرد.. ساڵی ٧١ك لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.. ئەو ریوایەتەی کە نوسەرانی بەڕێزی ئەم کتێبە هێناویانەتەوە وا لە کتێبی (التبصرة)ی ئیبنولجەوزی و زۆر بەناوبانگە، هەندێك دەڵێن ڕۆژانی تەمەنی ئەو کاتەی کە حسێبی کردووە بیستویەك هەزارو شەش سەد ڕۆژ بووەو هەندێکی تر دەڵێن: بیستویەك هەزارو پێنج سەد بووە.. هەندێك دەڵێن دوای لە هۆش خۆچوونی کە بە هۆش دێتەوەو دیسان گوناحەکانی تەقدیر دەکاتەوە، کە ئەگەر ڕۆژی دە گوناحی لەسەر نوسرا بێت!! ئیتر ئەمجارە کە دەبورێتەوەو دەکەوێت، کەوتنی کۆتایی دەبێت و گیانی دەسپێرێت.. بەڵام پێناچێت ئەمە وا بێت، چونکە ئەو کاتە ئەو تەمەنی شەست ساڵان بووەو خۆی لە تەمەنی

هەشتاویەك ساڵاندا كۆچی دوایی كردووە.. ئیمامی ئیبنولقەییم لە كتێبی (إغاثە اللهفان ٨٣/١) ئەم رووداوە دێنێتەوەو دەفەرموێ لە شاری رەققەی تەرابلوسی شام بووە.. كۆچی دوایی تۆبەی كوڕی سیممەش لەوێ نەبووە .. والله اعلم.. بڕوانە كتێبی (الاصابە ٢٩٦/٢) .

(١٤)

## جەعفەری كوڕی ئەبو تالیب

ئامۆزای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و برای سەیدنا عەلی كوڕی ئەبوتالیب.. هەردوو هیجرەتی حەبەشەو مەدینەی كرد.. ئەم بوو كە قەناعەتی بە نەجاشی كرد كە موسوڵمانە كۆچكەرەكان لە خۆ گرێت و تەسلیم بە قوەڕەیشیان نەكاتەوە.. سەیدنا جەعفەر یەكێك بوو لە فەرماندەكانی جەنگی موئتە كە لەوێدا شەهید بوو.. پێش گیان دەرچوونی یەكەمجار ئەو باڵەی پەڕێنرا كە ئاڵاكەی پێگرتبوو، پاشان ئاڵاكەی بە دەستی چەپی هەڵگرت، هێرشیان كردە سەری و ئەو باڵەشیان قرتاند، ئینجا داری ئاڵاكەی خستە نێوان رانیەوەو هەر نەیهێشت بكەوێت.. ئەمجارە هەڵمەتیان بۆ هێناو هەردوو رانیشیان پەڕاند!! ئاوا لە مەیداندا كەوت.. پێغەمبەری خوا دەربارەی فەرمووی: خوای گەورە دوو باڵی لە بەهەشتدا پێدەبەخشێتەوە.. ناویشی نا جەعفەری تەییار.. واتە جەعفەری خاوەن فڕین.. سەیدنا ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت دەفەرموێ: نزیكەی

نەوەدو قسوور زام بە جەستەیەوە بوو.. هەر لە موئتە بە خاك سپێررا کە ئێستا ١٤٠ کم لە باشووری عەممانی پیاتەختی ئوردنەوەیە ..

سەیدنا جەعفەر پێش خۆشاردنەوەی موسوڵمانان لە ماڵی ئەرقەمی کوڕی ئەرقەمی مەخزوومی خۆی و ئەسمائی کچی عومەیسی خێزانی موسوڵمان بوون.. خوا لێیان رازی بێت..

(١٥)

## جونەیدی بەغدادی

(.... ٢٩٧ ك)

ئەبولقاسم جونەیدی کوڕی محمدی بەغدادی کە لە ئەسڵیدا خەڵکی نەهاوەندەو لە بەغدا لەدایکبوو.. هاوڕێی سرِی سەقتی خاڵیی و حاریسی مەحاسیبی بوو.. تەمەنی نەبووبووە ٢٠ ساڵ کە بە ئامادەبوونی ئەبوسەوری مامۆستای فەتوای دەدا.. شێخی تەریقەتی خواناسان بوو.. دەیفەرموو کاری ئێمە هەمووی بە قورئان و سوونەتەوە پەیوەستە، بۆیە ئەوی قورئانی لەبەر نەبێت و فەرموودەکان نەنوسێتەوە سەر لەم کارەی ئێمە دەرناکات.. واتە لە سۆفیگەرێتیەکەیان.. کابرایەك عەرزی کرد ئامۆژگاریەکی وام بکە کە خواش خۆشی بوێم و خەڵکیش خۆشی بوێم.. فەرمووی: ئەوی لە خوات نزیك دەکاتەوە داوا لێکردنێتی، ئەوی لە خەڵکیشت نزیك دەکاتەوە داوا لێنەکردنیانە..

ساڵی ٢٩٧ك لە كۆتا نەخۆشی تەمەنیدا بوو، نەیدەوویست راكشێت، دایاننیشاندبوو، پێیان ووت ئەگەر ئەوەندە خۆت ئەزێت نەدەی و راكشێیت، فەرمووی كە ناتوانم بچمە سوجدە با لانی كەم بە دانیشتنانەوە بم.. ئەمە ساتەوەختێكە گیان كێشانی بەدوادا دێت.. ئەمەی فەرموو، ئیتر بەلادا هات.. ئەبومحمدی جەریر شتی و شەست هەزار كەس نوێژی جەنازەیان لەسەر كرد، ئینجا بردیانە گۆڕستانی شۆنیزیە لە بەغداو لە تەنیشت خاڵی خۆیەوە بەخاك سپێررا، ئێستا ئەو شوێنە بە گۆڕستانی شێخ مەعرووفی كەرخی بەناوبانگە.. رەحمەتی خوای لێ بێت..

(١٦)

# حەسەنی بەسری

(.... ١١٠ ك)

زوهدو حەسەنی بەسری دوو ناوی هاوڕێی یەکن! هەر کە ناوی زاهدێتی و دنیانەوویستی هێنرا، شێخ حەسەنی بەسری بە نموونە دەهێنرێتەوە، کە ناوی شێخ حەسەنی بەسری هێنرا ناوی زوهدو دنیا نەوویستی بیر دەخرێتەوە، بەڵام ئەم نموونەیی و پێشەوایەتییەی ئەم پیاوە خواناسە هەر لە زوهدیدا نەبوو، ئەمە قوتابیە نەجیبزادەکەی بەردەستی حەفتا سەحابەی ئەهلی بەدرە کە لە خزمەتیاندا بووەو دەرسی لێوە وەرگرتوون، ئەمە حەسەنی بەسرییە کە ماوەی دە ساڵی ڕەبەق سەرلەشکری جیهادبوو لە خۆراسان.. ئەمە حەسەنی بەسریە کە ناوی ئەلحەسەنی کوڕی ئەبولحەسەنی یەسارە، دایکیشی کە ناوی خیرە بوو خزمەتچی ئوم سەلەمەخانی خێزانی پێغەمبەری خوا بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، دایکی دەیبرد بۆ لای یەك یەکی سەحابەکان و دەیووت دوعای بۆ بکەن.. لەوانەی دوعایان بۆ کرد سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب بوو کە دەیفەرموو: خوایە لە دینەکەی حاڵیی کە.. حەسەنی بەسری کانیاوی زانستیە شەرعیەکان بوو، سەیدنا ئەنەس خوا لێی ڕازی بێت کە سەحابیە دەیفەرموو: کەس نەچۆتە بەسرەوە سوودی لە عیلمی حەسەن وەرنەگرتبێت!! ڕەوانبێژ بوو، دەیانووت کەسێکە کە قسەکانی لە فەرموودەی پێغەمبەران دەچێت.. ئەم پیاوە مەزنە قەدو باڵایەکی فەرماندەییانەی پێوەبوو، لە هەموو کەس درێژتر، بەخۆتر، بە سام و هەیبەت،

باوکی دەفەرمویٚ بازوویم لەباری پانی پێوا بستێك بوو! ئەییوبی سەختیانی کە مامۆستای ئیمامی مالیکە دەفەرمویٚ: خەڵك هەبوو ماوەی دوو ساڵ و سیٚ ساڵ لە کۆڕیدا ئامادە دەبوون، جورئەتی پرسیار کردنێکیان بۆ دروست نەدەبوو لێی.. لەبەر هەیبەتی کەسایەتیەکەی.. حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفی بکوژی زانایان، جارێك چوو بۆ کوشتنی، کەچی دوای بینینی یەکسەر بەڕێزەوە قسەی لەگەڵ کردو هاتەوە دەرەوە! پێیان ووت بۆ وا رەفتارت کرد؟! ووتی: بە خوا قەسەم نەموێرا تەماشای ناوچاوی بکەم.. ساڵی ١١٠ ی کۆچی لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، ئەو رۆژەی کە بە خاك سپێررا نوێژی عەسر لە هیچ مزگەوتێکی بەسرەدا نەکرا، چونکە هەر هەموو پیاوان و شەست و هەشت هەزار ئافرەت لەگەڵ جەنازەکەی چووبوونە سەر قەبران !

(١٧)

## خەولەی کچی سەعلەبە (خولة بنت ثعلبة)

خاتونێکی یاوەرە، ژنی ئەوسی کوڕی سامیت بوو کە برای عوبادەی کوڕی سامیتە خوا لێیان رازی بێت.. ئافرەتێکی ووریاو قسەزان بوو، خاتووعائیشە کە فەرمووی: دەك ئافرەتانی ئەنسار هەر رووسوور بن، شەرمکردنیان رێی ئەوەی لیٚ نەگرتن بێن و دەربارەی دینەکەیان بپرسن.. ئەمەی ئەو کاتە فەرموو کە ئەم خەولە خانەی بینی کە هاتبوو بۆ شکات کردن لە مێردەکەی، کە پێی ووتبوو پشتت وەکو پشتی دایکمە. وەکو کە لە کوردەوارییدا مێرد بە ژنەکەی دەڵێ:) بڕۆ

لە خوشك و دایکم فەرزتری)! ئەمە لە جاهیلییەتدا تەڵاقی پێ دەکەوت.. کە بۆ زانینی حوکمەکە هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی فەرموو: وا دەزانم تەڵاقی کەوتبێت.. بەڵام خەولە نەڕۆیشت و موناقەشەیەکی زۆری لەگەڵ پێغەمبەری خوادا لەسەر ئەو مەسەلەیەی خۆی کرد، تا حوکمی خوای گەورە هاتە خوارەوە کە دەفەرموێ: ئەوە زیهارەو تەڵاقی پێ ناکەوێت..ئاوا ئیسلام حوکمەکەی لە تەڵاقەوە گۆڕی بۆ زیهار.[1] ئایەتەکانیش ئەوانەی سەرەتای سورەتی موجادەلەن کە بەم ئایەتە دەست پێ دەکات: (قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ) .. ئەم خەولە خانە جارێکیان سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابی لە ڕێگا بینی، بانگی سەیدنا عومەری کردو پێی فەرموو: هۆ عومەر، زەمانێك ناسیمانیت پێیان دەووتیت عومەیر (عومەرۆك) کە شوانکارەی بەرغەل بوویت، دوایی بوویت بە عومەرو ئێستاش بوویت بە ئەمیرولموئمنین.. جا لە خوای خۆت بترسەو ڕەچاوی وەزعی خەڵکەکەت بکە.. بشزانە ئەو کەسەی لە هەڕەشەی خوایی دەترسێت شتی دوور دەبینێت، ئەوی مەرگی لەبەرچاوە خەمی لەدەستدانی هەلێتی، ئەوی باوەڕی بە موحاسەبەی خوایی هەبوو ترسی سزای دەکەوێتە دڵەوە..) جاروودی عوبەیدی لە خزمەت سەیدنا عومەردا بوو، بە خەولە خانی فەرموو: داپیرە زۆرت

---

[1] کە سزاکەی ئەوەیە کە پیاوەکە دەبێت کۆیلەیەك ئازاد کات، ئەگەر نەیبوو دەبێت دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت، ئەگەر نەیتوانی دەبێت خۆراکی ژەمێکی شەست کەس بدات کە دەکاتە نزیکەی نەوەد کیلۆ برنج دەتوانێت بە ماڵی هەژاراندا دابەشی کات.. والله اعلم.

بە ئەمیرولمئمنین ووت، با بەس بێت.. سەیدنا عومەر فەرمووی: لێی گەڕێ ئەوە خەولەی کچی سەعلەبەیە کە خوای گەورە لە سەرووی حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە گوێی لە سکاڵاکەی گرت و وەڵامی دایەوە، ئیدی من چۆن گوێی بۆ نەگرم.. بە خوا ئەگەر شەووڕۆژ رایگرتمایە لەبەر دەستیدا دەوەستام، مەگەر بۆ نوێژەکانم جێگاکەمم جێهێشتایە..

(١٨)

## زەححاک (الضحاك)

(....١٠٢ ك)

زەححاکی کوڕی موزاحیمی هیلالی خۆراسانی، کە لە پێشڕەوانی تابعینەو قوتابی دەیان یاوەری بەڕێزی وەکو سەیدنا ئەنەسی کوڕی مالیك و ئیبنوعومەرو ئەبوهورەیرەیە خوا لێیان رازی بێت. زانستی لە پێشەوایانی تابعینیشەوە وەرگرتووە، وەکو: عەتاء و تاووس و سەعیدی کوڕی جوبەیر. ئیمامێکی بەڕێزی تەفسیربوو.. سوفیانی سەوری دەیفەرموو: تەفسیری قورئان لە چوار کەسەوە وەرگرن: لە موجاهیدو عیکرەمەو سەعیدی کوڕی جوبەیرو زەححاك. ئیمامی ئەحمەد دەربارەی دەیفەرموو: زەححاك جێ متمانەیە. زۆرینەی ژیانی دواى وەرگرتنی زانستی لە بەلخ و سەمەرقەندو نەیسابوور بردە سەر. یەکێك لە رەفتارە سەیرەکانی ئەم زانا بەڕێزە ئەوەبوو کە باوکان ئەوەندەیان متمانە بە فێرخوازیی و پەروەردەکردنەکەی بوو، هەر کەس زارۆکی خۆی دەهێنایە حوجرەکەی، پارەشی

لە کەس وەرنەدەگرت.. تا وای لێ هات ژمارەی زارۆکان لە حوجرەکانیدا بوونە سێ هەزار کەس! ئیتر بە ناچاری دەیهێنانە دەرەوەو یەکرپز دایدەنیشاندن و خۆی بە سواری گوێدرێژ بەسەریاندا رادەگەیشت.. ساڵی ١٠٢ك لە تەمەنی هەشتاوقسوور ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.. رەحمەتی خوای لێ بێت ..

(١٩)

## زەیدی کوڕی حاریسە

سەیدنا زەیدی کوڕی حاریسەی کوڕی شراحیل.. خۆی و باوکی بەرێزی یاوەر بوون.. لە هەشت ساڵییدا لە شەڕی جاهیلییەتدا کەوتە دەست نەیارانی و هێنرایە بازاڕی مەککە بۆ فرۆشتن.. لەو ساتە وەختەدا حەکیمی کوڕی حوزام لە بازاڕ بوو، بۆ خاتوو خەدیجەی مەزنی کڕییەوەو ئەویش بە پێغەمبەری نازداری فەرموو: دەیکەمە خزمەتکاری جەنابت.. ئاوا سەیدنا زەید هەر لە منداڵییەوە خۆزگەم بە خۆی کەوتە باوەشی رەحمەت و بەزەیی و سۆزی پێغەمبەرێتی. پاش ئەوەی کەسوکاری زانییان لە مەککە فرۆشراوە باوك و مامی بە دوویدا هاتن و دۆزیانەوە.. ووتیان ئەی ﷺ بماندەرەوە. فەرمووی: ئازادە لەگەڵتان دێتەوە یان دەمێنێتەوە.. بۆیان بانگ کردن و پێیان ووت: دەتبەینەوە ناو کەسوکاری خۆت. فەرمووی: سەیدنا ﷺ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ من باوك مامەو بە هیچ کەسێکی ناگۆڕمەوە.. ووتیان خاك بەسەر کەس هەیە کۆیلەی غەریبەیەك بدات بەسەر ژیانی لای باوك و مامی خۆی؟ فەرمووی: من لێرە کۆیلە نیم، ئەوەی لێرە دیوومە

ی ئەوە نیە لە خۆمی بگۆڕم!! پێغەمبەری نازدار لە خۆشیاندا زەیدی لەگەڵ باوك و مامی هێنایە کەعبەو هاواری لە خەڵکەکە کرد: خەڵکینە بە شایەت بن، ئەوە زەید لە منەو منیش لە زەیدم، کوڕمەو میراتم دەگرێت.. ئەو سەردەمە هێشتا ئەحکامی ئەوە نەهاتبوو کە نابێت زارۆکی خەڵکی بە غەیری ناوی باوکیەوە بانگ بکرێت.. ئیتر باوك و مامی خۆشحاڵ بوون و گەڕانەوە.. لەوەو دواش هەر بە ناوی (زەیدی کوڕی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بانگ دەکرا تا ئەو کاتەی ئەو ئایەتە هاتە خوارەوەو ئەو ڕەفتارەی قەدەغەکرد کە دەفەرموێ: (أدْعُوْهُمْ لآبَائِهِمْ) الاحزاب/٥ واتە: بە ناوی باوکی خۆیانەوە بانگیان کەن. سەیدنا زەید هەر لەسەرەتای بانگەوازی خواوە تین و فشاری جاهیلییەتی دەکەوتە سەر، لە تائیف لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو کە دابوویانە بەر بەردا! سەیدنا زەید لە هەموو ئاڕاستەکانەوە خۆی دەدایە بەر بەردەکان تا بەر پێغەمبەری پێشەوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەکەون...

سەیدنا زەید لەگەڵ دایکە خەدیجەو سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیبدا موسوڵمان بوو.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە پێکهێنانی برایەتیەکەی کۆچەرییەکان ئەنساریەکاندا سەیدنا زەیدو سەیدنا حەمزەی مامی خۆی پێکەوە کردە برا.. بەشداری هەموو غەزاکانی بەدرو ئوحودو خەندەق و حودەیبییەو خەیبەرو ئەوانەی کرد، بە تیرئەندازیی و دەست ڕاستی بەناوبانگ بوو.. سەیدنا زەیدی کوڕی حاریسە لە غەزای موئتەدا شەهید بوو، کە هەواڵەکە بە پێغەمبەری خوا گەیشت زۆر خەمبار بوو بۆی، کە کەوتە دوعا کردن بۆ ئەوو فەرماندەکانی تری موئتە، زۆر لەسەر زەید وەستاو دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِزَيْدٍ،

اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِزَيْدٍ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِزَيْدٍ) واتە: خوایە لە زەید خۆش بە.. عەرزیان کرد: ئەی پێغەمبەری خوا زۆر بۆ شەهید بوونی زەید گریایت!! فەرمووی: ئاخر لێکدابڕانی خۆشەویستە لە خۆشەویست...

(٢٠)

## زورارەی کوڕی ئەوفا

(....٩٣ ك)

ئەبوحاجبی عامری زورارەی کوڕی ئەوفا ئیمامی گەورەی تابعین و قازی بەسرە، قوتابی ئیبنوعەبباس و ئەبوهورەیرەو عیمرانی کوڕی حەسین خوا لێییان رازی بێت، مامۆستای ئەییوبی سەختیانی کە بوو بە مامۆستای ئیمامی مالیك.. ئەم روداوە ساڵی ٩٣ کۆچی بوو، لە نوێژی بەیانیدا بوو کە ئاوا گیانی سپارد رحمه الله. واتای ئایەتەکە: کاتێك کە فوو کرا بە کەڕەنا (صُور)دا.. وای لەو رۆژە چەند سەخت و سامناکە! واتە کەڕەناکەی ئیسرافیل کە چاوەڕوانی فەرمانی خوا دەکات تا فووی پێدا بکات و کۆتا رۆژی دنیا تەواو ببێت..

(٢١)

# سەعیدی کوڕی جوبەیر

(...-٩٥ ك: ... -٧١٤ ز)

زانای خواناس، باوەڵی زانستی شەرع، حەق بێژو بوێر سەعیدی کوڕی جوبەیری ئەسەدی.. ئەسڵی حەبەشییە، بوو بە قوتابیەکی کۆپیانەی ئیبنوعەبباس و ئیبنوعومەر خوا لێیان رازی بێت، سەدان جار لەبەر دەستی خاتوو عائیشەدا لەسەر ئەژنۆ دادەنیشت تا دین و دینداریەکەی لێوە فێر بێت.. لە زەمانی خیلافەتی سەیدنا عەلی کوڕی ئەبوتالیبدا خوا لێی رازی بێت لە دایکبوو.. بە خزمەت دە کەس لە یاوەران گەیشت.. سەیدنا ئیبنوعەبباس خوا لێی رازی بێت ڕێیدابوو بە ئامادەبوونی خۆی، ئەو وەڵامی شەرعی خەڵکی بداتەوە!! لە دە جۆری زانستی شەرعیدا مونافیسی نەبوو.. خاوەن شەو نوێژبوو، دوعای گیرابوو.. کەڵەشێرێکی هەبوو کە لە سپێدەدا دەیقوقاندو خەبەری دەکردەوە بۆ شەونوێژ.. سپێدەیەك نەیقوقاندو ئەمیش درەنگ وەخەبەر هات.. فەرمووی: ئەرێ ئەوە بۆچی نەیقوقاند، خوا دەنگی ببڕێت.. خوا دەنگی بڕی و جارێکی تر نەیقوقاندەوە! بۆیە دایکی پێی دەفەرموو: رۆڵە دوعا لە کەس مەکە..

دوای بە زانابوونی گەڕایەوە کوفەو بوو بە یەکێك لە منارەکانی زانستی شەرعی و ئاڕاستەوانی ئوممەتی ئیسلام.. بەڵام بە داخەوە حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفی گرتی و سەری بڕی!!

کە ستەمکاریی ئەمەویەکان هەموو ئوممەتەکەی گرتەوە، شۆڕشی قورئانەوانان بە سەرۆکایەتی عبدالرحمانی کوڕی ئەشعەس دەستی پێکرد، کە زۆرینەی زانایانی ئوممەت پشتیوانیان لێکرد، لەوانە سەعیدی کوڕی جوبەیر.. حەجاج بیستوهەشت زانای لەوانە سەربڕی کە لایەنگیریی شۆڕشەکەی ئیبنولئەشعەسیان کردبوو.. ناردی سەعیدی کوڕی جوبەیری بۆ بدۆزنەوەو بیهێنن.. بە زنجیر کراوی هێنایان .

- حەجاج پێی ووت: ناوت چییە؟

* فەرمووی: سەعیدی کوڕی جوبەیر ..

- حەجاج ووتی: نا، تۆ شەقی کوڕی کوسەیری؟! (سەعیدی کوڕی جوبەیر بە مانای بەختیاری کوڕی ساغ و سەلیم)، ئەو پێی ووت: تۆ نەگبەتی کوڕی تێکشکاوی؟!

* فەرمووی: دایکم شارەزاتر بوو لە ناوی مندا وەك لە تۆ ..

- ووتی: داماو خۆت و دایکت نەگبەتن ..

* فەرمووی: ئەوە غەیبەو غەیری خوا نایزانێت ..

- ووتی: بە خوا ئەو دنیایەت لێ دەکەمە دۆزەخ ..

* فەرمووی: ئەگەر بمزانیایە دنیاو دۆزەخ بە دەست تۆن دەبوو لە جێی خوای گەورەت دانێم..

- ووتی: حەز دەکەیت لێت ببورم..

* فەرمووی: گەر لێبوردن هەبێت، ئەوە لێبوردنەکەی لای خوایە .

- ووتی سەری بڕن ..

* رووی کرد کەعبەو شایەتمانی هێنا ..

- ووتی: رووی وەرگێڕن.. کە روویان وەرگێڕا، ئەو ئایەتەی خوێندەوە :

* (فَأَيْنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ) البقرة/١١٣ واتە: روو لە هەر کوێ کەن رووی خوا لەوێیە ..

- ووتی: دەمەوڕوو بیخەنە سەر ئەرزەکە ..

* کە دەستی بەر زەوی کەوت، چنگێ خۆڵی هەڵگرت و ئەو ئایەتەی خوێندەوە: (مِنْهَا خَلَقْنَاكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً أُخْرَى) طه/٥٥ واتە: لەوە دروستمان کردوون و دەشتانکەینەوە بەوەو هەر لەویشەوە جارێکی تر دروستتان دەکەینەوە ..

پێش سەربڕینی ئەم دوعایانەی لە حەججاج کرد :

* خوایە دوای من بواری مەدە یەکێکی تر ئازار بدات.. حەججاج دوای هەفتەیەك لە سەربڕینی سەعیدی کوڕی جوبەیر مرد..

* خوایە تووشی نەخۆشییەکی بکە حەکیمەکان سەری لێ دەرنەکەن.. حەججاج بۆ رۆژی دوای سەربڕینەکە تووشی نەخۆشییەك بوو ناوەوەی دەسووتا بێ ئەوەی ئاگری تێچووبێت.. پێستیشی بەردەوام دەخوراند.. ئەوجا رووی کردە حەججاج و پێی فەرموو: ئەی حەججاج، ئەم هەقانەم لای خۆت بۆ هەڵگرە تا لای خوای گەورە یەکتری دەبینینەوە.. ئەوجا سەریان بڕی!! ئەو رۆژە رەمەزانیش بوو..

سەعیدی کوڕی جوبەیر بەڕۆژوو بوو!! ئاوا ئەم زانا خواوویستە لە یازدەی ڕەمەزانی ساڵی ٩٥ ی کۆچی (٧١٤ز)دا شەهید بوو.. ڕەحمەتی خوای لێ بێت..

(٢٢)

## سەلمانی فارسی

شەیدای حەق و هۆگری حەقیقەت سەیدنا سەلمانی فارسی خوا لێی ڕازی بێت کە پێشتر ناوی روزبة بوو، مەجووسی بوو، لە ناوچەی کازرۆنی باشوری ئێران لە دایکبوو، بەڵام دواتر باوکی بوو بە سەرۆکی جوتیارانی ئەسفەهان بۆیە هەموویان هاتنە ئەوێ.. کە قەناعەتی بە مەجووسێتی نەما، بەرەو شام رۆیشت و تێکەڵ بە قەشەو پیاوانی مەسیحێتی بوو، بەڵام نەبووە مەسیحی.. دواتر کە باسی هاتنی پێغەمبەرێکی لە نیوەدۆرگەی عەرەبستان بیست، بەرەو ئەوێ کەوتە رێ و لە مەدینە بە خزمەت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ گەیشت.. بەو شێوەیە کەوتە ریزی کاروانی یاوەران و خۆشەویستانی نزیك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ..

لە هەر شوێنێك ناوی سەیدنا سەلمان دەهێنرێت، ئەم گەشتەی باوەڕو بیرۆکەی هەڵکەندنی چاڵەکەی غەزای خەندەق بیر دەکەوێتەوە.. چونکە ئەوە بەناوبانگە کە سەیدنا سەلمان بە پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموو: کە باشتر وایە خەندەق بە دەوری مەدینەدا هەڵکەنین تا قورەیش و سوپاکەی

نەتوانن بپەڕێنەوە ئەمبەری مەدینە.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە ڕاوێژەکەی کردو خەندەقەکە هەڵکەندراو خوای گەورە کردیە هۆکاری تێکشکانی ئەحزابەکان .

سەیدنا سەلمان بە تەقواو دینداریی ناسرابوو، لە دنیادا زۆر زاهیدانە ژیا، لەگەڵ ئەوەشدا ئامۆژگاری ئەبو دەردائی دەکرد کە نابێت بەردەوام بەڕۆژوو بێت و هەموو شەوانێکی قیاموللەیل بکات و ئەوەندە جەستەی خۆی ماندوو بکات.. پێی دەفەرموو: جەستەت مافی لەسەرتە، خێزانەکەت مافی لەسەرتە.. مافی هەر یەکەیان بدەو خواپەرستی خۆشت بکە ..

یاوەران زۆریان سەیدنا سەلمان خۆش دەویست.. تەنانەت جارێك لە سەردەمی حوکمڕانی سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابدا خوا لێی رازی بێت لە گەشتێك دەگەڕایەوە بۆ مەدینە، کە سەیدنا عومەر پێی زانی، فەرمووی: با خەڵکی کۆکەینەوەو بچینە پێشوازیی! سەیدنا عەلی کوڕی ئەبوتالیب خوا لێی رازی بێت پێی دەفەرموو: ئەمە لوقمانی حەکیمی ئوممەتەکەیە، زانستی پێشین و پاشینی لا کۆبۆتەوە.. ئەمە دەریای زانیارییە ..

سەیدنا سەلمان بە پیریش وازی لە کەسابەت نەهێنا! هەرچەندە هەموو ساڵێك لە بەیتولمالەوە بڕی چوار هەزار درهەمی بۆ بڕابۆوە، بەڵام ئەو پارەکەی بەیتولمالی نەدەخواردو دەیدایەوە بە هەژاران.. گەڵای دارخورمای بە درهەمێك دەکڕی و بە کۆڵ دەیهێنایەوەماڵەوە، ئینجا پاپووچی لێ دروست دەکردو بە سێ درهەم دەیفرۆشتەوە.. درهەمێکی دەکرد بە خێرو درهەمێکی بۆ ماڵ و منداڵیی و درهەمی سێیەمیش وەکو سەرمایەی دەستی گەڵای تری خورمای پێ دەکڕییەوە ..

کە لەسەردەمی خیلافەتی سەیدنا عومەردا خوا لێی ڕازی بێت کرا بە والی مەدائین، جارێك لەسەر ڕێی دەرەوەی شار وەستابوو، بینی کابرایەکی خەڵکی شام بە کۆڵێکی قورسی هەنجیرو خورماوە هات.. کابرا کە سەیدنا سەلمانی بینی دڵی خۆش بوو، ووتی وەك حەممالْ بەکرێی دەگرم.. کە گەیشتە لای و سڵاوی لێکرد، پێی ووت: ئەو کۆڵەم بۆ هەڵگرەو لە کرێی خۆت بێ خەم بە.. سەیدنا سەلمانیش تاوی کۆڵەکەی داو خستیە سەر شانی و ڕۆیشتن.. کە گەیشتنە ناو شار، کۆمەڵێك کەس سڵاویان لە سەیدنا سەلمان کرد بە شێوەی سڵاو لە ئەمیری بەڕێز.. کابرا پێی سەیربوو کە خەڵکی پۆل پۆل دەهاتنە لایان و پەلاماری کۆڵەکەیان دەدا تا هەڵیگرن ئەویش نەیدەهێشت.. کابرا لە دڵی خۆیدا دەیووت: خوایە مەبەستیان لە ئەمیر چییە.. دوایی کە زانی ئەمە سەیدنا سەلمانەو ئەمیری مەدائینە چاوی چووە پشتی سەری و داهاتەوە کۆڵەکە لە سەیدنا سەلمان بسێنێتەوە، سەیدنا سەلمان نەیهێشت و فەرمووی: هەقی خۆتە تا ناو بازاڕ بۆت هەڵگرم.. مەگەر تۆ نەتووت لە کرێی خۆت بێ خەم بە.. من لە کرێی خۆم لای خوای گەورە بێ خەمم، تۆش بێ خەم بە..

کە سەیدنا سەلمان نۆرەی مەرگی گەیشتێ، نەخۆش کەوت، بە خێزانەکەی فەرموو: ئەو پریاسکە دەرهێنە کە بۆت هەڵگرتبووم، کە میسکی تێدابوو لە جەنگی جەلەولادا دەستی کەوتبوو، فەرمووی، ئێستا خەڵکی کە دەبیستن نەخۆشم دێنە سەردانم، ئەم بۆن میسکەم پێوە کە، با کە خواردن و خواردنەوەش ناخۆن لە ماڵمان (لەبەر نەبوونی) با بۆنی خۆش بکەن.. ژنەکەی بۆنەکەی پێوە کردو چووە حەوشەی ماڵەکە کە هاتەوە گیانی سپاردبوو!! ئیتر

هەر لە مەدائین لە تەنیشت سەیدنا حوزەیفەی کوڕی یەمانەوە نێژرا لە شوێنێك کە دەکەوێتە نزیکی بەغداو بە ناوچەی سەلمان پاك بەناوبانگە، مەرقەدێکی بە گومەزو کۆشکێکی گەورەی بە دەوردا کراوە. خوا لێی رازی بێت ..

(٢٣)

## سەید قوتب

(١٩٠٦-١٩٦٦ ز)

سەیید قوتب ئیبراهیم لە ١٩٠٦/١٠/٩ لە گوندی مووشەی سەر بە شاری ئەسیوتی میسر لەدایك بووە. نۆبەرە (کوڕی یەکەم)ی دایکی بووە، بۆیە بایەخێکی زۆریان پێداوە. باوکی موختاری گوندەکە بووەو وەکو ئەندامی حیزبێکی سیاسیش چاو کراوە بووە. دایکیشی هەمیشە هیواو ئومێدێکی گەورەی لە دڵ و دەروونیدا رواندووە کە (حەتمەن دەبێت ناوی خانەوادەکەمان هەر بە گەورەیی راگریت و خۆت بچوك نەکەیتەوە بۆ شتی منداڵانە) سەییدی رەحمەتی خۆی لە ساڵی ١٩٤٠دا ئاماژە بەم هیوا پێبوونە دەکاتەوە.

لەگەڵ هەست بە پاکی و راستگۆیی و جوامێری لادێ زیت و ووریایی و چاوکراوەیی سیاسەتیش کەسێتی (پیاوانە) ی سەییدیان دادەڕشت، کە لە دارالعلوم دەیخوێند مەقالەشی بۆ گۆڤارەکان دەنووسی، وا زوو، وا بەهێزو وا بە جورئەتەوە شتی دەنووسی تا بووە جێ سەرنج و شانازی هەموو ئەوانەی دەیانناسی! مەهدی عەللامی مامۆستای بەناوبانگی دار العلوم لە زەمانی

قوتابێتییەکەی سەیید قوتبدا دەیووت: گەر لە دنیادا غەیری سەیید قوتابیم نەبووبێت، ئەو بەسمە.. ئەو جێی خۆشحاڵی و شانازیمە .

لە ١٩٤٨/١١/٣ دا بۆ دوور خستنەوەی لە ساحەی میسر حکومەت بە بەهانەی خوێندن ناردی بۆ ئەمریکا، سەیید لەوێ بوو کە لە شوباتی ١٩٤٩دا ئیمام بەننا شەهید کرا..

ساڵی ١٩٥٠ بووە بە ئیخوان و لە ١٩٥٢ دا بوو بە ئەندامی شورا (مەکتەبی ئیرشاد) و بەرپرسی بەشی راگەیاندن. هەر لە ئیخواندا مایەوە تا ساڵانی دوایی تەمەنی کە ئیتر لەگەڵ عبدالفتاح اسماعیل و محمد یوسف هەواش و عبدالمجید شازلیدا وازیان لە ئیخوان هێناو خۆیان تەنزیمێکی تری سەربەخۆیانیان دروست کرد

سەیید لە ١٩٦٦/٨/٢٩ دا بە فەرمانی جەمال عبد الناسری سەرۆکی میسرو لەسەر داوای خرۆشۆفی سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت ئیعدام کرا..

بەهێزترین سیفەتی سەیید قوتب راستگۆیی و ئازایەتی و جوامێری و دەستپاکی و سەخاوەت و بێ هەواو فیزی بوو. سیفەتی تری فەرماندەییشی تێگەیشتنی ململانێ و گەشبینی و نەفەس درێژی بوو..   شەهیدی جیهاد دکتۆر عبدالله عەززامی رەحمەتی لە ووتارێکی هەیینیدا لە پیشاوەر فەرمووی: لە عەقیدەدا کەوتوومەتە ژێر کاریگەری ئیبنوتەیمیەوە لە پەروەردەو پابەندیدا کەوتوومەتە ژێر کاریگەری ئیبنولقەییم، لە فقهیشدا ئیمامی نەوەوی زۆرتر کاری تێکردووم، لە بزاڤ و کاری ئیسلامیشدا قوتابی سەیید قوتبم، چونکە لە هەموو کەس زیاتر

کارتێکردنی لەسەرم هەبوو، بە تایبەتی لەو ماوەیەدا کە من لە ئەزهەر دەمخوێندو لە نزیکەوە مولازەمەی مامۆستا سەییدم دەکرد..

دکتۆر عبداللە عەززام لە کتێبی (عملاق الفكر الاسلامى: الشهيد سيد قطب) دا دەربارەی گەڕانەوەی سەیید بۆ بزاڤی ئیسلامی دەفەرموێ: (دوو روداو کارتێکردنی زۆر لەسەر سەیید قوتب هەبوو، کە کاریگەر بوون لەسەر ئاڕاستەی و ڕێبازی ژیانیان گۆڕی :

- یەکەم: لەو کاتەی سەیید لە ئەمریکا بوو، دەڵێ: لەو سەردەمەدا هەموو ووڵاتانی رۆژئاوا هەوڵیان دەدا جێ پێیەك بۆ خۆیان لە ووڵاتانی رۆژهەڵاتدا مسۆگەر کەن، میسریش لە پێش هەموانەوە . ئێمەش کە شەش قوتابی میسری بووین، وەزارەتی مەعاریف نارد بووینی بۆ ئەمریکا، زۆر کەس پەیوەندییان پێوە دەکردین و هەواڵی وووڵاتیان لێ دەپرسین.. جارێك سەفیری بەریتانیا لە ئەمریکا دەعوەتی کردین بۆ ماڵەکەی خۆی، ئێمەش چووین . لەوێ لای ئەو کتێبی ( العدالة الاجتماعية في الاسلام )ە کەی خۆمم بینی - کە تازە چاپ کرا بوو - وا لە لایەتی!! یەك نوسخەی گەیشتبووە خۆم، کەچی دەبینم وا نوسخەی لای کاکەی سەفیرە! سەفیری بەریتانیا لە ئەمریکا ! سەرم سووڕما - وا دیار بوو ئەویش زوو هەستی بە سەر سووڕمانەکەی من کرد بۆیە - تا وام حاڵی بکات کە زیاتر جێ بایەخی ئەووم. ووتی: ئەمەش کتێبەکەی دواییتەو نوسخەیەکم بۆ هاتووەو منیش وا خەریکی وەرگێڕانیم بۆ ئینگلیزی!!

لەویش سەیرتر ئەوە بوو کە کوڕەکانی سەفیر ناویان محمد و احمد و علی بوون!!!

- دووەم: هەر لەو سەفەرەیدا، جارێك لە ١٩٤٩/٢/٣١ دا لە نەخۆشخانەیەكی ئەمریكا كەوتبوو، رۆژێك دیتی هەموو قاوشەكان رازێنراونەتەوەو گڵۆپی زۆرتر هەڵكراوەو دەیان هێماو نیشانەی ئاهەنگ و خۆشی هەڵواسراوە. سەیید دەفەرموێ: پرسیم: دەڵێی ئەمڕۆ ئاهەنگێك هەیە؟ ئافرەتێكی برین پێچ وەڵامی دامەوە: بەڵێ بەڵێ، كەڵە پیاوەكەی رۆژهەڵات كوژرا، دوژمنەكەی رۆژئاوا! سەیید دەڵێ: ووتم ئاخۆ كێ بێت؟! گومانم هەر بەرەو هیندستان و ووڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا چوو، كەچی دوایی رۆژنامەیەكیان دامێ، كە سەیر دەكەم كەڵە پیاوە كوژراوەكە ئیمام بەننای میسری رابەری اخوان المسلمینە!!

سەیید دەڵێ لە دڵی خۆمدا ووتم: (الانَ حَصْحَصَ الحقُّ: ئا ئێستا حەق دەركەوت) ئیتر زانیم كە تەنها ئەم كۆمەڵە هەن لەسەر حەق و هەقخواز بن، منیش ئیتر هیچ عوزرێكم لای خوا نەما شوێنیان نەكەوم و نەبمە ئەندامیان.. ئەمەتا.. ئەمە ئەمریكایە كە سەما لەسەر كاسەی سەری ئیمام بەننا دەكات و ئەوەش بەریتانیایە كە هەرچی تواناو ووزەی هەیە دژی ئیخوان خستوێتیە كار! سەیید دەڵێ: هەر لە ماڵی كابرای سەفیری بەریتانی بووین كە بڕیارم دا ببمە ئەندامی ئیخوان..

ئیتر لەوەو دوا سەییدی رەحمەتی وازی لە خوێندنەكەی هێناو گەڕایەوە میسرو چووە ریزی ئیخوانەوە. لە وێشدا بێ گومان دیدی بەرفراوانتر بوو، بەڵام وا دیارە لە ساڵانی میحنەتی ئیخواندا زۆر كەس خاڵە نەگۆڕەكانی دیدو كاری ئیسلامی دەگۆڕی! بەڵام سەییدی رەحمەتی تا دەهات بەرچاو روونتر دەبوو، بۆیە گەورەترین و گرنگترین تیۆری فیكری بزاڤی ئیسلامی دەربارەی گرنگی عەقیدەو

کۆبوونەوە لەسەر عەقیدەو بزاڤ بە عەقیدەی نووسی و بێ موونافیس بووە مامۆستای نەوەی نوێی ئیسلامییان..

- شێخ حمود بن العقلاء رحمە اللە لە گەورە زانایانی سعودیە بوو، دەربارەی سەیید قوتب دەفەرموێ: سەیید رحمە اللە کەڵەپیاوی مەنهەجی و هەڵوێستی رووبەڕوو بوونەوەی ستەمکارانە. یەکێکە لە پیاوە کەم وێنەکانی بانگەوازی خواپەرستی و خوابەیەکناسی، بە رۆحی خۆی سرەوتی لە دوژمنانی خوا جەمال عەبدونناسرو ئەمسالی ئەو بڕی، بۆیە کەس وەکو ئەوان بە ئیعدام کردنی دڵخۆش نەبوو، ئەو کلکانە وایان دەزانی بە کوشتنی سەیید بانگەوازەکەی دەفەوتێت! نەیانزانی ئەو خوێنەی مەنهەجەکەی ئەوی ئاودا، گوڕو تینی بە هەموو ووشەکانی دا، سەییدی زیاتر بردە پێش و کتێبەکانی ئەوی زیاتر بڵاو کردەوە، چونکە راستگۆیانە نووسیبوونی، بۆیە دەبینیت سەر لە نوێ کەوتوونەتەوە تیر پێوە نانی!! ئێستا کە سەیید قوتب سەر لە نوێ موستەهدەف بۆتەوە، خۆ بێگومان لەبەر شەخسی خۆی نییە، شەخسی خۆی رۆیشت و نەما بەڵکو بە هۆی مەنهەجەکەیەوەیە. دەربارەی رەخنە لێ گرتنیشی، سەیید لە نێو زانایاندا یەکەم کەس نییە هەڵەی لێوە دەرکەوتبێت، بەڵام تیرو توانج و لاواز کردنەکەی هەر لەبەر هەڵوێستی دژایەتی کردنەکەی زوڵم و کوفر بووە ..

- شێخ بن جەبرینیش کە هەر لە گەورە زانایانی سعودیەیە دەربارەی سەیید قوتب دەفەرموێ: سەیید قوتب و حەسەن البەننا لە زانایانی ئیسلامن، ئەهلی بانگەوازی خوان، خوای گەورە بەوان خراپەی زۆری راداو خەڵکێکی زۆری پێ هیدایەت دان. رەنجی ئەوان نکوڵی ناکرێت، بۆیە شێخ بن بازی رەحمەتی لای

جەمال عەبدوننناسر تکای بۆ کرد تا ئیعدامی نەکات، بەڵام ئەو - خوا سزای بەوە بداتەوە کە شایانێتی- هەر ئیعدامی کرد. چونکە ئەو دوو پیاوە لەسەر مەنهەجی ئیسلام کوژراون خەڵکێکی زۆر شایەتی شەهید بوونی بۆ داون، چونکە بە مەزڵومی کوژران.. رحمهما الله.. ئەوە ماوەی بیست ساڵیشە خەڵکی کتێبەکانیان دەخوێنن.. ئەو رەخنانەش کە لەم دوایی دواییانەدا لە هەڵەکانیان دەگیرێت، خۆ ناگاتە سنووری کوفر، هەر وەکو ئەو رەخنانە وان کە لە نەوەوی و سیوتی و ئیبنول جەوزی و ئیبن عەتییەو خەتتابی و قەستەلانی و ئەوانی تر گیراون. ئەو رەخنانەشم خوێندۆتەوە کە شێخ رەبیع المدخلی لە سەییدی گرتوون، وا نازانم هەر ناونیشانی گەورەی بۆ داناوون! ئەگینا رەخنەکان وا نین.. رەددەکەی شێخ بەکر ئەبوزەیدیش کە لە مەدخەلی گرتووە بە جێن..

- شێخی الدوسریش لە یەکێك لە موحازەرەکانیدا دوای ئەوەی قسەیەکی سەییدی هێنا بۆوە، گەنجێك لێی راست بوو بۆوەو رەخنەی لێ گرتبوو کە بۆچی قەولی سەییدی بە شاهید هێناوەتەوە! دواتر بە دۆسەری وتووە خۆ سەیید قوتب ریشی نەبووە!! دۆسەری لە وەڵامێکی کەللە تەزێنندا وتوێتی: ئەگەر سەیید قوتب موو بەریشیەوە نەبووە، بەڵام گومانی تێدا نییە کە خاوەن هەست و غیرەتێکی باش بوو، خاوەن باوەڕو یەقینێکی قایم بوو، خاوەن عێزەتی نەفس و رێز بوو، غیرەتی بۆ موسوڵمانان دەجوڵا، رۆحیشی قوربانی دینەکەی کردو لە پێناوی خواداو بۆ وەدەست هێنانی رەزامەندی ئەو شەهید بوو. خاوەنی ئەو قەولە بەناوبانگە بڵاوەیە کە کاتێك داوایان لێ کرد کە لەوەی کردوێتی پەشیمان بێتەوەو داوای لێبوردن لە دەسەڵاتداران بکات، فەرموویەتی: بۆچی داوای بەزەیی بکەم؟!

ئەگەر لەسەر حەق گیراوم حوکمی حەقم پێ خۆشەو پێی رازیم، ئەگەر بە ناحەقیش گیراوم من لەوە گەورە ترم داوای لێبوردن و بەزەیی لە باتڵ بکەم.. ئەو پەنجەیەی لە نوێژدا بۆ شاهێدی دان بەرزم کردۆتەوە رەفزی ئەوە دەکات ووشەیەك بنووسێت ئیقراری حوکمی تاغووتی تێدا بێت، پاشان شێخی دۆسەری بە کابرا دەڵێت: (هذا هو سيد قطب فأين أصحاب الشعر بلا شعور من مواقف الرجال؟) واتە: ئا ئەوە سەیید قوتبە، ئیدی کوا ئەوانەی موویان هەیە و روویان نییە، هەڵویستی ئەوانە چۆن بە هەڵویستی پیاوان بەراوورد دەکرێت.

(٢٤)

# سوفیانی کوڕی عویەینە

(١٠٧-١٩٨ ك)

سوفیانی کوڕی عویەینە، ساڵی ١٠٧ك لە کوفە لە دایکبوو، بەڵام هەر لە مەککە ژیا تا کۆچی دوایی کرد.. لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا قورئانی لەبەر کردبوو، قیرائاتی لای عاسیمی کوڕی ئەبونجود خوێند.. لە ١٧ ساڵیدا کەوتە لەبەرکردنی فەرموودە.. وەکو قوتابیەکی زیت و وووریاو بە ئەدەبێکی سەرسوڕهێنەوە بوو بە قوتابی ئیمامی زوهری و زەیدی کوڕی ئەسلەم و محمدی کوڕی مونکەدیرو ئەییوبی سەختیانی (مامۆستای ئیمامی مالیك) و مەنسووری کوڕی موعتەمیرو حەمیدوتتەویل و ئیبنوعەجلان و ئیبنوئەبی لەیلاو دەیانی تر.. سەیر ئەوەیە هەر لەو کاتەی قوتابی فەرموودەوانی ئەعمەش و ئیبنوجورەیج و شوعبە بوو، هەرسێکیان فەرموودەیان لێوە دەگێڕایەوە! لە تەمەنی نەوەدو یەك ساڵی خۆیدا بوو بە مامۆستای سەدان قوتابی و سەدانی پێگەیاندو بردنیە ئاستی پێشەوایانی ئوممەت.. لەوانە حەممادی کوڕی زەیدو عبداللهی کوڕی موبارەك و ئیمامی شافیعی و عبدالرزاق و سەعیدی کوڕی مەنسوورو یەحیای کوڕی مەعین و عەلی کوڕی مەدەینی ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئیبنوئەبی شەیبەو ئیسحاقی کوڕی راهەوەی و سەدانی دیکە.. ئیمامی شافیعی دەرهەق دەیفەرموو: ئەگەر مالیك و سوفیان نەبوونایە زانستی حیجاز دەفەوتا.. دەیفەرموو: فەرموودەی ئەحکام پێنجسەدو قسوورە، دیتم هەمووی جگە لە ٣٠ سی

فەرموودەی لای مالیك نیە، کەچی بینیم هەر هەمووی جگە لە ٦ شەش فەرموودەی لای سوفیان نییە! چونکە ئیمامی سوفیانی کوڕی عویەینە فەرموودەی لای حیجازیەکان و عێراقیەکانیش کۆکردبۆوە، بەڵام ئیمامی مالیك هەر ئەو فەرموودانەی کۆکردبۆوە کە لە یاوەرو کوڕە یاوەرەکانی مەدینەیەوە وەرگرتبوو ..

ئەحمەدی کوڕی عبداللەی عیجلی دەفەرموێ: سوفیانی کوڕی عویەینە کتێب و دیوانی نەبوو، حەفتا هەزار فەرموودەی لا بوو، هەمووی لە مێشکدا بوو بە دەرس بە خەڵکی دەووتەوە..

موجاهیدی کوڕی موسا لێیەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: هیچ فەرموودەیەکم نەنوسیووە ئیللا پێش نوسینەوەی لەبەرم کردووە..

حەرمەلەی کوڕی یەحیا جارێکیان نانێکی بۆ هێناو بە عوزرەوە نانەکەی دایەو فەرمووی: گەردنم ئازاد کە کە نانی جۆیە.. فەرمووی: ئەوە شەست ساڵە غەیری نانی جۆم نەخواردووە..

لە زاهیدێتی و تەقواکارییدا دەیفەرموو: هەر کەسێك بە هۆی هەواو هەوەس و ئارەزوویەوە کەوتە گوناحەوە ئومێدی لێخۆشبوونی لای خوای گەورەت بۆی هەبێت، بەڵام ئەو کەسەی بە هۆی لووت بەرزییەوە گوناح دەکات خەمیت بێت کە خوای گەورە لێی خۆش نەبێت.. چونکە سەیدنا ئادەم بە هۆی حەزەوە کەوتە گوناحەوەو خوای گەورەش لێی خۆش بوو، بەڵام ئیبلیس بە هۆی لووت بەرزییەوە کەوتە گوناحەوەو ئاوا بە لەعنەت کراو رەنجەڕۆ بوو!

سەیدنا سوفیان حەفتا جار حەجی کردبوو، لە هەموو حەجێکیدا هەر دەیفەرموو: خوایە ئەمە کۆتا حەجم نەبێت.. ئەو ساڵەی تێیدا کۆچی دوایی کرد، لە کۆتا حەجیدا گوێیان لێ نەبوو دوعاکەی جارانی بکاتەوە.. کە لێیان پرسی بۆچی: فەرمووی: بە خوا شەرمم دەکەم زیاتری لێ داواکەم.. ئیتر دوای حەج کە گەڕانەوە مەککە کۆچی دوایی کرد. !!

(٢٦)

## عبداللەی کوڕی ڕەواحە

عبداللّەی کوڕی ڕەواحەی ئەنساریی خەزرەجی، یاوەری بەڕێزی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، شاعیری سەردەمانی جاهیلییەت و ئیسلام، نەقیبەکەی بەیعەتی عەقەبەو نوێنەری هۆزەکەی کە دواتر پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، لەگەڵ میقدادی کوڕی عەمردا کردنی بە برای یەکتریی.. سەیدنا عبداللە یەکێك بوو لەو سێ کەسە ئەنسارییەی کە لە سەرەتای غەزای بەدردا بۆ زۆرانبازیی مەرگ لە ڕیزی موسوڵمانان هاتە دەرەوە، بەڵام عوتبەی کوڕی ڕەبیعە کە لە بەرەی قورەیش بوو قبووڵی نەکرد سێ کەس لە ئەنسار بەرامبەریان بێت.. ووتی: سێ کەسمان لە کۆچەریەکانی خۆمان بۆ بنێرنە دەرەوە.. ئینجا سەیدنا عەلی و حەمزەو عوبەیدە بۆیان چوونە ساحەوە.. سەیدنا عبداللّەی کوڕی ڕەواحە لە هەموو غەزاکانی تردا بەشداریی کرد، تا لە غەزای موئتەدا شەهید بوو..

سەیدنا عبداللە خاوەنی شەونوێژێکی زۆر بوو، زۆر هۆشی لە تەقواکاریی بوو، ئەمە کە بە یارانی دەفەرموو: دانیشن با سەعاتێك ئیمانمان زیاد کەین.. ئەمە کە

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، دەربارەی دەیفەرموو: ڕەحمەتی خوا لە عبداللە بێت کە ئەوەندە حەزی لەو کۆڕانەیە کە فریشتەی خوایان تێدا ئامادە دەبێت.. بە ڕاستی پیاوی چاکە! ئەم سەروەرەمانە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، لەسەر مینبەرەکەی فەرمووی: دانیشە، ئەمیش لە دەرەوەی مزگەوت گوێی لێبوو، یەکسەر دانیشت.. هەڵنەستا تا کاتی نوێژ، دوای ووتارو نوێژەکەش دانیشتەوە، کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، گەیشتە لای بینی وا دانیشتووە فەرمووی: بۆچی لێرە دانیشتوویت؟! فەرمووی: جەنابت فەرمووت دانیشە منیش ووتم نەبادا مەبەستی من بێت.. ئیدی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فەرمووی: خوا سووربوونت لەسەر گوێڕایەڵیی و ملکەچێتی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، زیاتر کات ..

سەیدنا عبداللەی کوڕی ڕەواحە یەکێکە لەو سێ شاعیرەی بە زمانیش بەرگریان لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، دەکردو ڕووەو موشریکان دەوەستانەوە.. دەربارەی شیعرەکەشی بوو کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، دەیفەرموو: سوێند بە خوا شیعرەکانی بە قەدەر نووکی تیر کاریگەریی لەسەریان (لەسەر موشریکەکان) هەیە..

ساڵی هەشتەمی کۆچی کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، سوپایەکی نارد بۆ جەنگی ڕۆمەکان، سەیدنا عبداللەی کوڕی ڕەواحەش یەکێك بوو لە فەرماندەکانی.. لە بادیەی شام دیتیان سوپای ڕۆم سەد هەزار سەربازەو ئەمانیش سێ هەزار.. کە هەندێك لە سەربازەکان هەڵوێستەیان لە جەنگ کردنەکە کرد، سەیدنا عبداللە بە شیعری پڕ حەماسەتی خۆی و غیرەتی

جوامێرانەی هانیدانەوەو جیهادو گەورەیی و پاداشتی جیهادی خستنەوە پێشچاوو لەبەر چاوی هەموویان خۆی فڕێدایە ناو توونی شەڕەکەوەو دوای شەهیدبوونی زەیدی کوڕی حاریسەو جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب سەیدنا عبداللە بوو بە فەرماندەی گشتی، بەڵام زۆری نەبرد ئەمیش گلاو شەهیدبوو ..

جارێك خێزانەکەی سەیری کرد وا دوای دوو رکات نوێژی تولانی بە کوڵ دەگری.. لێی پرسی: چی دەتگریێنێ؟! فەرمووی: خوای گەورە دەفەرموێ: (وَإِن مِّنكُمْ إِلاَّ وَارِدُهَا) مریم/٧٣ واتە: کەستان نییە نەیەتە لای ئەو دۆزەخە.. منیش دڵنیام کە دەچم و ئەو دۆزەخە دەبینم، بەڵام خۆ نازانم دووڕم دەخەنەوە لێی یان نا..

(٢٧)

## عبداللەی کوڕی عەبباس

(... - ٦٨ ك)

عبداللەی کوڕی عەبباسی کوڕی عەبدولموتتەلیب، ئامۆزای پێغەمبەری نازدارە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ .. دەریای زانستیەکانی قورئانەوانی و فەرموودەوانی و شەرعناسیی.. سێ ساڵ پێش هیجرەت لە دایکبوو.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆری لەم دواعایانە بۆ دەکرد: خوایە ناخی پڕکە لە زانست و پیاوچاکانە بیژیێنە.. هەر بە منداڵی لە خۆی نزیك دەکردەوەو دوعای بۆ دەکرد: خوایە تێی گەیێنە لە دین و لێکدانەوەی قورئانی فێر کە!

کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆچی دوایی کرد ئیبنوعەبباس تەمەنی ١٣ ساڵان بوو. بەڵام سەیدنا ئەبوبەکری سددیق و عوسمانی کوڕی عەففان خوا لێیان رازی بێت هەمیشە پێش نوێژیان دەخست و قسەیان وەردەگرت.. سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب بەردەوام لە کاری گەورەوگچکەدا پرس و ڕای پێ دەکرد، دەیفەرموو: ئەم گەنجە پیرۆکە دانایە..

سەیدنا عەلی کوڕی ئەبوتالیب خوا لێی رازی بێت کردی بە والی بەسرە..

سەیدنا سەعدی کوڕی ئیبنو ئەبی وەققاس دەیفەرموو: کەسم وەکو ئەم گەنجەی قورەیش نەدیووە، حاڵیبوونی زۆر خێرایە، مێشکی زۆر بەرفراوانە، زانستی زۆر زۆرە، زۆر بە سەبرو سینەفراوانە.. لەبەر ئەمانەیەتی کە عومەری کوڕی خەتتاب لەو کاتانەی کە پیرەکانی ئەهلی بەدری لە خزمەتتدایە، راوێژ بەم دەکات ..

طاووس دەفەرموێ: وازم لە حەفتا پیری یاوەران هێنا بۆ سەیدنا ئیبنوعەبباس.. مەبەستی لەوەیە کە هەرچی ئومێدم بوو لەو حەفتا یاوەرە بەڕێزەوە فێربم، هەمووی لە سەیدنا ئیبنوعەبباسەوە فێربووم..

سەیدنا ئیبنوعەبباس لە زۆری زانایی ناونرابوو دەریا.. چونکە جارێك پرسیارێکیان لێ نەکردووەو وەڵامێکی لا نەبووبێت! وەڵامەکانی لە قورئاندا دەدۆزیەوە، ئەگەر نا لە فەرموودەدا، ئەگەر نا لە هەڵوێستی یاوەرێکدا، ئەگەر نا بە رای خۆی فەتواکەی دەدا.. هەموو قورئانی ئایەت بە ئایەت و ووشە بە ووشەو پیت بە پیت شەرح کردووە..

سەیدنا ئیبنو عەبباس لەگەڵ ئەم زانین و گەورەییەشیدا دەیفەرموو: جاری وا هەیە بۆ زانینی مەسەلەیەك بە تەواویی پرسیارم لە ٣٠ یاوەری پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکرد..

کاتێك کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆچی دوایی کرد، سەیدنا ئیبنوعەبباس رۆژانە دەچووە خزمەت ئەو یاوەرانەی لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نزیك بوون، پرسیاری لێ دەکردن و فەرموودەی لێوە وەردەگرتن.. دەیفەرموو: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نەما، پێویستە زوو شت لەو یاوەرانەوە فێر بین کە لە خزمەتیدابوون.. تەنانەت زۆرجار دەیانبینی لە قرچەی گەرمادا کە خەڵك لەبەر سێبەر دەخەوت، ئەو لەبەر دەرگای ماڵەکانیاندا بە چیچکانەوە دادەنیشت چاوەڕێی دەکرد ئەو یاوەرە دوای نوستن و حەوانەوەی بێتە دەرەوەو فەرموودەیەکی لێوە فێر بێت.. زۆرینەی یاوەران ئەمەیان پێناخۆش بوو، پێیان دەفەرموو: برا جەنابت بنێرە بە دواماندا دێینە خزمەتت.. جەنابت دەریای زانستیت و ئامۆزای پێغەمبەری خوایت صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ! چۆن دەشێت لەبەر ماڵەکانی ئێمەدا بکەویت؟!! ئەمە لە کاتێکدا بوو کە خۆی لە مزگەوت کۆڕی زانستی دەبوو، مزگەوت و دەرەوەی جێی یەك کەسی تری نەدەماو هەتا دەرسەکە تەواو دەبوو تێبینی نەدەکرا یەك کەس جێی خۆی بگۆڕێت چجای ئەوەی بڕوات!! بۆیە زۆرجار کە دەیبینی خەڵکێکی زۆر لە دەرەوە دەوەستان رووی لەوانەی ناوەوە دەکردو دەیفەرموو: اخوانکم.. واتە بوارێکیش بۆ براکانتان بکەنەوە، ئیتر ئەوانەی ناوەوە دەچوونە دەرەوەو ئەوانەی دەرەوە دەهاتنە ناوەوە.. تا وای لێ هات دەرس و خەڵکەکەی دیاری بکات.. دەیفەرموو: ئێستا دەرسی

تەفسیرە، ئەوەی دەرسی تری دەوێت یان پرسیاری تری هەیە دانەنیشێت، دواتر دەیفەرموو: دەرسی میراتە، ئەوەی پرسیاری میراتی نیە با دانەنیشێت.. وە هەروەها!! لە هەموو دەرسێکیشیدا مزگەوت هەر ئاوا قەرەباڵغ دەبوو کە جێی کەسی تری لێ نەبێتەوە.

سەیدنا ئیبنوعەبباس سەرچاوەی وەرگرتنی فەرموودەی هەموو فەرموودەوانانە چونکە ١٦٦٠ فەرموودەی گێڕاوەتەوە..

لەگەڵ ئەم زانایی و داناییەشیدا سەیدنا ئیبنوعەبباس پیاوێکی نەرم و نیان و ڕەوانبێژو خاوەن بەڵگەو شێوازی گفتوگۆ بوو.. بێ هەواو فیزانە بەرامبەرەکەی تێك دەشکاندو بەرەو خۆی دەهێنایەوە.. سەیدنا عەلی کوڕی ئەبوتالیب خوا لێی رازی بێت سەیدنا ئیبنوعەبباسی هەڵبژارد بچێت موناقەشە لەگەڵ خەواریجەکاندا بکات.. کە چوو موناقەشەی خەواریجەکانی کرد، ڕۆژی یەکەم دوازدە هەزار کەسی لێ پەشیمان کردنەوەو هێنانیەوە سەر بەیعەتی سەیدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیب خەلیفەی بە حەقی موسوڵمانان..

سەیدنا ئیبنوعەبباس لەگەڵ ئەم زانست و دانایی و ڕەوانبێژیی و بەهێزی بەڵگەو بێ هەواو فیزییەشیدا خوای گەورە سەروەت و سامانێکی زۆریشی پێدابوو.. ماڵی لە خواردن و خواردنەوەو میوە نەدەبڕا، ماڵی لە میوانی بەردەوام نەدەبڕا.. لەسەر ئەوەی میواندارێتی نەناس و ناسیاوی دەکرد، خێرەومەندانەش دەیبەخشی..

دەیفەرموو کە دێمە سەر ئایەتێك و هەست دەکەم باش لێی تێگەیشتووم حەز دەکەم بۆ هەموو موسوڵمانانی شەرح کەمەوە، کە خواردنێکی خۆشم دێتە بەر دەست حەز دەکەم بەسەر موسوڵمانانیدا ببەخشمەوە..

زۆر لاشەڕ بوو.. حەزی بە ناکۆکی نەبوو.. زۆری هەوڵ دا سەیدنا حوسەینی کوڕی ئیمامی عەلی خوا لێیان رازی بێت نەچێ بۆ کووفە.. زۆرجار دەکەوتە نێوان موسوڵمانانەوە بۆ نزیککردنەوەی راوبۆچوونیان لە یەکتریی.. لە جەنگی سەیدنا عەلی و سەیدنا معاویەدا خوا لێیان رازی بێت لە بەرەی سەیدنا عەلیدا بوو، چونکە بە خەلیفەی حەقی دادەنا کە دەبێت ملکەچی بۆ دەرببڕرێت..

ئەم سەیدە سەروەرەمان لە ساڵی ٦٨ ی کۆچییدا لە تائیف کۆچی دوایی کرد.. خوا لێی رازی بێت..

(٢٨)

## عبداللەی کوڕی عومەر

سەیدنا عبداللّٰەی کوڕی سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب، کە هەر بە ئیبنوعومەر ناودەبرێت.. دوو ساڵ دوای بانگەوازەکەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەدایکبوو.. لە دوای موسوڵمان بوونی باوکی بەڕێزی ئەمیش هەرچەندە گچکە بوو ئیسلامەتی خۆی ئاشکرا کردو تا کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەکو سێبەر لە خزمەتی ئەم پێغەمبەرە نازدارەدا بوو..

کە لە خزمەت باوکیدا هیجرەتی کرد بۆ مەدینە تەمەنی دە ساڵان بوو. لە مەدینە هەموو قورئانی لەبەر کردو بۆ یەکەمین جار وەك موجاهیدی چەکدار

بەشداریی غەزای خەندەقی کرد چونکە تەمەنی بووبوو بە ١٥ ساڵ.. ئیتر بەشداریی بەیعەتی رزوانی کردو دواتریش لە جەنگەکانی موئتەی شام و قادسیە و مەدائینی دژی فارس بەشداریی کرد، هەروەها لە جەنگەکانی یەرموك لە شام و دوو جار بەشداریی جەنگەکانی ئەفریقای کرد..

لە زانست و جێمتمانەیی گێڕانەوەی فەرمووودەشدا ئەوەندەی بەسە کە ئیمامی بوخاری دەفەرموێ: بەهێزترین سەنەدی فەرمووودە بریتیە لە مالیك لە نافع لە ئیبنوعومەرەوە.. ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیش دەفەرموێ: بەهێزترین سەنەدی ریوایەتی فەرمووودە مالیك لە زوهری و ئەویش لە سالم و ئەمیش لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە کە سەیدنا ئیبنوعومەرە.. یەعنی لە هەر رێگایەکەوە چووە سەر ئیبنوعومەر بەسە بۆ بەهێزبوونی! لە ١٤ ساڵییەوە تا کۆچی دوایی - واتە ماوەی شەست ساڵ - موفتی یاوەران و تابعین بوو! چونکە لە تەمەنی ٨٤ ساڵییدا کۆچی دوایی کرد ..

سەیدنا ئیبنوعومەر وەکو باوکی بەڕێزی چوارشانەو باڵا بەرز بوو، دەنگی گەورە بوو.. ریشی درێژو سمێڵی کورت دەکردەوە.. زاناو شەرعناسێکی گەورە بوو.. سەخی و سینەفراوان و خۆش مەعشەر بوو، بێ میوان نانی نەدەخوارد.. زۆر پابەندی سووننەت بوو، یاوەران دەفەرموون: هیچ شوێنێك نەماوە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێدا رۆیشتبێت یان لێی وەستابێت، یان لێی دانیشتبێت و سەیدنا ئیبنوعومەر نەچوبێتەوە ئەو شوێنەو دوو رکاتی نوێژ لێ نەکردبێت.. درەختێکیان پێ ناساند کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە بن ئەو درەختەدا دانیشتووە، سەیدنا ئیبنوعومەر تا کۆچی دوایی کرد نەیهێشت ئەو

درەختە پێویستی بە خزمەت ببێت، بەردەوام ئاودێریی دەکردو نەیدەهێشت هیچ شتێك زیانی پێ بگەیێنێت! کە خۆشی لەوێ نەبوایە باخەوانی بۆ بەکرێ دەگرت..

لە شەڕی نێوان سەیدنا عەلی و سەیدنا معاویەدا خوا لێیان رازی بێت هیچ لایەنێکی نەگرت و گۆشەگیر بوو، بەڵام دوایی پەشیمان بۆوەو لە سەرەمەرگیدا فەرمووی: هەق بوو لایەنی سەیدنا عەلیم بگرتابا.. هەر لەو کاتەشیدا فەرمووی: بە داخم کە جەنگم دژی حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفی بەرپا نەکرد کە بۆتە (الفئة الباغية) واتە تاقمە تەعەداکەرەکە ..

لە تەمەنی ٨٤ ساڵییدا بوو سەربازێکی حەججاجی کافرو زاڵم بە فیتی ئەو رمێکی ژەهراوی لە سەری پێیدا، کە بوو بە هۆی شەهیدبوونی..

جێی سەربەرزیی دنیاو ئاخیرەتێتی کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لای حەفسەی خێزانی - کە خوشکی سەیدنا ئیبنوعومەرە - دەربارەی فەرمووی: عبدالله پیاوی چاکە ئەگەر شەونوێژەکانی بکردایە.. سەیدنا ئیبنوعومەر دەفەرموێ: لەو جارەوە شەوێك شەونوێژم واز لێنەهێناوە.. جارێکی تریش لە ناو یاوەراندا فەرمووی: عبدالله پیاوی چاکە..

خاوەن زانست، رەوانبێژ.. خاوەن شەونوێژ، خاوەن شمشێری جیهاد.. دەوڵەمەندو سەخیی.. کاسبی ساڵانەی سەدان هەزار درهەم بووا!! کەچی هەر وەکو هەژارەکان دەیخواردو دەیپۆشیی و هەرچی داهاتێکی بۆ دەهات دەیبەخشیی.. مەیموونی کوڕی مەهران دەفەرموێ: دەچوومە ماڵی، هەموو کەلوپەلی ماڵەکەیت بفرۆشتایە (تەیلەسان) جببەیەکی نەدەکرد.. سەعیدی کوڕی موسەییب دەفەرموێ: سوێند بۆ غەیری ئیبنوعومەر ناخۆم کە ئەهلی

بەهەشتە.. خاوەن شەونوێژی بەردەوام و رۆژووی رۆژانی ناوشار بوو.. جگە لەوەی لە ژیانیدا هەزار کۆیلەی بە پارەی خۆی ئازاد کرد، لە مەجلیسێکیدا سی هەزار درهەمی بەخشی ..

وەك لە ماڵی دنیادا زاهید بوو لە پلەوپایەی دەسەڵاتی سیاسیشدا هەر وا بوو، سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب کە هەم باوکی بوو، هەم خەلیفە بوو، کردی بە قازی وەری نەگرت.. سەیدنا عوسمانی کوڕی عەففان کردی بە قازی، وەری نەگرت، سەیدنا عەلی خوا لێی رازی بێت کردی بە والی شام وەری نەگرت.. خوا لێی رازی بێت..

(٢٩)

## عبداللەی کوڕی مەسعوود

سەیدنا عبداللّٰهی کوڕی مەسعوود پێشەوای دین و دینداریی، شەرعناسی ئوممەت، موفتی یاوەران، یەکەمین کەس کە قورئانی بە ئاشکرا خوێند.. سەیدنا ئیبنومەسعوود.. خاوەنی هەردوو هیجرەتەکەی حەبەشەو مەدینە، نوێژخوێنی هەردوو قیبلەکەی قودس و مەککە.. قازیەکەی سەیدنا عومەر لە کوفە و ئەمینداەرەکەی بەیتولمال لە سەردەمی سەیدنا عوسماندا.. خوا لە هەموویان رازی بێت..

هەر زوو موسوڵمان بوو، لە غەزای بەدردا بەشداربوو.. کابرایەکی زەعیف و کورتە باڵابوو، قاچی زۆر باریك بوو، جارێك بایەکی توند لەسەر درەختێکەوە خستیە خوارەوە! کەچی لە غەزای بەدردا بە شمشێرەوە دەگەڕا بەدوای

ئەبوجەهلدا بیکوژێت، دەیفەرموو: زۆری ئازاری پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ داوە، وازی نەهێنا تا شمشێری لە ڕیخۆڵەی ئەبوجەهلی زەبەللاح چەقاندو پێش گیان دەرچوونیشی چووە سەر سنگی.. ئەبوجەهل لێی پرسی: ئەرێ تۆ کێییت؟! ووتی ئیبنومەسعوود.. ئەبوجەهل ووتی: بە راستی بە چیایەکی سەختدا هەڵگەڕاویت!

سەیدنا ئیبنومەسعوود وورياو زیرەك و قسەخۆش بوو، زۆری بۆنی خۆش لە خۆی دەدا.. تەنانەت بە کۆڵاندا دەڕۆیشت لە ناو هەندێك ماڵەوە دەیانزانی ئەوە ئیبنومەسعوودەو لەوێوە تێپەڕی!! پۆشاکی زۆر سپی و پاکی دەپۆشی.. زۆر بێ هەواو فیزو خاوەن تەقواو شەونوێژ بوو.. زۆرجار هەر بە ئیبنوئوم عەبد بانگ دەکرا..

کاتێك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەگەڵ سەیدنا ئەبوبەکری سددیقدا لە هیجرەتدا بوون، ئەم شوانی مەڕ بوو، تووشی بوون، داوای شیریان لێ کرد.. ئینومەسعوود فەرمووی: هیچیان هی خۆم نین و منیش ئەمیندارم.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: بەرخێکیان تێدایە کە هێشتا نەگەیشتبێتە شیردان.. ئیبنومەسعوود فەرمووی: بەڵێ، ئینجا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرخێکی گرت و دۆشی.. شیر هاتە خوارەوە بۆ ناو ئەو قاپەی بۆی گرتبوو.. دوای پڕبوونی قاپەکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە گوانی بەرخەکەی فەرموو: بچۆرەوە حاڵەتی پێشووت.. سەیدنا ئیبنومەسعوود ئەمەی بە چاوی خۆی بینی.. فەرمووی: ئێوە کێن؟! پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەندێکی لە قورئان بۆ خوێند.. ئیتر موسوڵمان بوو..

دەفەرموێ: حەفتا سورەتم لە دەمی پیرۆزی خودی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وەرگرتووە، کە ئەوە بۆ کەس نەلواوە..

(٣٠)

## عبداللەی کوڕی موبارەک

(١١٨- ١٨١ ك)

ئیمامی زانست و فەرماندەی جیهاد، موجتەهیدی شەرعناسیی و نموونەی تەقواکاریی، عبداللّٰهی کوڕی موبارەکی تەمیمی.. ئەسڵی خەڵکی مەرۆی پایتەختی خۆراسانی ئەو سەردەمە بوو کە ئێستا دەکەوێتە ئەفغانستانەوە.. دایکی خەواریزمی و باوکی تورك بوو.. ساڵی ١١٨ کۆچی لە دایك دەبێت، بەڵام بە مێردمنداڵیی بە کۆیلەیی دەکەوێتە دەست بازرگانێکی بەنی حەنزەلەو ئەم دەیفرۆشێت و ئەو دەیکڕێت، تا لە تەمەنی بیست ساڵییدا ئازاد دەبێت و دەچێتە خوێندنی زانستی شەرعی ..

لە سی ساڵییدا هەرچی خێری دنیا هەیە ڕژابوو بەسەریدا.. خواناس و خاوەن تەقوا، پێشەوای شەرع و موفتی زانایان، ڕێبەری جیهادو فەرماندەی مەیدانی، پێشڕەوی حەج و عەمرە.. کاروانی جیهادو حەجەکەی لە سامانی حەڵاڵی خۆی ڕێك دەخست! بەم شێوە نموونەییەشەوە مایەوە تا کۆچی دوایی کرد..

ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەربارەی زانایەتی عبداللّٰهی کوڕی موبارەك دەفەرموێ: عبداللّٰهی کوڕی موبارەك چارەکێکی زانستی دنیا بوو. دنیای سەردەمی خۆی بۆ زانست گەڕا.. لە یەمەنەوە بۆ میسرو لە جەزیرەوە بۆ شام و لە بەسرەوە

بۆ کوفە.. لە بێ هەواو فیزیی خۆیەوە فەرموودەو فەتوای لە هەموو کەسێکەوە وەردەگرت، دەیانی تێدا بوو لە ئاستی خۆیدا بوون، سەدانیشیان تێدا بوو لە ئاستی قوتابی خۆیدا بوو،! کەسوکارەکەی لەم رەفتارەی نیگەران بوون، پێیان ووتەوە کە بۆچی وا دەکەیت؟! فەرمووی: لەوانەیە ئەو ووشەیەی سوودی بۆ دنیاو قیامەتم زۆرترە هێشتا نەکەوتبێتە بەر دەستم.. هەتا کۆچی دوایی کرد هەر بە قوتابێتی مایەوە، لە کاتێکدا دەیان زانا شایەتی ئیجتیهادیان بۆ دابوو.

لە سەرەتای دەسپێکی خوێندنیدا بوو بە فەقێی رەبیعی کوڕی ئەنەسی خۆراسانی و پاشان بە دنیادا گەڕاو چووە خزمەت هیشامی کوڕی عورووەو ئەعمەش و سولەیمانی تەیمی و حەمیدوتتەویل و یەحیای کوڕی سەعیدی ئەنساریی و دەیانی تری وەکو ئیمامی ئەوزاعی و لەیسی کوڕی سەعدو ئیبنوجورەیج و مەعمەرو ئیمامی مالیك و سوفیانی سەوری و حەممادی کوڕی زەیدو دەیان پێشەوای تر.. ئینجا بووەوە بە مامۆستای سەدانی وەکو ئیسحاقی کوڕی راهەوەی و یەحیای کوڕی مەعین و نەعیمی کوڕی حەممادو ئیبن مەهدی و قەتتان و وەلیدی کوڕی موسلیم و خەڵکانێکی تر کە لە ژمارە نایەن ..

سوفیانی سەوری دەیفەرموو: خۆزگە دەخوازم بتوانم سێ رۆژ وەکو عبداللّٰهی کوڕی موبارەك بم، ناتوانم..

سوفیانی کوڕی عویەینە دەیفەرموو: تەماشای سیرەو رەفتاری یاوەران دەکەم و سەیری سیرەو رەفتاری عبداللّٰهی کوڕی موبارەك دەکەم، هیچ جیاوازییەك نابینم جگە لە هاوڕێیەتیەکەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە ئەوان دەستیان کەوت و ئەم پێی نەگەیشت..

سەلەیمانی مەرووزی گێڕایەوە کە لە جەنگێکی ڕۆمدا زۆرانبازێکیان لە ڕیز دەرچوو هاتە مەیدانەوەو هاواری کرد زۆرانبازێکتانم بۆ بنێرن، جەنگاوەرێکی موسوڵمان بۆی چوو، زۆری نەبرد جەنگاوەرە موسوڵمانەکەی شەهید کرد.. هاواری کرد: یەکێکی تر بنێرن، یەکێکی تریان نارد ئەویشی شەهید کرد.. هاواری کرد یەکێکی تر بنێرن.. جەنگاوەرێکی تر کە بەرماخی کردبوو (دەموچاوی خۆی پێچابوو) بۆی چوو، ماوەیەکی زۆر یەکتریان هێناو برد، تا موسوڵمانەکە ئەمجارە کابرای ڕۆمی کوشت.. موسوڵمانەکان لە خۆشیاندا هاواریان کردو بەرەو پیری جەنگاوەرەکە چوون، کە بەرماخەکەیان لا برد بینیان عبداللّٰەی کوڕی موبارەکە!!

لەگەڵ ئەم هەموو زانست و سەخاوەتەدا سەیری گیانی بەرپرسێتی کەن.. دەفەرموێ: پێنوسێکم لە شام لە کابرایەك وەرگرتبوو، بیرم چووبوو بیدەمەوە.. کە هاتمەوە خۆراسان دیتم پێنوسەکە لەناو بارەکەمدایە.. گەڕامەوە بۆ شام و پێنوسەکەم دایەوە بە کابرا، ئینجا هاتمەوە بۆ خۆراسان..

حەسەنی کوڕی عیسا دەفەرموێ: چەند فەقێیەکی عبداللّٰەی کوڕی موبارەك وەکو فەزڵی کوڕی موساو موخلەدی کوڕی حوسەین و محمدی کوڕی نەزر پێکەوە دانیشتبوون، ووتیا با سیفەتە نایابەکانی عبداللّٰەی کوڕی موبارەك هەژمارد کەین، کە تێیاندا دیاربووە.. ووتیان: زانستی شەرع، فەرموودەوانی، ئەدەب و شیعر، ڕێزمان و زمانەوانی، شەونوێژو عیبادەتی زۆر، حەج و ڕێکخستنی کاروانی حەج، جیهادو ڕێکخستنی کاروانی موجاهیدان، ئازایەتی و سوارچاکیی، بەهێزیی

بازوو، بێدەنگی و خۆ لە شت هەڵنەقورتاندن، دادپەروەریی، دروست نەکردنی ناکۆکی ..[1]

ساڵێك كاروانی حەجی رێك دەخست و ساڵەكەی تر كاروانی جیهاد..

ساڵی ١٨١ كۆچی لە شاری هیت لە ئەنباری عێراق كۆچی دوایی كرد، هاروونەڕەشید كە بیستی، ووتی: حەیفێ، ئەمرۆ پێشەوای زانایان كۆچی دوایی كرد ..

دواتر خەڵكی ناوچەكە بە داخەوە گۆڕەكەیان كردە مەزارو جێ شیرك و داهێنان.. تا لە ساڵی ٢٠٠٥ دا گرووپە سەلەفیە جیهادیەكان گومەزەكەیان تێك داو گۆڕەكەیان رێك خستەوە، بەڵام خەڵكەكە بە سووكایەتییان زانی و سەر لە نوێ مەزارو و گومەزەكەیان بینا كردەوە..

---

[1] هەرچی كەسێك باسی عبداللهی كوڕی موبارەكی رەحمەتی بیستبێت بە ناوهێنانی ئەو شیعرەی بیر دێتەوە كە بۆ فوزەیلی كوڕی عیازی نوسیووە.. فوزەیل شەش مانگ لە مەككە خواپەرستی دەكردو شەش مانگ لە مەدینە.. عبداللهی كوڕی موبارەكیش لە مەیدانی جیهادەوە ئەم شیعرەی بۆ نوسی كە تێیدا دەفەرموێ:

یا عابِدَ الحرَميْن لو أبْصَرْتَنا　　لَعلِمْتَ أنَّكَ في العبَادةِ تَلْعَبُ

من كان يَخْضِبُ خدَّه بدُمُوعِه　　فنحوُرنا بدمائِنا تتخضَّب

أوْ كان يُتْعب خيلَه في باطل　　فخيولُنا يوم الصبيحة تَتْعبُ

ريح العبير لكم، ونحن عبيرُنا　　رَهَجُ السَّنَابك والغبارُ الأطيبُ

(٣١)

# عوروەی کوڕی زوبێر

(٢٢ - ٩٤ك)

سەروەرمان عوروەی کوڕی زوبەیری کوڕی عەووام، باوکی یەکێکە لە دە مژدە پێدراوەکەی بەهەشت و دایکیشی ئەسمائی کچی سەیدنا ئەبوبەکری سددیقە، ئەمە برای عبداللّٰەی کوڕی زوبێرە کە یەکەمین منداڵی موهاجیران بوو لە مەدینە لەدایکبوو.. کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ناوی ناو دوایی حەوت ساڵ بەیعەتی خیلافەتی پێدراو هەموو سەرزەمینی موسوڵمانانی - جگە لە شام - کەوتە بەردەست، بەڵام کە تێك شکا، حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی جنایەتکار لە کەعبەدا ئیعدامی کرد! براکەی تریشی موسعەبە کە لە بەسرە شۆڕشی کردو ئەویش شەهید بوو.. خوا لێیان رازی بێت.. بەڵام ئەم برایەیان هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە کەوتە زانستی شەرع و کۆکردنەوەی فەرموودە، تا بووە یەکێك لە فەرمووددەوانانی تابعین..

عوروە لە کۆتایی حوکمی سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابدا لە دایکبوو.. زانایەکی بەڕێزو کەسایەتیەکی سەخی بوو.. زۆرینەی زانستەکانی شەرعی لە دایکە عائیشەوە وەرگرت کە پووری بوو.. ئینجا لە دەیانی تری وەکو سەیدنا ئەسمائی کچی سەیدنا ئەبوبەکر کە دایکی خۆیەتی، هەروەها لە سەیدنا سەعیدی کوڕی زەیدو عەلی کوڕی ئەبوتالیب و ئیبنوعومەرو ئیبنوعەبباس و ئەبوهورەیرەو

موغیرەی کوڕی شوعبەو زەیدی کوڕی سابیت و دەیانی دیکە.. خوا لێیان رازی بێت.. ئاوا بووە یەکێك لە حەوت شەرعناسەکەی سەردەمی خۆی.[1]

زۆر خاوەن خواپەرستی و شەونوێژو قورئان خوێندن بوو، زمانی هەمیشە بە ویردو زیکری خوا بوو، کە دەکەوتە نوێژەوە، هۆشی لە هیچ شتێکی دەوروبەری نەدەما.. ئەو چیرۆکەی بەناوبانگە کە کاتێك قاچێکی تووشی نەخۆشی لاڕەشە بوو، ووتیان دەبێ تا ئەژنۆ بۆت ببڕرێتەوە.. رازی بوو، پزیشکەکان پێیان ووت: شلەمەنیەکت دەدەینێ دەیخۆیتەوەو ئیتر بێ هۆش دەبیت، قبووڵی نەکرد.. فەرمووی نوێژێك دادەبەستم، کە گەیشتمە تەحیات قاچم درێژ دەکەم و ئەو کاتە بیبڕنەوە!! چونکە هێندە بە نوێژەکەیەوە مەشغووڵ بووبوو هۆشی لە بڕینەوەی قاچی بڕا!!

---

[1] بریتی بوون لەم بەڕێزانە، رەحمەتی خوایان لێ بێت:
١- سەعیدی کوڕی موسەییب، کە ساڵی ٩٤ ك کۆچی دوایی کردووە.
٢- عوروەی کوڕی زوبێری کوڕی عەووام، کە ساڵی ٩٤ کۆچی دوایی کردووە.
٣- ئەبوبەکری کوڕی عبدالرحمانی کوڕی حارسی مەخزوومی، کە ساڵی ٩٤ کۆچی دوایی کردووە.
٤- عبداللە کوڕی عبداللەی کوڕی عوتەیبەی کوڕی مەسعوود کە ساڵی ٩٨ کۆچی دوایی کردووە.
٥- خاریجەی کوڕی زەیدی کوڕی سابیت کە ساڵی ٩٩ کۆچی دوایی کردووە.
٦- قاسمی کوڕی محمدی کوڕی سەیدنا ئەبوبەکری سددیق، کە ساڵی ١٠٧ کۆچی دوایی کردووە.
٧- سولەیمانی کوڕی یەسار، کە ساڵی ١٠٧ کۆچی دوایی کردووە.

ڕۆژانە حەوت جزء قورئانی دەخوێند!

لە بەسرەو میسر ژیاو لە مەدینە کۆچی دوایی کرد..

(٣٢)

# عومەری کوڕی عبدالعەزیز

( ..-١٠١ ك: ٦٨١-٧٢٠ ز)

عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی مەروانی کوڕی حەکەم، هەشتەم خەلیفەی ئەمەوی و پێنجەمین خەلیفەی ڕاشیدین.. سەیدنا عومەری کوڕی خەتتاب خوا لێی ڕازی بێت باوەگەورەیەتی (باپیری دایکێتی).. لە مەدینە لەدایکبووە، هەر لەوێش بوو بە فەقێ و زانستیە شەرعیە سەرەتاییەکانی لای ساڵحی کوڕی کەیسان وەرگرت، پاشان بە تەواوی بۆ زانستی لێبڕاو بەسەر یەك یەکی زاناکاندا گەڕا، تا ئەو کاتەی خەلیفە عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان کە مامی بوو بانگی کرد بۆ دیمەشق و کچەکەی خۆی (فاتیمە)ی دایەو کردی بە والی دێر سەمعان کە ئیمارەتێکی بچووك بوو لە نزیك حەلەب، تا ساڵی ٨٦ ك لەوێ مایەوە، پاشان لە ساڵی ٨٧ دا کردی بە والی مەدینەو پاشان لە ساڵی ٩١ دا ویلایەتی تائیفیشی خستە سەر ویلایەتی مەدینە بۆی و ئاوا بوو بە والی هەموو حیجاز.. وە نەبێت بە بێ مەرج ئەمەی قبووڵ کردبێت.. ئەمەی لە خەلیفە بە سێ مەرج وەرگرت: یەکەم: بە دادی خواوویستی لەگەڵ ڕەعیەتەکەیدا ڕەفتار بکات. دووەم: ساڵی یەکەمی ویلایەتەکەی ڕێی حەجی لێ نەگرێت. سێیەم: هەرچی لە خەڵکی زەوت کراوەو خراوەتە سەر بەیتولمال بیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکانیان..

خەلیفە عبدالمەلیکیش قبووڵی کرد.. کە بوو بە والی حیجاز خەڵکی زۆر پێی دڵخۆش بوون، چونکە پێشتر وەکو زانایەك دەیانناسی.. لە یەکەم رۆژانی دەست بەکار بوونیەوە ئەنجومەنێکی راوێژکاریی لە ١٠ زاناو پێشەوای ئوممەت پێکهێناو هەمیشە لە پرس و رایاندا دەبوو.. دوای مردنی خەلیفە عبدالمەلیك سولەیمانی کوڕی بوو بە خەلیفە، یەکسەر عومەری کوڕی عبدالعەزیزی لە مەدینەوە هێنایەوە بۆ شام و کردی بە وەزیری خۆی..

عومەری کوڕی عبدالعەزیز بە کۆڕای زانایان و پێشەوایانی ئوممەتی ئیسلام (وەکو سوفیانی سەوری) بە پێنجەمین خەلیفەی راشیدیدن دانراوە، لە دوای سەیدنا ئەبوبەکری سددیق و سەیدنا عومەرو سەیدنا عوسمان و سەیدنا عەلی کوڕی ئەبوتالیب ریز کراوە.. ئەوەش لەبەر ئەوە بووە کە حوکم و خزمەت و هەڵوێستی وەکو ئەوان بووە، لەو کاتەی لە ساڵی ٩٩ ك بوو بە خەلیفە بە ناوی خەلیفەی دادپەروەرەوە بانگ دەکرا..

ئیمامی مالیك و سوفیانی کوڕی عویەینە بە نازناوی ئیمامی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ناویان دەهێنا..

مەیموونی کوڕی مەهران دەفەرموێ: عومەری کوڕی عەبدولعەزیز لە زانستی شەرعییدا مامۆستای زانایان بوو.. ئیمامی زەهەبی دەربارەی دەفەرموێ: ئیمامێکی موجتەهید بوو، شەرعناس و شارەزای فەرموودەوانی بوو، پسپۆڕی قیرائات بوو، خاوەن شەونوێژو زمانی پاراو بە زیکری خوابوو.. لەگەڵ ئەو بێ هەواوفیزییەشیدا کەسایەتیەکی بە هەیبەت بوو.. بە رەفتاری پارسەنگی چوو بۆوە سەر سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابی باپیرەی، لە دنیا نەوویستیدا چوو بۆوە سەر حەسەنی

بەسری مامۆستای، لە زانستدا دەتووت ئیمامی زوهرییە.. کە شەوان شتێکی بنوسیایە تایبەت بوایە بە کاروباری خۆی، مۆمی بەیتولمالی دەکوژاندەوەو مۆمێکی ماڵی خۆی هەڵدەکرد..

دوای مردنی خەلیفە سولەیمانی کوڕی عبدالمەلیك لە ساڵی ٩٩ ك دا بوو بە خەلیفەی موسوڵمانان، هەر یەکەمین رۆژی حوکمی خەڵکەکەی لە مزگەوتی ئەمەوی لە دیمەشق کۆکردەوەو پێی راگەیاندن کە من بە هەڵبژاردنی ئێوە نەکراوم بە خەلیفە، بۆیە وا خیلافەتەکەم دانایەوە تا خۆتان کەسێکی شیاو هەڵبژێرن.. خەڵکەکەش هاواریان کرد کێ لە جەنابت شیاوتری ئەو بەرپرسێتییەیە؟! ئاوا بەیعەتی درایە..

دوای بەیعەتەکە چووە سەر حوکم و هەر ئەو شەوە لەگەڵ کوڕەکانی خۆی و فەرمانبەرەکانی خیلافەتدا هەرچی زەوتکراوی خەڵکی هەبوو هێنایە دەرەوەو ناردی لە شارەکاندا جاڕ بدەن کە کێ ماڵی زەوت کراوە نیشانەکەی بهێنێت و بیباتەوە.. ئینجا هاتەوە ماڵەوەو خشڵ و زێڕی خێزانەکەی خۆی کۆکردەوەو پێی ووت: ئەمانە موڵکی بەیتولمالن دەیانبەمەوە بۆ بەیتولمال.. هەر هەمووی لەبەر داماڵیی و خستیەوە سەر بەیتولمال چونکە دەیزانی باوك و برای فاتیمەی خێزانی کە خەلیفەو والی بوون بە زۆر یان بە چەواشەکاریی و شەرم پێکردن لە دەست خەڵکیان کردۆتەوە..

لە مانگی یەکەمی حوکمییدا فەرمانیدا فەرموودەکانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تۆمار بکرێت، ئیتر لەو ساڵەوە گەشتی کۆکردنەوەی فەرموودە دەستی

پێکردو هەزاران کتێب نوسرایەوە.. ئەوە هۆیەکە بۆ ئەوەی یەکێکی وەکو ئیمامی بوخاری دەستی بگاتە ۹۰۰٬۰۰۰ نۆسەد هەزار فەرموودە!

ئەم پیاوچاکە دوو ساڵ حوکمی کرد! کەچی بارودۆخی ئوممەتەکە لەو دوو ساڵەدا وا گۆڕا، کە دەتووت زەمانی مەهدییە.. کێشەی نێوان خەڵکی لای پیاو ماقوڵان چارەسەر دەکرا، نەدەبرایە بەر دەستی قازی چ جای بەرزکردنەوەی بۆ خەلیفە.. خەڵکی بە زەکاتەکەیەوە دەگەڕا کە کێ موحتاجی زەکاتە بیدەمێ.. هەرچی گەنج هەبوو کەوتبووە سەر وەرگرتنی زانستی شەرعی کە پێشتر لە یەکتریان دەپرسی کە جاریەی کێ جوانترەو چ گۆرانی بێژێك دەنگی خۆشترە!

جارێکیان بارە سێویان هێنابووە بەر دەستی، منداڵێکی سێوێکی هەڵگرت و قەپاڵی پێدا کرد، عومەری سەروەر لە دەمی کردەوەو خستیەوە سەر بەیتولمال و خێرا دابەشی کرد.. پاشان بۆنی سێوی کرد..لە خێزانەکەی پرسی: سێوەکانم هەمووی دابەش کرد، کەچی بۆنی سێو دەکەم؟! هیچت لاداوە؟! ووتی: نەخێر.. بەڵام کە سێوەکەت لە منداڵەکە سەندەوە بە گریانەوە هاتە لای خۆم، منیش ناردم لە بازاڕ سێوێکیان بۆ کڕی.. ئەوە بۆنی ئەوە.. سەیدنا عومەر زۆر گریا.. فەرمووی: بە خوا قەسەم کە سێوەکەم لە دەمی کردەوە دەتووت پارچە گۆشت لە دڵی خۆم دەکەمەوە، بەڵام ئەوە باشترە بۆ ئەویش و دایك و باوکی ئەویش.. ئەو کارانەی کردوومانن و وا دەزانین چاکەن با بەشتێکی وا بە هەدەر نەڕۆن ..

لەگەڵ ئەم هەموو سەڵتەنەتە دنیاییەدا: دەسەڵاتی سیاسی و زانستی شەرعی و دادپەروەری و پیاوچاکیەشیدا، کابرایەکی زۆر بێ هەواو فیز بوو.. جارێکیان

دیوارێکی ماڵەکەی پێویستی بە سواغ دانەوە بوو، هەموو رۆژێك خێزانەکەی پێی دەووتەوە کە کرێکارێك بنێرە چاکی کاتەوە، بەڵام بێ سوود بوو.. رۆژێك ئافرەتێك هاتە خزمەتی فاتیمەی خێزانی و بینی وا قۆڵی هەڵکردووەو کرێکارێکیش خەریکی دیوار سواغ کردنە.. ئافرەتەکە پێی ووت: هەی رۆ، ئەوە بۆچی قۆڵت لەبەر دەمی ئەو کرێکارەدا رووت کردووە؟! ووتی: مێردی خۆمە.. واتە خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزە!!

سەیدنا عومەر هەرچی والییەکی دادەنا، هەڵبژاردەی دەگمەنی ناو پیاوچاکان بوون، هەمووی لە نموونەی خۆی بوون..

لەبەر ئەوەی خەلیفە موڵك و ماڵی زەوت کراوی لەبەر دەستی هەموو کەسەکانی بەنی ئومەییە دەرهێنابۆوەو هەموویانی دوور خستبۆوە، ئەوانیش کەوتبوونە رێ لێگرتنی بەڵام لەبەر هەبوونی ئەو هەموو پیاوچاکانەی دەوروبەری دەرەقەتی نەدەهاتن، بۆیە هەندێکیان پیلانیان دانا کە بە هۆی خزمەتکارێکیەوە ژەهرخواردووی بکەن و سەرکەوتووش بوون.. لە سەرەمەرگیدا پزیشکەکان ووتیان کە لەوانەیە ژەهرخواردوو کرابێت.. بە بێ دەنگ کابرای خزمەتکاری بانگ کردو پێی ووت: لەو رۆژەوەی تۆ ئەو خواردنەت داومەتێ هەستم بە ئازار کردووە، یان راستیم پێ دەڵێیت یان دەتدەمە دادگا، کابرا ئیعتیرافی کرد کە بۆ هەزار دینار ئەوەی کردووە، عومەری پێی فەرمووی: پارەکە بهێنەرەوە، کابرا پارەکەی هێنایە بەردەستی، فەرمووی: ئەمە مافی بەیتولمالەو لە مافەکەی خۆشم گەردنت ئازاد بێت، برۆو لەبەر چاوان بزر بە.. ئیتر لە تەمەنی ٣٨ ساڵاندا کە دوو ساڵ و نیو

تێیدا خەلیفە بوو گیانی پاکی سپارد.. رەحمەتی خوای لێ بێت.. سەیر ئەوەیە کاتێك کە مرد لە هەموو ئیمپراتۆریەتە بەرفراوانەکەیدا کەس لە زینداندا نەبوو !!

(٣٣)

## فوزەیلی کوڕی عیاز (فضيل بن عياض)

( ١٠٧ - ١٧٨ ك )

دزو جەردەو رێگری گەورەی نێوانی ئەبیوەردو سەرەخس لە هەرێمی خۆراسانی زەمانی ئەمەویەکان، رۆژ جەردەو بۆ حەرامی شەوانیشی بەسەر دیواردا سەردەکەوتە لای ژنێك کە حەزی لێکردبوو!! شەوێك سەری بەسەر دیواری ماڵە دراوسێکەیدا بەرز کردەوە بینی کابرایەك شەونوێژ دەکات و ئەم ئایەتەی لەوەوە گوێ لێبوو: (أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِن قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ الأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ)الحديد/١٦ واتە: ئەرێ کاتی ئەوە نەهاتووە ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە دڵیان لە ترسی خوا راچەنێت و لاکەنەوە بەلای خواناسییدا؟! ئەرێ کاتی ئەوە ناهاتووە گوێ لەم قورئانەی خوا بگرن کە هەمووی حەقە؟! نەهێڵن وەکو ئەهلی کیتابە پێشینەکانیان لێ بێت کە زەمانیان لێ دوور کەوتەوە ئەوانیش دڵیان رەق بوو، زۆرینەشیان لە رێ لایاندا؟! هەر ئەمە بوو یەکسەر ئاڕاستەی دڵی گۆڕی و رووی لە ماڵی ژنە وەرچەرخاند.. لە کەلاوەیەکدا هەستی بە هەمهەمەو دەنگەدەنگێك کرد، کە چوو بیستی کاروانین و بار لێ دەپێچن دەڵێن: زوو دەرچین پێش ئەوەی تاریکتر ببێت و فوزەیلی بێتە سەر رێمان!! ئەم دوو رووداوە یەك لە

دوای یەکە بوونە مایەی تۆبەو پەشیمانی یەکێك لە هەرە خواناسانی ئوممەتی ئیسلام کە وای لێهات شەش مانگی یەکەمی ساڵی لە مەککە بە عیبادەت دەبردە سەرو شەشەکەی تری ساڵەکەی لە مەدینە بە عیبادەت دەبردە سەر ..

ئەمە فوزەیلی کوڕی عیازە، کە لە ساڵی ١٠٧ ی کۆچی لە سەمەرقەند (ئۆزبەکستانی ئێستایە) لەدایکبوو.. دوای تۆبە کردنەکەی ڕێی زانستی شەرعیی گرتەبەرو بوو بە قوتابی ئەعمەش و سوفیانی سەوری و ئیمامی جەعفەری سادق و مەنسووری موعتەمیر کە لە زۆر شەونوێژیدا وایان دەزانی درەختی بڕاوەیەو لە حەوشەی ماڵەکەیدا رواوە!!

ئەم خواناسە بەرزە لە زانستی شەرعدا بووەوە بە مامۆستای سوفیانی کوڕی عویەینەو ئیمامی شافیعی و عبداللەی کوڕی موبارەك و یەحیای قەتتان و بیشری حافی و سەدانی دیکە..

سوفیانی کوڕی عویەینە دەستی ماچ دەکردو دەیفەرموو: جێمتمانەیە..

ئیمامی زەهەبی دەربارەی دەفەرموێ: ئیمامی پێشەواو پابەندو راگیرو شێخی ئیسلام..

ساڵی ١٧٨ ی کۆچی لە مەککە کۆچی دوایی کرد رحمە اللە..

(٣٧)

# قوروتوبی

( .. -٦٧١ك)

محمدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئەبوبەکر، لە شاری قورتوبەی ئەندەلوس لەدایکبوو.. هەر لە دەسپێکی منداڵییەوە قورئان و زمانی عەرەبی بە بەرفراوانی خوێندو لە قیرائات و زانستیەکانی قورئان و شەرع و ڕەوانبێژیی و شیعردا هەڵکەوت.. پاشان چووە شاری بەنی خەسیب لە باکوری ئەسیووتی میسرو بوو بە یەکێك لە پێشەوایانی تەفسیرو شەرع و فەرموودەوانی، کە بە خواناسیی و تەقوا دەناسرا..

کە دەوترێت قورتوبی یەعنی یەکێك لە دوو پێشەوایانی تەفسیر، کە ئیمامی تەبەری و ئیمامی قورتوبین، چونکە خاوەنی تەفسیری (الجامع لأحكام القرآن)ە کە تەفسیرێکی تەفسیلیی هەموو قورئانەو پڕە لە باس و بۆچوونە عەقائیدیەکان و شەرعناسییەکان و ناکۆکیەکان کە قورتوبی موناقەشەیان دەکات و پەسەندەکەیان بە دیدی ئەهلی سووننەت و جەماعەت دەخاتە بەردەست..

ئیمامی قورتوبی کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئیمامی تەبەری و ماوەردی و ئەبوجەعفەری نەححاس و ئیبنوعەتییە، بەڵام دەیانی تریشی خستەوە ژێر کاریگەریی خۆی وەکو ئیمامی ئیبن کثیرو ئەبو حەییانی ئەندەلوسی و شەوکانی و هی تر ..

ئیمامی قورتوبی دەیان كتێبی جگە لە تەفسیرەكەی نوسیووە، وەكو: (الأسنی في شرح أسماء الله الحسنی، التذكرة في أحوال الموتی والآخرة، الاعلام بما في دین النصاری من المفاسد والاوهام، قمع الحرص بالزهد والقناعة..).

ئیمامی زەهەبی دەرهەق دەفەرموێ: ئیمامی شارەزای زانین، دەریای زانست، خاوەنی كتێبە گەوهەرەكان، كە بەڵگەی بەرفراوانی رۆشنبیریی و دامەزراوێتی ژیریی و گەورەیی فەزڵین.. رەحمەتی خوای لێ بێت.

(٣٤)

## مالیكی كوڕی دینار

( .. -١٣٠ ك)

ئیمامی زەهەبی دەربارەی دەفەرموێ: عەلەمداری زانا پیاوچاكەكان! دەگمەنی جێمتمانەكانی تابعین، لوتكەی پێشەنگی نوسەرانی قورئان مالیكی كوڕی دینار رەحمەتی خوای لێ بێت! كە لە ژیانی سەیدنا ئیبنوعەبباسدا خوا لێیان رازی بێت لە دایكبوو، دەرسی لای سەیدنا ئەنەسی كوڕی مالیك خوێند خوا لێی رازی بێت، دواییش بووەوە بە مامۆستای سەعیدی كوڕی جوبەیرو حەسەنی بەسری و سەدانی دیكەی وەك ئەوان.. مالیكی كوڕی دینار یەكێكە لە پیاوانی گێڕانەوەی فەرموودە لای بوخاری و موسلیم و نەسائی و ئەوانی دیكە..

هەر كە دەوترێت مالیكی كوڕی دینار بەسەرهاتی سەرسوڕهێنەری تۆبەكەی دێتەوە یاد.، كە خۆی ئاوا دەیگێڕێتەوە:

پۆلیسی دەوڵەت بووم، سەرم کردبووە سەر شەراب خواردن، شەوان بە مرۆ مەستی سەرم دەنایەوە، خوا کچێکی پێمدا زۆرم خۆش دەویست، کە بوو بە دوو ساڵان دەهات و شەرابەکەی بەردەستمی لادەداو دەیکرد بە پۆشاکەکەمدا.. قەدەری خوا وابوو، خوا بردیەوەو مرد.. بۆشاییەکی زۆری لە ژیانمدا دروست کرد، شەووڕۆژ بۆی دەگریام، زیاتر لە ئاسایی خەڵکی..

شەوێك لە خەونمدا بینیم رۆژی قیامەتەو هەموو خەڵکی لە پشێوییدان، منیش وێڵم.. لە ناکاو لە دوامەوە هەستم بە خشپەیەکی ترسناك کرد، کە دیتم ئەژدیهایەکە لە پیرییدا تووکی دەرکردووە، زاری داپچڕییووەو دەیەوێت هەڵملووشێت! هەتا تینم تێدابوو لە دەستی رامکردو ئەویش بە دوامدا هات.. گەیشتمە پیرەمێردێك و هانام بۆ هێنا، ووتی: وەڵا کوڕم من لاوازم و دەرەقەتی ئەو ئەژدیها گەورەیە نایەم و ناشتوانم لەسەرت کەمەوە، راکە خۆ قوتار کە.. منیش کەوتمەوە راکردن تا گەیشتمە کەناری ئاگرێك نە سەرەتای دیاربوو نە کۆتایی، خەریکبوو بکەومە ناوی، یەکێك هاواری کرد بگەڕێرەوە تۆ ئەهلی ئێرە نیت.. کە گەڕامەوە دیتم دیسان ئەژدیهاکەم وا بە دواوە.. گەیشتمەوە لای پیرە مێردەکەو هانام بۆ هێنایەوەو هەمان شێوە باسی لاوازیی و بێ دەسەڵاتی خۆی کردەوە، بەڵام پێی ووتم: بەو چیایە هەڵگەڕێ، لە سەرەوە ئەشکەوتی لێیەو ئەمانەتی خەڵکی لێییە بەڵگو شتێکی تۆشی لێ بێت و ئەم بەڵایەت لە کۆڵ کاتەوە.. منیش هەتا تینم تێدابوو بەرەو لوتکەی چیاکە کەوتم.. بینیم ئەشکەوتێکی گەورەو رازاوە لە سەرەوە هەیەو پڕە لە تاق و ژوور.. کە گەیشتمە نزیك، فریشتە هاواریان کرد، داماوێکی تر هاتووە فریای کەون.. ئیتر کۆمەڵێك منداڵی چاوگەش

و جوان هاتنە دەرەوە.. کچەکەی خۆمم تێدا بینینەوە کە بەڕاکردن بەرەو پیرم هات و باوەشی پێدا کردم و هەڕەشەی لە ئەژدیهاکە کرد، بە ئیزنی خوا کشایەوە دواوەو لە کۆڵم بۆوە.. ئینجا داینیشاندم و هاتە باوەشم، دەستی برد بۆ ڕیشم و ئەم ئایەتەی خوێندەوە: (أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ) الحدید/١٦ واتە: مەگەر ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێناوە کاتی ئەوەیان نەهاتووە دڵیان ڕاچەنێت و ملکەچی یادی خوا بێت.. دامە پرمەی گریان، تا ماوەیەکی زۆر ئینجا لێم پرسی: چما ئێوە لێرە قورئانیش فێر دەبن؟! ووتی: بەڵێ، ئێوە باشتر لە ئێمە فێر نابن.. ووتم: نازانم ئەو ئەژدیهایە چی بوو ئاوا کەوتە دوام و لێم نەدەبۆوە؟! ووتی: بابەگیان، ئەوە کردەوە خراپەکانی خۆتن کە بەرەو دۆزەخی بردیت، بەڵام باش بوو شوکور نەکەوتیتە ناوی.. ووتم: ئەدی ئەو پیاوچاکە پیرە کێ بوو؟! ووتی: ئەویش کردەوە چاکەکانی خۆت بوو، ئەوەندە کەم و بێهێزت کردبوو کە نەیدەتوانی بەرگریت لێ بکات، هەر ئەوەندەی توانی ڕێی ڕزگارییت نیشان دا.. پرسیم: ئەدی ڕۆڵە ئێوە لەم شاخە چی دەکەن؟! ووتی: ئێمە کۆرپەی مردووی موسوڵمانانین و تا ڕۆژی قیامەت لێرەدا دەبین تا دایك و باوکمان دێت و خۆمان دەکەینە تکاکاریان.. مالیکی کوڕی دینار دەفەرموێ: بە دەم گریان و هەنیسکەوە لە خەو ڕاچڵەکیم.. هەر خێرا شەراب و پێداوویستیەکانم تووڕ هەڵداو تۆبەیەکی سادقانەم کرد..

مالیکی کوڕی دینار دوای ئەم تۆبەیەی وازی لە هەموو شتێك هێناو بوو بە فەقێ.. شار بەشار بە دوای زانستی شەرعییدا وێڵ بوو.. تا لە خۆراسانەوە هاتە بەغداو ئینجا بەسرەو بە خزمەت ئەو یاوەرە بەڕێزانە گەیشت.. خاوەن زوهدێکی

لێ دەرچوو کە هەتا ڕۆژی قیامەت نموونەیەك دەبێت لە خواناسانی ئەهلی ئیسلام.. دەریای زانستی شەرع و ئەو لێبڕانە دەگمەنە بۆ خوا ..

والی بەسرە ناردی بۆ لای ئەوو محمدی کوڕی واسیع و پیاوچاکانێکی تر کە وەرن پشکی خۆتان لە بەیتولمال وەرگرن.. کەسیان نەچوون، مالیکی کوڕی دینار چوو، وەری گرت و هەمووی دا بە هەقی ئازاد کردنی کۆیلە.. کە محمدی کوڕی واسیعی بینی گلەیی لێکرد کە بۆچی چوویت پارەی سوڵتانت وەرگرتووە؟! فەرمووی: هەموویم دا بە هەقی ئازاد کردنی کۆیلەکان.. محمدی کوڕی واسیع فەرمووی: توخوا دڵت ئێستا وەکو ئەو کاتەی پێش وەرگرتنی پارەکەیە لێیان؟!

مالیکی کوڕی دینار ڕۆژانە جزء یێك دەرسی بە قوتابیەکانی دەووتەوەو بەشێکی ڕۆژەکەی تەرخان دەکرد بۆ نوسینەوە، چونکە خەتی خۆش بوو کتێبی بۆ خەڵکی دەنوسییەوە (فۆتۆکۆپی کردن) و هەقی ئەوەی وەردەگرت و دەیکردە خەرجی خۆی و ماڵ ومنداڵیی ..

- دەیفەرموو: بۆم شیاو بوایە خۆڵەمێشم دەخوارد، بمتوانیایە حەسیرێکم نیوەیی دەکردو نیوەیەکیانم هەڵدەوەشاندووەو قامیش دەمخواردو نیوەکەی تریشم دەکرد بە پۆشاك..

- ڕۆژێك لای عوسمانی کوڕی ئیبراهیم فەرمووی: دوو ساڵە حەزم لە نان و ماستێکە.. ئەویش بە نهێنی ناردی نان و ماستەکەیان بۆ هێناو خستیانە بەر دەستی.. نانەکە دەگرێت بە دەستیەوەو ئەمدیوو دیوی دەکات و دەفەرموێ: دوو ساڵە زۆرانبازیمە لەگەڵتدا، ئێستا دەتەوێت تەسلیمت بم.. پاشان نان و ماستەکەی لادایە کەنار خۆی..

لە سەرەمەرگییدا فەرمووی: پێم جائیز نییە دەنا دەمووت کە مردم هەر چوار پەلم زنجیرکەن و بمنێژن، تا کە زیندوو کرامەوە بووترێت: ئەمە کۆیلە یاخیەکەیە کە لە سەییدەکەی هەڵاتبوو!!

ئیمامی بوخاری دەفەرموێ: ساڵی ١٣٠ ك کۆچی دوایی کرد، رەحمەتی خوای لێ بێت ..

(٣٥)

# محمدی کوڕی سیرین

(..-١١٠ ك)

محمدی کوڕی سیرینی بەسرایی، یەکێك لە سەروەرانی تابعین، ئیمامی گەورەی تەفسیرو فەرموودەوانی و شەرعناسیی و میرات.. زانا بە گەردووونناسی و ژمێریاریی.. جگە لە دەگمەنێتی لێکدانەوەی خەون.. کە لە هەموو دنیادا تا ئێستا کە مەتحی زیرەکی یەکێك لە تەفسیری خەودا بکەن، دەڵێن دەڵێی قوتابی ئیبنوسیریینە! لەگەڵ ئەم پێشەوایەتیەیدا سونبولێکی خواناسیی و زاهیدێتی و پیاوچاکیی بوو، رەحمەتی خوای لێ بێت، سەد رۆژ دوای شێخ حەسەنی بەسریی رەحمەتی لە ساڵی ١١٠ ك دا لە تەمەنی هەشتاو قسوور ساڵییدا کۆچی دوایی کرد..

داوەری پارسەنگی ئوممەت کە رۆژێك بەرۆژوو دەبوو رۆژێکی دەخوارد..

لە کۆتایی سەردەمی سەیدنا عومەری کوڕی خەتتابدا خوا لێی رازی بێت لەدایکبووبوو.. لە جەنگی عەینوتتەمری رۆژهەڵاتی کوفەدا کە سەیدنا خالیدی کوڕی وەلید خوا لێی رازی بێت فەتحی کردبوو، دایك و باوکی بە کۆیلەیی کەوتبوونە لای سەیدنا ئەبوبەکری سددیق و ئازادی کردبوون، خۆشی بە کۆیلەیی کەوتبووە لای سەیدنا ئەنەسی کوڕی مالیك و سەیدنا ئەنەسیش دوای تێگەیاندنی هەندێك لە ئیسلام ئازادی کرد بوو.. ئیتر بۆ زانست لێبڕابوو..

خێزانەکەیان ئەمجارە لە بەسرە لەژێر ئاڵای ئیسلام و لە کۆمەڵگەی پڕ بەزەیی و

زانستخوازیی ئوممەتی موسوڵماندا یەکیان گرتەوەو بوونە نموونەی خێزانی خواناس.. وایان لێهات هیچ ماڵێك وەکو خانەوادەی ئەوان بە تەقواو دینداریی و زاهیدێتی نەناسرێت!! دایك و باوکی، خۆی و برای، خوشکەکانیشی!

محمدی کوڕی سیرین چووە خزمەت کۆمەڵێك یاوەری پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و زانستی لێوە وەرگرتن، لەوانە: سەیدنا زەیدی کوڕی سابیت و عیمرانی کوڕی حصین و ئەنەسی کوڕی مالیك و ئەبوهورەیرەو ئیبنوالزوبێرو ئیبنوعەبباس و ئیبنوعومەر.. هەموویان ٣٠ یاوەر بوون.. بۆیە بووەوە بە مامۆستای کەڵەپیاوانی تابعین و پێشەوا گەورەکانی ئوممەت، لەوانە: قەتادەو ئەییوبی سەختیانی و خالیدی حەززاء و مەهدی کوڕی مەیموون و جەریری کوڕی حازم و سەدانی دیکە..

سیماو سیفاتی پیاوچاکانی ئەوەندە کاریگەر بوو، کە دەچووە بازاڕ خەڵکەکەی حەزی زیکرکردنی خوایان بۆ دروست دەبوو.. دەنگی زیکری خوا لە بازاڕەکە بەرز دەبۆوە.. خۆشی خاوەن کەسابەت بوو، زەیتی دەکڕی و دەفرۆشت.. جارێکیان بایی چل هەزار درهەمی زەیت کڕیبوو بەو مەرجەی دواتر پارەکەی بدات، دوایی لە یەکێك لە تەنەکە زەیتەکاندا مشکێکی تۆپیووی تێدا بینی.. هەموو زەیتەکەی ڕشت و پارەکەشی لەسەر خۆی حسێب کرد.. کە پێیان ووت: دەتتوانی هەر ئەو تەنەکەیە بڕێژیت کە مشکەکەی تێکەوتبوو.. فەرمووی: ئاخر ئێمە چوزانین مشکەکە کەوتۆتە ئەو تەنەکەیەوە یان پێشتر کەوتۆتە عەمباری سەرچاوەی زەیتەکەوە..

مالیکی کوڕی مونزیر کە والی بوو ئیبنوسیرینی زیندان کردبوو، پاسەوانەکەی زیندانی پێی ووت: قوربان قبوولمە ئێواران بچۆرەوە ماڵەوەو بەیانیان وەرەوە.. فەرمووی: نا رۆڵە ئەوە ناکەم، یارمەتی نەفسی تۆش لەسەر خیانەت لە کارو دەسەڵات نادەم ..

(٣٦)

## مەسلەمەی کوڕی عبدالمەلیک (مسلمە بن عبدالملک)

(٦٢-١١٤ ك)

سوارچاکی بەنی ئومەییە مەسلەمەی کوڕی عبدالملیکی کوڕی مەروانە، خەلیفەی بەهێزی ئەمەوی، ٨٠% لەسەدا هەشتای پەنجاوچوار ساڵەکەی تەمەنی لە مەیدانی جیهاددا بردە سەر، گەورەترین و درێژترین گەمارۆی قوستەنتینیەی دا، کە رۆمی ناچار کرد مردووەکانی خۆیان بخۆن.. ساڵی ٨٤ ی کۆچی لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا بە فەرماندەیی سوپا چووە مەیدانی جیهادەوە، تا ساڵی ١١٤ی کۆچی لە بەرەکانی جیهاد نەهاتەوە مەگەر بۆ حەج و عەمرە.. هێرشێکی دەکردە سەر رۆم، هەر لەو ساڵەشدا هێرشێکیشی دەکردە سەر تورکەکانی دەریای خەزەر.. سەرەتای لاوێتی بە وەرگرتنی زانستیە شەرعیەکان بردە سەر، لەگەڵ عومەری کوڕی عبدالعەزیزدا بوونە جێمتمانەی یەکتری بۆیە مەسلەمە وەسێتی کردبوو کاتێك کۆچی دوایی دەکات، با عومەری کوڕی عبدالعەزیز بیشوات و ئەویش راهێڵی گۆڕەکەی بکات.. خاوەن

شەونوێژبوو، فەرماندەیەکی لێوەشاوەو سەرکردەیەکی لێزان و ووریا بوو، هەمیشە بەسەر سەربازەکانیدا دەگەڕا، سەرکەوتنی هیچ جەنگێکی بوغرای نەکردووە!! ئەهلی تەقوای خۆش دەویست، عەبایەکی بە دیاری بۆ حەسەنی بەسری هێنابوو، بەردەوام حەسەنی بەسری یان نوێژی پێوە دەکرد یان رایدەخست و نوێژی لەسەر دەکرد ..

(٣٧)

## مەعازی کوڕی جەبەل

(١٠٧-١٧٨ ك)

ئەبوعبدالرحمان مەعازی کوڕی جەبەل کوڕی عەمر.. پێشەوای موفتی یاوەران، گەنجینەی فەرموودەو زانستی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.. لە ١٨ ساڵییدا موسوڵمان بوو، بەشداریی غەزای بەدرو هەموو غەزاکانی تری کرد.. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە پشت خۆیەوە سواری کرد، کە لە ٢٨ ساڵییدا ناردی بۆ یەمەن، بە ڕێی کرد، بەڵام ئەو سوارو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پیادەو نەشیهێشت دابەزێت! ئەمە ئەو یاوەرە عەزیزەیە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی فەرموو: سوێند بێت بە خوا ئەی موعاز خۆشم دەوێیت!!

ئەبو موسلیمی خەولانی دەفەرمویٚ: لە شام هاتمە مزگەوتی دیمەشق، کۆمەڵێك یاوەری پیری پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بینی هەموو دەوریان

لە گەنجێکی سپی پێستی باڵابەرزی چاووبرۆ رەش داوەو خەڵکیش روویان لەو گەنجە جوانەیەو لەو دەپرسن.. پێم سەیر بوو، ئەمە کێیە وا خەڵکی لە یاوەرانی ﷴ ناپرسن و روویان کردۆتە ئەو.. ووتیان: ئەوە مەعازی کوڕی جەبەلە.. ئەوە شەرعناسی ناو یاوەرانە.

ئەمە مەعازە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەی متفق علیەدا دەربارەی قورئان خوێندنەکەی دەیفەرموو: قورئان خوێنی لە چوار کەسەوە وەرگرن: عبداللەی کوڕی مەسعوودو سالمی مەولای ئەبو حوزەیفەو ئوبەی کوڕی کەعب و مەعازی کوڕی جەبەل ..

سەیدنا عومەر خوا لێی رازی بێت دەرهەق دەیفەرموو: ئافرەتان نەزۆك بوون یەکێکی تری وەکو مەعاز بەرهەم بهێنن.. هەر کەس دەیەوێت شارەزای شەرع بێت با لە مەعاز بپرسێت..

ئیبنومەسعوود دەیفەرموو: مەعاز بۆ خۆی بە تەنها ئوممەتێك بوو. خواناس و ملکەچی خوابوو، دوور بوو لە شیرك و ئەهلی شیرك..

سەیدنا مەعاز دوو ژنی هەبوو، کاتی هەر یەکەیانی دیاری کردبوو کە لە ماڵی دەمێنێتەوە، کە لە ماڵی یەکێکیان تینووی ببوایە و کاتی ئەوی تریان بوایە ئاوی نەدەخواردەوە تا لای ئەوی تریان دەیخواردەوە.. کاتی دەسنوێژ تازە کردنەوەی بوایە لای ئەو ژنەیان تازەی نەدەکردەوە کە یەکەمین دەسنوێژی لا گرتووە.. دەیبردەوە بۆ لای ئەوی تریان.. شەوان و رۆژی وەکو یەك بەسەریاندا دابەش کردبوو، پۆشاك و خواردن و رەفتاری خۆی هەموو بە یەکسانی بەسەردا دابەش کردبوون.. قەدەری خوا وابوو هەردوو ژنەکەش بە رۆژێك پێکەوە مردن.. لە

ئیسلامیشدا ئەوەیان کە قورئان خوێنترە، یان رەنجی زیاتر بۆ ئیسلام داوەو لە پێشترە، ئەویان یەکەمینجار دەخرێتە گۆڕەوە (ئەگەر زیاتر لە یەك مردووی تێدا دەنێژرا)، سەیدنا مەعازیش نەیدەزانی کامیانی لا پەسەندتر بێت، بۆیە ئاخری قورعەی بۆ کردن، ناوی هەردووکیانی خستە پریاسکەیەکەوەو کەسێك ناوێکیانی دەرهێنا، ئیتر ئەوەیانی پێشتر ناشت..

پاش ماوەیەکی کەم خۆشی لە تەمەنی ٣٨ ساڵییدا تووشی تاعوون هات و کۆچی دوایی کرد.. خۆی و سێ یاوەری تری بەڕێز لە رۆژێکدا هەر لە عامواس[١] بە خاك سپێرران ..

---

[١] عامواس گوندێك بوو لە نێوان رەمەلەو بەیتولمەقدیس لە فەلەستین کە تاعوونەکەی تێدا دەرکەوت و لەوێوە پەرییەوە بۆ هەموو شام و ...ر٢٥ بیستوپێنج هەزار موسوڵمانی پێ شەهید بوو.. بەو ساڵەش ووترا ساڵی خۆڵەمێش.. ئەم گوندە تا ساڵی ١٩٦٧یش مابوو، ئەو ساڵە ئیسرائیلی جنایەتکار تەختی کردو کردی بە باغی گشتی، ئێستا بە ناوی باغی گشتی کەنەدییەوەیە..

(٣٨)

# مستەفا سیباعی

(١٩١٥-١٩٦٤ز)

مستەفای کوڕی حەسەنی سیباعی لە ساڵی ١٩١٥ دا لە شاری حیمس لە سوریا لەدایکبووە، لە خێزانێکی دیندارو خاوەن زانستی شەرعییدا گەورەبوو، باب و باپیرانی هەموو ووتاربێژی مزگەوتی گەورەی حیمس بوون.

لە ١٩٤١ دا کە لە میسر دەیخوێند، بەشداریی هەموو چالاکیەکانی ئیخوانولموسلیمینیشی دەکرد.. زوو زوو بە خزمەت ئیمامی حەسەنولبەننای دامەزرێنەری ئیخوان دەگەیشت، زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەریانەوە، بۆیە کە لە ١٩٤٢ دا گەڕایەوە سوریا کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی بە زانایان و پیاو ماقوڵانی سوریا کردو لقێکی ئیخوانی لە سوریا لێ دروست کردن.. لە ساڵی ١٩٤٥یشدا خۆی بە چاودێری گشتی ئیخوانی سوریا هەڵبژێررا.. لە ساڵی ١٩٤٩دا بە نوێنەرێتی خەڵکی دیمەشق بوو بە ئەندام پەرلەمانی سوریاو لە پەرلەمانیش بوو بە یەکێك لەو ٩ نۆ ئەندام پەرلەمانەی رەشنووسی دەستووری ووڵاتیان نوسییەوە..

زیندان و نارەحەتی زۆری بینیووە، لە ١٦ ساڵیدا زیندان بوو، هەر وەکو کە لە ٤٠ ساڵیشدا زیندان بوو..

سیباعی رەحمەتی دکتۆرای لە زانکۆی ئەزهەر لە فەرمووودەوانیدا هێنا، بابەتەکەی (السنة ومكانتها في التشريع) بوو، کتێبی زۆری نوسیوون، لەوانە:

(المرأة بين الفقه والقانون، شرح قانون الاحوال الشخصية، اشتراكية الاسلام، هكذا علمتني الحياة) و چەندینی تر..

بە رەحمەت بێت لە کۆتایی ژیانیدا لاچەپی لەشی بۆ ماوەی ٨ ساڵ تووشی ئیفلیجی بوو، نموونەی بە ئارامی پیاوچاکان بوو لەسەری.. پاشان لە ٣/١٠/١٩٦٤دا دنیای فانی بەجێهێشت.. لە مزگەوتی ئەمەوی لە دیمەشق نوێژی لەسەر کراو هەر لە دیمەشق نێژرا.. رەحمەتی خوای لێ بێت..

(٣٩)

## موتەڕیفی کوڕی عبداللەی جەرشی

(١٠٧-١٧٨ ك)

موتەڕیفی کوڕی عبداللّەی کوڕی شیخخیری جەرشی (یان حەرشی) بەسرایی.. یەکێکە لە سەروەرانی تابعین.. هەندێك فەرموویانە لە ژیانی پێغەمبەری پێشەوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە دایکبووە، بەڵام ئیمامی نەووی رەحمەتی لە شەرحی سەحیحی موسلیمدا ئەوە رەت دەکاتەوەو دەفەرموێ: لە سەردەمی یاوەراندا لە دایکبووە.. هاورێی سەعیدی کوڕی موسەییب و مەسروق و عەتائەو هەموویان قوتابی خاتوو عائیشەی بەڕێزن.. زۆرینەی فەرموودەو تەقواکاریان لەوەوە وەرگرتووە.. لە یاوەرانی دیکە بە خزمەت سەیدنا عەلی کوڕی ئەبوتالیب و عەمماری کوڕی یاسرو ئەبوزەڕی غیفاری و سەیدنا عوسمانی کوڕی عاس و عیمرانی کوڕی حوسسەین گەیشتووە خوا لێیان رازی بێت.. مامۆستای حەسەنی

بەسری و یەزیدی برای و سابوتی بەنانی و قەتادەو محمدی كوڕی واسیع و سەدان پێشەوای دیكەی ئوممەت بووە..

ئیبنوسەعد دەربارەی دەفەرموێ: قوتابی ئوبەی كوڕی كەعب بوو خوا لێی رازی بێت، زۆر جێ متمانەو خاوەن فەزڵ و ئەدەب بوو، خاوەن تەقواو وەرع بوو، زیرەك و خاوەن ژیریی بوو ..

لەسەر ئەم دینداریی و زانست و ژیرییەوە خوای گەورە سەروەت و سامانی زۆری پێدابوو.. زۆر خێرەومەندیش بوو تێیدا.. جوانی دەپۆشی، زۆری بۆ ماڵ و منداڵی خەرج دەكرد.. كە ژنی هێنا بیست هەزار درهەمی بۆ كردە مارەیی ..

دوعای گیرابوو.. غەیلانی كوڕی جەریر دەفەرموێ: ناكۆكی لەگەڵ كابرایەك بۆ پەیدابوو، كابرا لە ناو خەڵكیدا تۆمەتباری كرد.. ئەویش دوعای كردو فەرمووی: خوایە ئەگەر درۆزنە بیكوژیت.. لەگەڵ تەواو بوونی دوعاكە كابرا كەوت و گیانی سپارد.. كەسوكاری لای زیادی والی شكاتیان لێ كرد، كە لێی پرسی، فەرمووی: چی بكەم؟! دوعام كردو قەدەرەن كەوتە كۆتایی ئەجەلی ئەوەوە ..

ئیمامی ترمزی دەفەرموێ: ساڵی ٨٤ ك كۆچی دوایی كرد..

لە فەرموودەكانی:

- سوپاسی خوا لەسەر لەش ساغیی بكەم پێم خۆشترە وەك لەوەی تووشی بەڵا ببم و سەبری لەسەر بگرم..

- شەوگار هەمووی بخەوم و شەونوێژێكی تێدا نەكەم و سبەی لێی پەشیمان ببمەوە، پێم خۆشترە وەك لەوەی بە شەونوێژ بیبەمە سەر بەڵام دوایی بە خۆم سەرسام ببم..

(٤٠)

# یەحیای کوڕی مەعازی رازی

(...-٢٥٨ ك)

ئەبوزەکەریا یەحیای کوڕی مەعازی رازی واعیز، لە پێشڕەوانی خواناسیی و زوهدو زانست بوو.. سێ برا بوون یەحیاو ئیسماعیل و ئیبراهیم، هەر سێکیان لە ئامۆژگارییدا یەك لە یەك کاریگەرتر بوون.. یەحیای کوڕی مەعاز چووە بەڵخ و لەوێ نیشتەجێ بوو، دوایی گەڕایەوە بۆ نەیسابوورو لە جومادای یەکەمی ٢٥٨ ك کۆچی دوایی کرد..

ئیبنولعیماد دەربارەی دەفەرموێ: پیاوی خواناس، دانای سەردەمی خۆی، ئامۆژگاری بەڵخ و نەیسابوور..

خواناسانی شیراز دەعوەتیان کرد بێتە شارەکەیان و ئامۆژگارییان کات.. تەشریفی هێنا.. تەختێکی بەرزیان بۆ رێکخستبوو، کە سەرکەوتە سەری، دوای سوپاس و ستایشی خوا بە گریانەوە چەند دێڕە شیعرێکی فەرموو کە ئەمەیە :

مواعِـظُ الواعِظِ لَنْ تُقْبَلا — حتَّى يَعِيهَا لُبُّـهُ أوَّلا
ياقـومُ مَنْ أظلَمُ مِنْ واعِظٍ — خَالَـفَ مَا قَدْ قَالَـهُ فِي المَلا
أظهَرَ بينَ النَّاسِ إحْسَانَـهُ — وَبَارَزَ الرَّحْمَنَ لَمَّا خَلا [1]

[1] ئەمەش مانای شیعرەکەیە:
- ئامۆژگاریی داعی وەرناگیرێت، هەتا هزری خۆی باش لێی حاڵیی دەبێت..

هەر چی لەوێبوو گریا، ئەمیش بێ دەنگ بوو، دانیشت، کە بینیان خۆشی لە هۆش خۆی چووە.. هەر ئەمە بەس بوو بۆ ئامۆژگاریی شیرازو موسوڵمانانی دواترو ئیمەمانانیش ..

لە فەرمایشتەکانی:

- سێ شت نیشانەی ئەولیان: ئومێدی لە هەموو شتێکدا بە خوا بێت، رووی چارەسەری پێویستیی تەنها لە خوا بێت، لە هەموو شتێکیشیدا بگەڕێتەوە لای خوا ..

- هۆ موسوڵمان، بزانە کە لە چەند لاوە دڵت بە دنیاوە ئاڵاوە، ئەوە بزانە لەوەندە لاوە دارِزاوە..

- زانست بە ریابازیی وەرمەگرەو شەرمیش رێت لە وەرگرتنیت نەگرێت..

- دوو موسیبەت لە سەرەمەرگتدایە: هەم سەروەت و سامانەکەت لێ دەستێنرێت و هەم موحاسەبەش دەکرێیت لەسەری!!

کتێبەکە تەواو بوو

وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

---

- هۆ خەڵکینە کێ لەو داعیە ستەمکارترە کە پێچەوانەی ئەوە رەفتار دەکات کە لە ناو خەڵکیدا رایدەگەیێنێت؟!

- لە ناو خەڵکیدا باس لە چاکەکانی خۆی دەکات، کەچی کە تەنها دەبێت بە گوناح دژایەتی خوا دەکات!!

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| پێناسەوڕێڕەوی ئەم کتێبە | ٩ |
| نەفس و بەشەکانی | ١٨ |
| وانەی یەکەم: باوەڕبناغەیە | ٣٠ |
| وانەی دووەم: لەخۆپرسینەوە | ٤٠ |
| وانەی سێیەم: تۆبەکردن | ٥٩ |
| وانەی چوارەم: خواوویستی (دڵسۆزی) | ٧١ |
| وانەی پێنجەم: شەرم کردن | ٨٨ |
| وانەی شەشەم: حەقیقەتی یادی خواوزیکرەکان | ٩٩ |
| وانەی حەوتەم: کردەوەی چاك | ١٢١ |
| وانەی هەشتەم: نوێژو کاریگەرێتی مەعنەویی | ١٤٠ |
| وانەی نۆیەم: رۆژوو.. سنوری پارسەنگی | ١٦٠ |
| وانەی دەیەم: قورئان خوێندن | ١٧٣ |
| وانەی یازدەیەم: دوعا (نزاو پاڕانەوە) | ١٩٧ |
| وانەی دوازدەیەم: پارێزکاریی | ٢١٧ |
| وانەی سێزدەیەم: چاکسازیی | ٢٣٨ |
| کەسایەتیە ناوبراوەکانی کتێبی پەروەردەی دەروون | ٢٥٠ |
| ناوەڕۆك | ٣٣٢ |

زانكۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی زادی

## (ئامادەیی ئامەد)

www.amadaiyamad.com

### ماڵپەڕ

zadyreman.com

### پەڕەی فەیسبووك

fb.com/zadyreman

### هەژماری تویتەر

twitter.com/zadyreman

### هەژماری ئینستاگرام

instagram.com/zadyreman